# سیمیۆلۆجیای گوتار

## لە نۆڤلێتی "ئەستێرەی ژەنیار"ی

## دڵزار حەسەن- دا

**غازی حەسەن**

# سیمیۆلۆجیای گوتار

## لە نۆڤلێتی "ئەستێرەی ژەنیار"ی دڵزار حەسەن- دا

**غازی حەسەن**


- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: زاری
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- چاپ: یەکەم ٢٠١٩
- بەرگ: یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (٤٠٠)ـی ساڵی ٢٠٢٠ـی دراوەتێ.

کۆمەڵـــەی کتێـــب دۆســـتانی کوردســـتان
جمعيـة اصـدقاء الكتـاب فـي كوردسـتان
KURDISTAN BOOK CLUB

**لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی کتێب دۆستانی کوردستان**

# سیمیۆلۆجیای گوتار

لە نۆڤلێتی "ئەستێرەی ژەنیار"ی

دڵزار حەسەن- دا

**غازی حەسەن**

لێکۆڵینەوە

٢٠٢٠

## بۆ چوونە نێو ئەستێرە و گوێگرتن لە مۆسیقا؟

هەڵبژاردنی خوێندنەوەی هەر بابەتێک پەیوەندی بەکۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بەدەقەکە و نێوبانگی نووسەر و ڕیکلام لەبارەی کتێبەکە و ئەزموونی پێشووی نووسەر و دۆستایەتی و کەشوهەوای خوێندنەوە و ناونیشان و کارتێکردنییەوە هەیە، بەڵام شیکردنەوەی دەق ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گوتاری دەقەکە و ئاستی تێگەیشتن و هۆکار و شێوازی نووسین و بەکارهێنانی زمانی دەقەکەوە هەیە و وادەکات خوێنەر و وەرگرەکەی کاری لەبارەوە بکەن. دەقی زیندوو بە ڕێژە و ئاست و توانای خوێنەرەکانییەوە بەندە.

لەو ڕوانگەیەوە شیکاری زمانەوانی بۆ دەقێک دەکەم، کە بیرۆکە و وێنە و ئاخاوتنەکانی لەئاستی تێگەیشتن و پرۆژە و خواست و تێگەیشتنی من دان، وەکو خوێنەرێک. هەموو دەقێک دەکرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت، چونکە زمان و کەرەستە و شتەکانی نێو دەق، خۆیان (تێگەیشتن و شیکردنەوە و پەیام و واتا و مەبەست و گوتاریان) تێدایە.

(ئەستێرەی ژەنیار- ٢٠١٩ لەهەولێر چاپکراوە و ٢٠٣ لاپەڕەیە وناوی لێنراوە نۆڤلێت) دەقێکی ئەدەبییە، باسی کێشە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەمان لەڕێگەی بەکارهێنانی مێژوو، مێژوویێکی خەیاڵی، ڕووداوی خەیاڵی لەشێوەی هەقیقی بۆ وێنادەکات، لەڕێگەی بەکارهێنانی سیمیۆلۆجیا (نیشانە)کانی کات و شوێن و کەسەکان و دیاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و گێڕانەوەدا.

## کێشەکانی شیکردنەوە

دەقی هاوچەرخ گەلێک جاران، ئاراستە و زمان و ئاست و شێواز و گێڕانەوە و هەتا ئیلیزام بەبنەمای دەقنووسیشی تێدا سنوور شکێن دەکرێت. لەم دەقەدا واتا و هێما و نیشانەکان لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستی (پێکچواندن و بەراورد و پێوانەی ڕووداوێک لەسەر ڕووداوێکی دیکە)، وێناکردنی دەقێکی خەیاڵی و کەسایەتی خەیاڵی، لەپێناو گێڕانەوەی ڕووداو و فکر و شیکردنەوەکانی سەردەمی نووسینی دەقەکە بەکارهێنراوە. هەر شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی واتا و ئەرک و کارتێکردن لەڕوانگەی زمانەوە جیاوازە، چونکە (گەڕان بەدوای واتا و ناوەندەکانی واتای ڕستە، هێنانەکایەی ئالۆزییە، ئەم ڕاستییەیش پێوەندی ڕاستەوخۆی بەسروشتی زمانەوە هەیە،

چونکە زمـان هەمیشـــە لەگۆڕان دایە، بنەمـای پێوەربوون و بەپێوەرکردن ڕەتدەکاتەوە). (د.ئازاد ئەحمەد مەحموود، ٢٠١٥ ،١٢٣). تەنیا وشـــەش ڕاســـتەوخۆ بەواتاوە دەبەســـترێتەوە، هەندێک وەها پێناســـەیان کردووە (وشـــە یەکەیەکی زمانی واتادارە). (د. رەفیق شـــوانی، وشـــەســـازی زمانی کوردی، ٣٣).

کێشـــەیەکی دیکەی دەقی کوردی لەم ســـەردەمەدا، دەق، یان نووســینی لەخوێنەر زیاترە، لەکاتێکدا هەمیشــە دەبێت ژمارە و پێگە و دەســـەڵات و هێزی خوێنەر (وەرگری دەق) بەرفراوانتر و کاریگەرتر و زۆرتر بێت لەبەراورد بەخودی دەقەکان. لەنێو کـایەی ڕۆشـــنبیری و ئەدەبی کوردیـدا خوێنەر، بەواتـای بەرهەمهێنـانەوەی گوتـاری دەق لاوازە، لەبەر ئەوە من وەکو خوێنەر دەمەوێت شیکاری دەق لەو دەوروبەرە بکەم، کە دەقی تێـدا بەرهەمهێنراوە و ئەو دەوروبەرەی من دەقەکەی تێـدا دەخوێنمەوە. دەق بێ خوێنەر جۆرێکە لەمردنی نووســـەر و پەرتـبـوونـی خـودی دەقەکەش. ئەمە بەکـێشـــەیەکـی زەقـی شیکردنەوەی دەق دەزانم.

واتە ئێمە کێشـــەی خوێنـدەوەی دەق و کێشـــەی خودی خوێنەریشـــمـان هەیە. کە من پێم وایە ئەمە بۆتە هۆکـار بۆ ئەوەی دەق هەمیشـــە لەپەراوێز بێـت، یـان دەقی گونجـاو و نەگونجاو قسەی لەبارەوە نەکرێت.

## ڕێبازی شیکردنەوە

لەم شـــیکردنەوەیەدا پشـــتمان بەڕێبازی وەســـفی شـــیکاری بەســـتوە. لەشـــیکردنەوەی گوتاردا پشـــتمان بە تیۆری کردە قسەی (جۆن ئۆستن) و بەو فەلسەفە و بۆچوونە بەستووە، کە (فۆکۆ) پەیڕەوی دەکات لەبارەی گوتار: شـیکاری سـیسـتەمی زمان و نێوەڕۆک و واتاکانی گوتار ناکات، هەروەها بایەخ بەڕاســـتگۆیی گوتـارەکـان و مەعقولیەتی نـادات، بەڵکو لەشـیکردنەوەدا بایەخ بەبوونی قســەگوتراو و ڕووداوەکان و بوونی یاساکان دەدات، یان ئەو شتانەی وایانکردووە شیاو بن، یان نەشیاو. (الزواوی بغورة، ٢٠٠٠، ١٠٩). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە تیۆری گوتار و بنەماکانی خوێندنەوەی دەق لای (فۆکۆ) بەپێی ڕێبازی ئەرکیۆلۆجی پشـــت بەپرگماتیک و شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لەنێوەڕۆکی دەقەکە لەبواری ئەدەبی و مێژووی و دەروونی فەلسـەفی دەبەســتێت.. (د. حبیب بوهرور، العتاب و خطاب المتخیل فی الروایة المعاصـــرة، کلیة الـداب والعلوم جـامعـة قطر، ١٤٩، file:///C:/Users/M- Store).

## سەرچاوە

سەرچاوەی شیکردنەوەکەمان، خودی دەقەکەی (ئەستێرەی ژەنیار)ە، هەروەها سەرچاوەی ئەم دەقە، بیرکردنەوە بوو، لەچۆنیەتی تێگەیشتن لەدەق و شیکردنەوەی، ئەگەر سەرچاوەی بیرکردنەوە لەهەژاری خوێندنەوەی دەق نەبووایە ئەم دەقە بیری لێ نەدەکراوە.

سەرچاوەیەکی دیکە، یان هەندێک لەتوێژینەوەی زانستی ناوی لێ دەنێن (گرفتەکانی سەرچاوە و دەڵێن سەرچاوەمان بەزمانی کوردی کەمە، یان وەرگێڕانەکان ورد و ساخ نین.. تاد). من لەم ڕوانگەیەوە سەیری سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە ناکەم، چونکە لەبنەڕەتدا پێکهاتە ناوەکییەکانی ئەم دەقەی دەیخوێنمەوە، دەبێتە سەرچاوە بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی دیکەی دەرەکی و لێکۆڵینەوە بەزمانی دیکە ، نەک بەپێچەوانە (سەرچاوە و توێژینەوەی دیکە، دەرگای بیرکردنەوەم لەبارەی شیکردنەوە لەبارەی ئەم دەقە بۆ واڵا دەکات، کە دەیخوێنمەوە).

سەرچاوە، لەنێو دەقدا زۆرن، لەوانە کاتە بەکارهێنراوەکان، شوێن و واتاکانیان، کەسایەتی ( کۆمەڵایەتی و دەروونی و سێکسی.. تاد)، پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابونەریت و کەلتوور و چین و توێژەکان و پێکهاتەی شار و ژیان لەنێو مزگەوتەکان و.. تاد

واتا و نیشانە و هێما و بەکارهێنانی زمان و ئەو کردە قسانەی تەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەنگ و ڕستە و هێمایەکەوە هەموویان دەبنە سەرچاوە بۆ تێڕوانین و پێناسە و وەسفی بەرجەستە و فکری لەنێو دەقدا. خوێنەر هەمیشە بەدوای واتا لەنێو واتا و هێزی وشە لەنێو هێزی دەربڕین و گوزارشت و بەکارهێنانی زمان دەگەڕێت، بەلای منەوە ئەوانە سەرچاوەن بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوە و بەرهەمهێنانەوەی گوتارێکی نوێ لەبارەی دەقەکەوە. ئەمەش فراوانی و هێز و دەسەڵاتی هەر دەقێک پیشان دەدەن، کە دەرگای خوێندەوە، دەرگای تێگەیشتن بەڕووی خوێنەرکانیاندا دەکەنەوە.

لەهەمان کاتدا ڕاستە گرفتی سەرچاوەمان، وەکو سەرچاوەی بیرکردنەوە و شیکردنەوە هەیە، چونکە بەشێک لەو تیۆر و زانستە بنەڕەتیانەی بۆ شیکردنەوە بەکاردەهێنرێن و پانتایی بیرکردنەوەمان فراوان دەکەن، بە کوردی کەمن، بەڵام دیسان ئەوانە نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم نەبوونی خوێنەری جدی و خوێندەوەی گونجاو و شیاو بۆ دەق.

## بەشەکانی شیکردنەوە

لە دووبەش پێکدێت، بەشـــێکی تیۆری و تێڕوانین و گەڕانە بەدوای دەرخســـتنی لایەنە هزرییەکانی پێناســـە و نەخشـــەی کارکردن لەبارەی دەقێکی ئەدەبی (ڕۆمان، یان نۆڤلێت)، لەو شـوێنانەی پێویسـتیمان هەبووبێت ئاماژەمان بەنموونەی دەقە شیکارکراوەکە کردووە. بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوە تایبەتە بەشیکردنەوەی بەشێک و هەندێک پێکهاتە و لایەن و نموونەی (گوتار و زمان و گێڕانەوە و وێناکردن و دەربڕین و قســـە و وەسف و کردە قسە و پوختەی لێکۆلێنەوە و سەرچاوەکان).

من دەڵێم هەنـدێـک لایەن، چونکە شـــیکردنەوەی دەقێکی بەرفراوانی پڕاو پڕ لەزمان و وێنە و گێڕانەوە و وەســـف و ڕووداو و نیشانە و ئەو هەموو پێکهاتە و ئاراستە و ئاستانەی پەیوەندییان بە زمان و بیرۆکە و فکر و پێکهاتە و نیشـــانە و هێمـاکـانی کـارێکی زۆر و لێکـدانەوەیەکی فرە ڕەهەنـد و تێڕوانینی دیکەی پێویســـتە، لەبەر ئەوە کارمان کردووە چەند نموونەیەک بکەینە پێوانە و پێچووانـدنی هەموو شـــتەکـانی دیکەی نێو دەقەکە.

## پرسیاری شیکردنەوەکەمان

- چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی گوتاری دەقەکەیە.

- پێکهاتەی خەیاڵی و واقیعی کەسایەتی و ڕووداوەکان و مێژوو و ڕووداوەکانە.

- سیمیۆلۆجیا چ ئەرکێکی لەنێو دەقدا هەیە، بۆچی دەقی ئەدەبی پەنا وەبەر بەکارهێنانی نیشانەکان دەبات.

- بۆچی دەقنووس ڕووداوێکی مێژوویی، لەپێناوی وەسفی ئەم سەردەمە بەکاردەهێنێت، ئایا دەیەوێت شایستەبوون بەمێژوو بدات، یان شکۆی مێژووی ئێستا بێختە ژێرگومان و گریمانە و پرسیارەوە.

- کەسایەتی خەیاڵی و کێشەی نێوان خانەوادەیەکی پاشایەتی و تێڕوانینەکانیان دەربارەی مۆسیقا و چەوسانەوە و بەکۆیلەکردنی خەڵک و خۆ پیشاندان لەئاست دەسەڵاتی خواوەند، نیشانە بۆ پەیام و گوتارێک؟ ئایا گوتارێکی ڕەخنەگرانەی هەیە، گوتارەکەی شیکردنەوە و بەراوردە، ئایا گوتارەکەی مەعریفییە، یان گوتارێکی ڕەتکردنەوەی پڕ لەگومان و ناکۆکی و ڕەشبینییە.

- پرسـیـار لەتوانـای بیرکردنەوە و دەربڕین و هەتـا تەنگەنەفەس بوونی دەقنووس لەهەندێک دۆخدا؟ چیمان بۆ دەردەخەن؟

- ڕۆڵی خوێنەر و وەرگر لە بەرهەمهێنانەوەی دەق و گوتار.

## سودی لێکۆڵینەوە

کـاریگەری نووسـین و بەرهەمهێـنانی دەق، بـایەخ و پێگە و بەهای گوتار و چۆنیەتی کارتێکردن و ڕۆڵی وەرگر و خوێنەر. ئەم لێکۆڵینەوە پرۆسـە و شـێوازی خوێندنەوە و شـیکردنەوەی دەقمان نیشـان دەدات، دەسـەڵات و هێزی خوێنەر لەکوێیە و چۆن دەق لەمردن دەرباز دەکات. سـەرباری ئەو قسـانەی لەبارەی زانسـتی لێکۆڵینەوە و سـودی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بۆ توێژینەوە ئەکادیمی دەکرێت.

# بەشی یەکەم

# پێناسە و شیکردنەوەی هەندێک پێکهاتەی دەق

## ئەستێرەی ژەنیار

دلّزار حەســـەن لەژێر ناوی (نۆڤلێت) ســـاڵی ٢٠١٩ دەقێکی ئەدەبی بەرهەمهێنــاوە. دەقێکە لەنێوان هەقیقەت و خەیــاڵ، لەنێوان پێچوواندن و پێوانەکردنی ڕووداوێک لەســەر دۆخێکی دیکەی نزیک، یان هاوشـــێوەی ئەو مەبەســـت و خواســـتەی نووســـەر دەیەوێت بیگەیەنێت، لەکردەوەدا (فکرەکە پەیوەندی بەهەقیقەت و ڕووداوە هـاوچەرخەکـان و خەیـاڵانـدنی بیرۆکە لای دەقنووسیشـەوە هەیە). وێناکردنی ئایدیۆلۆجیای ناکۆکی و ململانێ لەنێوان دەسـەڵات و تاک، خودی دەسـەڵاتی پاشـایەتی و بیرکردنەوە لەنێو ژیـانی پەنـاهـدەندیی و شـــێت بوون بۆ مۆسیقا. گوتاری ئەم دەقە وەسفکردنی دەسەڵاتی سەرکوتکاری کۆیلەخوازە لەدەرەوەی دەســەڵات، باکگراوندێکی هونەرییە بۆ


وەسـفی دەسـەڵات و پاشـماوەیی هێز بەگشـتی، لەگەڵ پەیامی ونبوون و توانەوە و پەرتبوونی خود لەتاریکی و بێ هیوایدا.

زمـانی وەسـف و گێڕانەوە ژمـارەیەک کردەی هەمەلایەن دروسـت دەکات. لەم دەقەدا لەگەڵ بوونی جیاوازی لەنێوان چین و توێژەکان، بەڵام هەسـت دەکرێت ئاوازە و شـێوازی قسـەکردنیـان بەگشـتی یەک زمـانە، لەکـاتێکـدا پێکهـاتەی جیاوازیان، لەجوگرافیایەکی زۆر بەرتەسـک بەزمانی جیاوازی چینایەتی بەکارهێنراوە.

من ناوی نانێم (نۆڤڵێت) و (ڕۆمـان) و (چیرۆک) و (گێڕانەوە)، بەڵکو لای من ئەمە دەقێکە، لەتەک شیکردنەوەی وەکو بابەتێکی ئەدەبی، من لەبارەی بەکارهێنانی زمان و ئەرک و شـێواز و نیشـانەکان، شـیکردنەوەی هەندێک لایەنی زمانەوانی و گوتاری ڕۆمانەکە کاردەکەم. دەقەکە بەم ڕسـتەیە دەسـت پێ دەکات "بەزەنگی مۆبایل بە ئاگاهـاتم" و بەنووسـین و پیشـاندانی "ئیمزای فەریبـای دووشـی" کۆتـایی پێهێنـاوە و دەرگـای داخسـتووە. وەکو خوێنەرێک دەقەکە دەخوێنمەوە، خوێنەرێک هەسـت دەکات نووسـەر (لەنـاکاو، بێ هیچ بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی پێش ڕوودانی زەنگی تەلەفۆنەکە) لەبۆشـاییەکی بێ سـەرەتا و بێ وەسـفی پێشـوەختە و هەسـتپێکراو و بەرجەسـتە دەسـت پێ دەکات. بۆشـاییەکی کراوە لەپێش لێدانی زەنگەکە بەجێ دەهێڵێت، منی خوێنەر ئێسـتا بیر لەوە دەکەمەوە، دەبێت

پێش ئەو زەنگە نووسەر لە چ دۆخێکی بیر کردنەوەدا بووبێت؟ پێش زەنگەکە و لەکاتی زەنگەکە بیری لەچ شـــتێک و جۆرە گێڕانەوە و ڕووداوێک کردبێتەوە. کۆتاییەکەشـــی هەر وایە (ئیمزایەک) و تەواو، دیسان بۆشاییەکی گەورەی هەستپێکراوی لەدوای خۆیدا بەجێهێشـــتووە، ناڵێم دروســـتکردووە، چونکە دەربڕینەکەی دووەم واتای ئەوەمان پێ دەبەخشـێت نووســەر بەبەرنامە ئەو بۆشـاییەی بەجێهشـتووە، کە من پێم وایە هەروا بێ بیرلێکردنەوە جێهێشـــتووە. ئەمەش وا دەکات بڵێم دەقەکە لەبۆشـــایی هاتووە و بەرەو بۆشـــاییەکی کراوەش دەچێت، خودی دەقەکە خۆشـــی هەر لەنێو بۆشـــاییەکی فکری و ئایدیۆلۆجی و ســـیمیۆلۆجی و گوتار و وێنە و وێناکردن و تێڕوانین و دونیابینیدا دەخولێتەوە، ئەمەش پێویستی بەوەڵام و پشکنینی پتر هەیە.

دەقەکە لەبنەڕەتدا لەســـەر کۆمەڵێک پێکهاتە و ڕووداوی مێژوویی و شتی خەیاڵی، تەنیا لەهەندێک شوێندا وێنە و قسەی خەیـاڵیش ڕۆنراوە، ئەمەش کـارێکی ئـاســـاییە لەبەرهەمی ئەدەبیـدا، چونکە (خەیـاڵـدانی گێڕانەوە پتر لەواقیع دڵنیـایی دەبەخشێتەوە، بۆیە دەبێت ئەم واقیعەی هەیە وا شیکار بکەین، کە بریتییە لەخەیاڵاندنێکی گێڕانەوە). (امرتو ایکو، ٢٠٠٥، ١٨٩). تەنیا هەتا ناونیشانەکەشی بەشێکە لەو خەیاڵاندنەی دەق.


دەقی گوتار
واقیعی دنیایی
خەیاڵاندن

## کەسایەتییەکانی (ئەستێرەی ژەنیار)

پێش ئەوەی باسی کەسەکان و کارەکتەرەکان بکەین، ناونیشانەکەی دەربڕ و نیشاندەری چەند کەسایەتییەکە، لەوانە: ئەستێرە کەسایەتییەکی دیاری بەخت گەشاوەیە، (ی) خاوەنداریەتی و مولکایەتیش بەدوای ئەستێرەوە هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (ژەنیار). ژەنیار پیشە و کاری کەسێکە و پیشە و خوێکی دەروونیشە. لەهەمان کاتدا لەم دەربڕینەدا (ئەستێرە) کەسەکەیە و بکەرە و مۆسیقا دەژەنێت، بۆ نموونە ئەگەر بڵێین (ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ). ئەمەش هەر وایە. (ژەنیار) بۆتە ئاوەڵناو و ئەستێرە ناوە.

کەسایەتییەکان ڕەمزین و هێمان بۆ کەسایەتی دیکە، کە ڕەنگە هێما بۆکراوەکان ڕەنگە کەسانی هەقیقی بن، یان ئەوانیش لەنێو وەهم و خەیاڵدا پەروەردە دەبن، کەسایەتییەکان بەشێکن لەمێژوو، لەنێوان تورکیا و ئێران و کوردستاندا، لەنێوان پەناهەندەیی و نیشتیماندا لەنێوان شار و دەسەڵاتی(پاشایەتی)دا، هەڵسوکەوت دەکەن. کەسایەتییەکان وەکو وەهم دەردەکەون. (میر موحەمەد) کە تەوەری سەرەکی کەسایەتی نێو دەقەکەیە، کەچی دەقەکە بە(ئیمزای یەکێکی دیکە) کۆتایی دێت. کەسایەتییەکان نادیارن، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشانەن بۆ هەندێک کەسایەتی هەستپێکراوی نێو واقیعێکی پێچووێندراوی دیکە.

کەسەکان ئەرکیان ئەنجامدانی کارە، واتە کارەکان ڕاستەوخۆ بەکەسەکان دەبەسترێنەوە. هەر کەسێک لەنێو چیرۆک و ڕووداوەکاندا ژمارەیەک ئەرکیان هەیە، لێکۆڵینەوەی نوێ بە"کەسایەتی چیرۆک" ناوی دەبەن، ئەمەش پوەستە بەڕاپەڕاندنی کاری چیرۆک و بەهەڵسوڕێنەری ڕۆڵی سەرەکی وەسف دەکرێت. ئەمەش هەر تەنیا دیاردەیەکی ڕووکەشانە نییە، بەڵکو (ناو و بکەری کارێکە). (ابراهیم محمود خلیل، ٢٠٠٣، ١٧٣). (تودورف) دەڵێت (کەسایەتی بریتییە لەبابەتی مەسەلەی گێڕانەوە). (تزفیطان تودوروف، ٢٠٠٥، ٧٣). ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای سێ پەیوەندی ڕۆنراوە، کە بریتین لە(خۆشەویستی، پەیوەندیکردن، هاوکاری). ئەم سێ پەیوەندییە وایکردووە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان تێکەڵی کارەکان بن. بەپێی واتاش، کە دەگەڕێتەوە بۆ "خود، بابەت و بەرکار" هەریەک لەمانە لەدۆخی گێڕانەوەدا بەرامبەر: "پەیوەندیکردن و ڕەغبەت و هەڵبژاردن دان". (زهیرة بارش،جامعة فرحات عباسم الجزائر، ٢٣).

ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە کەسایەتییەکان ڕۆل و ئەرکیان هەر تەنیا بەکارهێنانیان وەکو یارییەکی زمانەوانی نییە، بەڵکو ئەرکیان هەیە، نەک تەنیا کار ڕادەپەڕێنن، بەڵکو خودی کەسەکان، دەبنە نیشانە بۆ بەکردەوە ڕاپەڕاندنی کارێکیش.

ڕاســـــته کەســـــــایەتییەکان لەنێو دەقی (ئەســـــتێرەی ژەنیار) کەســـــایەتی خەیاڵین و لەهزر و فکر و وێناکردنی دەقنووس وێنەکراون، بەڵام هەریەکەیان پێناســـــەیە بۆ کارێک و خودی کــارێکیش دەگەیەنن، هەر یەکێکیــان هێمــا و نیشـــــانەن بۆ بەدیهێنانی گوتارێک و مەبەستێک و ئامانجێک.

## کاتی دەق

دەقەکە وەکو لەبەرایی و پەرەگرافی یەکەمی دەست پێکردنەکەی ئاشـکرای کردووە و ئاماژەی پێکردووە، دەڵێت : کەواتە بەیانی لەقاوەخانەی (مۆفیس کافی) کە دەکەوێتە ناوەراســـتی شـــار، کاتژمێر ٤ ئێوارە چاوەڕوانتم). لەدواین لاپەڕەشدا دەڵێت لە ٧-٩-٢٠١٧ لەقاوەخانەی (مۆفیســکافیێ) یەکتر ببینین. واتە ماوەی گێڕانەوەی یادەوەری و بەســـەرهات و ڕووداوەکان و گرفت و بیرکردنەوە و وێناکردن و سەرجەم کارەکانی نێو دەقەکە تەنیا شـــەو و ڕۆژێکە، بەڵام لەنێو ئەم ٢٤ کاتژمێرەدا ســـەرجەم ڕووداوەکانی ســـەد ســـاڵی ڕابردوو دەگێڕێتەوە، ئەگەر بەپێی پێوانە و ژماردن بێت پرۆســـــەی بەرێوەچوونی ڕووداوەکان هێندە زۆرن جێگایان لەنێو ئەم کاتە کورتەی دەقەکەدا نابێتەوە.

ئەمە نیشـــــانەی کــاتە لەنێو کــاتــدا، بەکــارهێنــانی هونەری گێڕانەوەیە لەپێنــاو بەدیهێنــانی کردەی بەرجەســـتەکردنێکی

ڕەمزی کاتەکانە لەنێو کاتەکاندا بەگوێرەی ئەو مێژووەی وەکو ماوەی گێڕانەوەی دەقەکە دیاریکراوە، هێما و نیشـــانە و ئاماژەی کاتە لەنێو کاتدا، لەم ســـەردەمەدا کات زۆر خێرا دەڕوات، کەچی لەم دەقەدا لەتەنیا ٢٤ کاتژمێردا شـوێن و کات بۆ کات و ڕووداوەکانی سـەد سـاڵ کراوەتەوە، واتە کات لەنێو دەقدا پێچەوانەی درێکردنەوەی پشـتی بەکردەی پەسـتانی کات و هێورکردنەوەی ڕۆیشتنی کات بەستووە.

**ئەم دەقە چەند جۆرە کاتێکی تێدایە:**

یەکەم: کـاتی نووســـینەوەی دەقەکە لەلایەن نووســـەر بەکارهێنراوە.

دووەم: کـاتی خوێندنەوەی دەقەکە لەلایەن خوێنەرەوە، کـاتی شیکردنەوەی دەقەکە لەلایەن لێکۆڵەرەوە.

ســـێیەم: کـاتی ئـاشـــکرا و بەرجەســـتە و ڕاگەیەنـدراوی دەستپێکردنی یەکەم دەستپێکی ڕووداوی نێو دەقەکە لە(زەنگ لێدان و هەســـتانەوە لەخەو لەڕێگەی دەنگی زەنگەکەوە وەکو کاتێکی فەرمی لەم چرکەیەوە دەســـت پێدەکات، کە هەر لەو دیمەنەی یەکەم ڕســـتەی نێو دەقەکە، کە چرکەی ســـەرەتایی دەســـتپێکردنی ڕووداوەکـانە، کـاتی یەکتر بینینش لەگەڵ ئەو کەســـەی تەلەفۆنی بۆ دەکات، دادەنێن) لەنێو دەقەکە و بەشـــی کۆتـایی وێنە و بەســـەرهـاتەکـانـدا ئـامـاژە بەڕۆژ و کـاتی

دیدارەکەش کراوە، کە سـەعات چواری ١٧-٩-٢٠١٩ەیە، واتە کـاتی فەرمی دەقەکە تەنیـا ٢٤ کـاتژمێرە، لەنێو ئەو ٢٤ کاتژمێرەشـدا شـوێن بۆ مێژووی سـەد سـاڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکان کراوەتەوە.

پێنجەم: کاتی گێڕانەوەی بەسـەرهات و ڕووداو و گفتوگۆی نێو دەقەکە (شـەو، بەیانی، ڕۆژ، درەنگ، زوو، درێژ، کورت، خۆش، ناخۆش.. گەرم و سـارد، دۆسـتانە و دوژمنکارانە، کـاتێکی ئارام، کـاتێکی دژوار، پیری و گەنجی و منداڵی، کـاتی لەدایکبوون و مردن، کـاتە زهنییەکـانی نـاو کـات بۆ نموونە (درێژبوونەوەی کـات لەنـاو چـاوەڕوانی، بێـدەنگی کـات لەنێو بێـدەنگیـدا، تـاد... ) بەکـارهێنراون، لەتەک ئەوەشـدا ئـامـاژە بە(دەوری یەک سەدە لەژیانی ماڵباتی میر زەبیحوڵلا) کراوە.

نیشـانەکانی کات، هێما و ڕەمزن بۆ چۆنیەتی وێناکردنی واقیع و وێنە زهینییەکـان، وێنە هەقیقی و خەیـاڵییەکـانی نێو دەقەکە، کـات هەمیشـە وەکو نیشـانە (سـیمیۆلۆجیا) لەنێو دەقدا بەکاردەهێنرێت. کات وەکو وەسـفکردنی هێمایی بۆ دەرخسـتنی دۆخـێـکـی (دەروونـی، کـۆمەڵایەتـی، تەمەن، مـلـمـلانـێ و خۆخواردنەوە و بیرکردنەوە و کاتە سـەختەکانی بڕیاردان .. تـاد) ژمـارەیەک نیشـانەن لەنێو کـایەی کۆمەڵایەتی دەقـدا، کاریگەرییان لەسـەر واتا و مەبەسـت و لێکدانەوە و جووڵە و تێفکرین لەنێو تێڕامان و هزرکردنەوەدا هەیە.

بۆ نموونه کاتەکانی نێوان (ئەستێرە و ژەنیار) چەندە؟. چ جۆرە کاتێکە و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و دۆخی شـــتەکانی نێو کات و ڕووداوەکانی نێو کاتەکانی ئەو دوو (پێکهاتە، شــــتە) چۆنە؟. ئەسـتێرە وەکو (بوونێکی سـروشـتی لەدەرەوەی واتای واتاکەی) لەکاتێکی تاریکدا دەدرەوشـێتەوە، لەڕووناکیدا خۆی دەشـارێتەوە، بکەرە و شـتێک ئەنجام دەدات. (ژەنیار) پێویسـتی بەچ جۆرە کاتێکە بۆ دەرکەوتنی توانســـت و ویســـت و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جێبەجێکردنی مەبەست و ئەرک و بەدیهێنرانی پەیـامەکەی. دووری نێوان ئەم دوو پێکهـاتەیە چەندە؟. کاتەکانی دەنگی مۆســـیقا ژەنین و کاتەکانی گوێگترن لەمۆســـیقـا و ئـاواز لەنێو دەقەکە چ هێمـا و نیشـــانەیەکی ســـیمیۆلۆجیان دروســـتکردووە، یان بەپێچەوانەوە کە (ژەنیار بکەر بێت و ئەســـتێرە وەکو وەســـفێکی پێش بکەر و ناوەکە خرابێت) چ گۆڕانکارییەک لەواتـای نـاونیشـــانەکە و کاتەکان دروست دەبێت.

لەپێناســـەیەکی دیکەی کاتدا، کە هێما و ڕەمزە بۆ (پیشـــاندانی هێز و هەڵسـەنگاندن و دیارخسـتنی پێگەی هێزێکی کۆمەڵایەتی، دەڵێت: (پاشـاکان پێمان دەڵێن: ئێمە مێژووی ئێوەین، ڕۆژگاری ئێوەین..) (دلزار حەســـەن ، ٢٠١٩، ٧). لێرەدا چەنـد جۆرێک لەکات وەکو نیشـانە پیشـان دراوە، یان وێنایەکی زهنی بۆ کات کراوە، لەوانە (پێمـان دەڵێن، ئـامـاژەیە بەکـاتێکی نـادیـاری

قسەکردن و ئاراستەکردنی قسەکردنەکە و هەروەها دیارنین ئەوانەی پێیان دەڵێن کێن. یەکێکیان کاتی گێڕانەوەی پێگوتنەکەی شتەکانە بۆ پاشا، ئەوی دیکەشیان کاتی قسەکردنی ڕاستەوخۆی دەربڕین و نمایشەکەی پاشایە لەچوارچێوەی ئەو وشانەی گۆیان دەکات. ئەوی دیکە (مێژوو) واتە (کات، سەردەم، ساڵ، ڕۆژ و مانگ)ە، کە نیشانەن بۆ باڵادەستی و هێز و شکۆی لەکاتێکی دیاریکراو لەمێژوودا، یان کاتێکی بێ کۆتا و درێژبوونەوەی بێ دیارکردن لەمێژوودا. ئەمە باسی کاتە لەنێو کاتدا. (مێژوو سنوورێکی سنوورداری ناو کاتە)، واتە (شتێکی بەشێکە لەنێو شتێکی گشتیدا) هەروەها هیچ مەرج نییە ئەوانەی قسەیان بۆ دەکرێت لەژیاندا بن، یان قسەکەرەکان لەژیاندا مابن، چونکە قسەکەر بەنێوی (ئێمە واتە ئەندامانی خانەوادەی پاشاکان لەڕابردوو ، ئێستا، داهاتوو) قسە دەکات. (ڕۆژگاری) بەواتایەکی زهنی، سەردەم و کاتەکانی ئەو قۆناغە بەکارهێناوە، کە مرۆڤەکان هێشتا بەزیندوویی تێیدا دەژین. (نیشانەیە بۆ بەزیندوویەتی کردەی گوێگرتن لەلایەن وەرگرەکان).

لەوێنەیەکی دیکەی گێڕانەوە و وەسفی کاتدا، دەقنووس دەڵێت: (هەمیشە وەکو شارێکی جیاواز دەردەکەوێت ئەمڕۆی وەکو دوێنێ نییە و سبەی وەکو ئەمڕۆکەی نەبوو لەگۆڕانێکی هەمیشەیی دەخولایەوە...). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ٥٩).

ئەگەر شـــیکاری کات و هەڵگەڕانەوەی نیشـــانەکانی کات لەنێو شـــتەکانی ئەم کاتانەدا بکەین، بۆمان ڕوو دەبێتەوە (هەمیشـــە) نیشـــانەیە بۆ بەردەوامی و بەراوردیشـــە لەنێو کاتدا، لەهەردوو باریشـــدا کات وەکو (بەها و وێنەیەکی شـــاراوەی دیار)ی نێو هەســـــت کاریگەری دەبێت. کاتەکان دەگۆڕێن چونکە ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نابێت، ســـــبەی وەکو ئەمڕۆکە (نەبوو). ســـــبەی هێشـــــتا نەهاتووە، ئێمە لەدۆخی چاوەڕوانی داین، چونکە کاتی قســـەکردنەکە (ئێســـتایە). لەکاتێکدا (بوو) ئاماژە و نیشـــانەیە بۆ کاتی تێپەڕی تەواو، یان هەبوون، ڕووداوەکە کۆتایی هاتووە و بڕاوەتەوە، دەقنووس وەکو وێناکردنێکی زهنی پێش زەمەن و کاتەکە خستۆتەوە، لەپشـت سـبەینێ، دوورتر لەسـبەینێ لەنێو ئێستادا بڕیاری داوە، کە لەسبەینێ وەکو ئێستا نەبوو. ئەمە چ نیشـــــانەیەکە، زمان لەم دەقە دروســـــتی کردووە. لەوەســـــفی یەکەمدا (هەواڵ و زانیارییەکی ئـاســـــایی، بەهێمنی و دوور لەبڕیار و گوشـــار و تەنگەژەیەکی دەروونی) ئاشـکرا دەکات و دەڵێـت ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نییە، کەواتە کـاتەکـان دەگۆڕێن، کاتێک کاتەکان دەگۆڕێن شـــتەکانیش دەگۆڕێن، کەچی لەوێنەی دووەمدا گوتاری قســــەکردن و پێگە و هێز و دۆخی دەروونی قســــەکردنەکە دەگۆڕێت. کردەی (بەراورد، ڕەتکردنەوە، نەفی، حوکم و بیرهێنانەوەی تێدایە). قسەکەر پێش زەمەن دەکەوێت، دەچێتە پشـت سـبەینێوە، ئەم لەپشـتبوونە لەڕووی کاتەوە واتە تێپەڕاندنی کات بەرەو کاتێک، کە هێشتا نەهاتووە و دەستی پێ

نەکردووە. (نەبوو) دۆخێکی دەروونی (سەرسامبوون، ڕەتکردنەوە، گرژی، زانیاری و گومان) پیشان دەدات.

ئەرکی بەرکارهێنانی کات وەکو نیشانە لەنێو دەقی کاتدا، پەیوەستە بەدۆخی کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوە لەنێو کاتدا، خواست لەنێو کات و کاتی شەقام و ماڵ و قوتابخانە و کاتی فەرمی و نافەرمی و جۆری کاتەکان و .. تاد نیشانەن بۆ بەدیهێنانی واتای زمانەوانی جیاواز. لەڕووی چینایەتیی و تەمەن و ڕەگەز و ڕۆشنبیرییەوە کاتەکان کاریگەری و واتا و نیشانەی جیاواز لەخۆدەگرن، بۆ نموونە کاتەکانی (پاشایەک) جیاوازە لەگەڵ کاتەکانی (کرێکارێک و خزمەتکارێک). کاتی بەفر و باران جیاوازە لەکاتێکی بەهاریی خۆشدا. کاتی بیرکردنەوە و ماتەمیی و دڵتەنگی جیاوازە لەکاتی خۆشی و ئاهەنگ و نوکتە.

ئەگەر لەڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری کات بکەین، ئاماژەکردن بەسەد ساڵ و ملیۆنان ساڵ پێویستی بەتەنیا جووڵەیەکی کورت و خێرا و کەمتر لەچاوتروکانێکە، بەڵام وەسفی ئەم ساڵانە، پێویستی بەکاتێکی زۆرە. کورد، کە دەڵێت ئێستا دێم ڕەنگە چەند سەعاتێکی پێ بچێت، هەمیشە لەمەوعید دوا دەکەوێت، نیو کاتژمێر لەخەوی بەیانی دواکەتووە، پێی دەڵێن هەستە نیوەڕۆیە. بۆیە کات هەمیشە وەکو گەمەیەکی دەستکاری کراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، لەبەر ئەوە

ئاســاییە لەنێو ڕۆمانێکیشــدا کات بەهەمان شــێواز بەرجەســتە بکرێتەوە، ئەمە دەبێتە نیشـــــانە و هێمـایەکی ســــیمیۆلۆجی کەلتوری کوردی لەچۆنیەتی وەســـفکردن و کــاردانە و کارتێکرانی لەبارەی بەکارهێنانی کاتەوە.

عەرەب بۆ دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتە دواوە بۆ ئەوەی بگاتەوە ڕەچەلەکی خۆی، مێژوو وەکو کــارە هــاوچەرخەکــانی بەکاردەهێنێت. لەزۆربەی کاتەکاندا عەرەب قســـــە و گوتار و شــیکردنەوەی بۆ کێشـــەکان ناکەن، بێ ڕوونکردنەوەی لایەنە ڕووکەشــــەکانی مێژووی بابەتەکانیان. (ادوار تی هول، ٢٠٠٧، ١٨٩)، ئەمە بەڵگەی بەکارهێنانی کاتە، بۆ کوردیش هەمان شتە. لەگوتاری ڕۆژانە و تیشک خستنە سەربابەتەکان و بەرگری و ڕوونکردنەوەی دۆخێــک هەمیشـــــە بۆ مێژووی بەرگری و قوربانی و ڕووبەربوونەوەی ســــەرســــەخت دژی دوژمنەکان دەگەڕێینەوە، لەئـامـاژەکردن بۆ هەر بـابەتێـک کـار دەکەین نـاڕاســـــتەوخۆ گوتـار دروســــــت بکەین و نموونە بەشـــــتە هاوردەکان، بابەتی دروستکراوی خەیاڵی لەنێو کاتی خەیاڵی و کاتی ڕابردوو بهێنینەوە.

دەقەکە لەڕووی کـاتەوە بەم ڕســــتەیە دەســـــت پێ دەکـات (بەزەنگی مۆبـایـل بە ئـاگـاهـاتم). (دڵزار حەســــەن، ٢٠١٩، ٣). نازانین پێش ئەوەی، یان ئەو چرکەی زەنگ لێیداوە قســـەکەر لەچ دۆخێک بووە، (نووســتبوو، لەبیرکردنەوە بوو، بەنێو فکری

خۆیدا ڕووچۆبوو، کـاریٚکی دەکرد.. تـاد) لە چ کـاتیـٚک بووە (شـــەو، بەیانی، نیوەڕۆ، ئیٚوارە، کاتیٚکی خۆش، یان نـاخۆش، دڵتەنگ بوو، یان دڵخۆش.. لەچرکەی لیٚدانی زەنگی تەلەفۆنەکەدا لە چ جۆرە کـات و هەســـــت و نەســـــتیٚکدا بوو؟. ئـایا کـاتی تەلەفۆنەکە گونجاو بوو، یان نەگونجاو... تاد).

لەبەر ئەوەی کـات هیٚنـدە جیٚگەی بـایەخ نییە، بۆیە لەکـاتی گیٚڕانەوەدا و لەکردەی گەیاندنی هەواڵ و وەسـف و ڕاپەڕاندنی کردە قسەدا ئەم چرکەیەی زەنگ لیٚ دەدات هیچ ئاماژەیەکی بۆ کات تیٚدا نەکراوە، هەر هیٚندە نەبیٚت نووســەر پیٚویســتی گەڕان بۆ شـــــیکردنەوەی ئەم دۆخە کـاتییەی زەنگەکە لیٚ دەدات بە خویٚنەر دەسـپیٚریت، بۆ ئەوەی شـیٚوە و جۆر و سـاتی کاتەکە لەکردەی (بەئاگاهاتم) بدۆزیٚتەوە. دەتوانریٚت بڵیٚین نووســـــەر لەکـاتی نووســـــین دابووە، یـان لەکـاتی بیرکردنەوە و خۆ لەبیرکردنـدا بووە. بەئـاگـاهـاتن کردەیەکە پەیوەنـدی بەکـاتەوە هەیە، وەکو چۆن کات لەنیٚو کاتدا هەیە، شـــــویٚنیش لەنیٚو کاتدا هەیە. شـــــتیٚک و هیٚزیٚکە فکرەیەکمـان لەڕیٚگەی بەکـارهیٚنـانی زمانەوە بۆ شی دەکاتەوە.

لەڕوانگەیەکی دیکەوە ئەگەر شـــــیکاری کات لەنیٚو ســــــەردەم بکەین، بۆمـان دەردەکەویٚت کـات هەموو کـاتەکـان نییە، بەڵکو دەبیٚتە بەشــیٚک لەکاتەکان، وەکو چۆن ســــەردەمیش بەشــیٚکە لەســـەدەکان. بەم پیٚیە کات وابەســتەی شــت و ڕووداوەکان و

شـــێوازی ژیان و مۆدێل و کەشـــوهەوا و گەشـــتوگوزارە، ســـەردەمیش پەیوەســـتە بەدۆزە گەورەکان و کێشـــە مەزەنە درێژخـایەنەکـان لەوانە دەســـەڵات، کـابینەی حکوومەت و پەناهەندەیی. سـەدەکانیش پەیوەستن بەگۆڕانکارییە سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیستەمە باڵایە بنەڕەتییە سیاسی و ئابووری و فکرییەکانەوە، لەوانە هەڵوەشـــانەوەی دەوڵەت، گۆڕانکاری چینـایەتی، گۆڕانی کەشـــوهەوا و ژینگە، توانەوەی نەتەوە و زمان و دەرکەوتنی گرووپی نوێی نەژادی و نەتەوەیی و ئاینی.. تاد. ئەمانە ئاساییە لەنێو ڕۆماندا بەرجەستە ببن، چونکە ڕۆمان یەکســـان و هاوســـەنگە لەگەڵ ژیان، ژیانیش واتای (کات و ســەردەم و ســەدەکان) دەگرێتەوە. هەندێک کاتیان لەنێو دەقدا بەوە پێناســـە کردووە، کە بریتییە لەوەی (کات بەســـتراوەتەوە بەجووڵەی شـــتەکان و گۆڕانکارییە بەردەوامەکانەوە، ئەمەش پێوانە دەکرێـت بەتەمەن و قۆنـاغەکـانی ژیـان، کە مرۆڤ لەقۆنـاغی منداڵی بۆ پیربوون پێیدا تێدەپەڕێت). (هشـــام بن ســـعدة، ٢٠١٤، ٧٩). دۆخێکی دیکەی کات لەنێو رۆمانی نوێی هاوچەرخدا بریتییە لەکات، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو کاتە، کـاتێکی ئـاســـاییە نییە، بەڵکو پێی دەڵێن "ســـەردەمی دەروونی" پتر لەوەی پێی بڵێن ســـەردەمی بابەت، ســـەردەمی دەروونی نـاچێتە ژێر کـاریگەری بەدواچوونی لۆژیکیی بەڵکو لەژێر کاریگەری دۆخی دەروونی و هەســتییە. (فرشــتە اذرنیا، ٢٠١٧، ١٨ ).

## سیمیۆلۆجیای ناو

## (ناونیشان، کەسایەتییەکان، شوێن و کات)

(میر زەبیحوڵلا، میر موحەمەد کوڕی مەحمود پاشـــــای کوڕی میر محەمەدی زەبیحوڵلای نەوەی شـافیعی. فەریابی دووشـی، خاتوو ئاسـیا، لالۆ موراد، یاسـەمینی دڵشـیرین، بانگبێژ، ئینجا خودی نووسەر، دەقنووس/ هەقایەتخوان/ گێڕەرەوە، لەهەندێک شـوێنی دەقەکەدا کەسـانێکی نادیار قسـەکان دەگێڕنەوە). هەر یەکەیان دونیایەکی تایبەتی خۆیان لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا هەیە، بەڵام ئەگەر بڵێم هەموویان بەیەک شـێواز و ئـاوازە قسـەکە دەکەن، بەهەڵە نەچـووم. ئەمەش دەبـێـتە شـاردنەوەی و توانەوەی پێکهاتەی دەروونی و کەسی و ناخی کەسـەکان لەیەک (کەسـایەتی و جۆر و بۆچوون و باری دەروونـی و پـلەی چـیـنـایەتـی و ڕۆشـنـبـیـری و ناوچەی)قسەکەرەکانیشەوە.

کاتێک لەڕوانگەی سیمیۆلۆجی شیکاری ناوی کەسەکان، ناوی شار و شوێنەکان بکەین درک بەوە دەکەین، ناوی کارەکتەر و کەسـەکان ناوی (هێمایی) و(ڕەمزین) لەپێناو دروسـتکردنی ڕووداوی خەیاڵی، شـتە خەیاڵی و پێچوواندنە خەیاڵییەکان بەکارهێنراوە. هەر ناوێک سیمیۆلۆجیا، یان نیشانەیە بۆ شتێکی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە باسـکردن و وەسـف و گێڕانەوەی نێو

شــــەقام دەربارەی خودی شـــاقامەکە وەکو پســـپۆرەکانی ئەم بوارە ئاماژەیان پێکردووە (شەقام وەکو دەق وایە) بەشێوەیەک لەشێوەکان پاکانە دەکات و لەدەرەوەی ئیرادەش دابەش کراوە، شـــــەقـام شـــــاهیـدی زۆربەی دیـاردە هەڵگۆڕ و وەرگۆڕە کۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیری و ئابوورییەکانە، هەروەها زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکان لەسـەر دیوارەکانی خۆی پیشـان دەدات. (د. محســن بوعزیزی، ٢٠١٠، ١٤٠). مەبەسـتمان لەم ئاماژەیە ئەوە ئایا هیچ ڕەمز و نیشـانەیەک لەناونیشـانی دەقەکە و ناوی کەسـایەتییەکان و شـوێن و کاتەکاندا، یان هەرشـتێکی دیکە، کە نـاوی لێنراوە وەکو ئەرک و چەمک و نیشـــــانەی نـاو بەدی دەکرێت.

ناونیشـــان نیشـــانەیە لەڕۆمانی هاوچەرخدا ســنووری نیشـــانە هونەری و جوانبێژی تێـدەپەڕێنێـت و دەچێتە نێو پەیوەنـدی ئـاڵۆگۆڕی ئـابووری و بـازرگـانی، کتێـب لەبواری ئـابووریـدا بەرهەمێکی بازرگانی نییە، تاکو نیشــــانەیەکی نایابی هەبێت، بەڵام ڕێکورەوان بەو ناونیشــــانەی هەیەتی، وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریی دەبێتە کەرەستەیەک، کە شیاوی بەکارهێنان بێت. ســــەرباری ئەوەش هەر ناونیشـــانێک دەبێتە بەڵگەیەکی یاسـایی و سـەنەدێکی شـەرعی سـەبارەت بەمولکایەتی کتێب و دەقەکە و خـاوەنـداریەتی و ڕەگەزی دیـاریکراوی ئەدەبی و هونەری. (ادریس الناقوری، ١٩٩٥، ٢٤). لەبەر گرنگی ئەم باسە،

ناونیشـــان لای (جینیت) و (گولدمان) بەزانســـتی ناونیشـــان ئـامـاژەی پێکراوە و (لیو هۆک)یش لەبەشـــێکی کتێبە بەناوبانگەکەی (ناونیشـانی کتێب) پێناســەی ناونیشـانی وەها کردووە، کە بریتییە لەژمارەیەک نیشـانەی زمانەوانی وشـە و دەسـتەواژە و ڕسـتە، دەکرێت لەبەشـی سـەرەوە و سـەرەتای هەموو دەقێکدا دابنرێت و ڕەنگدانەوەی نێوەڕۆک بێت و ئەو جەماوەرش بجوولێنێت، کە مەبەسـتیەتی. (د. حبیب بوهرور، بدون سـنة ، ١٥٩). وای لێهاتووە ناونیشـان بمانگەیەنێتە کۆمەڵێک واتا، کە دەبنە هاوکارمان بۆ کردنەوەی ڕەمزەکانی دەق، ئاسـانکاریشـمان بۆ دەکەن بۆ چوونە نێو پێچ و پەناو و تەنیا ئاڵۆزییەکانیش. (جمیل حمداوی، ١٩٩٧، ٩٠).

من پێم وایە توانای زمانی کوردی لەهەڵبژاردن و چڕکردنەوەی واتا و نیشـانە و هێماکان سنوور دارە، هەروەها دەقنووس و گەلێک لەدەقنووسـانی دیکەی کوردسـتان سـیمیۆلۆجیای ناو بەگرنگی و بایەخەوە سـەیر ناکەن، ناونیشـان وەکو ناسـنامەی دەق سـەرنجی لێ دەدرێت، بەڵام ئەم ڕوانگە زمانەوانییەی پسـپۆرانی شـیکاری و ئێمە لەشـیکردنەوەی دەق کاری پێ دەکەین، ناو و نیشـانەکانی ناو لەنێو دەقدا وەکو بابەتێکی ڕۆتینی و ئیلتیزامێکی ئاسـایی بۆ ناسـاندنی هەندێک کەس و شوێن و ڕووداو بەکارهێنراون.

ناوی (ئەســـتیرەی ژەنیار) ناوێکی خەیاڵی شـــاعیرانەیە. ناوی کەسایەتییەکان لەناوی فارسی و دۆخی زمانێکی بێگانە نزیکن، شـــوێن (شـــار و کۆشـــک و مزگەوت، کلێســـا و پەرســـتگا و تیاترۆخانە و چایخانە و دەریا و بیابان و شـــــەقام و ڕێگا و باخچە و .. تاد).

ناو پەیوەســـتە بەگوتاری کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی کۆمەڵگا، کاتێک ناوی (مـاڵبـات، بنەمـاڵە، پـاشـــــا، ســــەرۆک، دەســــەڵات.. ) بەکاردەهێنرێت، ئەمە دەبێتە نیشـــانە و هێما لەڕێگەی زمانەوە لەپێناو نیشـاندان و پێناســەی کات و شـوێن و ڕووداو و هەتا ناسـینەوەی کردە و هێـــــما و ڕووداوەکان و بەسـتنەوەیان بەکۆمەڵێک شتی دیکە، وێناکردنێکی دیکە شتە باسکراوەکانمان پیشـــان دەدەن. لەڕووی کۆمەڵایەتی وەســـفی ناوی شـــەقام، شتەکانی ناو شەقام لە(ناوی دوکان و شوێنە گشتییەکان، ناوی خودی شـــەقامەکان، ڕیکلام و زمانی نووســـین و ناوەکان و ڕەنگ و سیستەمی ڕێکخستنی بڵاوکردنەوە و دانانی ناوەکان، شتەکانی سەر دیوار، شتەکانی نێو شەقام) پیشاندەری دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیری و فکری و ئابووری و دەروونی سەردەمی دەقەکەن.

بەکارهێنانی نیشـانەکانی ناو، دیارکردنی مەبەســت و ئەرک و خواســـتی نـاوەکـانە و پەیوەنـدییەکی پتەوی بەپێکهـاتەی کۆمەڵایەتی خودی دەق و گوتار و زمانی دەقەوە هەیە.

ناوی قاوەخانەیەک لەمانگی ئەیلولی ٢٠١٧ (مۆفیسـکافێ)یە، کەچی لەسـەدەیەک پێش ئێسـتا (چایخانەیە) بوو، واتا ئێمە لەڕێگەی نـاوەکەوە دەتوانین سـەردەمەکە دیـار بکەین، گەشـەکردنی کۆمەڵگە و مۆدێرنیەت و کـاریگەری زمـانە بنیاییەکان لەسـەر زمانی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی خەڵک و کەلتوری سەردەمەکە بناسینەوە.

کات (سـاڵ، ڕۆژ، سـات، ئێسـتا، درەنگ، شـەو، بەیانی، ڕۆژ، ڕابردوو، داهاتوو، بەردەوام، لەنێو هەر کارێک و شتێکدا کاتێک هەیە بەپێی بەکارهێنانیان کاتەکە دیاردەکەوێت).

شـوێن (جێگا، شـت، لەنێو ، دەرەوە، سـەر و ژێر و تەنیشـت و لەنێو بیرکردنەوە و وێنە و هزردا.. هەموو شـتێک شـوێنێکی هەیە، یان لەنێو شوێنێکدا شوێنێکی تایبەتی دیارکراوی دەبێت).

یەکێکی دیکە لەپێکهاتەکانی دەق شوێنە، لەگوتاری دەقدا شوێن هەیە، تەنیا لەگێڕانەوەی شـتەکانیشـدا لەنێوان قسـەکەر و ڕووداوەکاندا شـوێنێک هەیە، قسـەکەر لێرەیە و ڕووداوەکە لەوێ، یان هەندێک کات هەردووکیان لەنێو یەک شـوێندا دەبن. (شوێن)ی دەستپێکی ئەم دەقە (شوێنی بەئاگاهاتنە)وەیە، کەچی (شـوێنی کەسـایەتی و ڕووداو و شـتەکانی دیکە)، (ئاوارەیی، شـار، گەڕان لەجێگەی دوور و دەریا و مزگەوت و چایخانە و باخچە و دیوەخان و مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا و مەیخانە

و تیاترۆخانە و شـــانۆ و شـــوێنی قســـەکردن و لەناو دڵ و دەروون و مێشک و هۆش و بینین .. تاد) یە. بەلای من شوێنی تایبەتی (نووســـەر) نێو دەقەکەیە.  شـــوێنی ڕووداوەکانیش دەرەوەی دەقەکەیە، یان بەپێچەوانەوە.

نووســـەر دەڵێت (ناکرێت ئێمە لە نادیاریدا ونبکەیت. ئێمەت لەکوێی ئەم ناشـــوێنە شـــاردۆتەوە بۆ پێمان ناڵێیت لە چ دۆزەخێکین). (دلْزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٥٧). واتە لەدەرەوەی شـــوێن وەســـفی شـــوێنە دۆزەخ ئاســـاکە دەکات، بێگومان شـــاردنەوەش دیســـان لەنێو شـــوێندا دەبێت، نەک لەدەرەوەی شـــوێندا ڕوودەدات، یەکێک لەبنەماکانی گێڕانەوە و بوون لەدەست دەدات، واتە نووسەر لەدەرەوەی شوێن قسە لەبارەی شـوێن دەکات، لەکۆتایشـدا شـوێن بەدۆزەخ وەسـف دەکات. لەڕووی زمانەوە ئەم نیشانە و سیمیۆلۆجیایەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی واتای (نادیاری)، (ناشوێن)، (شاردنەوە)، (دۆزەخ). هەموو ئەم وشـــانە نیشـــانەی دۆخی (نیگەرانین)، (بێ وڵاتی و پەناهەندەیی)، دەگرێتەوە (ونبوون لەنێو شـــوێنێکی نادیار)دا پیشان دەدات، (ئازار و مەینەتی و سزا و دڵتەنگی) دەگێڕێتەوە.

لەهەموو شـــتێک گرنگتر ئەم وەســـفەی شـــوێن بە دۆزەخ، بەناڕاستەوخۆیی پیشانمان دەدات، سەردەم و کاتێکی ناخۆشی ئازاربەخشـی پڕ لەکوشـتن و مەینەتی هەیە. لەهەمان گاڤیشـدا کردەی (ڕەتکردنەوە و داوا و هوشـداری و کردەی پرسـیار و

گومان و گریمانه) دەوروژێنێت، کردەی (ئاگاداری و داواکردنی زانیاریی و جەختکردنەوە و پێداگری و سەرسوڕمان و پرسیاری) تێدایە.

## سیمیولۆجیا

لێتان ناشارینەوە، لەم بوارەدا بەتایبەتیش لای عەرەبەکان و ڕەنگە لای ئێمەی کوردیش هێشتا لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتبین واتای سیمیۆلۆجی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە چی دەگەیەنێت، لەم بوارەدا عەرەبەکان وشەی (نیشانە، واتا، ڕەمز، دەلیل، هێما، ئاماژە.. تاد) بەکاردەهێنن. (مجموعة،٢٠١٨، ١٠) . لای کوردیش (هێما و نیشانە و ڕەمز ودەلالە ..) بەکاردەهێنرێت، کە من پتر لایەنگیری بەکارهێنانی (نیشانەکان)م بۆ سیمیۆلۆجیا، وەکو یۆنانییەکان، کورد ئێستاش دەڵێت (نیشانەی تووشبوونی کولێرا، گرانەتا، سکوچوونی پێوەدیارە)، یان (نیشانەی پیری پێوەدیارە). بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی قسەکردندا خەلکی دەڵێن (سیمای جوانە، یان دەموچاوی جوانە..) ئەمە ڕێک بە سیمیۆلۆجیا وەکو مانا دەمانبەستێتەوە. بۆیە (نیشانە) گونجاوتر و لەبارترە.

لەدوو وشەی سیمیۆلۆجی ( semiology ) و سیمیۆقراتی (semiotique ) هاتووە، یەکەمیان لەوشەی یۆنانی (Semio)

وەرگیراوە، کە لەڕاستیدا (semeion)ەوە بەواتای نیشانە هاتووە. ئێستا وەکو زانستێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەزانستی نیشانەکان ناودەبرێت، ئەمەش پەیوەستە بەفکری کۆنینەی مرۆڤەوە کە لەبارەی شتەکان بەگشتییەوە هەیە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم زمانەوانی سویسری (فردیناند دو سوسیر) و فەیلەسوفی ئەمەریکی (چارل سندرس پیرس) و فەیلەسوفی ئەلمانی (ئەرنست کاسیر) کاریان لەبارەی ئەم زانستەوە کردووە. (سوسیر) لەبواری زمانەوانی بایەخی بەزانستی سیمیۆلۆجی داوە، بەڵام (پیرس) ئەم زانستەی لەبواری لۆژیک و فەلسەفەش بەکارهێناوە. (عبدالواحد المرابط، ٢٠١٠، ١٧-٢٩).

سیمیۆلۆجیا "لێکۆڵینەوەیە لەنیشانەکان"، کامە نیشانە، ئایا ئەو نیشانانەی، کە لەژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێن، وەکو نیشانەکانی هاتووچۆ، نیشانەی سەر حانوتەکان و ئەستێرەکان. نیشانە بینراوەکان بابەتی سیمیۆلۆجیان، بۆچوونەکانتان گەشەتر دەبن ئەگەر بڵێم وێنە و تابلۆ و وێنە فۆتۆگرافییەکانیش دەتوانرێت بکرێنە سەرچاوەی سیمیۆلۆجیا، ئەگەر بوێری ئەوەم هەبێت پێتان بڵێم، وشەکان و دەنگ و زمانی جەستەش سیمیۆلۆجیان. (دانیال تشاندلر، ٢٠٠٨ ، ٢٧-٢٨)

(ئینرتۆ ئیکۆ) وای پێناسە کردووە، کە "سیمیۆلۆجیا بەهەموو ئەو شتانە دەگوترێت، کە نیشانەیە، تەنیا ئەو شتانە ناگرێتەوە،

که لەگوتاری ڕۆژانەماندا پێیان دەڵێین نیشـــانەکان، بەڵکو هەموو ئەو شـــتـانەش دەگرێتەوە، که شـــتەکـانی دیکەش لەخۆدەگرێت". (دانیال تشاندلر،٢٠٠٨، ٢٥).

سیمیۆلۆجیا واته زانستی لێکۆڵینەوە لەنیشانەکان بەشێوەیەکی بەهێز و ڕێکخراو، یان ئەو زانســـتەیه کار لەســـەر هێماکان دەکات بەو ئەندازەیەی کار لەســـەر ئاماژەکان دەکات، لەگەڵ گەڕان بەدوای پەیوەندییان لەگەڵ واتا و دەلالەته جیاوازەکان، که دەتوانرێت ئاماژەیان پێبکرێت. (د. لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٦، ٢١).

(جاکبســـون) دەڵێت "زمان ســـیســـتەمێکی ســـیمیۆلۆجییە، (ســوســیر)یش پێی وایه "هیچ شـتێک لەلێکۆڵینەوەی زمانەوانی باشـــتر نییه بۆ دەرخســـتنی مەســـەلەی ســـیمیۆلۆجیا. (دانیال تشـــالدنر، ٢٠٠٨، ٣٢-٣٤). لەوەش وردتر ڕەمز و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر پێکهاتەی تێدایه، ئەم هەزاران پێکهاتەش بریتین لەپەیوەندییەکان، ناتوانرێت بۆ لەبەر خاتری یەکەی ســـەرەکی لێکۆڵینەوە لێکجیـابکرێنەوە... وشـــە هونەری وێنەکردنە. (Susanne Katherina Knauth Langer, ١٩٥١, p٨٨).

گرنگی شیکردنەوی سیمیۆلۆجی پەیوەسته بەو بۆچوونەی، که پێی وایه (ســـیمیۆلۆجیا هەندێک شـــتکمان پێ ڕادەگەیەنێت، که

دەیناســـین، بەڵام بەزمانێک، کە بەهیچ جۆرێک تێی ناگەین).
(Paddy Whannel in: ellen Seiter, , ١٩٩٢,p ١).

(مرۆڤ واتایە)، واتاش بەرهەم دەهێنێت، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە ئێمە واتا لەڕێگەی بەکارهێنانی "نیشانەکان" دروست دەکەین و شـــیکـاریــان دەکەین. بەکردەوە وەکو (پێرس) دەڵێـت "بیرناکەینەوە تەنیا بەهاوکاری نیشانەکان نەبێت". نیشانەکانیش شـــێوەی وشـــە و وێنە و دەنـگ و گێڕانەوە و نوکتە و خووڕەوشت، یان شتەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەو شتانە هیچیان واتایان لەخۆ نەگرتووە، ناشبنە نیشانە تەنیا دوای ئەوە نەبێت، کە واتــایەک لەخۆ دەگرن. لەمبــارەوە (پێرس) گوتیەتی (بۆ ئەوەی هەر شتێک ببێتە نیشانە، پێویستە بەشێوەیەک شیکار بکرێت، کە نیشانە لەخۆی بگرێت). (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٤٥).

(پێرس) بەگرینگترین ڕابەر و فەیلەســـوفی دامەزرێنەری هێماناســـی (نیشـــانەناســـی/ غازی) دادەنرێت، پۆلێنکردنەکەی لەبارەی هێماگەلی دیاریکراو، کە (پێرس) داینا، بووە ڕێڕەوی سیستەمی هێماگەری و گشت نیشانە زمانی و نازمانیەکانیش. لەلایەک هێما بەمەدلوولەکەی دەبەستێتەوە لەلایەکی تریشدا بۆ بنێر (المرسل الیە)ی هاوبەند دەکات. هەر بۆیە هـــیما و ڕەمز، یـــان پەیــکەر (هــیــکــل)، یـــان ئـــامـــاژە دەگــرێــتەوە و دەگەیەنێت.بەکارهێنانیشی لەپێڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەدا بۆ زانیاری و مەعریفەی پێشتر دەلالەتە زاراوەییەکەی دەگرێتەوە،

بۆ نموونه (دووکەڵ)، هێمای ســـــروشـــــتی و ئاماژەیی (ئاگرە) دەگرێتەوە و دەگەیەنێت، یان ئاماژە و نیشـــانەی مەترســــی و ترسناکی دەگەیەنێت. (د. ئازاد ئەحمەد مەحموود،٢٠١٥، ١١٨).

ئێمە لەم بوارە جەخت لەســەر بۆچوونەکانی زانای ســویســری (دو سوسیر) و فەیلەسوفی ئەمەریکی (چارلز ساندرس پێرس) دەکەینەوە.

(سوسیر) مەسەلەی سیمیولۆجیای لەزمانەوانی بە(هێما و هێما بۆکراو بەستۆتەوە) بەو واتایەی، کە (ناو)وەکو هێمایێک ئاماژە بۆ (شـتێک) هێما بۆکراوێک دەکات. بەبۆچوونەکانی (ســوســیر) لەسەر ئەوە کۆکن، کە (هێما) بەشێوەیەکی مادی لە(بەرجەستە) هەســـتپێکراوی نیشـــانەکان دەردەکەوێت، شـــتێکە دەتوانرێت ببینرێت و ببیســــرێت و بگیرێت و تام بکرێت. با نموونەیەک لەبارەی ئەم بۆچوونە بهێنینەوە، بۆ نموونە لەســــەر دەرگای دوکانێک نووســـراوە (پاڵدە)، ئەم شـــتە دوو نیشـــانە پیشـــان دەدات، وەکو:

+ (پاڵدە/ ادفع). ئەم وشەیە واتای (هێما) دەگرێتەوە.

+ هێمـا بۆکراو بریتییە لەتێگەیشـــتن، بەو واتـایەی چەمکێک دەگرێتەوە: ئەویش واتایەک پیشـــان دەدات، کە دوکانەکە بۆ شـــت کڕین کراوەتەوە. نیشـــانەیەکە لە(هێما و هێما بۆکراو) پێکدێت. هیچ هێمایەک بێ (واتا) نییە، هیچ هێما بۆ کراوێکیش

بێ (شـێوە) نییە. نیشـانە لەهێما و هێما بۆکراو پێکدێت. (دانیال تشـالندر، ٢٠٠٨، ٤٨). سـەبارەت بە هێما بۆکراو (ئیمبرتو ئیکو) دەڵێت: شـــتەکە وابەســـتەیە بە"وێنەی زهنی و تێگەیشـــتن و واقیعی دەروونی". واتە (ســـوســـیر) جەختی لەســـەر (وێنە و بیرۆکە) کردۆتەوە. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٥٠-٥١).

لای (پێرس)یش هەمان شـــت هەیە، بەڵام ئەو پشـــت بەســـێ پێکهاتە دەبەستێت وەکو:

+نواندن: ئەو شێوەیەی وەکو نیشانە دەردەکەوێت (هیچ مەرج نییە شـــێوەی مادی هەبێت) هەندێک لەتیۆرزانەکان بە"هەڵگری نیشانەکان" ناوی دەبەن.


+ شـیکردنەوەی نیشـانەکان: تەنیا شـیکردنەوە نییە، بەڵکو ئەو واتایەیە، کە لەنیشانەکانەوە ڕوودەدات.

+ هەیە: ئەو شتەیە، کە نیشاندەری هەبوونی نیشانەکانە و بۆی دەگەڕێتەوە (سەرچاوەیە).

ئەم ســێ بۆچوونە لەگەیاندنی واتا و ئەرکی نیشــانەکان ڕۆڵی هەیە و ئەمانە هەرسێکیان پێویستن بۆ وەسفکردنی نیشانەکان و کۆیـان دەکـاتەوە لەوەی نوانـدن، واتە (هەبوون) چییە، چۆن نواندنەکە ئەنجام دەدرێت (نواندن) و چۆنیەتی شیکردنەوەکەیە، (شـــیکردنەوەی نیشـــانەکان)، یان بەشـــێوەیەکی دیکە بیڵێین

ناتوانین ڕاستەوخۆ کارتۆنەکە بکەینەوە و ڕاستەوخۆ شتەکەی نێوی ببینین، هۆکـارێکی زۆر ســــادە، ئەگەر توانیمـان ئەو شـــتانەی لەنێو کارتۆنەکە دایە بینین، ئەو کاتە پێویســـتمان بەنیشـــانەی نواندن نییە. نازانین شـــتک هەیە، تەنیا لەڕێگەی تێبینی لەبـارەی بوونی نـاو و کـارتۆنەکە نەبێت. بۆیە دەڵێین هەبوونە بەردەوامەکە درکی پێ نــاکرێـت، تەنیـا لەڕێگەی کارتێکردن لەنێوان نواندن و هەبوونەکە و شیکردنەوەی نەبێت. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ٧٠- ٧٢). لەهەمان کاتدا (پێرس) ئەوە ڕەت دەکاتەوە یەکســـانی لەنێوان (واتا و نێوەڕۆک) دا هەبێت. لەهەمان کاتدا ئەم فەیلەسوفە پێی وایە شیکردنەوەی نیشانەکان چەمکی فکرێکی  گفتوگۆ ئـامێزە. (هەمـان ســـەرچـاوە، ٧٣). (جاکۆبســـون) ئاماژە بەوە دەکات، کە (نیشـــانە زمانییەکان وا دەخوازن پەیوەندی بەیەکەوە بەســـتران لەنێوان دەنگ و واتا هەبێت، بۆیە ناتوانرێت لێک بکرێتەوە). (هەمان سەرچاوە، ).


جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە ســـەر بۆچوونەکانی (ڕۆلان بارت) پێش ئەویش (مارک ئابرامز) گوتیەتی (سیمیۆلۆجیا تەنیا بریتی نییە لەلێکۆڵینەوە لەنیشـــانەکان لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی وەک زمـان، هـاتوچۆ، بەڵکو زۆربەی چـالاکی و بـوارە مرۆییەکانی تری وەک ئاماژە لەشـــییەکان، نەریتی کۆمەڵایەتی، جلک و بەرگ، ئامرازی کارکردن... تاد دەگرێتەوە و دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە شتەکان لێکبدرێنەوە.


هێما
ئاماژەکانی جەستە
نیشانە
سیمیۆلۆجیا
ئامرازی کارکردن
نەریتی کۆمەڵایەتی
جلک و بەرگ

دوای ئەوەش (بارت) سیمیۆلۆجیای بردە نێو ئاماژەکانی مۆدێل و جل وبەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و خۆشتن و مکیاج و سابون و چێشلێنان، بەو پێیەی کاتێک لە مۆدێل دەکۆڵێتەوە، میتۆدی سیمیۆلۆجیای زمانەوانی بەسەردا پراکتیک دەکات، هەروەها بەسەر ئەفسانەشدا پراکتیزەی کردووە، واتە (دال+ مەدلول= ئاماژە) ئەمە گرێ دەدات بەمانا و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و کلتوورییەوە. (د. لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٦، ٢٢). تەنیا هەندێک پێیان وایە ئەمە (ئیمپراتۆریەتی نیشانەیە). (ربیعە رویقی،٢٠١١، ١١). بۆیە هەر کاتێک بمانەوێت باسی هەر شتێک بکەین، ناتوانین لەدەرەوەی ئەو نیشانانەی بەکاریان دەهێنین بوونی شتەکان بسەلمێنین. (دانیال تشالندر، ٢٠٠٨، ١١٨). ئەمە دەمان بەستێتەوە بەو سەرەتا گرنگەی لێکۆڵینەوە کە دەق لە کۆمەڵێک نیشانە پێکدێت، نیشانەکانیش دەبنە ئاماژە بۆ (پەیام، فکرە، بۆچوون و تێڕوانینێک و مەبەستێک) لەڕێگەی گوتارەوە جێبەجێ دەکرێن.

بەجۆرێکی دیکە زانایانی ئەم بوارە پێیان وایە (هێماکاری بریتییە لەو کارەی کە مرۆڤ بەئارەزوو خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناو خۆیاندا پێکبێن شتێک دانێن هێما بۆ شتێکی تر. ئەم هەلومەرجی پێکهاتنەش لەو کاتانەدا دێتە کایەوە، کە دوو مرۆڤ، یان زیاتر بەیەکتر دەگەن دەیانەوێت

ژیانی خۆیان ڕێکبخەنەوە). (د. محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠، ١١٢).




**ئەم هێلکارییە بریتییە لە سێگۆشەی سیمیۆلۆجی (پێرس).**

## ڕۆمان

ڕۆمان بەواتا فراوانەکەی پەیوەستە بەژیان و شتەکانی نێو ژیان، بەپێی بۆچوونەکانی (باختین) دەقی ڕۆمان، کە ڕەگەزی دەربڕینی تایبەتمەندی لەخۆگرتبێت بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو ڕۆمانەی خاوەنی بیرکردنەوەی تێڕوانین ئامێزە، ڕەگەزێکی

گوزارشتكارانەی بێ كۆتایی لەپێكهاتندا هەیە و لەسەر تەواوی ڕەگەزە ئەدەبییەكانی دیكەدا بەشـــێوەیەكی كراوە، كار دەكات. گوتاری ڕۆمانیش گوتارێكی تێكەڵە، وابەســـتەی فرە زمانی و دەنگەكانە و كارتێكردنی قســـەكردن و گوتارەكان و دەقەكان لەچوارچێوەی دەوروبەرێكی كۆمەڵایەتی نوێ ڕادەپەڕێنرێت. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٧ ) .


"ڕۆمان وێنەی ژیانە"، بەپێی بۆچوونەكانی (پیرســـی لوبوک) ڕۆمان بریتییە لەوێنەیەک ژیانمان بۆ بەرجەســـتە دەكات، ئەم وێنە، یان تابلۆیە بەژیان دەچێت، بەڵام كوتومت خودی ژیان نییە. (نضال محمد فتحی الشمالی، ٢٠٠٩، ٧).

ڕۆمـــان بریتییە لەگێڕانەوەیەكی تـــایبەت لە ئەوروپـــای نوێ دروســـــتبووە، تایبەتمەندی نوێبوونەوەی بەجۆری گێڕانەوە لەخۆگرتووە، كە مرۆڤ شـتەكان لەكات و شـوێنی دیاریكراودا بەدی دەهێنێت. (مدحت الجبار،دون سـنة ، ٥٦). بەپێی پێناسـەی مەعاریفی بەریتانی ڕۆمان "نووســـینە پەخشـــانە، وێنەی ژیان دەگرێـت". (عبـدالرحیم الكردی،١٩٩٦، ١٤٤). ڕەخنەگر و ڕۆماننووســـی بەریتانی ( فۆســـتەر) دەڵێت "ڕۆمان پەخشـــانە چیرۆكێكی درێژە، نابێت لەپەنجا هەزار وشە كەمتر بێت". (سید حامد النساج، دون سنة، ١١٤).

ڕۆمان زۆرترین توانای تێدایە، بۆ ئەوەی کات و قسەکردن لەبارەی تواناکانییەوە بەکاربهێنێت. (ابراهیم سعدی، ٢٠٠٩، ٩٤). ئێمە دەزانین هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان هەیە، ئەوانە بەیەک گروپ و خێزانی ئەدەبی دادەنرێن، هەموویان پشت بەگێڕانەوە دەبەستن (ئالان رۆب گرییە) دەڵێت چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە دەزانێت چۆن چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. (د. شکریة رسول، ٢٠٠٥، ٢٣). هەروەها دەکرێت گێڕانەوە پردێک لەنێوان چیرۆکگێڕەوە و خوێنەر دروست دەکات ئامانجی گێڕانەوەش گەیاندنە، یاخود گێڕانەوە دەبێتە ئامرازێک بۆ چنینی پێوەندی نێوان ئەو بنەما هونەریانەی تێکستی چیرۆکەکەی لەسەر دروست دەبێت. (د.شکریة رەسول، ٢٠٠٥، ٢٣).

(باختین) وەکو ئەوانەی پێشەخۆی سەیری ڕۆمان و پێکهاتەی ڕۆمانی نەکردووە، بەڵکو لەڕوانگەی زمانەوانی و پراگماتیکی، کە زمان ڕەتناکاتەوە جەخت لەسەر وێناکردنی فەلسەفی بەپشتبەستن بەشیکردنەوەی مێژوویی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، ئەوی دیکەشیان ڕەخنەیە، کە سیمیۆلۆجیا پرسی دەقی ڕۆمانە و تێڕوانینی شیکاریی پەیوەندی ناوەخۆیی و دەرەکی دەگرێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بەئاسۆی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی لەبارەی کێشەی دەربڕینی ئایدیۆلۆجییەوە. (میخائیل باختین،١٩٨٧، ١٥).

ئەم پێناســـــانەی کراون دەکرێت هەموویان لەمەبەســـتی شـــیکردنەوەمان نزیک بکەنەوە، بەڵام بۆچوونەکەی (باختین)، کە پەیوەنـدی بەپراگمـاتیـک و زمـان و ســـیمیۆلۆجیـای کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەم شـیکردنەوەیەدا باشـتر لەوانی دیکە هاوکارمان دەبێت، بۆ دەسنیشانکردن و شیکردنەوەی زمان و ئەرک و کردەکانی لەنێو دەقدا.



## زمان

لەپێناسە و ناساندنی زماندا دەکرێت دوو شت، یان پتر باس بکەین. زمان بەواتای ناوی زمانی دەقەکە، کە لەم دەقەدا (زمانی کوردی)یە، ئینجا لەڕووی واتایی و فسیۆلۆجییەوە زمان چەند شتێک دەگرێتەوە. لەڕووی فسیۆلۆجیی و بایۆلۆجییەوە (ئەو پارچە گۆشتەیە لەنێو دەمدا) ڕۆڵی لەدروستکردنی دەنگەکانی زمان هەیە. لەڕووی واتا و بەکارهێنان و ئەرکیش زمان بەو ئامراز و کەرەستەیە دەگوترێت، کە مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کردەی (پەیوەندیکردن) لەنێوان خۆی و کەسێکی دیکە بەکاری دەهێنێت. پێناسە و ئەرکی زمان لەگەڵ پەرەپێدانی شیکردنەوەی زمانەوانی فراوان بووە. زمان ئێستا بریتییە لەبەشێک لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پیشاندەری توانا و ئاست و پلە و چین و ڕەگەز و مەبەست و پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی خودی مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەتی.

مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەکۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە، زمـان چـالاکییێکی کۆمەڵایەتییە زیـاتر لەوەی هۆییێک بێت بۆ هەســـت دەربڕین و زانیاری گەیاندن. لە زۆر باردا زمان بۆ گەیـانـدنی زانیـاری و هەواڵ بەکـارنـایەت بەڵکو بۆ جێ خۆش کردن و خۆبردنە پێشــەوە و خۆ چەسـپاندن و شـوێن گرتنەوە لەنـاو ریزەکـانی خەڵکیدا، بەڵگەمـان بۆ ئەمە دەیـان فۆرمیولایە وەک (چـاکی؟)، (چۆنی؟) ، (ڕۆژبـاش)... هتـد لەژیـانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەیان جار دووپات دەبێتەوە بەمەبەســـتی ڕازیکردنی خەڵک. (د. موحەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ١٣٧).

بەبۆچوونی زمانەوانە ئەرکییەکان (سەرەتای بەکارهێنانی زمان بۆ ئەرکی پێوەنـدیکردن بەکـارهـاتووە لەنێوان بەکـارهێنەرانی، بەمەش ئەرکی بنەڕەتی زمـان بریتی بووە، لەکردەی گەیـانـدن (بیان ملا حمدامین، ٢٠١٣، ٤). زۆربەی زاناکانیش لەســەر ئەو بۆچوونەن گونجاون، کە (زمان ســـەرەتا بۆ کردەی گەیاندن بەکارهاتووە، کە ئامێری پەیوەندیکردن و پێ ڕاگەیاندن، یاخود گواســـتنەوەی بیرو هزرە. (بیان ملا حمدامین، ٢٠١٣، ٤ ). (مارتینە)ش دەڵێت زمان ڕێگە خۆشـــکەرە بۆ پەیوەندیکردن و هۆکارێکە بۆ تێگەیشــتن و ئاڵوگۆڕکردن لەنێوانیاندا). (بیان ملا محمدامین، ٢٠١٣،ل٤). (چۆمســـکی)یش پێداگری لەســـەر ئەوە دەکـات، کە (ئەگەر زمـان ئەرکێکی بنەڕەتی هەبێـت، ئەویش ئەرکی دەربڕینی بیروڕایە). (بیان ملا حمدامین، ٢٠١٣، ٤).

زمان لای (سوسیر) سیستەمێکی ڕەمزیی و داڕشتن و ڕێزمانە لەنەوەیەک بۆ نەوەیەک دەگوزارێتەوە، زمان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام زار دیاردەیەکی گشتییە لەدوو بەش پێکدێت (زمان و قسەکردن). قسەکردن پەیوەستە بەتاک و زمانیش پەیوەستە بەلایەنی کۆمەڵایەتی. (السعید شلوقة،٢٠٠٦، ٥٢).

ئەرکی زمان جگە لەوەی ئەرکی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە نیشاندەدا، بەکارهێنانی تریشی هەیە، کە بریتین لەنیشاندانی بەرجەستکردنی سروشتی مۆدیلەکان، لەم حاڵەتەدا ئەرک بەو واتایەی لەزانستی بیرکاریدا هەیەتی بەکاردێت، واتە بەرجەستکردنی پەیوەندیی نێوان ناوەکان و بەهاکانیان. (د. شێرزاد سعید، ٢٠١٣ ، ٢٤). دیارە ئێمە نامەنەوێت ڕێزمانی ئەرکی لەشیکردنەوەکەی خۆماندا وەکو بنەما بەکاربهێنین، بەڵام ئێمە دەمانەوێت بەکارهێنانی زمان شی بکەینەوە، زمانیش بریتییە لەبەکارهێنان و ئەرک. (ڕۆنانی ئەرکی لە ڕستەدا پەیوەندییە ڕێزمانییە واتادارەکان دەخاتەڕوو، هەروەها زانیاریی تەواو پێشکەش دەکات لەبارەی یەکە سیمانتیکییەکان بۆ دەرخستنی یاسا گونجاو بۆ ئارگیومێنتی گوزارە). هەروەها گوزارەی کار بریتییە لەکار و گشت ئەو بابەتانەی (بکەر و بەرکار)، کە کارەکە پێویستی پێیان هەیە. (د. شێرزاد سەعید، ٢٠١٣ ، ٣٢- ٣٣).

شـــیکردنەوەی زمـان بەدوای ئەو هۆکـارانەدا دەگەڕێـت کە (کـارەکتەر، بگۆڕ، یـان ئەو کەس و شـــتـانەی کردەی گۆڕین ڕادەپەڕێنن) لەگەڵ دیارکردنی بەهـای شـــتەکان و دۆخەکان پیشان دەدات، وەکو ئەم نموونەی خوارەوە:

| | | |
|---|---|---|
| بکەر | دیارخەر | ێک |
| | ژمارە | تاک |
| | گوزارە | کوڕ |

+++++ ++++++++++++++++

بگۆڕ بەها (د. شێرزاد سەعید، ٢٠١٣. ٣٣).

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گەشـەکردن و مردنی تێدا ڕوو دەدات، ئەرکێک ڕادەپەڕێنێت لەپێناو دروستکردنی فکرە و وێنە و واتا لەدەوروبەرێکی دیاریکراو، لەرێگەی نێرەر و وەرگرەوە پرۆسـەی قسـەکردن ئەنجام دەدرێت. لەم دەقەی شـیکردنەوەی بۆ دەکەین، (بکەر، کە هەقـایەتخوانە، یـان ئەوانەی لەهەنـدێک ڕووداوی گێڕانەوەدا (بکەر)ن، توانــای خۆیــان بۆ گۆڕانی شـتەکان وەکو (بەها)، (پێگەی دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتی سـیاسـی)

بەکــاردەهێنن. (میر موحەمەد) بکەرە و دەیەوێــت واقیعی (بەهـای) ژیـانی خۆی بگۆڕێت. بـاوکی (میر موحەمەد) بکەر/ بگۆڕە، دەیەوێت (بەهای بیرکردنەوە و هەســـت و نەســـت و تێڕوانینەکــانی کوڕەکەی وەک خۆی لێبکــات). بگۆڕەکــانی دیکەش کار بۆ دیارخســـتنی بەهای (شـــتەکان، بیرکردنەوە و تێڕوانین و کــارتێکردن و بەکــارهێنــان و نمــایش) دەکەن. لەگوتــاری دەقەکەدا دەردەکەوێــت (بکەر/ بگۆڕ) کــار بۆ دیـارخســـتن و بەکـارهێنـان و بەدیهێنـانی (بەهـای پەیـام و مەبەســـتەکانیان) لەڕێگەی بەرکار و کار و هەڵســـوکەوت و ڕاپەڕاندنی خواستەکانیان دەکەن. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، لەڕێگەی هەندێک قســـەکردنی ناوەکی، ئەوانەی لەناوەخۆیاندا، یـان (کـات لەنێو کـات)، (خود لەنیو خود) و (کـار لەنێو کـار) وەســـفکراون، دەتوانرێت بە (بکەر/ بگۆڕ) لەنێوە خۆی یەک کارەکتەر ئاماژەی پێبکرێت.

**زمانی ڕۆمان**

زمان لەڕۆمان شێوەیەکی فرەیی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت. ئێمە لەڕوانگەی زمـانەوە شـــیکاری دەقێکی ڕۆمـان، یـان نۆڤلێت دەکەین، چونکە پێمـان وایە ئەو دەقە بەرهەمی زمـانە، پێش ئەوەی بەرهەمی ئایدیۆلۆجیا، یان تێڕوانینێکی فکری و سیاسی و وێناکردنێکی زهنی بێت. (باختین) دەڵێت (ڕۆمان بەرهەمی هەمەجۆری کۆمەڵایەتیی زمانەکانە، هەندێکجاریش پەیوەســتی زمانەکان و دەنگە تاکەکەســـییەکانە). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٣٩). زمانی ڕۆمان بەیەکەوە گونجانی زمانەکانە، هەر یەکێک لەپێکهاتەکانی زمانی ڕۆمان ڕاســـتەوخۆ یەکەکانی شـــێواز دیاریی دەکات، کە ڕاســـتەوخۆ تێکەڵی ئەمانە دەبێت: گوتاری شـێوازگەرایی تاکە کەسـایەتی، قسـە دانراوەکانی گێڕەرەوە و پەیام ... تاد). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٣٩ ).

پێویستە لەشیکردنەوەی زماندا بایەخ بەڕۆڵە واتاییەکان بدەین، ئەوانیش لەدوو بواردا دەستنیشان کراون، وەکو :

+ کارا: گیاندارێکە دەبێتە هۆی ڕوودانی کار، یان دەسـتپێکەری کارە.

+ کارتێکراو: ئەو دۆخە زیندووەیە، کە بەهۆی بارێکەوە کاری تێکراوە، یان ئەو کەســـیە ڕووداوێک کاردەکاتە ســـەری، یان شتێکی بەسەر دێنێت. (د. شێرزاد سەعید، ٢٠١٣، ٣٧ ).

ئێمە لەجیاتی ئەوەی باســـی هونەری نووســـین و تەکنیک و شـــێوازی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە بکەین، وەکو ڕەخنەگرێک باش و خراپەکان، گونجاون و نەگونجاوەکان هاوێر بکەین، شـیکاری زمان دەکەین، ئەرک و کاریگەری زمان لەگەیاندن و بەدیهێنانی پەیام و گواستنەوەی وێنە زمانەوانییەکان بۆ وەرگر دیاردەخەین. شیکاری فرەیی زمانی سیمیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی لەم دەقەدا دەکەین و ئاماژەی پێ دەکەین لەچییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

پێش ئەوەی باســـی ســـیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی، یان هێما و نیشـانە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، شـیکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی واتای هەر نیشانەیەک بکەین، کە مرۆڤ لەئەنجامی بەکارهێنانی لەدەوروبەرێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی بەرهەمی دەهێنێت، پێویســـتە ئاماژە بەدەقی کۆمەڵایەتی بکەین. پێشـــتر دەق تاپۆ بوو لەسەر ئەدەب و فەلسەفە و ئاین، ئایا دەکرێت خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەخوێندنەوەیەکی دەق ئاســـا ئەنجام بدەین؟ سۆسیۆلۆجیای دەق بەدوای کۆمەڵگادا دەگەڕێت لەنێو دەقـدا. (د.محســـن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٢٤). مـاوەی نێوان سیمیولۆجیا و سۆسیۆلۆجیا ماوەی تێگەیشتن و شیکردنەوەیە. (د. محســن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٣٧). لەم بوارەدا مەســەلە هەر تەنیا پەیوەندی بەســـیمیۆلۆجیای پەیوەندیکردن وەکو ڕەهەندێکی هەواڵ بۆ ڕاگەیاندنی زانیاریی و ئینجا ونبوونی

نییه، بەڵکو سـیمیۆلۆجیا بەدوای واتـادا دەگەڕێت و بینـای بەیەکەوە سازانی شتەکان و دیاردەکان دەکات و سـەرلەنوێش بەرهەمیـان دەهێنێتەوە، واتە ڕەهەنـدێکی ڕەمزی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکانە، دوور لەمیدیایەکی پڕوپاگەندەکەری گەیاندن. (د. محسن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٤٢).

مەبەسـتمان لەم ئاماژەیە لەنێو دەقی (ئەسـتێرەی ژەنیار) ئەو گوتـارە کۆمەڵایەتییە، کە بـانگەشـەیەکی میدیایی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ (مەعریفەی) پیشـانـدانی (ڕەمز و هێمـا و نیشـانەکانی) نێوان (دەسـەڵاتی خانەوادەیەکی پاشـایەتی و بۆمـاوەیی) و (دەسـەڵاتی هـاوچەرخ). ئـامـاژەیە بۆ (نـاکۆکی دەروونـی لەنـێوان بـاوک و کوڕ لەچۆنـیەتی بـیرکـردنەوە لەکورسـی دەسـەڵات). بەشـێوەیەکی گشـتی وەکو ئەرکێکی سیمیۆلۆجی کۆمەڵایەتی کار بۆ دەرخستنی ڕەهەندەکانی نێوان تێگەیشـتن و شـیکردنەوە ئازار و ململانێی دەروونی کورسـی دەسـەڵات دەکات. تێگەیشـتن لەکاریگەری مۆسـیقا و پەیوەندی نێوان هونەر و دەسـەڵات، شـیکردنەوەی بەرهەمهێنـانی دەسـەڵات و هێما و ڕەمز و وێنە و وێناکردنی شـکۆ لەنێو دەسەڵاتدا. نیشانەکانی خۆ بەکۆیلەکردنی خەڵک، نمایشی کاری هونەری و چۆنیەتی شـیکردنەوە و تێڕوانین لەبەرهەمی فکری هونەرمەنـدان لەلایەن کۆشـک و دەسـەڵاتی خـانەوادەی پاشاکانەوە.

نیشـــانە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییان بەو نیشـــانە زمانی و دیاردە کۆمەڵایەتیانەوە هەیە، کە لەنێو دەقدا بەکاردەهێنرێن. (ئەمبرتو ئیکو) بەشـێوەیەکی ڕوون ئاماژەی بەوە کردووە، کە نیشانەکان هاوکارن بۆ بەرجەستەکردنی فەرمانێکی شاراوەی نادیار، لەم ڕێگەیەوە قســـە لەبارەی نیشـــانە هۆکارییەکان و ئاشکرابوونی تاوان و کەشوهەوا دەکرێت. هەندێک دەستەواژە بەکار دەهێنرێت وەکو "نیشـــــانەکانی دان بەخۆدانەگرتنی لێ دەرکەوت"، یان "نیشـــانەکانی ســـک پڕبوونی پێوە دیارە"، یان "ئاماژەکانی ڕوودانی کارەساتێک". (د. محسن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٨٢). ئەم نیشـانە کۆمەڵایەتیانە بەشـێوەیەکی ئاسـایی لەزمانی کوردیدا لەلایەن ئاخێوەر و قســـەکەران و دەقنووس لەکاتی قسـەکردن و ئاخاوتن، یان گێڕانەوە و وەسفکردنی ڕووداوێک و دۆخێکی تـایبەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئـامـاژەکردن بەڕەوشت و نەریت و ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی کۆمەڵایەتی .. تاد بەکار دەهێنرێت.

دەقنووس نووســـیویەتی (باوکەکان منداڵەکانیان وا وێنادەکەن زیاتر لەخۆیان بچن"، (هەمیشە دێوەزمەکان خەیاڵە نەفرەتیەکان باســـی ئەو کتێبە تاریکانەیان دەکرد کەمایەی دڵە خورپەی زیاتر بوون..). (ئەم خەیاڵانە وەکو بەشـێک لەیادەوەری مردوو وایە..) (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٦٨- ٧٠).

بۆیە ئـاســـــاییە ســــیمیۆلۆجیـای کۆمەڵایەتی لەنێو دەقـدا بەکاربهێنرێت، هەرچەندە ئێمە دەزانین پێناســـەی جیاواز بۆ هەردوو زانســــت و چەمک دەکرێت، بەڵام دیســـان لەتەک جیاوازییەکانیش لەبەکارهێنان و دیاریکردنی واتا و ناســـینەوە و شـــیکردنەوەی هەر یەکێکیـان لەنێو دەقێکی زمـاندا، لەنێو گوتار ڕۆژانەدا ئەم نیشـانانە بەرجەسـتەن، کە دەبنە سـەرچاوە بۆ ئاماژە و واتا و شیکردنەوەی دەق.

لەدەقی (ئەسـتێرەی ژەنیار)دا نیشـانە کۆمەڵایەتییەکان هەسـت پێ دەکرێت، هەرچەندە لەڕووی سیمیۆلۆجییەوە هێندە قووڵ و کاریگەر نییە، بەڵام دیســـان وەکو بەکارهێنانی زمان، گەیاندنی واتـا و شـــیکردنەوەی هـزریی و دەربڕینـی دەروونـی و هەســـتکردن هەندێک لەشـــتەکان ئەم دیاردەیە بەر هەســـت و بینینمـان دەکەوێـت. بۆ نموونە بـانبگبێژ لەدۆخێکی دەروونی قورسـدا دەژیت، چونکە (نێرەموکە) و (هەسـتە سـێکسـییەکانی پتر بەلای ژن بووندا دەچێت) بەڵام ترســـی لە(نێربازەکان و نامووس چوونیش هەیە). کەسـێکی مەسـیحی لەمزگەوتدا نوێژ دەکات. لێدانی گۆر بۆ دایک لەپەناهەندەیی لەنزیک ســـنوور و بەئاراســـتەی نیشـــتیمان. گۆڕینی ناوی حزب و زیادکردنی وشـەی (پێشـکەوتنخواز). (ئینشـقاق) لەحزبێکی شـیوعی، وەکو دیـاردەیەکی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی، پێکهێنـانی حزبێکی پاشـــماوەیی خانەوادەیی نیشـــانەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتییە.

(بانگبێژ وەکو هەموو ئینســـانێک پڕبوو لەشـــەهوەت، لەحەزی بەریەککەوتن، بەس ئەو جیاوازتر دەردەکەوت پڕ بوو لەهەستی ژنانە مێیانە دەیڕوانیە پیاو، ئاخر لالە موراد تێنەدەگەیشـــت بانگبێژ شـــەیدای ئەو بووە). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٤١). ئەمە نیشـــانەیەکە بۆ دەرخســـتنی دۆخێکی زۆر تایبەتی کەســـێک، مرۆڤێک، کە دەیەوێت سێکس لەگەڵ کەسێکی دیکە بکات، بەڵام هـــاوڕەگەزی خۆیەتی. یـــان دەڵێـــت: (خـــاڵی خۆنـــاســـــین و بەرکەوتنمان لەگەڵ خۆمان، مرۆڤ تا بەخۆی نەکەوێت خۆی ناناسێت). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٥٠).

بەپێی بۆچوونەکانی (ســوســیر) مەســەلەکە پەیوەســتە بەهێما و هێما بۆکراو، واتە هەر شـــتێک، کە نیشـــانەی هەیە، لە(هێما/ ناو و فکرە و هزرێک) دەســـــت پێ دەکات و (هێمـا بۆکراوێک/ شـــتێک) بەرانبەری هەیە، ئەمەش واتا دروســـت دەکات. (مردن) لەهەنـدێـک شـــــوێنی ئەم دەقەدا هێمـایە بۆ هزر و فکرەی ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانە، کە پاشـــــماوەیی خانەوادەی پاشـــــا بەسەر (میر موحەمەد)ی تاقانەیاندا دەسەپێنێت. (مردن) هێمایە بۆ (هێما بۆکراوی) ڕەتکردنەوەی نەریت و هێز و ئیرادەکوژی باوکسالارانەی نێو کۆمەڵگا.

(میر موحەمەد) (هێمـایە/ مرۆڤە بۆ هێمـا بۆکراوێک، کە بریتییە لە(کوڕێکی تـاقـانەی پـاشـــــازادە، ئـامـادەکردنی بۆ کورســـــی پاشایەتی، ناکۆکی دەروونی و ڕەتکردنەوە و فەرزکردن).

مۆسیقا (هێما)یە بۆ پیشەیەک..... بەڵام (هێما بۆکراویشە) بۆ نیشانەکانی (ئاسودەیی، نەگونجان، شەڕی دەروونی، بیرکردنەوەی پێچەوانەی دەسەڵات و پایەی کۆمەڵایەتی باوک و نەریت، نیشانە بۆ ژمارەیەک شتی جیاواز لەنێوان خواستی مێژوویی و باڵادەستی و هێزی دەسەڵات، بیرکردنەوە لەئازادی مرۆڤ و یەکسانی لەداهات و بژێوی و ماف و بیرکردنەوە و هێزیشدا).

نیشانەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی (کرێکاران و زەحمەتکێشان) لەنێو دەقی (ئەستێرەی ژەنیار) وەکو سیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی ڕەمز و هێمایە بۆ بەرهەمهێنانی واتای (بوونی چەوسانەوە و جیاوازی کۆمەڵایەتی و خراپی باری ژیان چینێک و بەکارهێنانی بازووی ئەو چینە لەقازانجی خواپێداوەکان). دەقنووس دەڵێت (بۆیە ئێمە دەبێ هاوڕێی دەستەماندووەکان بین و دووریان خەینەوە لەم جەنگە بێ حەوسەڵەیەدا، دەبێ بۆیەک دۆستبین، تیکێک نان بەیەکەوە کەرتبکەین...). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٠). ئەم دەربڕینانە جۆرێک لەزمانی دروشم و بانگشەی ئایدیۆلۆجی تێدا زاڵە. زمانێک لەوەسف دەردەچێت، لەگێڕانەوە دەردەچێت و گوتاری (هاندان، بڕیار و ئامۆژگاری و فەرمایشت) ڕادەپەڕێنێت، ناڵێم ئەنجام دەدات، ناڵێم بەدی دەهێنێت، چونکە قسەکان بەشێوەیەک ئاراستەکراون، کە (بەیانی/ لەدوارۆژ جێبەجێ

بکرێن)، چونکە کردەی فەرمـان هەمیشــــە لەدۆخی ئـایندە و ســــبیەنێ دەردەکەویـت، یـان بـاشـــتر بڵێین دۆخی دوای قســـەکردنەکە بەدیدێت، کە ئەگەر هەناســـەیەکی بەقەد تاقە موویەکی باریکیش لەنێوان کاتی فەرمـان کردنەکە و ئەنجام دانی کارەکەشـــدا هەبێت. لەهەمان کاتدا دەکرێت بڵێین واتای نـاوەوەی ئەم دەقە لە دەرەوەی دەقەکە لەنێو واقیعـدا وەکو دروشم و ژیانی سروشتی هاتبێت.

(ســـومیرفلت) دەڵێت : (زمـان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەو گۆڕانانەی بەســـەریدا دێت، ئەوانیش کۆمەڵایەتین (هادی نهر، ١٩٨٨ ، ٢٢). (ڕۆلان بـارت) یش دەڵـێـت (دونـیـا پراوپـڕە لەنیشـــانەکان). (د. محســـن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٨٤). واتە هەر دەقێـک، کە بەزمـانێکی کۆمەڵایەتی، یـان وەکو دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کە پڕاوپڕە لەنیشـــــانەکـانی ژیـان، دەبێتە سەرچاوەیەکی سیمیۆلۆجی بۆ بەدیهێنانی واتا.

## سیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی (چینەکان.. ئاینەکان.. دەسەڵات.. ئاینی .. شار.. ڕۆشنبیر...

بەڵام لەخوێندەوەی ئەم دەقەدا هەســـــت دەکرێت یەک زمان باڵادەســـــتە ئەویش زمانی قســـــەکەر/ نێرەر و گێڕەرەوەی قسەکانە، نەک فرە زمانی کۆمەڵایەتی، بەواتایەکی دیکە هەرچی دەربڕین و گوتن هەیە لەژێر هەژموونی فکری دەقنووســـــدا بەڕێوەدەچێت. کاتێک (ســـیســـتەمی پاشـــایەتی، دەســـەڵات و خۆسەپێنی و خواستەکانی باوکێکی باوکسالاری پاشا دەدوێت، زمانەکانی دیکە لەپەرتبوونن، لەتاریکدا دەژین..) ئەمەش دەبێتە هۆکار لەکۆتایدا هەر زمانی (پاشـــــایەتی) درێژە بەگێڕانەوەی شـــتەکان بدات و (میر موحەمەد)، کە پاشـــازادەیەکی جیاوازە لەباوکی ناچێت، بەڵام (هیچ قســـە ناکات و بەردەوام لەبێدەنگی دەژیت) نیشـــانەکانی جووڵە و هەســـت و نەســـت و ڕەنگ و نیشـانە دەرەکییەکانی قسـە دەکەن، نەک نیشـانە ناوەکییەکانی (زمان). ئەمەش ئەوە پیشـــان دەدەن، کە زمانی بوونە پاســـا و درێژەپێدانی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی باوک سەردەکەوێت.

گوتار پەیوەندنی بەگوتن و ئاخاوتنەوە هەیە، بۆیە لەبابەتی زماندا دەبێت لە(یەکێتی گوتار) و بەیەکەوە بەسترانەوەی زمان و زمانی تاکەکەسی و گوتنەکانی نووسەر) و (شێوازگەرایی و زمانەوانی) دەست پێ بکەین. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٤٠)

لەدەقێکی ئەدەبیدا هەمیشــە فرە زمانی و شـێواز و بیرکردنەوە کردەی پەیوەندیکردن لەئاسـت و بواری جیاواز ئەنجام دەدەن، ئەمەش دەبێتە سەرچاوە بۆ دەوڵەمەندی مەعریفی و کاریگەری

گوتار. زمانە کۆمەڵایەتییەکەیە دیاردە و شـــێوازی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات.

## بایەخی زمان لەڕۆماندا

ڕۆمـان لەگێڕانەوە و گوتـار و ســـیمیۆلۆجیا پێکدێـت، هەر یەکەشیان پەیوەستن بەبەکارهێنانی زمان، ئەوانەش هەموویان بەیەکەوە وەکو هاوبەشیی و هاوسەنگیی لەپێناو دروستکردنی پەیامێک لەنێوان نێرەر و وەرگرەکانییەوە ژمارەیەک کردە و ئەرک ڕادەپەڕێـنن. ڕۆمـان ئەگەر پەیـوەنـدییەکـی قـووڵـی بەگەشـەکردنی شارەوە هەبێت، دەهێندەش پەیوەندی بەزمان و مەعریفەوە هەیە. ڕۆمان بریتییە لەبیناکردنی زمان لەنێو زماندا. بینـاکردنی نیشـــــانە و هێمـاو ڕەمز و کردە و گێڕانەوە و بەسەرهاتەکان لەنێو زماندا.

ئاماژەمان بەڕۆڵی زمان کرد، لەم بوارەدا پێویســـــتە جیاوازی نێوان سیمیۆلۆجیا و زمانیش ئاماژە پێبکەین، چونکە لەبنەرەتدا هەردووکیـان پەیوەســـتن بەئـامـانجی بەکـارهێنـان. ئەوەی ســیمیۆلۆجیا لەگەڵ زمانەوانی جیادەکاتەوە، بریتییە لەدەلالەتی نیشـــــانە لەڕانگەی ســـیمیۆلۆجییەوە بەوەی لەکـارنـامە کۆمەڵایەتییەکەیدا گەمارۆ دراوەو ئەم کارنامەش پابەندە بە بەکارهێنان، ئەم بەکارهێنانەش مەرجدارە بەکات و ســاتێکەوە

و ئەم کات و ســـــاتەش شـــتێک نییە، جگە لەنیشـــانە بۆ ئەم بەکارهێنانە. (د. لوقمان رەئوف، ٢٠١٦، ٢٠).

لەم قۆناغە ئاوسـێنراوەی شـتەکان لەسـایەی ئابووری بازاڕدا دەجوولێن، سیاسەت بۆتە ئامرازێکی ترسێنەری نامۆ، نووسین و خوێندنەوەی ڕۆمانیش لەم هەلومەرجەدا بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت، چونکە سـیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی، وەکو بەشـێک لەبینـاکردنی ڕۆمـان و گوتـاری ڕۆمـان بەرجەســـتەیە و بەکاردەهێنرێت. کۆمەڵگەی خوێندەوار و گەشـەکرد و لەســەر خوێندنەوەی ڕۆماندا پشـــوو دەدات. بۆیە بایەخدان بەڕۆمان بایەخدانە بەمەعریفە و گەشەکردنی دەروونی و فکری.

کردەی پاڕانەوە و لێبوردەیی و پرســیار و ســەرســوڕمان و ئاگاداری و فەرمان و بڕیار و هاندان و پەیوەندیکردن و پاساو و ئامۆژگاری و قبوڵکردن و جەختکردنەوە ... تاد بەکارهێنراوە، ئەمانەش دەبنە سەرچاوە بۆ ئەوەی لەڕێگەی تەنیا بەکارهێنانی گوتن و قســە و دەربڕینێکەوە، کە پەیوەندییان بەزمانەوە هەیە کردەیەک ئەنجام بدرێت. بەمەش بواری واتایی و دەربڕین و وێنـاکردن و تێڕوانین و بەدیهێنـانی مەبەســـتی کـاراتر لەچوارچێوەی وشەکانی نێو زمان کاراتر دەبن.

(بـاختین) دەڵێت: "زمـان ژینگەیەکی بێلایەنی نییە و نـاتوانێت لەدەوروبەرەکی داببڕێت و لەدەرەوەی بەتاڵ بێتەوە". (میخائیل

باختین، ١٩٨٧، ٦٤).  دەقنووس دەڵێت: (وەک مەخولقێکی ئەفسانەیی دەهاتە بەرچاوان کە زیاد لەشعورێکی هەبێت، زیاد لە دیدو ڕوانینێکی هەبێت). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٥٧-١٥٨). (هەرچی زمانی نێو کۆشک هەبوو شتیان پێنووسی کەس هیچی نەخوێندەوە، هەرچی شاکاری نێو کۆشک هەبوو کردیان بە حیکایەت و خستیانە مێشکمانەوە کەس بۆ دواجار ئولفەتی پێوە نگرت). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٧٦). (بەچ زمانێک هەڵزەنم بەباڵای ئەو هەستەیدا). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٤٧). (من فەریبای دووشیم، تەمەنم ٢٩ ساڵە دەرچوی زانکۆم، بەشی زمانی ئینگلیزی، زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی بەباشی قسە پێ دەکەم و پێیدەنووسم). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٧٩).

هەر کاتێک گوتارمان لەزمان و ئاست و دەربڕین و وێناکردنەکان جیاکردەوە، پێکهاتەیەکی بەجووڵە و کاریگەرمان بەناوی گوتار نامێنێت. بۆیە گرنگە لەشیکردنەوەی گوتاردا بایەخ و پێگە و کاریگەری بەکارهێنانی زمان لەبیر نەکەین. ئێمە (ئاراستەی قسەکردن، مەبەست، شێوازی دەربڕین  و هەتا کەسایەتی کارەکتەرەکان لەزمان و زمانە بەکارهێنراوەکانیان دەناسینەوە). هەر دەربڕین  و کردەیەک لەنێو دەقدا هەیە، زمانەکە سنوورەکانی دیاریی دەکات.

بۆیە لەڕوانەگەیەی شـــیکاری زمانی گوتار، یان زمانی دەق، ئەوەمـان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە "مەســـەلەکە پەیوەنـدی بەزمـانەوە نییە، بەڵکو بەگفتوگۆی نێو زمـانەکـانەوە هەیە". (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ل ٦٤).

بۆیە لەو ڕوانگەی هوشـــیاری زمانەوانیدا، هەموو کەســـێک پەیوەسـتن بە زمانەکەیەوە، دەکرێت لەنێو دەقێکی لەم جۆرەدا فرە زمانی بەرجەســتە بێت، چونکە هوشـیاری کارەکتەرەکان، پەیوەســـتە بەتوانا و پێگە و هێز و پێویســـتی بەکارهێنانی زمانەکەیان. زمانێکی فەرمی، یان زمانێکی نافەرمی. زمانێک لەنێو بازنەیەکی داخراوی یەک خێزاندا چۆن ئەرکەکانی بەجێ دەهێنێـت، یـان بەپێچەوانە، ئەمـانە هەر هەمووی پەیوەنـدی بەگوتاری زمانی ڕۆمانەوە هەیە.

بۆ نموونە کەسێک لەمزگەوت بەشێوەیەک دەئاخڤێت، جیاوازە لەیەکێک لەچایخانەیەک دەئاخڤێت، زمانی جووێک جیاوازە لەزمانی مەســیحیەک و ئیســـلامیەک، زمانی پادشـــازادەیەک جیاوازە لەزمانی باخچەچییەک.. تاد. مەبەســـتمان شـــێوازی ئاخاوتن و ئاســـتی دەربڕین و قووڵی لەواتا و فەرمی بوون و نـافەرمی بوون و کـاریگەری بۆچوون و ئـاین و چینەکـان و ئاســتی ڕۆشــنبیری بەســەرەوە دەبێت، ئەمانە هەر هەموویان هوشـــیـاری زمــانەوانی بەکــارهێنەرەکــانی زمــان لەنێو دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەردەخات.

زمانی چینەکان لەم دەقەدا فەرمان و بڕیاری زمانی ( نەوەکان، دەسـەڵات، کۆیلە، چینەکان، ڕۆشـنبیر، مەلا، مەسـیحی، جوو، ئاشـق، هونەرمەند ...تاد) هەیە، بەڵام ئەوانە لەبەر هەژموونی زمانی نووسـەر تایبەتمەندی خۆیان لەدەسـت داوە. ئەم لەدەستدانەش لەبەر ئەوەیە، نووسەر دەیەوێت بڵێت نابێت چی دیکە بەزمانی پاشـاو دەسـەڵاتداران قسـە بکەین، لەبەر ئەوە هێزی داوەتە دەسەڵاتی زمان، نەک زمانی دەسەڵات.

لەنێو ئەم دەقەدا هەسـت دەکەیت زمانی چینەکانی دیکە لەنێو زمانە گشـتییەکدا توێنراوەتەوە، زمانی سـیاسـییەکانە، زمانی شـیعر ئامێزە، وەسـفەکانی لەهەندێک شـوێندا هەناسـە تەنگی، لەهەندێک شـوێندا کورتبڕینەوە و لەهەندێک بواریشـدا بەهۆی کەشـوهەوای گێڕانەوەکان و هەندێکجار کەوتنە ژێر کاریگەری زمانی ناوچەیی ، زمانی وەسـفەکە بەزمانێکی خوازراو، یان خێرا ناسـینەوەی جوگرافیای دەربڕینەکان لەڕێگەی هەندێک (فۆنەتیک و دەنگ و وشـە و دەسـتەواژە) هەسـت پێ دەکرێت، ئەمەش وا دەکـات بڵێین دەقەکە لەژێر کـاریگەری زمـانی دەوروبەری کۆمەڵایەتی خودی نووسەر دایە.

## دەق

لەزۆر ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسـەی دەق کراوە و چەمک و بەهای دەق وەکو بوونێکی زیندوو ئاماژەی پێ دەکرێت. لای

(رۆلان بارت) دەق بریتییە لە"چنین" چنینی قسەکردن، نەک هەر ئەوەش، دەق هەر تەنیا پەیوەسـت نییە بەدانەر، بەڵکو داوای نەهێشتنی نووسـەر دەکات و مردنی ڕادەگەیەنێت، خوێنەر لای (بارت) دەبێتە نووسـەرەکە، لەبەر ئەوە پێی وایە دەتوانرێت لەچوارچێوەی خوێندنەوەدا دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنرێت. (د. محسـن بوعزیزی، ٢٠١٠، ١٢٦-١٢٧). سـۆسـیۆلۆجیای دەق لەپرسـیارە سـەرەکییەوە دەسـت پێ دەکات، چۆن دەقێکی ئەدەبی وەڵامی کێشـە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان لەئاسـتی زمان دەداتەوە. (د. محسن بوعزیزی، ٢٠١٠، ١٢٨).

ئایا ئەو وشـە و شـتانەی لەنێو دەقدا بەکاردەهێنرێن پێناسـەی چۆن جۆرە دەقێک دەکەن، بەواتای ئەوەی دەقەکە چ جۆرە فکر و بۆچوونێکی فکری لەخۆگرتووە، چونکە هەموو دەقێکی کۆمەڵایەتی – ئەدەبی دەبێت پێناسـەیەک لەخۆ بگرێت. چونکە هەر دەقێک کۆمەڵێک زمانی کۆمەڵایەتی، کە لەگەڵ چینێک، یان توێژێـک بگونجێـت، بەکـار دەهێنێـت، بۆ نموونە گوتـارە جیاوازەکان کێشـەیان لەبارەی: لیبرالی، علمانی، سۆسیالیستی، ئـاینی هەیە. (د. محسـن بوعزیزی، ٢٠١٠، ١٣٠). لەمەدا پێنـاسـەیەکی دیکەی دەقمـان بۆ دەردەکەوێـت، کە بریتییە لەدیارکردنی گوتاری دەق، کە ئەویش پەیوەسـتە بەو بوارە کۆمەڵایەتیەی بۆ ڕاپەڕاندنی دەق و بەدیهێنانی مەبەسـتەکان بەکاردێت.

بۆچوونێکی دیکە پێی وایە (تێکست هەموو مانا و دەلالەتەکانی خۆیمان پێنابەخشێ، بۆیە پێویستە لە دەرەوەیدا بۆ دەستگیرۆیی بگەڕێین تاکو مانا و دەلالەتەکانی بەدەست بخەین. جا لەوانەیە ئەو دەرەوەی دەقە هەر تەنها واقیع نەبێت، بەڵکو دەشێت تێکستی تر بێت، یان ئەفسانە بێت، مێژوو بێت، یان ئایین بێت، یان...تاد). (ئەدیب نادر، ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٣١٧٩ ڕۆژی ١٣-١٠-٢٠١٩).

## گێڕانەوە

یەکێک لەبنەما و پێکهاتەکانی ڕۆمان و چیرۆک گێڕانەوەیە، گێڕانەوە بەواتای قسەکردن لەبارەی شتێکەوە لەنێو چیرۆک و بەسەرهاتەکاندا، ئەو کەسەی شتەکان دەگێڕێتەوە پێی دەگوترێت (هەقایەتخوان) گێڕانەوەش بریتییە "لە کارێک، کە هەقایەتخوان لەنێو چیرۆکدا بەرهەمی دەهێنێت، (کارێکی هەقیقی، یان خەیاڵییە، بەرهەمی گوتارە و گێڕانەوەش ئەو شتە دەگرێتەوە لەپێناو بەرفرەکردنی سەرجەم بارودۆخی شوێن و کاتەکان، ئەوانەی واقیعین، یان خەیاڵین بەکاردەهێنرێت). (لطیف زیتونی، ٢٠٠٢، ١٧٤) هەندێکی دیکە پێیان وایە گێڕانەوە (ئامرازی پەیوەندیکردنی چیرۆکە بۆ گوێگر و خوێنەر، ئەرکی

نێوەندگیرییە لەنێوان کەســـایەتییەکان و وەرگر و هەقایەتخوان ڕادەپەڕێنێت). (مجموعة من الموءلفين،١٩٨٢، ١٥٣-  ١٠٥).

کردەی گوتــار لە(نێرەر و بــابەت (پەیــام و مەبەســـــت و ڕووداوەکان) و وەرگر پێکدێت، کردەی گێڕانەوە من پێی ناڵێم کار، بەڵکو کردەیە لە(هەقایەتخوان/ ئەوەی شتەکان دەگێڕێتەوە/ نووســەر، چیرۆک واتە بابەتی هەقایەتەکە، ئەوەی هەقایەتی بۆ دەگوترێــت، وەرگر، خوێنەر).  گێڕانەوەش پشـــــت بەوە دەبەستێت، کە "چیرۆکەکە چۆن دەگێڕدرێتەوە، لەڕێگەی هەمان کەنــاڵ، ئەو کــاریگەریــانەی تێیــدا ڕوودەدات، کە هەنــدێکیــان پەیوەندی بەهەقایەتخوان و وەرگرەکانەوە هەیە، هەندێکیشــیان پەیوەندی بەخودی چیرۆکەکەوە هەیە). (حمید لحمدانی، ٢٠٠٠، ٤٥).

ئێمە دەزانین شـــــێواز و ڕاپەڕاندنی گوتار پشــــت بە کردەی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) دەبەستێت، لەکردەی گێڕانەوەشدا هەمان شت هەیە،  پەیوەندی نێوان هەقایەتخوان و گوێگرەکانی لەڕێگەی پرســـــیاری ڕاســــتەوخۆ و ناڕاســـــتەوخۆ دەبێت و یەکەمیان دەیخاتەڕوو لەپێناوی بەدیهێنانی باشــتری چاودێری و بەدواداچوونی دەقەکە. (د. وردة معلم، ٢٠١٦ ،١٨ ). لەڕووی واتاییەوە بریتییە لە(کارتێکردن لەنێوان جیهانی دەق و جیهانی خوێنەر. دەق شـــتێکی داخراو بەڕووی خۆیــدا نییە، بەڵکو

پرۆژەیەکە بوونێکی نوێی، جیا لەو بوونەی دەبێت، کە تێیدا دەژیت (دیڤید وورد، ١٩٩٩، ٤٦-٤٧).

لەبارەی واتا لەنێو دەقدا، واتا شتێکی جیاواز بەرهەم دەهێنێت لەنێو خودی ئەو شتەی هەیە، (ریکور) دەڵێت (دەق واتایەکی تەواو جیاواز لەو واتایەی هەیە، کە ڕۆنانکارەکان لەزمان وەریدەگرن، ئەمە بریتییە لەنێوەندگیری لەنێوان مرۆڤ و جیهان، نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، نێوان مرۆڤ و خودی خۆی، نێوەندگیری لەنێوان خەڵک و جیهان ئەمە پێی دەگوترێت سەرچاوە، نێوەندگیری لەنێوان خەڵک پێی دەگوترێت پەیوەندیکردن و نێوەندگیری لەنێو خودی مرۆڤەکە لەگەڵ خۆی پێی دەڵێن تێگەیشتن لەخود، کاری ئەدەبی ئەم سێ پێکهاتەیە: "سەرچاوە، پەیوەندیکردن و تێگەیشتنی خودی" تێدایە. (دیڤید وورد، ١٩٩٩، ٣٢).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە دەقی گێڕانەوە دوو جۆر گێڕانەوەیە، وەکو (ئیمرتو ئیکۆ) ئاماژەی پێکردووە، ئەم شتە دووجۆرە (سروشتی و دەستکرد)، یەکەمیان پەیوەستە بەکاری گێڕانەوەی زنجیرەیەک ڕووداو، کە بەکردەوە ڕوویانداوە، یان قسەکەر بڕوای وەهایە، کە ئەمە ڕوویداوە لەکاتێکدا (ئەوە درۆیە) تەنیا دەیەوێت نیشانی بدات ڕوویداوە. دووەمیش لەخەیاڵاندنی گێڕانەوە پێکدێت، ئەو دەیەوێت گوتنی هەقیقەت دروست بکات، یان بەرپرسیاریەتی گوتنی هەقیقەت هەڵدەگرێت

لەو چوارچێوەی گوتــارێکی خەیــاڵانــدنە. (امرتو ایکو،٢٠٠٥، ١٩٢).

لەڕۆژهەڵاتدا لەئەنجامی نەبوونی ئازادی ڕەها بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی، یــان خۆســــانســــۆرکردنی لەبەر کــاریگەری ســانسـۆری کۆمەڵایەتی، دەقێکی ئاشـکرای سـروشـتی بەرهەم نایەت، بەڵکو بەشــــێکی زۆری ئەو دەقانەی دەنووســــرێن و دەگوترێن نزیکترن لەدەقی دەســــتکرد، یــان دروســــتکراون. نـاوەکان، نـاونیشــــان، ڕووداوەکان و کات و شــــوێنەکانیش دەستکردن، بریتین لەهێما و نیشانە و ڕەمز، ئەمەش بۆ ئەوەیە گوتارێکی ناڕاســتەوخۆی پڕاوپڕ لەواتا و مەبەســتی شــاراوە، یـان نـاڕاســــتەوخۆ ڕاپەڕێنرێت. بۆیە ئـاســــاییە بڵێم دەقی (ئەســــتیرەی ژەنیار) دەقێکی خەیاڵی دروســتکراوە، بۆ ئەوەی هەقیقەتی ڕووداوێک، یان شتێکی سروشتیمان پێ بڵێت.

## گوتاری ڕۆمان

گوتــار بەواتــا گشــــتییەکە بریتییە لەڕاپەڕانــدنی کردەیەک لەڕێگەی دەقێکی نووسراو، یان گوتار لەپێناو گەیاندنی پەیامێک بەمەبەســــتێکی تایبەت لەدەوربەرێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی. گوتار دەکرێت دەقێکی هێمایی، نووســراو، دەنگێک، نیشــانەیەک و ڕســتەیەک و بڕگەیەک و کتێبێک، یان هەر پێکهاتەیەکی دیکە

بێت، کە نێرەر بۆ گەیاندنی مەبەسـت و کارتێکردن لەوەرگر بەکاری دەهێنێت.

گوتاری ڕۆمان، یان دەقێکی ئەدەبی دەکرێت ببەسـترێتەوە بەپێکهاتەی سـیمیۆلۆجی و بەکارهێنانی زمان. گوتار دابەش نابێت، بەڵام دەتوانێت لەژمارەیەک پێکهاتەی لێکدابراو، یان هاوتا و تەواوکەری یەکتر پێکبێت. گوتاری ڕۆمان بریتییە لە(پێگە و واتا و مەبەسـت و پێکهاتەکان)ی نێو دەقەکە. ئەمانەش هەموویان خزمەتی گوتاری ناونیشـان دەکەن، کە بریتییە لەپێکهاتەیەکی ناوەندی و سـەرەکی و بەژمارەیەک پێکهاتەی دیکەی وەکو (گێڕانەوە، وێنە، ڕووداوەکان، کەسایەتییەکان هێما و نیشانە و ڕەمز و .. زمان و دارشتن و کات و شوێن و تاد) پڕ وزەو هێز دەکرێت.

گوتاری ڕۆمان و گوتاری چیرۆک و گوتاری ژیاننامە و گوتاری ئەفسـانە، هەر هەموویان دەخرێنە نێو گوتاری گێڕانەوە. (د. وردة معلم، ٢٠٠٦، ٢٥). واتا گوتار یەکێکە لەئامانجە دیار و سـەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی دەق، ڕەنگە خودی دەقنووس بەقەد لێکۆڵەرەوە مەبەسـت و خواسـتی لەدیارکردنی خودی گوتارەکە کاریگەر نەبێت، بەڵام هیچ دەقێک بێ گوتار دروست نابێت.

گوتاری ڕۆمان وابەستەیە بە(گێڕانەوە، وێنە و وێناکردن و تێڕوانین و کەسایەتی کارەکتەرەکان و مەبەست و پەیام و کات و شوێن و وەسف و دەربڕین و ئاماژە و کەرەستە و نیشانەکانی نێو ڕووداوەکان و زمان.. ).

بەپێی بۆچوونەکانی (بارت) دەقی گێڕانەوە سێ ئاست لەخۆی دەگرێت لەوانە (ئاستی ئەرک، ئاستی کردەکان و ئاستی گێڕانەوە)، کەچی (جرار جنیت) وابەستەی دەکات بە(چیرۆک و هەقایەت و گێڕانەوە)، بۆیە لێکۆڵەرەوان جەخت لەسەر گوتاری گێڕانەوە دەکەن، گوتاریش ئاماژەیە بۆ هەندێک واتای زمانەوانی. (وردە معلم، ٢٠١٦، ٤-١٩).

ڕێبازی نوێی زمانەوانی پێناسە و شیکاری گوتار بەشێوەیەکی جیاواز لەپێناسە کلاسیکییەکان لەسەر بنەمایەکی زمانەوانی نوێ دەکات، لای (هاریس) وای پیشان دەدات، کە (توێژەر دەقەکە کەرت دەکات بۆ پێکهاتەکانی، لەشێوەی چینی هاوسەنگ، ئەم چینانەش لەکۆمەڵێک ئەندام پێکدێن، کە دەتوانێت لەژمارەیەک چینی هاوسەنگ و هاوشێوە دەربکەون). (سعید یقطین، ١٩٩٧، ١٧). (ئیمیل بنفیست) لەڕوانگەیەکی دیکەوە پێناسەی گوتاری کردووە و دەڵێت (گوتار نەریتێکە، کە بریتییە لەکردەیەکی زیندووی بزۆک بۆ بەرهەمهێنانی گوتراوێک لەڕێگەی قسەکەرێکی دیارکراو لەپێگەیەی دیارکراودا). (هەمان سەرچاوە ، ١٣) لەبەر ئەوەی لەڕۆمان و

دەقی ئەدەبیـدا گێڕانەوە پێگە و هێزێکی ســـەرەکییە لەدروســـتکردنی دەق و گوتاردا، دەبێت ئاماژە بەو پەیوەندییە و کـارتێکردن و بەیەکەوە بەســـتنەوە لە(ئـاســـتی مێژوو و گێڕانەوە، ئاســـتی گوتار) بکرێت. لەکاتێکدا گێڕانەوە پەیوەندی بەپێشـــکەشـــکردنی ڕووداوە قەوماوەکانە لەکاتێکی دیاریکراو لەســـەردەمێکی دیـارکراو هەیە، بێ ئەوەی قســـەکەر هیچ دەســـتوەردانێـک لەگێڕانەوەکە بکـات. بەپێی بۆچوونەکـانی (بنفیســـت) گوتار و گێڕانەوە هەردووکیان قســـەکەر بەدیار دەخەن، لەگوتـاردا نیەتی کـارتێکردن بەدیـار دەکەوێـت، لەگێڕانەوەش شـــتێکی لەمجۆرە دەبێـت. گێڕانەوە لەم ســـەردەمەدا تایبەتە بەدەقی نووســـین، بەڵام گوتار پەیوەســـتە بەدەقێکی نووسـراو و گوتراو. (سـعید هادف، ٢٠٠٢، ٢٧-٢٩). هەمان زانا دەڵێت گوتار بریتییە لەوەی هەموو گوتنێک قسەکەر و گوێگری تێدایە، یەکەمیان ئامانجی کارتێکردنە لەدووەمیشـدا، بەڕێگایەک لەڕێگاکان شتێکی وەها دەبێت.(سعید یقطین، ١٩٩٧ ،١٩).

بۆیە گوتار دابەشـــی ســـەر چەند پێکهاتەیەک دەبێت، خودی گوتار دابەش نابێت، بەڵام پێکهاتەکانی دەکرێت جیابکرێنەوە، چونکە ئەم پێکهاتە و یەکانە لەتەک ئەوەی جیاوازیشیان تێدایە، دەتوانن گوتـارێکی کـاریگەری کـارا و پڕهەژموون لەنێو کـایەکەی کۆمەڵایەتی دیـاریکراو دروســـت بکەن، ئەمەش

لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ئەنجام دەدرێت.

دەقنووس زمان بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەست و گەیشتن بەئامانجەکانی، بەڵام نابێت لەبیری بکات زمان سەرچاوەی دەرخستنی ئاستەکانی مێژوو و گێڕانەوە و کارتێکردنە.

## دابەشکردنی گوتاری ڕۆمان

لەشیکردنەوەی زمانی گوتاری ڕۆمان، یان دەقێکی ئەدەبی هاوشێوەی ڕۆمان و چیرۆک و هەقایەت دەکرێت ئەرکەکانی زمان دابەشی سەر چەند پێکهاتەیەک بکرێت، ئەم دابەشکردنەش پەیوەندی بەخودی گوتارەوە هەیە. ئەو پێکهاتانەی یەکەم: ڕوخسار و شتە ڕووکارییەکان دەگرێتەوە لەوانە "شێوەی پیتەکان، شێوەی نووسینی ناونیشان و وێنەی بەرگ، ئایا پیتەکان نەرمن، یان چەور و لەزار ئاسانن، دابەشبوون بەپێی بەش و برگەکان". یان دەکرێت بڵێین شێوە و لەڕووی زمانەوە نیشانە شێوازییەکان دەگرێتەوە.

بەشێکی ئەمانە پەیوەستە بەگێڕانەوە، کە ئەرکی ڕێکخستنە، سەرباری ئاستی واتایی گشتیی گوتارەکە. قسەکەر لەپێناو

دابەشکردنی کەشوهەوای گوتارەکە و ڕێکخستنی بەشەکان و پێکهێنانی گوتاری ڕۆمانەکە ئەم کارانە ئەنجام دەدات.

دووەم: کەرەستەکانی گوتار لەم بوارەدا پشت بەئاماژەی پێکهاتەی زمانی دەبەستێت بۆ بەدیهێنانی پەیوەندیکردنی جیاخوازانە، وەکو: (هەروەها ئەویان، بەڵام، ئەمە لەپێناو دەرخستنی پەیوەندی لەنێوان دوو بڕگەدا بەکاردێت. یان لەو کاتەی بڕگەکانی بەدوای یەکدا دێن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە). (عبدالمجید نوسی، ٢٠٠٢، ١٥ ).

سێیەم: دەکرێت کەرەستەکانی دابەشکردن فرەبن، گوتار پشت بەپێکهاتەکانی گوتار دەبەستێت، لەوانە:

- کات و شوێن ئەمانە لەنێو گوتاری وێنەییدا بەرجەستە دەبێت، ئەمەش پشت بەکۆمەڵێک کار دەبەستێت.
- کەسایەتییەکان: بالادەستی کەسایەتییەک لەچوارچێوەی یەک بەشدا.
- بەهای واتایی. ئەمەش ڕەنگە وەکو واتا لەتەنیا بەشێک بالادەست بێت، بێ ئەوەی پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەوە هەبێت.

دەکرێت بەشێک لەدوو جۆر پێکهاتبێت، پێکهاتەکانیش لەڕووی واتاییەوە دژی یەکتر و پێچەوانەی یەکتربن.

با نموونەی کات بهێنینە وەکو (پێش/ دوایی) لێرەدا دەکرێت هەردووکیان لەبەشـــەکاندا بەهۆی ڕۆڵی دیارخســـتنی مێژوو، بەکارهێنان و گێڕانەوەی کاتەکان دوو بەشـــی جیاواز دەبن و پەیوەندییان بەیەکەوە نابێت.

بـانموونەی شـــوێن بهێنینەوە، وەکو: (ئێرە/ ئەوی). (هەمـان سەرچاوە، ل ١٦).

مەبەســـتمان ئەوەیە گوتار بەپێی پێکهاتەکانی دابەش دەبێت و هەریەکەشـــیـان دەبێتە بنەمـا و هۆکـارێکی ســـەرەکی بۆ شـــیکردنەوەی ئەو دۆخانەی لەنێو ڕۆماندا وەکو (مەبەســـت و مێژوو، کارتێکردن و پەیام) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بۆ نموونە گوتاری مێژوو لەنێو (ئەســـتێرەی ژەنیار)، گوتاری شـــوێن و کـات، گوتـاری دەروونی و کۆمەڵایەتی، گوتـاری ململانێی چینـایەتی، گوتـاری دەســـەڵات، گوتـاری ئـایـدیۆلۆجی .. تـاد. ئەمـانەش هەموویـان پەیوەنـدییـان بەپێکهـاتە و کەرەســـتە و ئاراستەکانی نێو گوتارەکەوە هەیە.

## پێکهاتەی گوتاری ڕۆمان

١-ناونیشان.

٢-بەشی یەکەم بەچی دەست پێ دەکات و بەچی کۆتایی دێت؟.

٣- بەشـــی دووەم بەچی دەســـت پێ دەکات و  بەچی کۆتایی دێت؟.

٤- بەشـــی ســـێیەم بەچی دەســـت پێ دەکات و بەچی کۆتایی دێت؟.

ئەم دابەشکردنە هەر تەنیا دابەشـکردنێکی پێکهاتەی بەشـەکانی ڕۆمان نییە، بەڵکو ژمارەیەک بەشە، کە نێرەر بەوەرگرەکانییەوە دەبەســـــتێتەوە و لەئەرکی زمـــان و گوتـــارەوە پەیـــامێـک ڕادەپەڕێنیــت، لەچوارچێوەی ژمــارەیەک کردەی بەکردەوە لەســـنووری (گێڕانەوە، ســـیمیۆلۆجیا، وێناکردن، مەبەســـت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان) بەرجەســـــتەیان دەکات. ئـامـانجیش دروســـتکردنی واتایەکە، یان ژمارەیەک واتای هەمەجۆرە لەنێو دەقدا.

# بەشی دووەم

# شیکردنەوەی گوتار و دەق

# پێکهاتەی بەشەکانی گوتاری رۆمان

## یەکەم: ناوەندی ڕێکخستنەکە (ناونیشان).

بۆ ئەوەی بایەخی ئەم ناوەندە واتە ناونیشـــانەکە بزانین پێویســـتنمان بە(دیاریکردنی ئەرکی زمانە وەکو دیارکردنێکی زمانیی). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ١٧ ). لەبیری نەکەین ڕەگی پرسیار پەیوەستە بەفەلسەفەی گوتارەوە، یان بەجۆرێکی دیکە ژیانی گوتار و خووڕەوشت لەنێو ئەم جیهانەدا فرەیی دەنگ و فرەیی زمانە. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ١٧).

بەشـــی یەکەم وەکو پێکهاتەی ناوەندی ڕێکخســـتنی گوتاری ڕۆمان ئەرک و پەیام و کاریگەری هەیە، ناونیشـــانی ئەم نۆڤلێتە/ دەقەکە (ئەســـتێرەی ژەنیار)ە. یەکەیەکی زمانەوانی، واتایی، هێما و نیشـــانەیە. ناونیشـــانی نۆڤلێتەکە کەشـــێکی دەقئامێز لەخۆ دەگرێت و لەبەرگی یەکەم دایە و بە خەتێکی نـاســـکی ڕەش لەنێو بۆشـــاییەکی ســـپیدا پیتچن کراوە،

ناونیشـانەکە هێمایە و بەتەنیاشـە لەنێو کەشـێکی ئارامی سـپیدا لەســـەرەوەی بەرگەکە دانراوە. پێگەیەکی تـایبەتی تیبۆلۆجی هەیە. هەرچەندە نـاونیشـــان پەیوەســـتە بەگوتـارەوە، بەڵام لەڕووی دارِشتن و واتاوە دەقێکی سەربەخۆشە.

گوتـاری نـاونیشـــانی ئەم دەقە دەرخســـتنی کـاریگەری و کارتێکردن و ناکۆکی و ململانێی بەردەوامی (مۆســـیقا) واتە (بـاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و خودی و نـاکۆکییەکـانی نێوەخۆی دەسەڵات و ئایدیۆلۆجیا و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هونەر و ڕۆشنبریی) و (مۆسیقا) دەگرێتەوە.

ئەم ناونیشـــانە ناوەندی ســـەرەکی ڕووداوەکانە و هەموو بابەتەکان پەیوەستن بە (مۆسیقا) و کاریگەریی بەسەر دەروون و بیرکردنەوە و هەڵســـکەوت و بڕیار و هەڵچوون و داچوونی کارەکتەرەکان بەگشتی. لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی لەگەڵ هەموو کارەکتەرەکان کار دەکات و کاریگەری هەیە و کارتێکەرە.

## پێکهاتەی دەربڕین و تێڕوانینەکان

ئایا دەربڕینەکە هەواڵە، وەسفە، کارە، یان ڕستەیەکی ناوییە.

(ئەســتێرەی ژەنیار) ناوە، وەســفە، هەروەها بەناڕاســتەوخۆیی پێمان دەڵێت کار ژەنینی مۆسیقایە، خاڵی سەرەکەی بەسەرهات

و گێڕانەوە و ڕووداوەکـــانی نێو دەقەکەیە. دەکرێــت بڵێین نــاوەنــدی هێز و دەســـــەڵات و ڕەتکردنەوە و قبوڵکردن و بەردەوامی و کێشــە و هەتا کات و شــوێن و شــتەکانی دیکەی وەکو (شــتە مادی و دەروونی و هزرییەکان)یشــی تێدایە. بۆیە ئەم ناونیشانە هەر دەربڕین نییە، بەڵکو تێڕوانینێکی هزریشە.

## پێکهاتەی واتایی

ســـیمانتیک یان واتاســـازی یەکێکە لە لقەکانی زانســـتی زمان "هەوڵدەدا پێوەندیی نێوان فۆڕم و چەمک دەســـتنیشـــان بکات. (د.وریا عومەر ئەمین،٢٠١١، ١٥).

ناونیشانەکە نیشانەیە بۆ مەبەست و دەربڕین و هەتا نیشاندانی شــتێکیش، کە وابەســتەیە بەپێناســـە و دەرخســـتن و ئاکام و ڕووداو و کەســـایەتی خودی کەســـەکان و باری دەروونی و بیرکردنەوە و ناکۆکیی و هێزی بڕیاردانەکانیان و (پەیوەندی نێوان دەســـــەڵات و هونەر) و (گەڕان بەدوای دەســـــەڵاتی پــاشـــــایەتی و ڕەتکردنەوەی نــاوەکی ئەم ئــاراســـــتەیە) و بەکــارهێنــانی (واتــا) وەکو ســـــیمیۆلۆجیــا بۆ ڕەتکردنەوەی (دەســـەڵاتی ســـەرکوتکار، ســیســتەمی حزبایەتی، پاشــماوەیی لەدەســـــەڵاتدا). بەلای من وەکو خوێنەر هەســـت دەکەم لێرەدا (واتــا) بۆ دەرخســـــتنی ســـــیمیۆلۆجیــا بەکــارهێنراوە، نەک

سـیمیۆلۆجیا وەکو شـتێکی بەرجەسـتە، یان هەسـتپێکراو بۆ پیشـــاندان و درککردنی واتـا بەکـارهێنرابێت. چۆن؟ لێرەدا دەربڕین و پێکهـاتەی گوتنەکە (واتـایەکی زهنییە) بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەکی وێناکراوی واتایی و ڕەمزی و هێما بۆکراو. بەو واتایەی ژەنیار بۆتە دەرخەری ئەستێرە، ئەستیرە لەبنەڕەتدا (مۆسـیقایە، یان بەواتایەکی دیکە بریتییە لەئامێری نای، ئامێری نایش بریتییە لەو ئاوازەی ناخ هەژێنە و کاریگەر و هەست و نەست و درککردن دەجوولێنێت).

(بەمەش دەردەکەوێت تایبەتمەندی پێگە و پێکهاتە و واتاکانی وای کردووە ناونیشـان پێکهاتەیەکی هاوسـەنگی گوتاربێت، بەڵکو قەوارەی نێوەندی لەپێگە و گوتـار و واتـادا دیـاری دەکـات، بۆیە نـاونیشـان دەکرێت بەپێکهـاتەیەکی نـاوەندی ڕێکخسـتنی گوتار لەڕۆمان دابنرێت). (عبدالمجید نوسی،٢٠٠٢، ١٩).

بەم پێناسـەیەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت وشـەکان ئەوەمان پیشـان دەدەن، کە دەقنووس زۆر بەگرنگی و بـایەخەوە لەنـاونیشـان دەڕوانێت، لەنێوەڕۆک و درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکـانـدا ئەم نـاوە ڕاسـتەوخۆ، یـان نـاڕاسـتەوخۆ، بەواتایەکی ئاشـکرا، یان شـاراوە بەکاردەهێنێت، لەپێناوی بەدیهێنانی چەند لایەنێکی گرنگ.

## دوو لایەنی گرنگ

بابەتی سـیمویۆلۆجی/ نیشـانەکان لەشـیکردنەوەی گوتاری ڕۆماندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی شـتەکان پەیوەندییان بەمەعریفەوە هەیە. (هەقـایەت، ئەفسـانە، یـان هەمـوو گـوتـارێـک بەتایبەتمەندییەکانی گێڕانەوە دەناسـرێتەوە)، ئەمەش پشـت بەدوو لایەنی گرنگ دەبەستێت:

یەکەم/ دەربڕین بریتییە لەڕووکاری زمانیی هەقایەتخوانەکە.

دووەم/ نێوەڕۆک ئەمەش بەکورتی وەسـف و شـیکردنەوەی نێوەڕۆکی بابەتەکە دەگرێتەوە، واتە بابەت و واتاکان دەگرێتەوە سەرباری شێوە، ئاستی زمانەوانی دەنگ و وشە و ڕستە لەخۆ دەگرێت. (عبدالمجيد نوسی،٢٠٠٢، ٢٨-٢٩).

لەکردەوەدا قسـەکەر لەم دەقەکەدا (خودی نووسـەر، کارەکتەر و کەسـەکانن). خوێنەر لەهەندێک شـوێندا دەبێت بەوریاییەکی زۆرەوە گوێ لەقسـەکان بگرێت، دەنا لێی تێکدەچێت کێ قسـە دەکـات. ئەمەش وادەکـات لە(وەسـفـکـردن، گـێـڕانەوە، بەیەکبەستنەوەی ڕووداوەکان و تێفکرین لەمەبەست و پەیامی دەقدا) دووچـاری ئـاڵۆزی ببین، لەهەندێک بواردا ئـاڵۆزییەکـان (تووڕەبوون، بێزاری، تێکەڵبوونیشی) لێ بەرهەم دێت، واتە ئەم

دۆخە دەروونیی و هەستییە لای وەرگریش دەردەکەوێت. بەمە بۆمان دەردەکەوێت دەقەکە لەژێر کاریگەریی هەندێک فیلمی سینەمایی و وێنەی سینەمایی دایە، بەتایبەت لەوشوێنانەی لەنێو ڕێگایەکی ئاڵۆزدا دەبێت ڕێگا جیاوازەکان تاقی بکەنەوە و لەکۆتایشدا هەر دەبێت بەیەک بگەنەوە، وێنە سینەماییەکانی نێو بیابان، فڕین بەسەر دەریاکاندا، چوار مانگ گەشت بەڕۆیشتن.. تاد، یان ئامانجی دروستکردنی جۆرە کەشێکی فیلمئامێزە، کە پشت بەناکۆکی و هەڵچوونی دەروونی و تێفکرینی هزری دەبەستێت.

## پێکهاتەی گوتارەکە

هەر گوتارێک بەشێوەیەکی سەرەکی (نێرەر و وەرگر و پەیام)ی تێدایە. لەتەک ئەوەشدا (شێواز و کەرەستە و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندنی مەبەست)ی تێدایە. لەدەقی (ئەستێرەی ژەنیار) دا پێکهاتە بنەڕەتییەکان بریتین لە(نێرەر/ نووسەر/ کەسایەتییەکان/ قسەکەر نادیار/ قسەکەر لەناخی قسەکەر). (وەرگریش بریتیە لەخوێنەر و گوێگر، خودی کەسایەتییەکانی نێو دەقەکە، کەسە نادیارەکان و گوێگر لەناخی گوێگردا). (پەیامی دەقەکە گێڕانەوەی ژیانی خێزانێکی پاشایەتییە، کە پەناهەندەن و تەنیا کوڕێکیان هەیە لەجیاتی

ئاشقبوون بەدەسەڵات، ئاشقی ئاواز و مۆسیقا و ژەنینی نای دەبێت، ئەمەش نیشانە و سیمیۆلۆجیایە بۆ ناکۆکی ناوەکی کەسێک لەنێوان هەڵبژاردنی کورسی پاشایەتی بۆماوەیی، یان ژیانی هونەریی و ژیانی ئاسایی خەڵک و تێکشکاندنی سیستەمی نەریت و خوورەشتی کۆمەڵایەتی و نەریتی خانەوادەکەیان). ئامانجی (پەیوەندیکردنە بەگوێگرەکانی بەشێوازی بەکارهێنانی زمان لەدەقدا، کە پشت بەگێڕانەوە و کردەی وەسف و هەواڵ و ڕەتکردنەوە و دەربڕین و وێناکردنی و کۆمەڵایەتی و وێناکردنی سێکسی و کۆمەڵایەتی و نمایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەسەڵات و شێوازی سەرکوتکردن دەبەستێت .

(دڵزار حەسەن) دەنووسێت (ئەم خانەوادەیە بەو شێوەیە ڕاهێندراون مۆسیقایان بۆ لێبدرێت، خەڵکی ببن بەئەکتەر و مۆسیقا و شانۆکار، ئەوان دەبێ تەنها بینەر بن، ئەوان هەمیشە دەبێت لەسەر ستەیج بن و ئەمانیش گەر بەدڵیان بوو چەپڵەیان بۆ لێبدەن..). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٩). لێرەدا خانەوادە خۆیان دەبنە وەرگر و بینەر، خەڵک نێرەرە، بەڵام هەڵگەڕانەوە دروست دەبێت. (هەوڵدە تەختەی شانۆکە هەمیشە ڕووی لەخۆت بێت بۆ ئەوەی بینەرێکی باش بیت، ئەوانەی باش دەبینن چاکترن لەوانەی سەلیقەی بینینیان کزە، هەڵبەت ئەم جۆرە کەسانە توانای ئیدارەدانی شانۆکەیان نییە). (دڵزار

حەسەن، ٢٠١٩، ١٠٢-١٠٣). وەرگر لەم دەقەدا کارەکتەری سەرەکی نێو دەقەکەیە. بنەماڵەی پاشایە. قسەکەر خەڵکن. لەکاتێکدا بەپێچەوانە وەسفی ئەوە کراوە، کە خەڵکی ئاسایی دەبێت گوێڕایەل و وەرگر بن. ئەمە نیشانەیەکی هەڵگەڕاوە و پێچەوانە لەگەیاندنی مەبەستی نێو دەقەکە و سیمیۆلۆجیا دەگرێتەوە، کە شانۆ هەمیشە دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی دەسەلات و پاشا و هێزدارەکان بێت، (کار و نمایش و خزمەت و ئاسودەکردنی دەسەلات)یش ئەرکی خەڵک بێت. کەچی لەم وێناکردنە خۆیان (لەسەر شانۆکە دان) و (خۆیان بینەرن) و (ئەکتەریش لەهەمان کاتدا). بەپێی گێڕانەوەی نێو ئەم دەقە خانەوادەی پاشا خۆیان کارەکتەرن، کەچی لەنێو دەقی دەقەکەدا، یان بەواتایەکی دیکە لەنێو نیشانەی (هێما) و (هێما بۆکراوەکە) دەبنەوە قسەکەر و نێرەر. ئالوگۆڕی ئەم وێنانە بەدیهێنانی واتای هەڵگەڕاوەیە لەڕێگەی نیشانە و هێماکان.

بەپێی بۆچوونە زمانەوانییەکان (کۆنترۆڵی ئەرکی بریتییە لەو پەیوەندییەی لەنێوان کۆنترۆڵکەر و کەرەستە کۆنترۆڵکراوەکەدا هەیە لەتەواوکەری کراوە و سەرباری کراوەدا. هەر یەک لەم ئەرکانە بەڕێگەی سینتاکسی بەجێکەوتەی مەزنی لێکسیکی دیاریدەکرێن. (د.شێرزاد سەعید، ٢٠١٣، ٧٣). لێرەدا لەڕووی دەربڕینەوە نێرەر کۆنترۆلی وەرگر دەکات. بەکردەوەش دەقەکە کۆششاوە نێرەر لەهەر دۆخێک بێت کۆنترۆلی وەرگر

بکات. لەڕووی کۆمەڵایەتییە خەڵکی وشـــیار لەلایەن نێرەرەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، خوێنەری وریاش هەمان کاردانەوەی دەبێت و بەئاسانی لەلایەن دەقنووسەوە کۆنترۆڵ ناکرێت.

## جۆری گوتار

گوتاری فەرمان، ئەم جۆرە گوتارەیە کردەی ڕاپەڕاندنی تەنیا قســـەیەکیش دەگرێتەوە خۆی لەســـنووری گوتاری (فەرمی، دەســـەڵات، ئاین، حزبەکان، یاســـایی.. تاد) دەبینێتەوە. لەم نۆڤلێتەیشـــدا قســـەکانی باوکی (میر موحەمەد) و هەندێک لەقسـەکەران قسـەی فەرمین، دەچنە خانەی فەرمانەوە، گوتاری دەسـەڵاتن، سـەرباری بەرهەمهێنانی دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی. نووسەر دەڵێت (ئاخر گەلەک سەیر دەردەکەوێت لەنێو خاوخێزانی میر و پاشـاکان کەسـانێک دەرکەون ئاشـقی کورســـی نەبن، شـــەیدای دەســـەڵات و خۆشـــیەکانی دیکەی ئاغایەتی نەبن، مرۆڤ بەسروشت حەزی لەهێز و مانەوەیە). ( دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٦). لەم دەربڕینە وەســـفیەدا کردەی (هەواڵی یاخیبوونی کەسـێک لەسـیسـتەمی باوی خانەوادە و کردەی ســـەرســـوڕمان و گومان و گریمانە بەدی دەکرێت، کردەی ڕەتکردنەوەی ژیانی باوی خانەوادە و کردەی دەروونی و کۆمەڵایەتی قبوولکردنی ژیانێکی دیکە و ڕەتکردنەوەی ژیانە

باوەکە نیشـان دەدات، کردەی ئارەزووی سـروشـتی.. وشـەی ئاخر ئامرازێکی بەیەکەوەبەسـتنی دۆخێک لەگەڵ دۆخێکی دیکە و ئامرازی پیشـــاندان و بەراود و ســـەرســـامی و دەربڕینی دۆخێکی دەروونی نیگەران بەخشـــیشـــە). (قســـەکەر خودی نووســـەرە، وەرگریش ئێمەی خوێنەرین، بەناڕاســـتەوخۆیش کەســـی ســـێیەم (گوێگر) کارەکتەرێکی نێو دەقەکەیە) هێز و مانەوە لەم دەقەدا یەکســـان و هاوتان. بەواتایەکی دیکە مانەوە بۆ ئەو کەســـانەیە کەهێزیـان هەیە و لەچێنی ســـەرەوەی کۆمەڵگەن. ئەم (دەربڕینە بڕیـار و جۆرێـک لەیەکلابوونەوەی تێدایە)، لەکاتێکدا مانەوە دەکرێت لای بێهێزەکانیش هەیە بەڵام (مانەوەیەکی بەئازار و کێشە) بێت.

لەوەســـفێکی دیکەدا دەڵێت: (پاشـــاکان دەڵێن ئێمە مێژووی ئێوەین، ڕۆژگاری ئێوەین، خودا وەکو پیرۆزیەک ڕۆحی چۆتە نێو جەســتەی ئێمەوە وەک یەزدان ئێمەش هەناســەی پیرۆزی ئەومان وەرگرتووە شـێوەی خودای بێهاوتاین لەســـەر زەوی گوێڕایەڵی ئێمە دواجـار گوێرایەڵی یەزدانی مەزنە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٨). پەیامی نێو دەقەکە ئاشکرایە، خانەوادەیەک بەدوای دەســـەڵات، لەدەســـەڵاتیش هاوتابوون بەدەســـەڵات و پـایەی خودا دەگەڕێن، نیشـــانە و واتـای ئەم دەقە دیـارە، مەبەستی نادیاری خاوەن دەق وەسفی هەموو دەسەڵاتێکە بەم شـــێوەیە. ســـیمیۆلۆجیا ئەم هاوتابوونە، تەنیا شـــێوەیە، نەک

هاوتابوونێکی ڕۆحی و عەقدەیی. نیشــانە زمانییەکە وەســف و پیشاندانی دۆخێکی کۆمەڵایەتییە.

گوتــاری هەواڵ بریتییە لەکردەی پەیوەنـدیکردن و گەیـانـدنی زانیـاری و گێڕانەوە و وەســـف و پیشـــاندانی بـابەتێک و خستنەڕووی هەست و نەستی کەسەکان لەچوارچێوەی کات و شوێن و دۆخێکی دیارکراودا.

لەم دەقەدا جیاوازی لەنێوان ئەم دوو گوتارەدا بریتییە لەوەی، کە گوتارێک لەنێو دەسەڵات و ئاشکراکردنی نیەت و ناوەڕۆکی دەسـەڵات، لەلایەک مانەوەی باوکسـالارییە و لەلایەکی دیکەشدا تێکشـــکاندنی دەســـەڵاتی باوک، بنەماڵە و پاشـــماوەیی و هەڵوەشـــانەوەی ســـیســـتەمی کۆیلەداری کۆمەڵایەتی و ئەو ســـنورانەی بۆ ئازادی تاکەکەســـی دانراون. لەبەرانبەریشـــدا گوتــاری هەواڵ گێڕانەوەی بەســـەرهــات و خســـتنەڕووی تێڕوانینی پاڵەوان و کەســەکانی نێو دەقەکەیە. لەهەندێک بواردا بیروڕایەکان لەنێوان قســـەکەر و گوێگر، قســـەکەری یەکەم و دووەم تێکەڵی یەکتر دەبن، واتە هەواڵ لەنــاو هەواڵ بەدی دەکرێت. گوتـار لەنێو گوتـاردا کـارێک ڕادەپەڕێنێت، مەرجیش نییە گوتـارەکـان تەواوکەری یەکتر و هـاوســـەنگی یەکتر و هـاوتـای یەکتر بن، ئەمەش لەئەنجـامی فرە بیرکردنەوە و فرە هەژموونی نێو دەقەکە هاتووە.

(مۆریس) پۆلێنی نیشـــانە لەســـەر بنەمای پێوەرەکانی ڕەوشـــت دەکات، بۆیە پێی وایە "نیشـــانە ڕەوشـــتێکی تایبەتە بەبابەتێک و لەهەمانکاتیشـدا ئەو شـتەش دەروژێنێت، لەم سـاتەشـدا (سـاتی یەکەم) دروســـت ناکات، بەڵکو یەکەم جار نیشـــانەیە، پاشـــان دەبێتە ڕەوشت، واتە نیشانە وروژێنەری بەراییە و لەنائامادەیی وروژێنەری فیعلیـدا کـار دەکـات. واتە نیشـــــانە بریتییە لە وروژێنەر و لەبڕی وروژێنەری تردا دێت. (د. لوقمـان رەئوف، ٢٠١٦، ١٨١ ).

(لەدرێژەی ئەم ڕۆمانە ڕۆحی یاســـەمینی دڵشـــیرین هەمیشـــە دێت و دەچێت، ئەو بۆ ئەوە هاتبوو تا بەدرێژایی ئەم دیرۆکە بەدوای چەند کەسێکی مۆسیقاژەندا بگەڕێت..). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٣). بەدەیـــان هەواڵی لەم جۆرە لەنێو ئەم دەقەدا دەبینین. (ئەم کەوتنەی میر بەســـــەر خۆیدا) (دڵزار حەســـــەن، ٢٠١٩، ١٧٤)، (مەحمود پاشـا لەتەمەنی ٨٣ سـاڵیدا ١٨٩٠-١٩٧٣ کۆچی دواییکرد دوو رۆژ بەر لەوەی گیانی بەیەزدان بسپێرێت، فەرمانی جێگرەوە و پاشـــــایەتی بۆ میرمحەمەد لەوەســـــیەت نـامەیەکدا دەرکرد لەلایەن نزیکترین کەســـــی خانەوادەکەیـان یەعقوبی کوڕی وەلیـدی، کە هەم خزم و هەمیش زاوای بوو خوێندرایەوە، ئیدی میر محەمەد بەفەرمی تـاجی پـاشـــــایەتی لەباوکیەوە بۆ مایەوە). (دڵزار حەســـــەن، ٢٠١٩، ١٧٦). (دوای بەخاک ســـپاردنی لەتەک گۆڕی ئەســـمەری خێزانی.... شـــەش

هەفتە دوای ماتەمگێڕانەکە میرمحەمەد لەسەر کورسی باوکی دانیشت و ناوی لە میرەوە گۆڕا بۆ محمەمەدپاشای سێهەم، دوای ئەوە لەناو پارتەکەشیان بە کەسی یەکەمی حیزبەکەیان هەڵبژێردرا، "حزبی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز"... پێشتر لەناو وڵات ناوی حزبەکەیان "پارتی نیشتیمانی" بوو، پارتەکەشیان لە ئینشقاقێکی لەگەڵ پارتێکی چەپڕەوی عێراقی ئینجا ئەو ناوەیان لێناوە... ). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٧٧). (تەوقەیەکی درێژیان لەگەڵ یەکتردا کرد). (دڵزار حەسەن ، ٢٠١٩، ١٧٩). (بەزەنگی مۆبایل بەئاگاهاتم). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٣). (سەرچاوەی ئەم چیرۆکە بەدەوری یەک سەدە لەژیانی ماڵباتی میر زەبیحوللا دەخولێتەوە). (دڵزار حەسەن،٢٠١٩ ،٥). جۆر و نێوەڕۆک و زمان و شێواز و مەبەست و پەیامی هەواڵەکان لەڕووی زمانەوە جیاوازە.

١-هەواڵەکە : بەدرێژایی ڕۆمانەکە ڕۆحی یاسەمینی دڵشیرن دێت و دەچێت.

ئامانج: گەڕانە بەدوای چەند مۆسیقا ژەنێک.

٢- هەواڵەکە: کەوتنی میر.

ئامانج: کەوتن بەسەر خۆیدا.

٣- هەواڵەکە : مردنی مەحموود پاشا لە ١٩٧٣

ئامانج: لەوەســـــیەت نامەیەکدا میر موحەمەد لەجێگای خۆی دادەنێت.

٤- هەواڵ: ناشــتنی مەحمود پاشــا لەتەک ئەســمەری خێزانی.. میر موحەمەد دوای شــەش هەفتە لەســەر کورســی دەســەڵات دانیشت.

ئامانج: ناوی لەمیر بۆ پاشای سێهەم دەگۆڕێت، دەبێتە کەسی یەکەمی حزبەکەی، ناوی حزبەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە (حزبی نیشـــتیمانی پێشـــکەونخواز). حزبەکەی لە حزبێکی چەپڕەوی عێراقی جیابۆتەوە.

٥- هەواڵ: تۆقەکردن لەگەڵ یەکێکی دیکە.

ئامانج: تۆقەیەکی درێژ، دۆستایەتی، بەیەکتر گەیشتن.

٦- هەواڵ: زەنگی تەلەفۆن.

ئامانج: بەئاگاهاتن و گەیشتنی هەواڵێکی نوێ.

٧- هەواڵ: باســـــکردنی مێژووی یەک ســـــەدەی ماڵباتی میر زەزیحوڵلا.

ئامانج: سەرچاوەی چیرۆکەکە، باسکردنی سەدەیەک لەژیانی ئەم ماڵباتەیە.

## گوتاری ڕاستەوخۆ

باسکردنی خانەوادەیەکی پاشایەتی دوورخراوە لەوڵاتە، کە گریمانەی (عوسمانی بوون، ئێرانی بوون و کوردبوونیشی) لێدێت. ناونیشانەکەی نیشاندەری دۆخ و کەشوهەوای هونەری و مۆسیقا ژەنینە.

گوتاری بابەتەکە لەڕێگەی گفتوگۆوە درک پێدەکرێت. (بۆیە دەبێت بایەخ بەگفتوگۆی ناوەخۆیی گفتوگۆ) بدرێت. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٥٤ ). زمانی نوێ پشت بەوە دەبەستێت، کە گوتار بەشێوەیەکی زیندووی ڕاستەوخۆی توند بێت. گوتار لەهەمان کاتدا وەڵامی ئەو وەڵامانە دەداتەوە، کە هێشتا نەدراون، یاخود داواکراوە و چاوەڕێ دەبین بکرێت، ئەمە کاری هەموو گفتوگۆیەکی زیندووە. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٥٤). لەگوتاری ڕاستەوخۆدا بەڕاستەوخۆیی باسی واتا شاراوەکان و مەبەستە نادیارەکان و نیەتی نهێنییەکانی مرۆڤ و لایەنە ناوەخۆییە دەروونی و وێناکرانی هزری نێو وێنە بەرجەستەکانیش دەکرێت. واتە بەڕاستەوخۆیی، باسی بابەت و شت و فکرە شاراوە نادیارەکان دەکات.

هەندێک شتی تێدایە ڕاستەوخۆ پێناسە و ناسنامەی هەندێک شتمان پێ دەڵێن، لەوانە (جۆتە کلاشی هەورامی)، (نەخشە خوێناویەکانی سەر دیواری مزگەوت)، (حزبێکی چەپی عێراقی)، (زانینی زمانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی). هەندێک لەمێژووەکان کە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ ئاماژەیان پێکراوە.

## گوتاری ناڕاستەوخۆ

باسکردنی دەسەڵاتە، کە ئامادەنین مامەڵە لەگەڵ هونەر و ڕۆشنبیران بکەن، تەنیا وەکو کۆیلە سەیریان دەکەن. نێوەڕۆکەکەی باسی دەسەڵات و پێناسەی دەسەڵاتە. (پێویستە قسەکەر گوتارەکەی بەتێڕوانینێکی دیاریکراو ئاراستە بکات). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٥٦). لەبارەی زمانی ئەدەبی (محەمەد مەعروف فەتاح) دەڵێت: بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە زمانی چیرۆک و زمانی زانستەکان، زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە چونکە نە کات (مێژوو)، نە شوێن (جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نەیاساکانی واتاسازی، نە ڕێنووس سنووری بۆ ناکێشن و لەدەسەڵاتی کەم ناکەنەوە. (د. محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٤٠١). ئەگەر ئەم بنەمایە لەخۆ نەگرێت، پشت بەڕەوانبێژی و چڕکردنەوەی قسەکان و شاردنەوەی

مەبەستەکان ببەستێت، ئەوە گوتارەکە دەبێتە ناڕاستەوخۆ. پێویستە لەوە بگەین، کە گوتاری ناڕاستەوخۆ لەمەبەستی گشتی قووڵ کەم ناکاتەوە، و لەواتای ئایدیۆلۆجیش لەکاری ئەدەبی کەم ناکاتەوە. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٨١).

لەبەر ئەوە نووسەر پەنا وەبەر (نادیار، ڕووداوی نیمچە شاراوە) و (وەسفی فەرهەنگ ئامێز، زاراوەی فرەواتا، شتی نارۆشن، وێناکردنی گریمانەئامێز) دەبات. ئەمانە هیچیان واتای ئەوە ناگەیەنێت زمانێکی خراپی بەکارهێناوە، نەخێر زمان لەنێو زماندا، واتا لەنێو واتادا و وێنە لەنێو وێنەدا ئەرکی یەکتر تەواو دەکەن. مەبەستی نووسەر ڕاستەوخۆ پیشاندانی ئەو ناڕاستەوخۆییە، بۆ ئەوەی شتە ناڕاستەوخۆیەکان بەڕاستەوخۆیی بگەیەنێتە وەرگر. ئامانجیش لەشتی ناڕاستەوخۆ گەیاندنی واتا و بەدیهێنانی هێزێکی نوێیە لەگەیاندنی مەبەست. لە زمانی کوردیدا بکەر دەکرێت (نادیار) بێت، یان لەگوتار و قسەکردنەکەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان شاراوە و نەناسراو و بزر بەکاربهێنرێت. بەرکاریش دەکرێت بەناڕاستەوخۆیی بەکاربێت. (بەکار یەکێکە لە تەواوکەرەکانی کار، کە بەشێوەی وشە، یان گرێیەکی سەربەخۆ لەڕستەدا دەردەکەوێت... بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمیشە لەشێوەی گرێیێکی بەنددا دەردەکەوێت و کاریگەری کارەکە بەهۆی ئامرازێکی بەندەوە دەکەوێتە سەری. کارەکانی

وەکو (هاوین، باوەڕهەبوون، قسـەکردن، بردن، جەنگان، هێرش بردن، وانە وتنەوە، خووپێوەگرتن، گوێ گرتن و ڕزگارکردن، دەعـوەت کـردن، گەڕان، کـڕیـن و وەرگـرتـن،...) بەکـاری ناڕاســـتەوخۆ وەردەگرن (دڵێر صـــادق کانەبی،٢٠١٥ ، ١٢٣-١٢٥).

ئەم ئـامـاژە زمـانەوانیەمـان بۆ ئەوە بوو، بۆ ئەوەی بزانین زمانی کوردی بەشــێوەیەکی ســروشــتی بەرهەمهێنی دۆخی نـاڕاســـتەوخۆیە، لەئەنجـامی بەکـارهێنـانی دۆخی (بکەر و بەرکاری نادیار). کە دەڵێت (ئەســتێرەی ژەنیار)، لێرەدا ناوەکە (ئەســتێرەیە، هەروەها ئەســتێرە ژەنیارە، واتە کاری ژەنیاری دەکات، یان سـیفەتی ژەنیاری هەیە) بەڵام دیار نییە (ئەسـتێرە چییە، ژەنیـارییەکەی چۆنە و لەکوێ و چۆن و کەی کـاری ژەنیارییەکە ئەنجام دەدات. ئینجا ئەم ناونیشـانە بەشـێوەیەکی نـاڕاســـتەوخۆ لەڕووی هزری و فکرییەوە، واتـا و ئـامـاژە و هێمایە بۆ شتێکی دیکە.

بەشـــێوازێکی دیکە پێویســـتە ئـامـاژە بەوە بکەین خوێنەر وقســـەکەری کورد بەئاســـانی لەم ڕســـتەیە دەگات (مێرووله منالەکەی خوارد/ ژنەکە پیاوێکی بوو). بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، کە لێکدانەوەی ئەم ڕســـتانە زۆرتر لەســـەر گوێگر دەکەوێت، واتە ئەرکێکی زیاتری دەخاتە ســـەر، چونکە ئەمانە واتاکانیان ئاســـایی نییە، گوێگر یەکەمجار ڕەتیان دەکاتەوە

وبەگاڵتەیان تێدەگات، بەڵام کە دەبینێت بەڕاستیەتی، ئەوسا بەسەریاندا دەچێتەوە و دەوروەبەریان بۆ دروست دەکات، یان بارێکیان بۆ پەیدا دەکات، کە ئەم بیرانە تێیدا ئاسایی بن، بۆ نموونە هەموو ئەو ڕستانە لەدونیای منداڵ و فیلمی کارتۆندا دەشێت هەبن و لێکدانەوەیان ئاسایی بێت، هەرچەندە لەدنیای دەرەوەی فیلمدا ئاسایی نین. (د. محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٤٠٢).

گوتاری ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی نیمچە شاراوە، یان نادیار باسی شت و بابەت و فکرە شاراوەکانیش دەکات. دیارە ئەمانەش بەگشتی پەیوەندییان بەپرۆسەی دروستکردن و بەدیهێنانی واتاوە هەیە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەم (مەبەست و ئامانجانەی لەپێناو بەدیهێنانی گوتاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) بەکاردەهێنرێن، بەدیهێنانی وتایە.

## واتا

(ئۆلمان) پێی وایە واتا بریتییە لەو پەیوەندییە دوو سەرەی، کە لەنێوان وێنەی هۆشەکی و وشەدا هەیە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین واتا پەیوەندییەکە لەنێوان وشە و وێنە هۆشەکیەکەی و بەجۆرێک، کە وشەکە و وێنە هۆشەکییەکە دەبنە بەدیهێنەری یەکتر. (کوروش سەفەوی ،٢٠٠٦، ١).

لەبارەی دروســــتکردنی واتا لەشــــتێکی ناواتایی، یان ڕوونتر بڵێین دۆزینەوەی واتــا لەنێو دەقێکی ئــاســــــایی گوتراوی ســــەرزارەکی کە هەموو خەڵک بەکاری دەهێنن، دەبێت بۆ ئەو چەمکە بگەڕێینەوە ئەدیب و شــاعیرەکان لەڕێگەی لادانی زمان و دۆزینەوەی واتایی لەنێو شــتە نادیارەکان واتا بەرهەم دێت، وەکو (ســـەرچاوەی لادان دینەمۆی یاســـا بەزاندن شـــاعیر خۆیەتی، لەم ڕووەوە شـــاعیر و قســـەکەر هەردووکیان ڕۆڵی هێزێکی شـــۆڕشـــگێر دەبینن، کە حەز بەگۆڕان و نوێخوازی دەکەن و دەیانەوێت ڕێچکە شـــکێنی بکەن، گوێگر و خوێنەر بەپێچەوانەوە هێزێکی پارێزگارن بەرامبەر گۆڕان دەوەســتن و دەیانەوێت ســنوورێکی بۆ بکێشــن. (د. محەمەد مەعرف فەتاح، ٢٠١٠، ٤٠٨)، هەروەها لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن، پەیوەندییەکی پتەویان بەگۆڕینی مەبەســـت و واتا و تێگەیشـــتنەوە هەیە. واتا نەک هەر واتای ســـەردەم دەگۆڕن بەڵکو دەبنە بــار و ئەرک بۆ گوێگریش). (هەمــان سەرچاوە، ٤١٨).

لەم ئــامــاژانەی ســـەرەوە لەبــایەخ و کــاریــگەری لادان لەدروســـتکردنی (مەبەســـت و واتا و تێگەیشـــتن) دەگەین، کە زمــانی دەق چەنــدە کــاریگەری لەبەدیهێنــانی واتــا و چەنــد کاریگەری لەســـەر گوێگر و خوێنەرەکان دروســـت دەکات. ئەمانەش دەبنە هۆکار بۆ دەرکەوتنی واتای ئاشکرا و شاراوە.

## واتای ئاشکرا

(ئازاری ڕۆحی و دەروونی)، (شـــەیدای دەســـەڵات و مانەوە و ئاغایەتی)،( هێز و مانەوە)، (شـــێوەی خوای بێهاوتان)، (پاشـــا بینەر بن و خەڵک ئەکتەر و مۆســـیقار و شـــانۆکار)، (خەون بەکۆیلەیی خۆی دەبینێت)،(شاعیرەکانیش دنیایەک شیعریان بۆ سـولتانەکان نووسـیوە، چەندین نامیلکە و کتێب و ڕۆمانیان بۆ خانەوادەی سـولتانەکان نوسـیوە)، (دەسـتبەرداری قسـە بە باق و بریقەکانی خوداپێداو و دەسـەڵاتداران بن)، (خەڵک لەشـێوەی ســەگێکی ماندوو ســێبەرێکی درەوشــاوەیان لەدوای خۆیاندا ڕادەکێشـــا)، (وێنەیەک پیشـــان دەدەن پڕیەتی لە جەنگاوەری دۆڕاو ولەشـمشـێری خەجاڵەت، لەمێژووی شـکاو)، (پاشـاکان وەکو خوایەکی دڵڕەق هەڵســـوکەوت دەکەن)، (پاشـــاکان وەک سۆزانیەکان وان لەتەمەنێکدا خۆری شکۆیان ئاوا دەبێت)،

(من لە مزگەوت و کڵێساو پەرستگاکان دەمانبینی زۆر جاریش لەناو بازار و مەیخانە و تیاترۆخانەکان مۆســـیقای لێدەدا). ئەمانە هەڵگری وتای ئاشـــکران، هەر یەکەیان بەتەنیا لەنێو پێکهاتەی گشـــتی دەقەکەدا، دەکرێت دەقێکی ســـەربەخۆش بن. واتای ئەمانە، لێکدانەوە و گەڕان بەدوای واتاکانیان کارێکی

قورس و ئـاڵۆز نییە، خوێنەر یـاخی نـابێت و هیچ چەشـــنە لادانێکی واتایی لەمەبەست و تێگەیشتن بەدی ناکات.

## واتای شاراوە

(ئەم شـەڕە ناخییە)، (بەنهێنی پەیڕەوی دنیا تازەکەی یاسـەمینی دڵشـــیرین دەکات)، (لەتەک وێنەکانیان وێنەیەکی بۆ یادگاری نەگرتووە)، (دروســـتکردنی قەنــاعەتی درۆیینە لەهەســـتی خانەوادە)، (تا خۆمان تێنەپەڕێنین نابین بە بەشـــەر)، (چێژمان حەز بکات)، (مرۆڤ لەوەتەی هەیە گەڕیدەیە و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت)، ( ســـێبەرێکی درەوشـــاوە)، (دەنگێک لەنادیار دێت کەس نازانێت لەکوێ دێت)، (ترســـم لە ژنێتی و پیاوەتی خۆم هەیە)، (چێژ لەخۆم وەربگرم)، (جەســـتەی بۆ ئەو زینـدایەک بوو)، (نیگارەکان هەناســـە دەدەن)، (ئاســـمانێک نییە بۆ ژوان، دەرگایەکیان نییە بۆ ڕاموســـان...)، (یادەوەری مردوو)، (وەکو ڕێکەوتێک لە نادیارەوە بۆ نادیار کۆچ دەکات).

(د.موحســـن بوعزیزی) ســـیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی ئەم وێنانە بە(نیشـــانە شـــاراوەکان) ناو دەبات. ئاماژە بەوە دەکات چۆن لەنێو شـتێکدا شـتێکی شـاراوە، لەنێو نیشـانەیەکی بەرجەسـتە، نیشـانەیەکی شـاراوە دروسـت دەکرێت. (د. محسـن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٩١). دەڵێت (چێژمان حەز بکات) واتە کردەی (فەرمان

و بڕیار و دەسـەڵات) لەژێر کۆنترۆڵی (چێژدایە)، (حەز بکات) کردەیەکی دەروونییە، جۆرێک لەمەزاجیەت و ڕاڕایی و کەوتنە ژێر هەژموونی خود و خۆویسـتی تێدایە. ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە پرسـیاری دروسـتکردووە و دۆخەکەشـی بەسـەرسـوڕمانە وەسـف دەکات و لەشـێوەی گیرمانە و ئەگەر مەبەسـتی نێو (وشـەی حەز) دروسـتکردووە. (نیگارەکان هەناسـە دەدەن)، واتایەکی شـاراوەیە، چونکە نەم شـێوازە دەربڕینە شـاعیرییە، دروسـتکردنی واقیعێکی نەگونجاو بۆ پیشـاندانی واتایەکی شـاراوە بەکارهێناوە، لەکاتێکدا ئەم وێنەکردنە ناسـروشـتییە، وێنە چۆن هەناسـە دەدات؟ لەوەش سـەیرتر، ئێمە دەبێت چۆن هەسـت بەو هەناسـەیە بکەین؟ گرنگی واتای شـاراوە لەوەیە، چۆن گریمانە و پرسـیار لەبارەی دۆخ و هەسـت و کار و بیرکردنەوە و گرێکان دروسـت بکرێت. دەربڕین و دەقەکانی دیکەش بەهەمان شێوە.

مەبەسـت لەم بۆچوونە ئەوەیە دەقێکی نووسـراو وەسـفی کەسـێک، یان ڕووداوێک، یان بابەتێکی مێژووی بەرجەسـتە کراو دەکـات، ئەگەر لای خوێنەر هەنـدێـک لەڕووداوەکـان خەیاڵیش بن، بەڵام، کە دەقەکە دەچێتە چوارچێوەی نووسـراو، دەبێتە دەقێکی بەرجەسـتە، بەڵام لەکردەوەدا دەقنووس مەبەسـتی بەرهەمهێنانی شـتێکی شـاراوە، یان بەدیهێنانی جۆرێک لەلادانی واتاییە لەنێو شـتە ئاشـکرا بەرجەسـتەکەدا و

بەجۆرێک وەسفی دەکات، کە خۆی مەبەستییەتی و تێی دەگات. لەدەقێکدا باسی (مێژووی ڕابردوو، ڕووداوە کۆنەکان دەکرێت)، لەهەمان کاتدا دەیەوێت لەنێو کاتی باسکراوی ڕابردوو، باسی کاتێکی شـــاراوەی ئێســـتایی و هەنووکەیی بکات. لەم دەقەدا نووسەر باسی مێژووی سەد ساڵ پێش ئێستای خانەوادەیەکی لەخەیاڵ دروســـتکراوی خوازە دەکات، بەڵام هیچ دوور نییە مەبەســـتێکی شـــاراوەی هەبێت، بۆ وێناکردن و پێکچوواندنی شتێکی دیکە لەسەر هەمان شت. باسی سەد ساڵ پێش ئێستا دەکات، بەڵام مەبەســتی کاتێکی دیکەی شــاراوەیە لەئێســتادا. شــتەکانی نێو ڕووداوەکان، تەنیا خودی ڕووداوەکانیش لەکۆن ڕوویانداوە، بەڵام مەبەســتی ســەرەکی گێڕانەوەکە ئاماژەیەکی شــاراوەیە بۆ شــتە شــاراوەکانی نێو مەبەســتە شــاراوەکانی ئێستای نێو ڕووداوەکان.

کۆن (مێژووی) ............. ئاشکرا

تازە (سەردەم) ................. شاراوە

مەبەستە نادیارەکە ............... هەستکردنێکی ئاشکرایە (تازە و سەردەم)

بەکارهێنانە ڕووداوە مێژوویەکان (کەرەســـتە و هۆکارن) ........ شاراوەیە (مێژوویی)

خوێنەر دوای پشـــكنینێكی ئاڵۆز، لەهەندێک شـــوێن و كاتدا (مەبەست و تێگەیشتنێكی) لا دروست دەبێت، كە مێژوو دەبێتە هۆكارێكی شـــاراوە بۆ دەرخســـتنی مەبەســـتێكی شـــاراوەیی ســـــەردەمی ئێســـــتا، یەكەمیان پێچوواندنە و دووەمیشـــــیان پیشـــــاندان و وێناكردنێكی فكرییە، بەســـــەرهاتەكان كۆن و مێژووین و ڕووداوە مەبەســـتدارە تازەكانیش هی ســـەردەمی نووسینەوەی دەقەكەن.

خێـل لای (جـان بیرک) بەپێـچەوانەی هەموو پێنـاســـە بەكـارهێنراوەكـان، نوانـدنی نیشـــــانەیەكە، دەبێتە هۆی ئاشـكراكردنی ئەفسـانە و گەڕانەوە و وابەسـتە بوون بۆ یەک باپیر، هەرچەندە شـــیكردنەوەی گروپە خێڵەكییەكان بنەمایەكی لەرزۆكی هەیە. نازناو و ناوەكان دووبارە دەبنەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێـت لەپێكهـاتەی خێڵەكی بنەچەی خوێن پـاڵپشـــتی ســـەلماندنی ڕاسـتی ناكات، بەڵكو ئەوەی دەبینرێت وهەیە تەنیا دروســـتكردنی جیاوازییەكانی نێو گەمە زمانییەكانە. (د.محســـن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٩١).

لەم دەقەشـــدا نووســـــەر بەوردی لەســـــەر پێكهاتەی خێڵەكی بنەماڵەی (میر زەبیحوڵلا) قســـــەی كردووە، دەیانگێڕێتەوە بۆ

ســـەر بنەچەی خوێن، بەڵام لەنیشـــانە کۆمەڵایەتییەکان و واتا بەرجەســـتە زمـانییەکەدا دەردەکەوێـت (یـاریەکە گەمەیەکی جیاوازی زمانە) ئەو وێنە و بەســـەرهات و پێکهاتەیەی لەنێو دەقەکە دروستیکردووە و بوونەتە هێما و ڕەمزێکی کۆمەڵایەتی بۆ شــیکردنەوە و بەرجەســتەکردنی واتایەکی ســیمیۆلۆجی و ڕاپەڕانـدنی گوتـاری نێو دەقەکە، بەدیهێنـانی واقیعێکی نوێ و شـــیکردنەوە دەربارەی واقیعە نوێیە نادیارەکە و کارتێکردنە لەڕێگەی گوتاری گێڕانەوە و بەراورد و پێکچوواندنەکە.

## گوتاری خواست

بەدیقەت دانێکی زمانەوانی لەبکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی دەچینە نێو شــیکردنەوەی گوتاری خواســت. بکەری ڕێزمانی بەو بکەرە دەگوترێت، کە تەنیا بۆشــایی و شــوێنی بکەر لەناو بنیـادی ڕســـتەدا پڕ دەکـاتەوە و واتە تەنیـا خـانەی بکەر دەگرێتەوە.  کەچی بکەری لۆجیکی بەو بکەرە دەگوترێـت، کە لە ڕووی واتــاوە ئەرکی بکەر جێبەجێ بکـات، بەو واتــایەی بکەری ڕاســـتەقینەی کارەکەیە، ئەگەر چی لەشـــوێنی بکەری ئاساییدا بەکار نەهاتبێت، یان لابرابێت. بۆ نموونە:

(ئاهەنگ دەنگی ڕزگار دەبیستێ).

لەڕووی ڕێزمانەوە ئاهەنگ بکەر و ڕزگار بەرکارە، بەڵام لەڕووی واتاییەوە (ئاهەنگ و ڕزگار) هەردووکیان بکەرن، ئاهەنگ بکەری ڕێزمانییە و ڕزگار بکەری لۆجیکییە. چونکە هەریەکەیان کارێکی جیاواز ئەنجام دەدەن. (د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،٢٠١٦، ٩٠- ٩١). (بڕوانە محمد علی الخولی،١٩٨٢، ١١١). هەروەها ناوی (شت و بێگیانیش دەتوانن بکەر بن و کارێک بکەن، وەکو ( بارانکە باخچەکەی تێکدا). ( د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٦، ٨٩).

(کەوتن بوو بەسەر خۆیدا). ( مرۆڤ کاتێک بەسەر خۆیدا دەکەوێت). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٥٤ – ١٥٥). لەم دەربڕینە زمانیەدا (خۆی کردەی کەوتن بەسەر خۆیدا) ئەنجام دەدات. بەڵام خواستی لەم دەربڕینەدا ( خۆی لەسەر خۆی)دا واتایەکی لۆجیکییە، چونکە مەبەستی (بێ توانایی، بێ هیوابوون و دەستبەخۆدا شۆڕکردنەوەیە). (مرۆڤ) ناوێکی گشتییە و کارێک ئەنجام دەدات، کە لەخواستی خۆیدا نییە، واتە واتایەکی ناڕاستەوخۆی لەدەرەوەی ئیرادە و خواستی خۆیدا بەسەر دێت. (کاتێک) ئاماژەیەکی نادیارە بۆ (کات) و هەروەها بۆ (نادیاری لەخواست). کردەی کەوتنەکە (ڕوویداوە و قەوماوە) بەڵام قسەکەر بەشێوەیەک وەسفی دەکات، کە نیشانەی (دە)ی کاتی داهاتووی پێوەیە، بەڵام بەگشتی هۆکاری کەوتنەکە و پەیام و مەبەستی پیشاندانی کردەی نادیارە. بەم شێوەیە

خواســـتەکەش نادیار دەبێت، یان خواســـتێکی نەخواســـتراوە، کردەیەکە بەدڵی خاوەنەکەی نییە.

دەقنووس دەڵێت (ڕۆژەکـان تێئەپەڕین نەیـان ئەتوانی یەکتری ببینن و یەکتری لەباوەش بکەن). (دلزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٦٤). ڕۆژەکان ناوێکی گشـــتی بێ گیانە کارێک ئەنجام دەدات، کە (کردەی تێپەڕینە) و (نەیـان ئەتوانی یەکتری ببینن و یەکتری لەباوەش بکەن)، بکەر نادیارە. ( دوو کەسی دیکە بکەر نادیارن، بەڵام هیچ کارێک ناکەن، چونکە ئەمەی بەســـەریاندا ســـەپاوە لەدەرەوەی خواســـتی خۆیانە. (ناتوانن) کردەیەک پێچەوانەی ئیرادە و خواســـتی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی (یەکتر لەباوەش بکەن). ئەمەش واتایەکی ڕێزمانیی هەیە. ڕۆژەکان، کە مرۆڤ نین و شــتن، خواســتی تێپەڕینی کاتەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام لەڕســـتەی دووەمدا (مرۆڤەکان) خواســـتی جێبەجێکردنیان ( ســفرە/ ناتوانن) کارەکە بکەن و هیچ شــتێک ناکەن، تەنیا ئەوە نەبێـت لەڕووی واتـاییەوە کردەی (نەتوانین) جێبەجێ دەکەن. لای منی خوێنەر بەپێی شـــیکردنەوەی زمـانەوانی (نـاتوانن) واتای شـــتێک دەگەیەنێت، کە خواســـتی خۆیانی تێدانییە و بەســـەریاندا ســـەپێنراوە نەتوانن بەری ئەنجامی (هۆکارەکە هەمەلایەنەکـانە)، ڕەنگە ئیرادە و خواســـتی دەقنووس ئەمەی بوویێت و نەیەویێت ئەم دوو کەســـە یەکتر ببینن، یان لەبنەڕەتدا ڕەنگە هـۆکـارەکە پەیـوەنـدی بەکـێشـــەی کـۆمەڵایەتـی و

دەروونییەوە هەبێت، یان بڕیارێکی کەسـییە، یان کێشـەکە پەیوەندی بەیاساوە هەیە، یان پەشیمانبوونەتەوە، یان لەترسی کەسی سێیەم ناتوانن ئەم کارە بکەن.

یەکێک لەو نیشانە و مەبەست و درککردنەی لەنێو دەقدا بەدی دەکرێـت، گوتـارێکە کە لەژێر هەژموونی (خواسـتی خودی کەسـێک، یان خواسـتی نێرەر و نووسـەر دروسـتی دەبێت). هێزی بەرهەمهێنان پەیوەندی بەتوانای خاوەن کار و زەمینەی ئـابووری وەبەرهێنـان و کەرەسـتە و بـازارەوە هەیە، هەر دەقێکیش دەکرێت هەمان یاسـای بەسـەردا بسـەپێت. کاتێک گوتاری قەیران بەکاردەهێنرێت، پتر بەلای گوتاری خواسـت ئـامێزدا لار دەبینەوە، تـاکو دەگـاتە ئـاسـتێک گوتـارەکە وا دەردەکەوێت، کە "خواستەکانیان کتومت بەواقیع دەچوێنرێت". ئەمەش وا دەکات جیهان بێ مەرجەع بێت. (د.محسن بوعزیزی، ٢٠١٠، ٩٢).

لەدەقی (ئەسـتێرەی ژەنیار) لەشـێوازی دارشـتن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ئەو دەنگ و وشـە و ڕسـتە و بڕگە و واتایانەی بەکارهێنراون، گوتاری خواسـتن، یان بیرکردنەوەی ویسـتی خواسـتراوی دەقنووس ڕۆڵ دەگێڕێت. بەشـێکی قسـە بنەڕەتییەکانی نێو دەقەکە بەشـێواز و تێڕوانین و بۆچوون و هەناسـەی دەقنووس وێناکراون. شتەکانی نێو شتەکان واتایەک بەرهەم دەهێنن، لەخواسـتی دەقنووس نزیکترە، لەوەی نیشـانە

و شیکردنەوە بێت بۆ ئەو شتانەی هێما و ڕەمزن بۆ بەدیهێنانی پێویستی و هێزی ڕاپەڕاندنی کردە قسەیەک. ئەم لایەنە ئەگەر لای هەندێک ڕەخنەگر بەلاوازیی لێکبدرێتەوە، بەڵام لەشیکردنەوەی زمانەوانیدا دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بایەخ بەئەرک و نەریت و ڕەوشت و پیشە و پەیامی بەکارهێنانی زمانەکە دەدات، نەک تەکنیک و هونەری ڕۆمان نووسین.

لەوەسفی کەسایەتی (لالۆ مورای) بەڕەگەز مەسیحی و گەڕیدە بەدوای هەقیقەتێک دەنووسێت (لالە موراد ئومێدی گەیشتن بەو جیهانە تازەیە دووری ڕێگاکان، ماندوویێتی گەڕان بەدەوری دڵخوازەکەی نەدەبینی، هیچ بێزاریەکی لەبەرانبەر ئەو گەشتەیدا دەنەبڕیوە، ئەو مەحکووم بوو بەو ڕێگا نەپساوەیە گوزەر بکات لەناویدا تا ناکۆتا بیابان و تۆزاوی بەشێوەیەکی لوولدراو و ڕێچکەکان لەناویدا دووبارە دەبوونەوە....). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٧٦). لەم وەسفەدا ئیرادە و خواستی خۆی وەکو بڕیارێک و حوکمێک یەکلاکردۆتەوە، کە (لالە موراد مەحکووم بوو بەو ڕێگایە). واتە هیچ بژاردە و بیرکردەنەوە و بڕیارێک لەبەردەم کەسایەتی لالە موراد نییە، دەبێت ئەو بکات. لەبەشی یەکەمی ئەم دەقەدا بەم گفتوگۆیە دەریدەخات کە دەقنووس دەکرێت خودی کارەکتەر و ناونیشانی بەرگی کتێبەکەش بێت، دەڵێت:

(-تۆ ئەستێرەی ژەنیاری.

+ بەڵێ من ئەو کەسەم کە ئێستا ناوت هێنا.

-ئەستیرەی ژەنیاری چیرۆک نووس.). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٣). لەم گفتوگۆیە کورتەدا دەردەکەوێت بەشێکی زۆری پێناسە و دەربڕین و وەسف و بڕیار و دیارکردنی ڕەهەند و ئاراستە و کاریگەری دروستکردن لەنێو ڕووداوەکانیش پەیوەندی بەخودی (دەقنووس) و خواستەکانییەوە هەیە.

دەگێڕێتەوە دەڵێت (سەرەداوی ئەم چیرۆکە بەدەوری یەک سەدە لەژیانیماڵباتی میر زەبیحوڵلا دەخولێتەوە). (درێژبوونەوەی ئەم چیرۆکەش بۆ ناخی هەریەک لە خاوەن دەسەڵاتدارانی ئەم بنەماڵەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە پەرۆشی ئەوەین وردەکاری ژیانی ئەم ماڵباتە بخەینە سەر کاغەز). لەکۆتاییەکاندا دەڵێت (ئێرە هیچ نییە جگە لە سەرابێکی تاریک کە بونەوەری بێخەون تیایدا دەڕوێت...). ڕاستە ئەم قسەیە دوایی لەسەر زاری کەسێکی دیکە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمەش هەر هەناسە و وەسف و بیرکردنەوەی خودی خواستێندراوی دەقنووسە.

لەدوای پەرەگرافەکانی دەقەکەدا دەقنووس، کە لەدێڕی یەکەمدا خۆی وەکو (ئەستیرەی ژەنیار) پێناسە کردووە، خۆی بەخوێنەرەکانی ناساند و لەگەڵ زەنگی تەلەفۆن بەئاگا هات،

لەکۆتایدا نووسیویەتی (ئەستێرەی ژەنیار و فەریبای دووشی لە ٧-٩-٢٠١٧ لە قاوەخانەی (مۆفیسکافێ) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی پایتەخت کاتژمێر ٤ی ئێوارە یەکتر ببینن........ ئەستێرەی ژەنیاریش لەکاتی خۆیدا هاتە قاوەخانەکە و هێشتا شوێنی خۆی گەرم نەکردبوو کەسێک بەڕێزێکەوە نزیک ئەستێرەی ژەنیار بوویەوە و گووتی). ( دلّزار حەسەن، ٢٠١٩، ٢٠١- ٢٠٢).

مەبەستمان لەم ئاماژە پێکردنە ئەوەیە چەند شتێک لەنێو گێڕانەوەی شتەکان لەبارەی (نیشانەی خواست) و (نیشانەی سەپاندنی هەندێک پێکهاتەی نیشانەیی) دەسنیشان بکەین.

یەکەم: لەدەستپێکدا دەقنووس دەڵێت: (بەڵێ، من ئەو کەسەم ئەستێرەی ژەنیاری چیرۆک نووسم). نیشانەی (بەڵێ، من ئەو کەسەم)، جەختکردنەوەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی تێدایە، کە قسەکەری یەکەم دەڵێت (ئەستێرەی ژەنیاری چیرۆک نووس). ئەمە خواستی خودی دەقنووسە بەم شێوەیە جەخت لەسەر پشتڕاستکردنەوە و دەرخستنی خودی خۆی بکات، کەچی لەکۆتایدا کەسێکی دیکە باس و وەسفی شتەکان و خودی ئەستێرەی ژەنیار و چوونی بۆ دیداری فەریبای دووشی دەکات. لەدۆخی دووەمدا نیشانەی خواستەکەی (دەقنووس)، خواستێکی لاوەکی و دەرەکییە، پێچەوانەی ئەوەی یەکەم، کە خواستێکی سەرەکی و ناوەکییە.

دووەم: ئەم گێڕانەوەیە لەسەر دوو شێواز و زماندابەڕێوە دەچێت، گوتارێکی جیاواز لەپەیام و مەبەست و نیشانەکان و شیکردنەوەی شتەکان دروست دەکات. گوتاری یەکەم (دەقنووس) خۆی قسە دەکات، لەگوتاری دووەم و کۆتایدا، کەسێکی دیکە قسە دەکات، کە لەکردەوەدا ئەمانە هیچیان لەکاریگەری و خواست و ئیرادەی لە(نیشانەی خواستەکانی) دەقنووس دوورناکەونەوە.

سێیەم: دەڵێت: (دەبوایە یەکتر ببینن)، پیشاندەری ئەوەیە، کە نەیانتوانیوە یەکتر ببین، چونکە ئەم دەربڕین و وێناکردنە هەڵگری کردە قسەی (گومان و هەواڵ و زانیاری ناڕاستەوخۆی بەیەکتر نەگەیشتن و گریمانە و نیگەرانی دەروونی و ڕاگەیاندنی پێشوەختەی زانیاری گەیاندنی تێدایە، سەرباری ئەوەی پیشاندانی کردەی فەرمانی جێبەجێ نەکراوی تێدایە). کاری فەرمان هەمیشە لەداهاتوو ڕوودەدات، کەچی ئەو لەئێستادا باسی هەواڵی ڕوونەدان و کۆنەبوونەوەی ئەم دوو کەسە لەئایندە دەکات. کەواتە گێڕانەوەکەی لەڕووی کاتەوە (لە پاش ڕووداوەکانەوەیە) کەچی ئەو وەسفی (چاوەڕوانی بەجێهێنانی فەرمانێک لەئایندە دەکات). واتای ئەوەیە زمانی نیشانەکان ئەوەمان بۆ شی دەکەنەوە، کە پێش ڕوودانی دواین ڕووداو، پێش قەومانی شتێک، شتەکە گوتراوە و ئاشکراو ئەنجامیش نەدراوە، نەک پێشبینی ئەنجام نەدرانی کراوە.

جـارێکی دیکە (دەقنووس) بێ ئەوەی (ئەسـتێرەی ژەنیـار) هەسـتی پێ بکات، وەکو شـتێکی نادیار، وەکو سـێبەرێک لەنێو قاوەخـانەکە دەبێتەوە خـاوەنی گێڕانەوەکە و دەڵێت: (بەڵام بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی دیاریکراوی هەبێت فەریبای دووشـی خۆی نەهـات بۆ داوەتەکە..). دیقەت بـدە لەکردەی نەفیکردن، نـێگەتیفـی (نەهـات بـۆ داوەتەکە)، بـۆت دەردەکەوێـت ئەو قسـەکەرەی وەسفی هۆکاری نەهاتنی فەریبای دەکات، لەم دۆخ و شێوازی گێڕانەوەیەدا خودی (دەقنووس)ە، نەک ئەو کەسەی لەدێڕی پێش ئەوە کردەی هەواڵی (دەبووایەی یەکتر ببینینی ئەسـتیرەی ژەنیار و فاریبای دووشـی)مان پێ ڕادەگەیەنێت. خواسـتی گێڕانەوەی یەکەم (هەواڵە لەسـەر زاری کەسـی سێیەم)، (خواستی گێڕانەوەی دووەم گەیاندنی هەواڵی نەبوونی هۆکار بۆ ئامادەنەبوونەکە لەسـەر زاری دەقنووسـەوە) وەسـف دەکات. دەقنووس نیشـانەی خواسـتی خۆی بەڕوونی ئاشـکرا کردووە، کە بڕیار دەدات (بێ هیچ هۆکارێک) ئامادە نەبووەکە ئەنجـام بـدات. ئەم جۆرە گوتـارە پەیوەنـدی بەچەنـد دۆخێک لەبارەی دەربڕینەوە هەیە.

یەکەم: گریمانە ئەوە دەکرێت قسـەکەر باکگراوندی (هۆکاری نەهاتنەکە بزانێت).

دووەم: بڕیـارێکە پەیوەنـدی بە(خواسـتی دەقنووس لەبـارەی نەهاتنەکە، یان کەسایەتی فەریبای دووشییەوە) هەیە.

سـێیەم: گریمـانەی ئەوە دەکرێـت قسـەکەر لەشـێوەی کاردانەوەیەکی سلبی وەسفی نەهاتنەکە بکات.

چـوارەم: لەم گـوتـارەدا کـردەی هەواڵ و زانـیـاری و هوشیارکردنەوە و پاساوهێنانەوە و هەڵوێست و ئاشکراکردن و نەفیکردن ڕادەپەڕێنرێت.

پێنجەم: نەهـاتنەکەی بەدڵنیـاییەوە پەیوەنـدی بەخۆیەوە هەیە، نەک کەسێکی دیکە، یان هۆکارێک لەدەرەوەی خودی (فەریبای دووشـی) لەئارا نییە. هۆکارەکە ناوەکییە و پەیوەندی بەخودی کەسەکەوە هەیە.

شـەشـەم: هیچ کاردانەوەیەکی (فکری، دەروونی، کەسـی، قسـەیەک و تەنیا نوقەیەکەیش لەکەسـی سـەرەکی دیدارەکە نابینین، کە ئەستێرەی ژەنیارە). ئەوەی خواستەکانی خستۆتە نێو شـتەکانەوە، ئەو کارەکتەرەیە، کە وێنەی دواپین خاڵی نێو بەسـەرهاتەکانمان بۆ وێنادەکاتەوە. بەلای من وەکو خوێنەر ئەویش بەشێوەیەکی نادیار هەر خودی (دەقنووسە).

ئێمە بەدوای واتـای گوتراوی شـتەکـانـدا دەگەڕێن، شـتە نـادیـارەکـان لەبەکـارهێنـانی زمـان و دەربڕین و وێنـاکردنە زهنییەکاندا بەئاسانی دیار ناکرێن. لەنێو هەر وشـەیەدا (کات و شـوێن و بەشـداری و نمایش و دەرخسـتن و خواسـت و

مەبەست و باری دەروونی هەیە) بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان و هێز و ئاوازە لەنێو دەقەکەدا واتاکانیش دەگۆڕێن.

ئەگەر بگوترابایە (نەهات بوو)، نیشانەی وەسفکردن و شیکردنەوەی دۆخەکە، بەشێوەیەکی جیاوازتر دەردەکەوت لەشێوەی گوتنی (نەهات بۆ).

پێش ئەوەی لەم بابەتە گرنگە دەربچین کارێکی شیاو دەکەین ئەگەر ئاماژە بەڕۆڵی (رۆلان بارت) بکەین، کە چۆن گرنگی بەنیشانەکان داوە، (بارت) کاری بیناکردنی نموونە هێنانەوە نەبوو، بەڵکو وەکو خۆی نموونەیەک بوو بۆ کردنەوەی ڕەمزەکان، پێگەیاندنی بەیەکەوە گونجانی نیشانە تەواوەکانی نێو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، نموونەیەک بوو بۆ کارتێکردن لەخوێنەر و هانی دەدا بۆچوونەکانی دەربارەی جیهان و شتەکان نوێ بکاتەوە. هەروەها لەپڕۆژەی سیمیۆلۆجیدا بەدوای ئەو واتایەدا دەگەڕا، کە خەڵک دەیاندایە پاڵ ئەو شتانەی دەنگیان نەبوو. (د. محسن بوعزیزی. ٢٠١٠، ٩٩-١٠٢ ).

لەشوێنیکی دیکەدا دەقنووس لە(منەوە خۆی دەکاتە ئێمە) واتا پێگەی گێڕانەوەی خۆی بەخواستی خۆی، یان لەئەنجامی دابڕان لەبیرەوەری و خودی لێ دەگۆڕێت، دەڵێت: (ئەوەندەی هوتافیان بەرزکردبۆوە، ئەوەندە هاواریان دەکرد بژی سەرۆک

بژی ســەرۆک، گوێمان پڕ بوو، هەناســەمان تەنگ بوو). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٦٣).

لەم دەســـتەواژانەدا دەقنووس لەکەشـــی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەردەچێت، چونکە لەئەنجامی بەکارهێنانی (هێما و نیشـانە و ڕەمزی پێشـمەرگە)، ڕاسـتەوخۆ وەکو خواسـتێکی ئاشــکرا بەســەردەمی ئێســتامان دەبەســتێتەوە، ســەردەمی ڕووداوە هەنووکەییەکان، کە دەڵێت ((ســـەربازی ڕێی ڕێبازی تۆین تا مردن پێشمەرگەی تۆین))، لەکاتێکدا هێمایەکی دیکە کە (") ئەم نیشـــانەیە واتا تەئکیردنەوەیە لەوەرگرتن و بەکارهێنان و گەڕانەوە بۆ ســـەرچاوەیەکی جێ متمانە، ئەم دروشـــمانەی لەنێو جووتە کەوانەیەکی بچووک دانــاوە. لەم دەربڕینــانەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت،

لەم دەربڕینەدا خواســـتێکی ئـایـدیۆلۆجی تۆخ بەنێوی (ئێمە لەشــێوەی ڕاناوی لکاوی/ ین) پیشــاندراوە بەرجەســتە بکات. لێرەدا (قســەکەر بکەری ڕێزمانییە، کە (ئێمە)ەیە، بەڵام گوێگری لۆجیکی (ســـەرکردەیە)، کە کەســـێک و هێزێکی نادیارە، بەڵام بەپێی دیـارکردنی کـار و بکەری ئەنجـامـدەری کـارەکـان لەم ڕسـتەیەدا (سـەرۆک)یش دەبێتە بکەر چونکە کردەی گوێگرتن ئەنجام دەدات. لەبەشـی دیکە ڕسـتەکەدا دەڵێت (بژی سـەرۆک بژی ســـەرۆک، گوێمـان پڕ بوو، هەنـاســـەمـان تەنـگ بوو). کەســێک، یان گروپێک و کۆمەڵێک دەڵێن بژی ســەرۆک، بکەر

ڕاگەیاندنی دروشـــــمەکەیە. گوێگر (ئێمەین) مەرج نییە خودی ســــەرۆک لەم کارەدا لەوێ بووبێت و گوێگرێکی ڕاســـتەوخۆ بێـت. واتە لەم کردەیەکەدا (قســـەکەر/ نووســـەر بکەری گوێگرتنەکەیە و کاری گوێگرتن ئەنجام دەدات، ئەوان (گروپ، کۆمەڵێـک خەڵـک)، کە بکەری نـادیـارن و بەپێی خواســـتی دەقنووس هەر خۆشـــی گوێگرە، واتە دوو کاری ڕاپەڕاندووە، یەکەمیان ڕێزمانییە و ناڕاســـتەوخۆ قســـەکە و ڕووداوەکە و گوتاری خەڵکانێکی نادیار بە(ناڕازیبوونەوە) دەگێڕێتەوە، ئەوی دیکەش واتـایەکی لۆجیکییە، کە بەپێی خواســـتی خۆی ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە.

ئینجا دەڵێت: (گوێمان پڕ بوو، هەناســـەمان تەنگ بوو). وەکو گوتمان قســـەکەر بەناوی (ئێمە) قســـەدەکات، ئەمە گوتارێکە لەپێنـاو ڕەتکردنەوەی ئەو (بژی بژی)یە بەکـارهێنراوە. وێناکردنەکە بەجۆرێکە، کە ئیدی نەشـــوێنی بیرکردنەوەیان لەنێو کاتی گوێگرتن ماوە، نەک کاتی هەناســـەدانیان لەشـــوێنی هەناسەدا ماوە.

کاتێک دەڵێت: (گوێمان پڕ بوو) بکەرێکی نادیار دیارە، بەپێی گەڕانەوە بۆ ڕســـتەکانی پێش ئەم دەربڕینە، (بژی بژی)، کە هوتـافە بکەری کـاری پڕکردنی گوێچکەکـانە. ئەمە واتـایەکی فیزیکییە، هەروەها واتایەکی دیکەی لۆجیکیشـــی هەیە، ئەویش کردەی ڕەتکردنەوەی گوێگرتن و نەمـانی شـــوێنە لەنێو

گوێچکەدا کە (پڕبوون) وەکو کار، وەسفی شوێن دەکات، بەڵام بەپێی کردەی شیکردنەوەی واتایی دەقنووس دەڵێت: (کات)مان نەماوە. لەوەســـــفی (هەناســـــەمان تەنگ بوو) کۆشـــاوە بڵێت شـــوێنمان لەنێو کاتی هەناســـەدا نەماوە، بۆ گوێگرتن لەبژی بژی، چونکە هەناســـەمان (تەنگبوو) وەســـفە بۆ کات، یان ڕوودانی شتێک لەنێو کاتێکی کورتخایەندا.

## گوتاری شوێن

ڕووداوەکان لەشـــاردا ڕوودەدەن دەکرێت تورکیا، یان ئێران، یان هەرێمی کوردســتان بێت، گرنگ لەڕووی واتاییەوە شــوێن بکەرێکی دیارە، بەڵام نەبۆتە بەدیهێنەری کارێکی مەعریفی و نوێخوازی، چونکە گوتاری ڕووداوەکە هێشـــتا خووڵانەوە و بەرهەمهێنانەوەی مەعریفەی (گوند و خێل و پاشـــایەتی و باوکسـالاری و دەسـەڵاتی خانەوادەیە، لەهەمان کاتدا (دەکرێت ئێرەی نووســـەر لەنێو گێڕانەوەی بەســـەرهاتەکان و ئێرەی خوێنەری کوردیش) بێت، یان شـــوێنێکی واتایی بێت، چونکە لەبنەڕەتدا وێناکردنی شوێن وێناکردنێکی زهنی و خەیاڵییە.

"واتای شـــوێن لەفەرهەنگی نوێدا ڕووداو، بوون و گۆڕینی دۆخ، نیشـــتەجێبوون، جیهانی بوون و گەردوون دەگرێتەوە،

دەكرێت شوێن مەسەلەی شتێک بیت، پێگە، پلە و پایە، بەرزی و شتی دیکە بگرێتەوە، (عبدالله توام، ٢٠١٦، ٤٢).

لەڕووی فەلسەفییەوە "شوێن چەمکێکی زهنییە تەنیا لەئەنجامی وابەستەبوون بەشتەوە دروست بووە". (علی بن حامد الجرجانی، ١٩٩٨، ٢٩٢) ،بۆچوونێکی دیکەش هەیە "بەشێکی جیانەکراوەیە لەهەموو ئەو شتانەی هەن" (عبدالله توام، ٢٠١٦، ٤٣ ).

(ئەفلاتون) ئاماژەی بەشوێن کردووە لەبەرئەوەی بەکاری دەهێنین و پێیەوە بەندین، دەتوانرێت درکی پێبکەین لەڕێگەی بزاوتنەوە لەکاتی گوێزانەوە لەشوێنەکەوە بۆ جێگەیەکی تر. (مهدی عبیدی، ٢٠١١، ٢٨ ). بەپێی لێکدانەوەی سیمیۆلۆجی و زمانەوانی دەتوانین بگەینە ئەو بۆچوونەی شوێن لەڕۆماندا "تۆڕێکە لەپەیوەندی و تێڕوانین و بیروبۆچوون، کە هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ دەرخستنی کەشوهەوای ڕۆمان، کە ڕووداوی تێدا دەقەومێن". (عبدالله توام، ٢٠١٦، ٤٧).

لەڕوانگەیەکی دیکەی نەریت و خوورەوشتەوە ئەگەر سەیری شوێن لەنێو دەقدا بکەین، هەمیشە شوێن دەبێتە نیشانە و هێما بۆ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی. لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا ئافرەت بەهەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ناندینەکەی دەکات، زۆربەی ئافرەتان بەکاردانەوەیەکی قووڵەوە هەڵسوکەت لەگەڵ

ناندین وەکو شــوێن دەکەن، تەنیا ئافرەتەکان پێیان ناخۆشــە دایکی خۆشـیان بێ مۆڵەت وەرگرتن بچێتە نێو ناندینی تایبەتی ئەوەوە و تەنیا پێی ناخۆشـە قاپەکانیشـی بۆ بشـوات. (ادوار تی هـول، ۲۰۰۷، ۲۱۱). ئەمە هێمـایە بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی ئەمەریکا لەچۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ شوێن.

ئەم نموونەیەمان بۆ ئەوەیە ئایا دەقنووس بەم هەستیارە کاری لەنێو شوێن بۆ پیشاندانی سیمیۆلۆجیای واتای شوێن کردووە، یان بەپێچەوانەوە شوێن لەدەرەوەی (واتا و پلە و کاریگەری و کـارتێکردن) دایە، لەشـــێوەی بـابەتێکی لاوەکی کـاریگەری و کارتێکردن دروست دەکات.

لەم دەقەدا شــوێن وەکو کەرەســتە بەکارهێنراوە، بەڵام لەکەم شـوێن وەکو (شـت، مەبەسـت. پەیام و ئامانج) مامەڵەی لەگەڵ شـوێن کردووە، وەسـفی کورت و خێرای هەندێک لەشـوێنەکان هەیە، بەڵام نەبوونەتە دروســـتکەر و بەدیهێنەری واتـا. چەند شـــوێنێک لەم دەقەدا، وەکو شـــوێنی گێڕانەوە و شـــوێنی هەقایەتخوان، تەنیا شـــوێنە جوگرافییەکان و هەندێک زەوی دیکە وەکو شوێن بەرجەستەکراون، نەک شوێنێکی کۆمەڵایەتی و زهنی و پلە و پایە، یان شـوێنێکی خەیاڵئامێز بۆ فراوانکردنی زەمینەی وەسف لەبەردەم دروستکردنی واتادا. (شار، کۆشک، مزگەوت) هەیە. لەمزگەوتـدا ڕێبوارێـک و بـانگبێژێـک کردەی گفتوگۆ و گێڕانەوە ئەنجـام دەدەن، بـاســـی چەنـد هێمـا و

نیشـــانەیەکی مێژووی بەســـەر دیواری مزگەوتەکەوە دەکرێت. لەم شــوێنەدا، ئەوەندەی شــوێنەکە بۆ دەرخســتنی کەســایەتی بــانگبێژ  تەرخــان کراوە، ئـامـاژە بە بـایەخی مزگەوت وەکو شـوێن و کاریگەری لەسـەر بەشـێکی مەبەسـتەکانی نێو دەقەکە ناکات، بەکارهێنانی مزگەوت لەم دەقە هیج جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوە نەدەبوو، ئەگەر بانگبێژ و لالە موردا لە شــەقام، چاپخانە، مـاڵێک، دوکـانێک و مەیخـانەیەکیش بەیەک بگەیشـــتبوونـایە، چونکە بەهاکانی شــــوێن و بەکارهێنانی پێکهاتەکانی شــــوێن ئەرکی پێ نەســـپێراوە. (مزگەوت بۆتە هۆکار و ســـەرچاوە بۆ باســکردن و وەســفکردنی کەســایەتی بانگبێژ، کە لەم شــوێنە پیرۆزەدا بەدەست نێرەموکی و نهێنی ئەم پێکهاتە سایکۆلۆجی و بـایۆلۆجیەی خۆیدا گیری خواردووە). (لێتـان نـاشــــارمەوە بــانگبێژ لە رواڵەتــدا هەمیشــــە وەکو پیــاو دەرکەوتووە و پارێزگاری لەڕجووڵەتی خۆیکردووە، بەس لەناخ و هەستەکانیدا پڕ بوو لەهەســــتی ژنانە لەشــــەهوەتی مێ، بۆیە لەم مزگەوتە جێگەی بۆتەوە). (دلْزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٢٩).  ئەم گێڕانەوەیە لەنێو گوتـاری دەقەکەدا چەند واتـایەکمـان لەڕووی زمـانەوە بۆ دەردەخات:

+بانگبێژ، نێرە.

+پیشـــانی دەدات هەڵســـوکەت و نیشـــانەی (ســـیمیۆلۆجیای) پیـاوەتی و خۆکوشـــینی دەروونی پێوەدیـارە. واتە لەڕووی کەسێتی و دەروونییەوە خۆی واپیشان دەدات.

+هەمیشـــــە بەشـــــێوەیەکی بەردەوام (هەموو کـاتەکـان) ئەم دیاردەیە لەخۆی چڕ دەکاتەوە.

+ ناخ و هەســـتەکانی پڕ بووە لەهەســـتی ژنانە. ناخ گوتارێکی ناوەکییە، هەســـتەکان (دەســـتلێدان، بۆن، بینین، بیســـتن، تام) دەگرێتەوە، دەکرێت هەســـتێکی دەرەکی و نیمچە دەرەکی و هەســـتپێکراو بن، لەلایەن وەرگر و بینەرانی دیکەوە، واتە بەهەموو جۆرێک لەناخەوە پیشـانیداوە (نیشـانەکانی ژنبوون، هەڵسوکەتی ژنانە، هەستی ژنانەی تێدا بەهێز بووە).

+ سێکس: بریتییە لەشەهوەت.

+ شوێن: (مزگەوت)ە.

+ هۆکار: بەشێکە لەگوتاری پاساوهێنانەوە، کە دوو مەبەستی تێدایە: یەکەمیان لالە موردا بەدوای دۆزینەوەی جێگەیەکە بۆ حەســـــانەوە، جیاوازی ئاینی نەبۆتە ڕێگر بۆ چوونە نێو ئەو شـــوێنە. دووەم: دەقنووس دەیەوێت کەســـێکی ئیمـانداری موسلمانی نێو مزگەوتێک بەم دەردەوە وەسف بکات، هەروەها کەسـایەتی مەسـیحیەک بەم شـێوەیە بەنیمچە ڕەخنەلێگرتن و

سـەرنجیشـەوە پیشـان بدات، کە نوێژ بۆ مانەوەی شـەوێک خەوتن لەمزگەوت دەکات.

پاسـاوێکی لۆژیکی و واقیعی، پاسـاوێکی خەیاڵی و ناواقیعی. لەم جۆرە گوتارەی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، کە هیچ پاساوێکی لۆژیکی بۆ (جێگەبوونەوەی کەسێکی لەمجۆرە لەمزگەوت) نییە، بەڵام بۆ بەدیهێنانی واقیعێک و پێ سـەلماندن و سـاخکردنەوە ئەم شـوێنەی لەنێو خەیاڵدا بۆ نمایشـی کەسـایەتی کەسـێک و (خۆشـاردنەوەی بانگبێژ) لەنێو ئەم شـوێنە بەنرخە پیرۆزەدا بەکارهێناوە. گوتاری گێڕانەوەی (واقیعی و هەقیقی و گونجاو) و (خەیاڵاندن و نەگونجاو) لەنێو ئەم دەقە وێناکراوە زهنییەدا بەرجەستە بووە.

لەوەسـفە گوتارێکی دیکەدا لەبارەی کەسـایەتی بانگبێژ بەدی دەهێنێت، (ئەو خۆی وەکو ئەوەی، کە هەیە دەناسـێ جیاوازتر لەئەوان، بانگبێژ عومرێکە خۆی دەخواتەوە شەرم کوشتوویەتی ترس لە جەسـتەی خۆی لە هەسـتەکانی وایلێکردووە تا ئەم تەمەنەش خۆی لەناوەخۆیدا بشـارێتەوە، هەمیشـە دەیگوت: خۆزگە پیاوێک دەبووم لە باوەشـی ژنێتییەکەمدا، خۆزیا بمتوابیبایە شـوو بەخۆم بکەم...). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ٢٩-٣١).

جارێکی دیکە، کە سەیری گوتاری گێڕانەوە و ئەو نیشانە دەروونی و کەسیانە دەکەین، کە دەقنووس لەوێناکردن لەچوارچێوەی زمان لەبارەی دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سێکسی بانگبێژ پێشکەشی کردووە، ناڵێم وێنای کردووە، چونکە پێ دەچێت دەقنووس بەپێداگریی و مەبەستێکی قووڵەوە ئەم وێناکردنەی لەوێنە دەقەکدا وێناکردبێت.

+ واتە بانگبێژ مەعریفەی لەبارەی ناخی خۆی لەخەڵکی دیکە زیاترە. (ناسین) بەواتای (تێگەیشتنێکی مەعریفی و دەروونی و نەریت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دێت).

+ کات (تەمەنێکە خۆی دەخواتەوە)، کاتێکی زۆرە بەدەست ئازار و بیرکردنەوە و کوشتنی چێژی سێکسی خۆی، خۆی دەخواتەوە.

+ تەنیایە، تەنیا لەنێو ناخی خۆیدا، دابڕاو لەدەوروبەر و ئەوانی دیکە.

+ شوێن (ناو ناخی خۆیەتی، واتە شوێنێکی دەروونی و هەستپێنەکراوی نەبینراوی دەست لێنەدراوە)، سەرباری ئەوەش شوێنکی جوگرافیی هەیە، کە قسەی تێدا دەکات و دەجووڵێت، هەروەها بیر لەبەدیهێنانی شوێنێکی دیکەش دەکاتەوە. ئەو دەیەوێت شوێنێک لەنێو دەروون و فکر و

ویژدانی کەسانێک بۆ خۆی پەیدا بکات، کە لەسۆز و پێکهاتەی ئەو دەگەن.

+ (شەرم) پێکهاتەیەکی بەرەنجامی دۆخی دەروونی و نەریت و باری کۆمەڵایەتییە. (ترس) لە(جەستەی خۆی) و (لەهەستەکانی). واتە ترسـێک لەدوو شـوێن (ناوەکی / لەنێو هەسـتەکانی)، ترسێکی دەرەکی (لەجەستەکانی) جەستەکانی لەدوو شوێن وێنا دەکرێن (شوێنێک لەنێو کۆمەڵگا و لەبەردەم خەڵک. ئەوی دیکەشیان هەستێکە لەسەر جەستەی لەبارەی جەستەی خۆی). (شوێنێکی دیکە خۆ شاردنەوەیە لەنێو ناخی خۆیدا). (نێو ناخ) شوێنێکی بەرجەستەی نەبینراوە، هەروەها شوێنێکی هزری و وێناکراوی دەروونی و فکریشە.

+ کات: هەمیشە.

+ دەیگوت: گوتارە، قسـەکردنە، ڕاگەیاندنە، بەبیرهێنانەوە، هەواڵە، گێڕانەوەیە، ناخەکییە و لەناوەوەیە، چونکە ئەو لەگەڵ ناخی خۆیدا بەشـێوەیەکی بێدەنگ دەدوێت. گوتارێکە خۆی ئاراستەی ناخ و هەستی خۆی دەکات واتە (خۆی نێرەر و هەر خۆشـی وەرگرە). پەیام و بابەتەکەش (گرێی دەروونی و کێشـەی نێرایەتی و مێیایەتە)، ناکۆکی نێوان دوو دۆخی (ڕەگەز) و (سێکس) و (دۆخی کۆمەڵایەتییە).

+ پەیامەکەی (خۆزگەیە).

+ وێناکردنی وێنە زهنییەکەی ئەوەیە (پیاوێک بێت، لەباوەشـــی ژنایەتییەکەی)، واتە خۆی ســـێکس لەگەڵ خۆی بکات، ئەمە چ ژانە ســـێکســـێکە، ئەمە چ ژانگرتنێکی دەروونکوژی پڕ ئازاری هەســـتکردنە بەهەســـتی گڕگرتووی ناخێکی پڕ لەشـــەرم و شـــاردنەوە و ڕاکردن لەنەریتی کۆمەڵایەتی. (هیوای شـــوکردن بەخودی خۆی دەخوازێت).

گریمانە

یەکێک لە ئەرکەکانی شـــیکردنەوەی پراگماتیکی گەڕانە بەدوای دیارکردنی گریمانە و پێشگریمانەی نێو دەق.

دەقنووس دەڵێت: (بانگبێژ بە بینینی لالە موراد هەم دڵخۆش و هەمیش نیگەران بوو، دڵخۆشـــبوو کە یەکێکی وەک یاســـەمینی دڵشـــیرینی دۆزیوەتەوە و بۆنی ئەو لەجەســـتەی ئەو دێت..). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٣١). ئاســـاییە لەئەنجامی شـیکردنەوەی زمانی ئەم دەقە ئەم گریمانانە بکەین:

+ بانگبێژ پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ (یاسەمین) هەبێت.

+ یاسەمین پیاوە.

+ بێرەدا تێپەڕیوە، یان پەیوەندییەکی لەپێشـینەی لەگەڵ بانگبێژ هەبووە.

+ شار دیاردەی ڕەگەزبازی (نێربازی) تێدایە.

+ مزگەوت ڕێگر نییە، لەگەڕان بەدوای شەهوەت.

پێشــــگریمانەش لەبارەی نیگەرانییەکی بانگبێژ لای خوێنەری دەقـــــــنـــــــووســــــــــی ئەم دەقە، وایە:

+ یاسەمینی لێ ونبووە و هەر تەنیا لەیادەوەری ماوەتەوە.

+ نیگەرانە، چونکە لالۆ مورادیش نابینێتەوە.

+ نیگەرانە، چونکە بەم دیدارە، یادەوەرییەکانی ئازاری دەدەن.

هەر دەقێکی زمان، کە وەسفی شوێن، یان جوگرافیای گێڕانەوە و ڕووداوەکان و واتای زهنی و ســــیمیۆلۆجیا و تێڕوانین و بیروبۆچوونێکی تێـدایە، ئەرکی دروســــتکردنی کەشـــێکی جوانبێژیی و ڕازانـدنەوەی وێنـاکردنی وێنەی شـــوێنە لای خوێنەر و وەرگر. سەرباری ئەو گۆڕانکاریانەی لەشوێن دەبنە هۆکار بۆ بەدیهێنانی کردەیەکی نوێ لەبیرکردنەوە و تێڕوانین و کاردانەوە لای خوێنەر.

پراگمـاتیـک لەتەک ئەوەی لەشـــیکردنەوەدا بەرەو قووڵایی و دوورییەکانی نێو دەقمان دەبات، لەهەر فکرە و بۆچوونێک و دەربڕینێکدا دوور نییە ژمارەیەک شـتی دیکەمان پیشـان بدات، کە پەیوەندییـان بەبەکارهێنانی زمـانەوە هەیە لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەڵام دەتوانێت گومان لەنێو دەقدا تاکو سنوورێکی

دوور برەوێنێتەوە. لەبارەی شوێنیش شیکردنەوەی پراگماتیک هەمیشـــە بەدوای پرســـیارە وەڵام نەدراوەکانەوە دەچێت. لەتیۆری پراگماتیکدا لەبارەی شـوێن بەم جۆرە بۆچوونەکانیان چڕ کردۆتەوە، (نیشانەکانی شوێن و ئەو لیکسیم و کەرستانەن کە ڕاشکاوانە دەبنە نیشانە و هێما بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن بەپێی مەبەستی ئاخێوەر و قسەکەر: (پار ساڵ چووینە عەمرە). لێرەدا بەپێی ژینگە و دەوروبەر بۆ کەســـێکی ئەوروپیی، یان بێگانە مەبەســـت لە عەمرە تێنگات و لێڵ و نامۆیە. (ئەو چووە دەرەوەی وڵات). لێرەشـــــدا فۆرمی دەرەوە نیشـــــانەی پراگماتیکییە.) (د. ســـەباح موســـا عەلی، گوۆڤاری کەرکووک، ٢٠١٧، ١٢).

(بەڕێکەوت لەگەڵ لالە موردا لە هوتێلێکی پـایتەخـت بەیەک دەگەن). ئەمە وەســـفی یەکەمی یان ســـەرەتایی نێو دەقەکەیە. لەڕووی پراگمـاتیکییەوە (هوتێـل) شــــوێنێکی نەنـاســــراوە، (پایتەخت) بەهەمان شێوە، ئەگەر ناوێک بێت بۆ شـاری گرنگی وڵاتێک بەڵام نادیارە ئەو شــارە ناوی چییە و لەچ وڵاتێکە، یان لەشـوێنێکی دیکەدا دەڵێت (ئەو هەموو وێنە درۆیینەی من چییە لێرە). (دلزار حەســـــەن، ٢٠١٩، ١٧١). (لێرە) ئاماژە واتایەکی پرگماتیکییە، واتاکەی لێڵە، چونکە دیارە نییە مەبەستی (لێرە) چ شـــوێنێکە و ئەو (لێرە)ەیە، لەناو ژورێکە، لەشـــەقامێکە، لەنێو دەریایە، یان ئاسمان.

ئاساییە لەبەکارهێنانی (ئێرە) مەبەستی باسکردنی (ئەوێ) بێت، لەهەمان کاتدا لەڕووی پراگماتیکییەوە دوور نییە مەبەستی لەوەسفکردنی لێرە، (لەوێ) بێت، یان کاتێک باسی شوێنێک لەسەد ساڵ پێش ئێستا دەکات، مەبەستی ئێرەیە، کە قسەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

## گوتاری کات

بابەتە سەرەکییە پەیوەندی بەسەردەمێکی کۆنەوە هەیە، لەهەمان کاتدا گێڕانەوەکان لەئێستایە و پێچکوواندنی بەکاتی کێشە وگرفتی سەردەمی هەنووکە تێدایە. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم، نووسەر لەئێستاوە باسی کاتێکی کۆنتر و مێژوویی دەکات.

"گێڕانەوەی کات و وەسفی لەهەندێک باریشدا کات و گفتوگۆی کات، کەسایەتی لەچوارچێوەی کات پێکدەهێنێت، بەجۆرێکی دیکە ئەوەی لەناوەوە و دەرەوەی ڕۆمان ڕوودەدات، لەڕێگەی کاتەوە بەرجەستەتە دەبێت". (مها حسن القصراوی، ٢٠٠٤، ٤٢-٤٣). لەبیری نەکەین کات لەزۆر باردا تێکەڵ دەبێت، هونەری گێڕانەوە لەنێو کاتدا خۆی دەنوێنێت و تەوەرەی بابەتەکەش کاتە، کاتی ئێستا و دوێنی و سبەینێ. لەهەندێک بابەتیشدا "ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو بەتەواوی تێکەڵ دەبن". (عائشة

بومعراف، ٢٠١٢ ، ١٩). بەواتـایەکی دیکە "کـات لەنێو ڕۆمـانـدا سـەربەخۆ نییە، ناتوانرێت وەکو کەسـایەتی و شـتەکان بەجیا دەربهێنرێن". (محمد تحریشی، ٢٠٠٧، ٥٨-٥٩).

(تودوروف) کات لەڕۆماندا دابەشـی سـەر "کاتی بیرکردنەوە (کاتی چیرۆکەکە) و کاتی گوتار" دەکات. (مها حسن القصراوی، ٢٠٠٤، ٥٠). هەندێک کات لەڕۆمان بۆسـەر (کاتی نووسـەر لەنووسـینەوەی ڕۆمانەکە، کاتی خوێنەر و کاتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە)ش دابەش دەکەن. (عائشة بومعراف، ٢٠١٢، ٢٢).

کاتی چیرۆک دەبێت لەکاتی گوتارەکە درێژتر و فروانتر بێت. لەم دەقەی (دڵزار حەسـەن) کـاتی چیرۆکەکە زۆر فراوانترە لەکاتی ڕاپەڕاندنی گوتارەکە. کاتی چیرۆک بەپێوانەی چرکە و سـەعات و ڕۆژ و مانگ و سـاڵ دەپێورێت، بەڵام کاتی گوتار بەوشە و و ڕستەکان دەپێورێت.

دەبێت لەڕوانگەی پراگماتیکەوە سـەیری کات بکەین، پراگماتیک هەمیشە بەشێوەیەکی کردەیی لە شیکردنەوە و دیارکردنی کات دەڕوانێت، چونکە هیچ مەرج نییە کە بـاسـی دوێنێ، یـان هەنووکە، یـان پار و سـاڵ و کـاتەکـانی داهـاتوو دەکرێت، کاتەکان ساتی ناسراوی ڕاپەڕاندنی کارەکان بن، بەتایبەتی لەو ساتانەی کارە وەسفکراوەکانیان تێدا ڕوودەدات.

ئەو کەرەســـــتە و فۆرمانەی، کە ڕاشـــــکاوانە ئاماژە بۆ کات دەکەن، بەڵام لەچوارچێوەی پراگمـاتیکدا، بۆ ئەوەی بەرانبەر ببێتە نیشـانەیەکی پراگماتیکی، شـیکردنەوە قوڵتر بەدوای واتادا دەگەڕێت وەکو: (دوێنێ بۆ قەراج بەڕێ کەوتین). لێرەدا وشـەی (دوێنێ) دەبێتە نیشانەیەک، چونکە ئەگەر ئاگاداری کات و سات نەبین ئەوا نازانین وشـەی (دوێنێ چ کاتێکە). (د. سـەباح موسـا عەلی، ٢٠١٧، ١٢). دەقەکە بەم شـــێوەیە دەســـت پێ دەکات (بەزەنگی مۆبـایـل بەئـاگـاهـاتـم). ئەم دەربڕینە لەڕووی پراگماتیکییەوە کاتێکی نادیارە. چونکە دیار نییە کات و ســـاتی بەئـاگـاهـاتنەکە چ کـاتێکە. (مۆبـایـل) وەکو کەرەســـــتەیەک و مۆدێلێک، پێمان دەڵێت ســــەردەمێکی هاوچەرخی ئێســـــتایە، چونکە (مۆبـایـل) یەکێکە لەکەرەســـــتە نوێیە هـاوچەرخەکـانی پەیوەندیکردن و گەیاندن و تەنیا لەم چەند ســــاڵەی دوایدا بەکاردەهێنرێت.

یاخود نووســـیویەتی (ســـەرەداوی ئەم چیرۆکە بەدەوری یەک ســــەدە لە مـاڵبـاتی میر زەبیحوڵلا دەخولێتەوە). لەڕوانگەی شـیکردنەوەی پراگماتیکی (یەک سـەدە) دیار نییە، کام سـەدەیە، ئایا ئەم ســەدەیە لەهەزار ســاڵی پێش ئێســتایە، یان ســەدەی بیستە.

لەشوێنێکی دیکەدا نووسیویەتی (بەیانی زوو پێش ئەوەی خۆر بەر حەوشــــەی ماڵەوەیان بکەوێت..). (دڵزار حەســــەن، ٢٠١٩،

٩٥). (بەیانی) لەڕووی پراگماتیکییەوە دیار نییە چ بەیانییەکە، یان کاتی بەیانییەکە چییە، درەنگە، زووە، لەچ ساڵ و ڕۆژێک و کاتێک ئەم بەیانییە کاری بەرکەوتنی خۆر بەحەوشـــەی تێدا وەسفکراوە. باس شوێن ناکەین، کە ئەویش دیارنییە، ماڵەوەیان لەکوێیە و کوێ دەگرێتەوە.

واتە بەیانی/ ئێســتای مەبەســتە کە قســەی گێڕانەوەی تێدا ڕوودەدات. یان هەندێک جار لەباسی ئێستادا مەبەستی دوێنێیە، یان بەپێچەوانەوە.

دەقنووس دەڵێت (چەند مانگێکی لە نێو خەیاڵەکانیدا لەکۆشک بردە سەر). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٦٣). (چەند باسی ژمارەیە، یان پێوانەیە، بەڵام پەیوەندی بەدیاریکردنی ڕێژە و ژمارە و کاتی کاتەوە هەیە، (چەند مانگێک) بەپێی شــیکردنەوەی پراگماتیکی نە دیارە چەند مانگ لەوێ بووە، نە دیارە مانگەکانیش کامانەن. ئینجا ئەو چەند مانگە دیار نییە لەچ ساڵ و زەمەن و سەردەمێک بووە، وەرزی ئەو مانگانە چی بووە. لە وەســفەکەیدا لەڕووی دەروونییەوە بەڕێکردنی مانگەکان پڕ نیگەرانی و ناخۆشــی بووە. کاتەکانی لەنێو خەیاڵی خۆی بەڕێوەدەبات، خەیاڵەکانیشی لەنێو کۆشدا بەڕێ دەکات.

(مەحمود پاســا دەمێک بووحەزرەتی ماچکردنی منداڵەکانی بوو). (دڵزار حەسەن،٢٠١٩، ١٧٢). (دەمێک) نیشانە و ئاماژەیە

بۆ کات، بەڵام دیار نییە مەبەستی لەم دەمە (کەیە و چەندە و چۆنە). دەمێک دەکرێت ماوەیەکی (کورت)، یان (درێژخایەن) بێت، واتە نیشانەی کات لەنێو دەقدا پەیوەندی بەدەوروبەری بەکارهێنانەکەیەوە هەیە و دەتوانرێت شیکردنەوەی جیا جیای بۆ دیارخستنی کات و نیشانەکانی کات بەبەستنەوەی بەدەوروبەری کۆمەڵایەتی دیاربکرێت.

## دەستەواژەی واتایی

دەقنووس لەڕێگەی هەندێک دەستەواژە، کە ئێمە تەنیا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین، وێنەیەکی دیار و پڕ کێشە و هەمەلایەنەمان پێ دەبەخشێت. لەوانە: (لەسەرەوەی گشتی خەڵک دابن، جەستەیان بنووسێت بەکورسییەوە، مەکر، هونەری هەڵخەتاندن، خەڵک خۆیان دەسەڵاتدار دەخولقێنن، دەبێ بازووی خۆت بۆ خۆت بێت، دەوڵەت دەوڵەتە و خەڵکیش خەڵکە، کۆیلەی ئادیا و حیزب و سەرکردەکانیت، خۆیان سەردار و ستەمکار دروست دەکەن، سەردەمی تاریکی، دەسەڵات و کورسی...تاد).

ئەم دەستەواژانە، ڕاستە ڕەگەزی (ڕەوانبێژی، دوو واتایی تێدا نییە و ڕاپەڕاندنی کردەی هزری و کردەی بەرجەستەی) تێدایە، بەڵام دەکرێت ئەم دەستەواژانە بەشێوەیەکی دیکە لێک

درێنەوە، کە کۆمەڵگەی ئێمە ئەم کێشـــــە و بیرکردنەوە و هەڵسـوکەوت و کردە ڕەخنەلێگیراوانەی تێدایە، بۆیە، کە دەڵێت لەسەرەوەی خەڵک بن، واتای (خۆسەپێنی، ناعەدالەتی، بەناڕەوا گەیشــتنە دەســەڵات، نەبوونی شــیاوی لەپایە و پلە و غەدر و ئاوڕنەدانەوە لە خەڵک و کێشـەکانی و دروسـتبوونی دیوارێکی بەرز لەنێوان ئەوان و خەڵک.. تاد) دەگرێتەوە. (جەســـــتەیان بنووسـێت بەکورسـی) بەکورتی واتای مانەوە لەدەسـەڵات بۆ هەتا هەتایێ پیشـــــان دەدات، واتای دیکتاتۆریەت و نەبوونی دیموکراسی و دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردن و نەخۆشـــــی دەســـــەڵات دەگرێتەوە. ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوەیە واتایەک، یان پتر لەواتایەکی شیکردنەوە و ڕاپەڕاندنی کردەیەکیان تێدایە..

دەوڵەت دەوڵەت و خەڵکیش خەڵک، واتا هاوســـــەنگکردنی ئەو دوو شتەیە لەگەڵ یەکتر، یان دەبێت خەڵک لەوە بگات دەسەڵات و ئەرک و مافی دەوڵەت و خەڵک جیاوازە. ئەمە بەراوردێکە، پتر لەدەربڕینی گشتی ئاسایی ڕۆژانە دەچێت.

## کردەی پەیوەندیکردن

لەپێناو گەیاندنی پەیام و مەبەستی نێو دەقەکە لەنێوان نێرەر و وەرگر ئەنجام دەدرێت، لەپێناو بەدیهێنانی کردەی تێگەیشـتن و

درککردن و کارتێکردن، کە پشــت بەگوتار دەبەســتێت، لەپێناو بەدیهێنــانەوەی گوتــارێکی نوێ هەر دەقێــک پێویســـتی بە(کارەکتەر و نێرەری بەرجەســـتە و پەیوەندیکردن ، ئینجا کــارتێکردن و جووڵان و بەرهەمهێنــانەوەی خودی دەقەکە دەبێت.

کــردەی پەیــوەنــدی لەم دەقە لەڕێــگەی قســـەکەر و کەســایەتییەکانەوە ئەنجام دراوە، کەســەکان لەئێســتا و ئایندە قسە دەکەن، هەندێکیان باسی ڕابردوو، هەندێکیان باسی ئایندە دەکەن. هەندێکیان لەنێو خۆیاندا قســـە دەکەن. ئامانجیان وەسفکردنی دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتەی خەڵک خۆی سەرکردە و پاشـــا و ســـەرۆکەکانی دروســـت دەکات، ئەوانیش خۆیان بەتاکە دەســەڵات و ســەرچاوەی هێز و بڕیار و بیرکردنەوە و دیتن و فەرمانەکان دەزانن، تاکو دەگاتە خۆ چوواندنیان بەخوا. ئەم پەیامە بۆ ئەوەیە وەرگر گوتارێکی نوێ بۆ ڕەتکردنەوەی دەســـەڵاتی خۆســـەپێنی بۆ ماوەیی بەرهەم بهێنێتەوە، چونکە کردەی پەیوەندیکردن لێرەدا مەبەســـتی ئەوەیە پێناســـەی هەقیقەتی دەسەڵاتی خانەوادە و پاشایەتی بکات، کە دەسەڵاتێکە پێچەوانەی نوێبوونەوە و کرانەوە و فرەیی و ئــازادی بیرکردنەوەیە. گوتــارێکە کردەی تــاکڕەویی لەدەســـەڵات ڕتدەکاتەوە، کار بۆ دونیایەکی هاوبەشی یەکسان دەکات.

واته پەیامەکە لەچوارچێوەی کردەی پەیوەندیکردندا ئاراستەی ئەم وەرگرانە کراوە (ناڕاستەوخۆ خودی دەسەڵاتدارانن)، (خەڵکی هەژار و چەوساوە و بەکۆیلەکراو)، (چین و گروپێکی ڕەخنەگری خودان مەعریفەن)، لەنێو خودی دەقەکەشدا (گوتارەکە ئاراستەی گوێگرانی نێو دەقەکە، یان خودی قسەکەران و کارەکتەرە قسەکەرەکان کراوەتەوە). لەهەمووشی گرنگتر کردەی پەیوەندیکردن لەپێناو بەدیهێنانی (خوێنەرە).


بنەمای بنەڕەتی کردەی پەیوەندیکردن لەم دەقەدا ڕاپەڕاندنی گوتارە لەڕێگەی بەکارهێنانی نیشانە و کەرەستەکانی بۆ دروستکردنی پەیامێک و کارتێکردن لەسەر وەرگر و گوێگر و خوێنەرەکانی. کردەیەکی ئاڵۆزە، هەمەجۆرە، چەندین ڕێگە و شێواز و کەرەستە بۆ بەدیهێنانی پەیوەندیکردن لەخۆگرتووە. لەوانە (کارەکتەرەکان، دەق، کتێب، ناونیشان، وێنەی سەربەرگ، خودی نووسەر)، ئینجا ( زمان و دەنگ و وشە و ڕستە و گوتن و وێناکردن و وێنەی نێو دەق و واتا و کردە ..)، سەرباری سوود وەرگرتن لە (هێما و نیشانە و ڕەمزە واتایی و مادییەکان) بۆ ڕاپەڕاندنی کردەی پەیوەندیکردن ئەمانەش هەر هەموویان لەچوارچێوەی کەرەستە و شێواز و زمان و سیمیۆلۆجیا بەکارهێنراون. تەنیا کاری کردووە (کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەریت و ڕێسا چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و هەتا وەسف و شێوازی گێڕانەوەشی) وەکو

ئـامراز و هۆکـارێـک بۆ دروســـــتکردنی بنەمـا و شـــێوازی پەیوەندیکردن بەکار بهێنێت.

## کردەی تێڕوانین

"کردەیەکی مەعریفی و درککردنە لەڕێگەی فکر و هەستەکانەوە" (جویـدة حمــاش، ٢٠٠٧، ٤٠). لەچوارچێوەی ئەم کردەیەدا دەقنووس دەیەوێت وێناکردنی هزری و مەعریفە و توانســت و هەســـــتونەســــت و لێکدانەوە و بیرکردنەوەی خۆی لەڕێگەی دەرخستن و باسکردنی شتەکان پیشان بدات.

وێڕای ئەو نــاکۆکییەی فکری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و خـودیـیەی لەڕێـگەی زمــانەوە لەنـێـوان (مـیـر مـوحەمەد و خانەوادەکەی) وەســــفکراوە، ناکۆکییەکە لەنێوان ســــەرکوتی دەسەڵات و ڕابوونی سەرکوتکراوی بێ دەسەڵاتە. تاکو دەگاتە ئەوەی تێڕوانینە فکرییەکانی لەم وێنە هزرییەدا پوخت بکاتەوە. (دەزانی هەموو ئەو باڵاخانە هەور بڕانە لەســەر شـانی کرێکار و زحمەتکێشــان دروســتدەکرێت، بەس خۆیان توانای ئەوەیان نییە شــــەوێـک تێیـدا بخەون، بۆیە ئێمە دەبێـت هــاوڕێی دەســــتەماندووەکان بین و دووریان خەینەوە لەو جەنگە بێ حەوســــەڵەیەدا، دەبێ بۆیەک دۆســــتبین، تیکێک نان بەیەکەوە کەرتبکەین..). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٠).


کردەی تێڕوانین
مەعریفی
درککردن
فکر
هەستەکان

تێڕوانینێکی سـۆسـیالیسـتیانه و دادپەروەرانەیە، بەڵام گوتنەکە لەژێر کاریگەری ســـۆزدا وەســـف دەکات. گریمانەی نێو ئەم وێنەیە ئەوەیە: لەسەردەمی نووسینی ئەم دەقەدا نادادپەروەریی، بەکارهێنانی هێزی کار، کە پشـــت بەچەوســـانەوە دەبەســـتێت هەیە. زوڵـمـی چـیـنـایەتـی و کـۆمەڵایەتـی لەکـرێـکـاران و زەحمەتکێشـــان و جیاوازی چینایەتی دەکرێت، کردەی فەرمان و هوشـــداری و بەئاگاهێنانەوە و هاندان و جۆرێک لەڕیکلامی ســـیاســـی لەوشـــەی (بۆیە ئێمە دەبێت) بەدی دەکرێت. ئەو لەبەرەی (من/ دەســـەڵات و پاشـــا و چەوســـێنەرەکان و زولم دایە)، لەهەمان کاتدا دەچێتە بەرەی (ئەوان/ بێ دەســـەڵاتەکان، چەوســـــاوەکـان، میللەت و کرێکـاران و زەحمەتکێشـــــان و زولمێکراوان). لەم گوتنەدا پەیـامی هـاوکـاری و پـاڵپشـــتی و گۆڕینی ئینتما لەچینێکەوە بۆ چینێکی دیکە هەست پێ دەکرێت.

نووســـیویەتی: (بە قووڵایی پەیامەکەی هەمیشـــە لەنێو دەنگی نایەکەی وەک ئاوازێکی جاویدانی دەردەچوو، وەک مۆسیقایەکی لە ڕۆح داتاشـراو تێیدەڕوانم(١)). (دڵزار حەســەن، ٢٠١٩، ٧٤). (توانـای بینین(٢) و بیرکردنەوەی مرۆڤ تەواوەک شـــەکەت دەبێـت). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٧٥). (ئەوانەی دەبینین(٣) چاکترن لەوانەی ســەلیقەی بینینیان (٤) کزە)، (دڵزار حەســەن، ٢٠١٩، ١٠٢). (کورم پێم خۆشـــە بڕۆیـت خولێکی فێربوونی مۆســـیقا بۆ خۆت ببینیت (٥)). دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٠٨).

(وەکو پاڵەوان و کەســــایەتییەکی تایبەت لێیاندەڕوانی (٦)). (دلْزار حەســەن، ٢٠١٩، ١١٠). (ئەم ڕوانینە (٧) جیاوازانەی میر بۆ هەر شـتێک زیاتر ئەویان پەلکێشـی نێو هەسـتەکانی دەکرد زیـاتر لەجـاران بـاڵی دەگرت دەفڕی بە نێو دوو دنیـا جیاوازەکەیدا...). (دلْزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١١٤). ( وەکو دوو دیاردەی بێ وێنە تێیاندەڕوانن (٨)، پتر لە دوو شـــێت دەچن لەوەی وەک دوو جەنگاوەر دەرکەون (٩)). (دلْزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٢٨).


شـیکردنەوەی دۆخی هەریەک لەو (بینین و تێڕوانیانە) بکەین، هێزی بینین و کردەی هەســتپێکردن و درککردن و بەدیهێنانی کردەی کارتێکردن لەنێوان (شــتەکان و مەبەســتی شــتەکان) بەدی دەکرێت. لەســەرەوە ژمارەمان بۆ ژمارەیەک دەربڕین و گوتن داناوە، بەپێی ژمارەکان شیکردنەوە بۆ دۆخەکان دەکەین. (١- واتە نووسەر و قسەکەر سەیری ئەو دەکەن، هەڵوێست و لێکـدانەوەیە، بیروبۆچوون و دەربڕینە. بینین کردەیەکی فیزیکییە و وەســفێکی نادیاری گشــتییە. ٢- توانای بینین، وەســفێکە گومان لەتوانای بینینەکەی وەکو کردەیەکی فیزیکی دەکرێت. ٣- دەبینین واتـایەکی گشــتی کۆی هەیە، فیزیکییە، دەکرێـت لەهەنـدێـک دۆخـدا بەواتـای بیرکردنەوە و توانـای لێکدانەوەش بەپێی دۆخ و دەوروبەری بەکارهێنانەکە واتای بۆ دیاری بکرێت. ٤- لێرەدا واتاکەی پتر بەلای توانای لێکدانەوە و

شـــیکردنەوە و خوێندنەوەی بابەتێک و شــتێکدا دەچێت. ئەگەر بینینی یەکەم فیزیکی بێت، بینینی دووەم هزرییە. ٥- بەشـداری بکەیت، واتە کارە.٦- لێیاندەڕوانی، ئەوان کە نادیارن لەویان دەڕوانی، (ئەوان لە ئەو)یان دەڕوانی. واتە ســـەیریان دەکرد و پلەو پـایەیـان بۆ دادەنـا. ٧- ئەم ڕوانینـانە، بەواتـای کردەی تێفکرین و وێناکردنی ناوەکی دێن. لێرەدا ڕوانین پەیوەســـتە بەئاســـت و توانســـتی بیرکردنەوەی فکری و هەســـتپێکردن و لێکدانەوە و ئایدیۆلۆجیا و درککردنی کەسێک دەربارەی شتێک، یان دیاردە و ڕووداوێک. ٨- تێیـان دەڕوانن (کۆمەڵێک کەس، لە کۆمەڵێک شت دەڕوانن، یان لەدۆخێک و دیاردە و ڕووداوێک دەڕوانن، کە لەیەک دانە پترە، بیریان لێ دەکەنەوە و سەرنجیان لێ دەدەن، کردەیەکی هۆشەکی و هەست و نەستە). (دەرکەون، جۆرێکە لەبینین، هەر شـــتێک دەرکەوێت، واتە لە هەســـتی بینینەوە شــتێکی بەرجەســتەیە، پرۆســەی بینینە بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ).

بینین لەهەموو وەســـفێکدا هەیە، (بینینی فیزیکی بەچاوەکان)، (بینینی هزری و وێناکردن و وێنەکردنەوەی وێنە بینراوەکانی نێو ئـاوێنەکـان و وێنەی نێو مێشـــــک و بیرکردنەوە و تێڕوانینەکـان، تەنیـا چۆن خۆی خۆی دەبینێـت، نـاخی خۆی لەئـاوێنەی نـاخی خۆیـدا دەبینێت، خەون، گفتوگۆ و ململانێی ناوەکی کەسێک). سـەرەتای دەقەکە بەپەیمانی بینین و بەیەکتر

گەیشتنی قسەکەر و کەسێک بەناوی (فەریبای دووشی) دەست پێدەکات و لەکۆتایی دەقەکەشدا، دەڵێت: (ئەستێرەی ژەنیار و فەریبای دووشی دەبووایە لە ٧-٩- ٢٠١٧ لەقاوەخانەی (مۆفیسکافێ) کە دەکەوێتە ناوەراستی پایتەخت کاتژمێر ٤ی ئێورە یەکتر ببینین، بەڵام بەبێ ئەوی هیچ هۆکارێکی دیاریکراو هەبێت فەریبای دووشی خۆی نەهات بۆ داوەتەکە).

لە دەقکی دیکەی نێو دەقەکە دەڵێت: (تا جگە لە وێنە و دیمەنی ئەوان هیچ شتێکی دیکە لە هۆشمان وێنانەبێت). (دڵزار حەسەن،٢٠١٩، ٧). لەم وەسفی گێڕانەوەیەدا زانیاریمان پێ دەدات، مەسەلەکە پەیوەندی بەکردەی بینین و هۆش و درککردن و کارتێکردن و کاردانەوەیە. لەهەستی بینیەوە بەرەو مێشک و درککردن و ئینجا کارتێکردن دەچێت، ئەم پرۆسەیە لەناوەوە ڕوودەدات، گوتارێکە لەناوەوە ڕادەپەڕێندرێت، تەنیا ئەو کاتە دەبینرێت و دەبێتە گوتارێکی دەرەکی، کە (کاردانەوەکە) بەرهەم دێت.



کردەی تێڕوانین و بینین لەنێو گوتارەکەدا ئامانجە، بینین لێرەدا وەکو تێڕوانینێک و گرێیەک و گریمانەیەک دەردەکەوێت. نە لەسەرەتادا (فەریبای دووشی) دەبینرێت و نە لەکۆتایی، کەواتە کەسایەتییەکە لەدەرەوەی بینین دایە، تەنیا وەکو وەسف و تێڕوانین و وێناکردن و بینینێکی خەیاڵی دەبینرێت ، ئەمەش وایکردووە لەشێوەی وێناکردنێکی قسەکەر و نووسەر و پێشگریمانەی خوێنەر و وەرگرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

ئەگەر مەسەلەکەمان لەبارەی تێڕوانین بەستەوە بەشیکردنەوەی پراگماتیکی هەواڵ لەنێو دەقی (ئەستێرەی ژەنیار)دا، دەگەینە ئەوەی لەڕوانگەی پراگماتیکدا بەدوای ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین، کە بەپێی تیۆر و زانستەکانی دیکە شیکردنەوەیان ڕەنگە بەقەد ئەمەیان ورد و یەکلاکەرەوە و هەمەلایەن نەبێت.

## کردەی هەواڵ

کردەی هەواڵ بەپێی شیکردنەوەی زمان، پشت بەنێوەڕۆک (ڕاستی و درۆ) دەبەستێت، ئەم جۆرە هەواڵەش ئامانجیان لەبنەڕەتدا گەیاندنی زانیارییە بەوەرگرەکان. هەواڵی ڕۆژنامەوانی لەشێواز و جۆری داڕشتنەکەی جیا دەکرێتەوە لەکردەی گەیاندنی هەواڵ لەنێو دەقێکی ئەدەبیدا. هەندێک پێیان وایە ئەم جۆرە هەواڵە بۆ دووجۆر دابەش دەکرێت ( هەواڵی

دروســـــت و هەوڵی خوازەیی). ئەوەی یەکەمیـان ســـوود بەهەواڵپێدراو دەگەیەنێت. ئەوەی دووەمیشـــیان، کە پێی دەڵێن هەواڵی دووبارەکراو، یان پێویســـتی هەواڵی ســـوودمەند، ئەم جۆرە هەواڵە بەمەبەســـتی گەیـانـدنی دروســـتی هەواڵەکە نەهـاتووە، بەڵکو لێرەدا (هەواڵـدەر دەیەوێت هەواڵپیـدراو لەوە تێبگـات، کە هەواڵـدەر زانـایە و ئـاگـادارە لەوەی ڕووی داوە، هەروەکو هەواڵپێـدراو پێی ئـاگـادارە). (د. ئیـدریس عەبـدوڵلا مستەفا، ٢٠١١، ٢٦-٢٧).

لە گێڕانەوەیەک لەبارەی کەسایەتی (لالۆ موراد) ئەم هەواڵەمان لەبارەی ڕاسـتی و درۆ پێ ئاشـنا دەکات: (لالە موراد جاری وا هەبوو خۆی خۆی فریودەدا ئەو مرۆڤانە توانای ئیدراککرنیان نامێنت)، ئینجا دەڵێت ( ئیدی دەست دەکەن بە خۆ فریودان یان ئەو کاتانەی نایانەوێت راستگۆ بن لەگەڵ خۆیاندا و کەتوونەتە دۆخی شـــــەرمەزارییەوە). تاکو ئاماژە بەوە دەکات (ئەو کات بەدوای ڕووە درۆزنیەکەی خۆیاندا دەگەڕێن). (دڵزار حەســەن، ٢٠١٩، ٧٨). بەپێی شـــیکردەوە و ســـەرنجدان لەهەندێک لەو قســـانەی کراون، لەم دەقەدا کردەی (خۆفریودان یەکســـانە بە ناڕاسـتگۆ بوون)، لەهەمان کاتدا (ڕاسـتگۆیی یەکسـانە بەگەڕان بەدوای درۆزنییەکەیان). دەقنووس هەواڵێکی ڕاســـتگۆیانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بریتییە لەپێـدانی زانیـاری لەبـارەی (لالۆ موراد). وەســـفی دۆخی درۆزنانە و ناڕاســـتگۆیی ئەو کەســـە

دەکات، بەڵام لەنێو هەواڵەکەدا ڕاستگۆیانە وەسفی کەسایەتی، نێو دەقەکە کراوە.  لەم هەواڵەدا دوو (کارەکتەر، دوو مەبەست و دوو دۆخی وەسفی) هەیە. یەکەمیان (کەسە وەسفکراوەکەیە لالۆ موراد) دووەمیان ئەو کەســەیە، کە هەواڵی وەســفەکەمان لەشــێوەی هەواڵ وەکو وەســف بۆ دەگێڕێتەوە (هەقایەتخوانی نێو دەق، یان خودی دەقنووســـەکە). دۆخەکەش دوو جۆرە: (یەکەمیان دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەســفکراوەکەیە، کە بریتییە لەدۆخی دەروونی و کەسی و کۆمەڵایەتی لالۆ موراد) ، دۆخەکەی دیکەش بریتییە لە(دۆخی هەســـتئامێز و تێڕوانین و بەرهەمهێنان و دارِشـــتنی خودی دەقەکە، کە لەلایەن هەقایەتخوان، یان دەقنووس سازدراوە).

لەکات و شــوێنێکی دیکەدا دەڵێت: (مرۆڤ لە کاتی خەواڵوویيدا درۆ ناکات، دەم و زمانی کەســـی خەوتوو درۆ ناکات). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٣٧). لەم هەواڵەدا دەیەوێت پێمان بڵێت من بەڕاســتگۆیی وەســفی دۆخی درۆکردن و درۆنەکردن دەکەم. کورد دەڵێت (زاری ســـوور درۆ ناکات)، بۆیە دەم نییە دەبێتە ســـەرچاوەی درکاندن و بێژتن و گوتنی درۆ، دەم شـــوێنێکە، وەکو کارگەیەکە دروســتبوونی دەنگەکان و دەربڕینی وشــە و قســـەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. لەکردەوەدا درۆ دیاردە و خووڕەوشـــتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، لای هەندێک بۆتە نەریت. پێم وایە نووســـەر، یان قســـەکەر دەبێت بەوریاییەکی

زۆرترەوە وەسفی پەیدابوون و دەرکەوتن و بەکارهێنان و شێوازی کارتێکرنی دۆخەکان بکات، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زانستییە، بەر لەوەی مەسەلەی وێناکردن و دارشتنی هەواڵ و گوتن بێت.

لەبوارێکی دیکەی وەسفیدا هەواڵی ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە (قەناعەتێکی درۆیینە لە هەستی ئەو خانەوادەیە دروست بووە و تەنها فێری ئەوەبووینە دەبێ شاعیر هوتاف بۆ مانەوەی ئەوان بکێشێت). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٢). کاتێک باسی (درۆ و ڕاستی) هەواڵەکان دەکەین، مەرج نییە لەنێو هەواڵەکەدا باس و بابەتێکی درۆ، یان ڕاست ئاماژە پێبکرێت، لەهەندێک کاتدا وەکو ئەم وێنە هەواڵە، وەسف و زانیاریمان لەبارەی پێکهاتەی دەروونی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی خانەوادەی پاشا پێشکەش دەکات، کە هەمیشە هەستی درۆزنانەیان بەسەردا زاڵە، حەز دەکەن مرۆڤ درۆیان بۆ بکات و شاعیر هوتافیان بۆ بکێشێت، لای دەقنووس بەپێی گریمانەی پراگماتیکی (هوتاف یەکسانە بەدرۆ)، یان بنەمای (هوتافلێدان) لەسەر درۆ و هەڵچوون و کۆیلەبوون و پاشکۆیەتی و ملکەچی ڕۆ دەنرێت، ئەمانە و هەڵچوونیش لەسنووری عەقڵ و لۆژیک دەردەچن و بەشێوەیەک لەشێوەکان فشاری بەرهەمهێنانی درۆ، بەزۆر درۆکردن و شێواندنی شتە دروستە گونجاوەکان لەئارایە.

درۆکردن بۆ وەســـفی یاســـەمینی دڵشـــیرین بەم شـــێوەیە بەکارهێنراوە، (یاســـەمینی دڵشـــیرنیان بینیوە بە خۆیی و لەشکرێک لەجەنگاوەری شمشێر بێرەدا تێپەڕیوە، بەخۆیی و دنیایەک ســـوارچاکەوە ماندوویەتی خۆرهەڵاتیان لە کۆڵنابوو، بە خۆیی و جیهانێک نیگەرانییەوە لەســـووچێکی پایتەخت پشـــوویان دەدا. هەبوو دەیانگوت: دەمانبینی ســـواڵی نوێژ دەکات، هەمیشە وەکو سواڵکەرێک ژوور بەژووری پەرستگاکان دەگەڕا بۆ ئەوەی بە مرۆڤ بڵێت نوێژێک بەدیار تەنهای خۆیانەوە بکەن. دەمانبینی بە باوەشـــێک ژنی رووتەوە بێرەدا تێپەڕین، ...). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٦٦- ٦٧). لەم بوارەدا وەسفی سادەیی و کاریگەرییەکانی ئەو کەسە بەپێی دەروون و تێڕوانینی خەڵک دەکات. هەقایەتخوان، یان نووسەر وەسفی درۆزنایەتی وەســـفکەرانەی خەڵکمان لەبارەی یاســـەمینی دڵشیرین بۆ دەکات.

لەهەواڵێکدا، کە پشـــتی بەزانیاری و گەیاندنی پەیامێک بەخوێنەرەکانی بەســـتووە دەڵێت: (کەوتبوونە نێو هەزاران جۆری درۆکردنەوە، لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤەکان بەســـەر درۆ و ڕاســـتیدا دابەش ببوون). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٦٦). بەپێی شـــیکردنەوەی پراگماتیکی لەم هەواڵەدا ئەم شـــتانە لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: درۆ جۆری زۆر، هەزاران جۆری هەیە و لەدەستەواژە و شێوازی دەربڕین لەنێو زمانی کوردی ئەم شێوە ئاخاوتنە و پفدانە هەیە، کە خۆی لەخۆیدا جۆرێک لەدەربڕینێکی درۆیانەی خۆڕسکی لەخۆگرتووە.

دووەم: ڕۆژگار: کاتێکە، بەڵام دیار نییە بەشێوەیەکی دیاریکراو ســــاتی درۆکردنەکە کەیە، واتە دیارنییە کردەی درۆ کردنەکە لەچ ساتێک لەنێو ڕۆژگارەکەدا ڕوویداوە.

سێیەم: خەڵک بۆ سەر دوو بەرەی (درۆ و ڕاستی) دابەشبوون.

چوارەم: وەســفی درۆ و کاریگەری و ڕێژە و هەســتپێکردن و بایەخەکانی کراوە، بەڵام هیچ وەسفێکی ڕاستی گوتن نەکراوە.

پێنجەم: بەرەی درۆ بەرەیەکی فراوان و چـالاک و کـاریگەرن، لەبەراورد بە بەرەی ڕاستی. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات و گریمـانەی ئەوەمـان بۆ دروســـــت دەکـات، کە نووســــەر لەسەردەمێکدا دەژیت، دۆر زۆر باڵادەست و باوە.

بـا نـموونەیەکی دیکەی زمــانەوانی لەدەرەوەی ئەم دەقە بهێنیینەوە یەکێـک لەوەڵامی دەقێکی یەک دێڕی گوتــارە پرســــیارێکی فێیس بووک نووســــیبووی (هەردووکیان درۆ دەکەن). خاوەنی گوتارە پرســـیارەکەش لەوەڵامی ئەم کۆمێنت نووســــە، نووســــیبووی (ڕاســــتیەکی زۆری تێدایە). واتە

گوتارەکەی ئەو لەسەر دەقی گوتارە پرسیارەکە ڕاستی تێدایە. لەبنەڕەتدا بابەتەکە بریتییە لەهەواڵێکی زۆر زۆر کورت. دەبێت ئەوە بڵێین خودی هەواڵەکە ڕاستە، هەرچەندە نێوەڕۆکی هەواڵەکە (باسی زانیاری درۆ دەکات)، ئەمە وەکو (درۆیەکی ڕاست) بڵاوکراوەتەوە. کۆمێنت نووسەکە بەڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆی دەڵێت هەردووکیان درۆ دەکەن. ئەوی دیکەش دەڵێت (قسەکانی ئەوان) و (کۆمێنتەکەی) تۆش ڕاستییەکی زۆری تێدایە، بەڵام نەی گوتووە بەتەواوی ڕاستن، واتە گومان لە قسەی تۆ و ئەوان و هەواڵەکەش هەیە. لەم دۆخەدا پشتڕاستکردنەوەی (دەربڕینی ڕای کۆمێنت نووسەکە) و (هەواڵەکەی) پیشان داوە، ئەمەیە ئەرکی زمان و ڕاپەڕاندنی گوتار.

لەکردەی هەواڵدا ئامانج گەیاندنی زانیاری و ڕوونکردنەوەی کێشەکان و ئاماژە و سەرچاوە و دیارکردنی کات و شوێن و لایەن و شتە پەیوەندیدارەکانە، لەگەڵ ئاماژەکردن بەهەست و نەست و فکر و لێکدانەوە و شیکردنەوەی دۆخی دەروونی و دەوروبەری تایبەتی هەندێک لایەن و کەس، کە پەیوەندییان بەڕووداوەکانەوە هەیە، یان زانیارییان لەبارەیەوە هەیە. هەواڵی نێو دەقێکی ئەدەبی پشت بەگێڕانەوە و وەسف دەبەستێت، بەدوای ڕەوانبێژی و واتا و فرە واتایی و وێناکردندا دەگەڕێت،

زمانێکی چڕ، فره ڕەهەند و ئاست و ئەرک و دەربڕین و کاری پراگماتیکییە.

هەواڵە خوازەییەکان، کە پتر پەیوەندییان بەدەقی ئەدەبی هەیە بەپێی شـیکردنەوەی زمانەوانی دابەشـی چەند جۆرێک کراون. (د. ئیدریس عەبدڵلا مستەفا، ٢٠١١،٢٩- ٣٥)، لەوانە:

**یەکەم: هەواڵ بۆ گەورەکردن و پفدان.**

لەم جۆرە هەواڵەدا نێرەر کار لەســـەر گەورەپیشـــاندان، یان زیادەڕۆیی لەوەســـفکردن، یان وەکو بەشـــێک لەنمایشـــێکی لەخۆی گەورەتر و لەهەندێک دۆخیشـدا گەورەکردنی (بابەت و ڕووداوەکان و وەســـفی کەســـەکان، لەپێناو بچووکردنەوەیان) بەکـاردەهێنرێـت. بۆ نموونە کورد دەڵێـت (کەرێکی گەورەیە)، ئەمە وەسفێکە بۆ بچووکردنەوەی کەسەکە، نەک گەورەکردنی، کەچی وشـــەی (گەورە)ی تێـدا بەکـارهێنراوە، کە واتـاکەی (بچووک) کردنەوە دەگەیەنێت. بـا نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە بۆ گاڵتەپێکردن و پلارلێدان دەڵێن (کابرا دەڵێی پاشـــایە). ئەم پاشـــایە بەواتای گەورە و ڕێزگرتن بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بۆ سوکایەتی و پلار و بچوک کردنەوەیە. دەقنووس دەڵێت:

(+بۆچی بۆ منی باسدەکەیت.

ـ پێم خۆشە بیکەیتە ڕۆمانێک

+ یانی ئەوەندە گرینگە تا بیکەمە نووسین؟

ـ بەتەلەفۆن ناگوترێت، پێم خۆشـــە لە دەرفەتێک یەکتر ببینین و بە وردی بۆتی بـاس بکەم). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٤). قسـەکەرێک، قسـە بۆ چیرۆکنووسـەکە دەکات، واپیشـان دەدات بـابەتێکی گرنگ و گەورەی لایە، لێرەدا (گەورەکردن و پفدانی بابەت و ڕووداوەکانە)، لەهەمان کاتیشدا گوێگر بەسەرسامی و پرسیار و گومانەوە وەڵام دەداتەوە، بەڵام وەڵامەکەی لەشێوەی پرسـیارە، شـێوەیەکی پراگماتیکی لەخۆگرتووە. کە دەڵێت (یانی ئەوەندە گرنگە تا بیکەمە نووسین؟). لەشیکردنەوەی پراگماتیکدا (یـانی) کە ئـامـاژەیە بۆ گومـان و پرسـیـارێکی تەژی لەسـەرسـوڕمان بۆ (کەمکردنەوەی بایەخ و پێگە و بەهای ئەو شـــتە بەکاردێت، کە باس دەکرێت). (ئەوەندە) ئاماژەیە بۆ پێوانەکردن، (گرینـگ) لەڕووی پراگمـاتیکییەوە بەواتـای گومانکردن لەگەورەیی و گرنگی بـابەتەکە دێت، کاتێک دەڵێن (بـابەتێکی گرنگە، قســـەکانی گرنگن) ئەمە واتـای گەورەیی و بایەخ و بەهایەکی بەرز پیشـان دەدات، بەڵام ئەوەی نووســەر لێرەدا وەکو نیشـانە و ئاماژە بەکاریهێناوە ئامانج و مەبەسـتی، دروســـتکردن گومـانە لەبـارەی چەمکی (گرینگی بـابەتەکە) و مەبەستی کەمکردنەوەی بایەخی بابەتەکەیە. بەپێی دەوروبەری بەکـارهێنـانی ئەم دەربڕینە دەکرێـت ئـامـاژە بەوەش بکەین

(چیرۆکنووس لەقسەکردنەکەیدا مەبەستی ئەوەیە هەندێک خۆی گران بکات، یان واپیشان بدات توانا و پێگەی بەرزترە لەم جۆرە بابەتانە) بەمەش خۆی بەرزدەکاتەوە و خۆی گەورەتر لەبابەتەکە نیشان دەدات. بەشێوەیەکی دیکە لەپێناو بچووکردنەوەی بابەتەکە لەجیاتی بەکارهێنانی وشەی (ڕۆمان دەڵێت نووسین)، ئەمە ناڕاستەوخۆ گەورەکردنی خودی چیرۆکنووسی بەرانبەر بچووکردنەوەی بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی تێدایە.


(بژی سەرۆک، بژی سەرۆک....)


ئەم دەستەواژەیە بۆ پیشاندانی گەورەکردنی وشە و کەسایەتی و پێگە و دۆخی سەرۆکە، پێشاندانی کەسی یەکەمی نێو دەسەڵاتە بەگەورەیی.... ئەم گەورەکردنە خۆی لەهەڵوێست و ئایدیۆلۆجیا و فکر و باری دەروونی و تێڕوانی کۆمەڵایەتی خەڵک دەنوێنێت. بریتییە لەکردەی (پاڵپشتی، خۆشەویستی، هاندان، نمایش و تەمسیلی لەبۆچوونی خەڵک، نمایشی پێگەی کەسایەتی سەرۆک، کاردانەوە، هەروەها پاساو هێنانەوەشە لەلایەن هەقایەتخوان بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەم گێڕانەوە و وەسفەدا، باسی دەوروبەری کەسانێکی دیکە و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی لەبارەی کەسانی هاوشێوەی ئەم بابەتە بکات. واتە دیسان (گەورەکردنی سەرۆکی لەڕێگەی هوتافەکان) بۆ پلارگرتن و کەمکردنەوەی بایەخی سەرۆک

بەکارهێناوە، بەمەش کردەی بچووکردنەوە، لەڕێگەی پیاهەڵدان و گەورەکردن، هەروەها ڕەخنە و پلاری لەڕێگەی ســـتایش و پیاهەڵدان بەرهەمهێناوە.

وەســـفی گەورەکردن ..... کردەی لێـدانی پێگە و بەهــا و بچووکردنەوە

وەســـف لەڕێگای هوتاف لێدان .......... کردەی پلار و ڕەخنەی بەرهەمهێناوە



## دووەم: هەواڵی پیشاندانی لاوازی و ترس

(هەمیشـــە دێوەزمەکان خەیاڵە نەفرەتیەکان باســـی ئەو کتێبە تـاریکەیـان دەکرد کە مـایەی دڵەخورپەی زیـاتر بوون مـایەی رەشبینی بوون، گشتیان وەک پاکێجێک وابەستە بەیەک مایەی خەم و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بوون، لەسەر ئەم خاکەدا لەم شـــارە بێ ئاســـمانەدا لەم پایتەختی وەیشـــوومەدا.. ). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٧٠). (خەیـاڵی نەفرەتی + کتێبی تـاریـک = دڵەخورپێ، زیادبوونی ڕەشبینی، خەم، ئێش و ئازار، شاری بێ ئاسمان و پایتەختی وەیشومە). ئەمانە ژمارە وەسفێکی کردەی ترســن، کردەیەک، کە ســەرچاوەیەکەی بەپێی دەوروبەری ئەم دەربڕینە (خەیـاڵی نەفرەت و کتێبی تـاریکە). ســـەرچـاوەی ترسەکەش یەکێکیان ناوەکیی و دەروونی و هەست و تێڕوانین و جەنجاڵیی خودی مرۆڤە. دووەمیان دەرکییە، بریتییە لەکتێب کە خراپ و ڕەشـە. بێگومان ڕەنگی ڕەش بەشـێوەیەکی گشـتی ســەرچاوەی خەمگینی و ناخۆشــی و لێقەومان و هەڕەشــە و خراپەکـارییە. ئەوەی جێگەی پرســـیـارە ئێمە دەزانین کتێـب بەگشـتی سـەرچاوەی ڕۆشـنایيە، نەک تاریکی، بەڵام دەقنووس واتا و هێما و ڕەمزەکانی لەم کات و شوێنەدا هەڵگێڕاوەتەوە و پێچەوانەی کردۆتەوە.

لەبەشـــێکی دیکەی دەقەکەدا دەڵێت: (بەردەوام بیری لەجۆرێک لەخۆکوشـــتن دەکردەوە)...(دەیویســـت لەکەناری دەریایەک

دابەزێت و  لەبەردەم شەپۆڵە لاواز و کزەکانیەوە خۆی ونبکات)، (هەندێک جار کە دەگەڕایەوە بۆ رابردوو بیری لە ڕۆحە نەفرەتیەکەی دەکردەوە).(دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٧٧). لەم سێ وێنەیەدا کردەی ترس وەکو گوتارێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزری نمایش کراوە. (خۆکوشتن) کردەیەکەی دەروونییە، (خۆی ون بکات) هەڵوێست و بڕیارە لەبارەی شتێکەوە دەدرێت، کە لەسەر بنەمای کاردانەوە دامەزراوە. (رۆحی نەفرەت) ئەمەش لێکدانەوەیەکی دەروونی سەختە. لەم سێ کردەیەدا کە هەریەکەیان پەیوەستن و پشت بەکارێک دەبەستن، یەکەمیان (خۆکوشین وابەستەی کاری بیرکردنەوەیە) و (کاری دابەزین، کردەی خۆونکردنی بەدوادا دێت) و (کاری گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ڕۆحی نەفرەتی) بەرهەم دەهێنێتەوە.  سێ کاری ئاسایی، بەڵام سێ بەرهەمهێنانەوەی ترسناک و نائاسایی.

لەشوێنێکی دیکەدا لەوەسفی کاتێکی دەگمەن و هەستیاردا دەڵێت: (گوێم لە ناڵە ناڵی قووڵترین گریانی ژن دەبوو ئەو ژنانەی شۆڕشێک لە حەسرەتەکانیاندا هەیە، یاخیبوونێک لە دوای سێکسکرن لەچاوەکانیاندا هەستی پێدەکرێت، تەنها ژنەکان دەزانن دوای رەحەتبوون پیاو چ بوونەوەرێکی سامناکە، چ مەخلوقێکی چڕنووک درێژە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٦٦). لەم وێنەیەدا ترسی ئافرەت لەپیاو  نیشاندانی

دڕندەیی پیاو دوای تێربوونی چێژی سێکسی پیشان دەدات، کە ئافرەت چۆن ترس و تۆقان و شلەژانێکی دەروونی لادروست دەبێت. ئەم ترسەی ئافرەت لە(وەسفی پیاو بە مەخلووقێکی چڕوونک درێژ) دەردەکەوێت. لەشیکردنەوەی پراگماتیکدا دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم وێناکردنانەدا، ترس لای ئافرەت پیشان بدرێت:

یەکەم: ئافرەت ئازاری دەروونی و جەستەیی دراوە.

دووەم: پیاو ئافرەتی ترساندووە.

سێیەم: پیاو دڕندە و ئازار بەخشە.

چوارەم: پیاو دوای چێژی سێکسی، دەبێتە کەسێکی سادی ئازار بەخش.

پێنجەم: ئافرەت چەوساوەیە و پیاو چەوسێنەرە.

شەشەم: پیاو خۆی ڕەحەت دەبێت و ئاگری ناخی ئافرەتەکە دانامرکێنێتەوە.

حەوتەم: ئافرەت بەتەنیا هەست بەئازارە دەروونییەکانی سێکس دەکەن، پیاو بایەخ بەم هەست و نەستە نادەن.

## سێیەم: هەواڵی پیشاندانی پەژارەیی و ئاخ

(ئینســان دەرباز بکات لەو هەموو نا ئومێدییە ئای لە مۆســیقا ئای لە دەنگی نای، ئای لە یاســەمینی دڵشـیرین، هەر تۆ مایەی شــــکۆی بۆمـان..). (دڵزار حەســــەن، ٢٠١٩، ٧١). دەقنووس لەڕێگەی (دەنگی ئای) دەیەوێت وەسفی دۆخی نائومێدی بکات، چونکە لەڕێگەی دەنگی (ئـای) دەیەوێـت وەســــفی کـاریگەری مۆســــیقـا و دەنگی نـای بکـات، دەبێتە هۆی دەربـازبوون لەپەژارەیی و ئاخ هەڵکێشــان بۆســاتەکانی شـکۆیی. (دەرباز) نیشــانەی بوونی کاتێکی(ناخۆشــی و ئاخ و چەقینە لەدۆخێکی خراپـدا) لەرابردوودا، هەروەهـا (دەربـازبوون نیشـــــانەیە بۆ وەسـفی پاڕانەوە و هیواخسـتن و داواکارییەکی ناڕاسـتەوخۆ، نیشــــــانەی بوونی کێشــــە و گرفتە، شــــــانـازی و هێز و متمانەبەخۆبوون و نیشـــاندانی شـــانازیکردن بەخۆی تێدایە). (شـکۆش)، نیشـانەی (بێ شـکۆیی، یان شـکانی شـکۆیە)، لەم کردەیەدا گوتاری داواکردن بەرجەستەیە، کە دەیەوێت لەڕێگەی مۆسیقاوە لەدۆخێکی پەژارەیی خراپ، بۆدۆخێکی شکۆئامێزی باش بچێت.

لەبەشـێکی دیکەدا دەڵێت: (ئەم کەوتنەی بەسـەر خۆیدا، بەسـەر چـارەنووســــیـدا هێجگـار کوشـــنـدەبوو، هێجگـار غەمگین دەردەکەوت، کەســێ ئا لەم ســاتەدا میر محەمەدی بدی بوایە، هەســــتی دەکرد ئەو کەســــە ئیدی لە مرۆ ناکات رەش رەش

دەچۆوە، ڕەنگی ون ببوو لەنێو ئـازارەکـانی، ئەو تەواو دوورکەوتبۆوە لەخۆی.. ). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ١٧٤). کردە هەواڵی گەیـانـدنی (غەمگینی، کەوتن بەســـەر خودی خۆیـدا، کوشـــندە، لەمرۆ نەچوون، ڕەش هەڵگەڕان، ونبوونی ڕەنگ، ئازارەکانی..) ئەمانە هەمووی وەسفە هەواڵ و زانیارین لەبارەی پەژموردەیی و ئازارەکانی (میر موحەمەد).

ئینجا دەڵێت: (چ لەو هەموو دڵشـــکانە بکەم شـــار بۆمـانی جێهیشـــتووە، چ لەو هەموو غەمگینیە بکەم مێژوو بۆمـانی ڕاخســـتووە، من لەم مەعشـــووقە دڵبریـنـدارانە دەچووم سێبەرەکانیان پڕیەتی لە قوربانی، وەکو مرۆڤە خۆرهەڵاتیەکان ئەشـق دەیانکوشـێت). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ٢٤). گەیاندنی هەواڵی ناخۆشـــی و دڵتەنگی و ئازارە لەڕێگەی کردە هەواڵی (دڵشـــکان، غەمگینییە، دڵبریندار، قوربانی، کوژرانی دەســـتی عەشـــق..)، کە ئەم دەقە بەوردی کاری لەســـەر وەســـف و گەیـانـدنی زانیـاری و شـــیکردنەوەی نـاخی (کەســـەکـان و ڕووداوەکان و کێشـەکان و شـتەکانیش) لەڕێگەی کردە هەواڵ کردووە. چونکە:

یەکەم: (شـــار) شـــوێن و ناوە، وەکو بکەر دڵشـــکانی بۆ جێهێشـــتووە، بەڵام لەڕووی واتاییەوە دیار نییە مەبەســـتی چ جۆرە شارێکە، ئەم شارە لەکوێیە، گرفتەکانی شار چییە.. تاد؟. لێردەدا ڕێژەش، کە (هەموو)ە بەواتـای زۆر بەکـارهێنراوە.

پرســـياره (چ)ی تێدایە، لێرەدا قســـەکەر بە کۆ بەزمانی (ئێمە) دەئاخڤێت و دەڵێت (بۆمان).

دووەم: (مێژوو) شتە، بکەرە غەمگینی ڕاخستووە. بەزمانی ئێمە (بۆمان) دەئاخڤێت. (چ) بەکارهێنراوە، واتە بەســـەرســـامییەوە پرسیار دەکات، دڵنیا نییە بۆچی ئەو شتانە بوون.

ســـێیەم: مەعشـــوق ، ســـیفەتە، ناوە و بکەرە، دڵبریندراوە، پێکچوانـدنی تێکـدایە، کردەی قوربـانی وەکو ئـازار لەگەڵ سێبەرەکەیان ئازاریان دەدات.

چوارەم: ئەشق بکەرە و کاری کوشتنی ڕۆژهەڵاتییەکان ئەنجام دەدات. لێرەدا دوو، یـان پتری لەپەژموردەیی و ژان لەخۆ دەگرێت:

- ئەشق خەڵک دەکوژێت و تاوانبارە.
- ئەشـق خۆی کوشـتەی دەسـتی دڵکوژەکانە، قوربانی دەستی زۆردارانە.
- ئەشـق، لێرەدا وەکو زۆرلێکراوێکی ناڕاسـتەوخۆ، کە خۆشی قوربانییە، خەڵک دەکاتە قوربانی.
- لە شـــیکردنەوەی پـراگمـاتـیکـیـدا (بەراورد و بەیەکچوواندنێکی نادیارە)، کە دەڵێت (وەکو)، دیار نییە

> ئەو ئەشـــق و ئاشـــقەی باســـی دەکرێت (خەڵکی ڕۆژهەڵاتە، یـان ڕۆژئـاوا)، واتە ئەوروپـاییە، یـان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، لەوێدا لەکوێ دەژیت، دوور نییە خوێنەر بڵێ ئەمە مەبەســـتی کوردســـتـانی ڕۆژهەڵاتە. واتا واتایەکەی نادیاری تێدایە.

ئەم دۆخە نزیکە لەوەســـفکردن، خزمـایەتەکی بەهێز لەنێوان کردە هەواڵی پیاهەڵدان و وەســـف هەیە، ڕاســـتە دوو شـــتی جیـاوازن، بەڵام وەکـو تەواوکەری یەکـتـریش دەردەکەون. لەڕووی سـیمیۆلۆجییەوە وەسـف چەند جۆرێک لەخۆ دەگرێت لەوانە (ئەرکی شـیکاریی ڕەمزی: بۆ نموونە وەسـفی ناوەوە و دەرەوەی کەســـایەتی دەکرێـت. دووەم ئەرکی ڕازانـدنەوە: تێرکردنی خواســـتی جوانکـاریی لای خوێنەربێـت. ســـێیەم دووبـارە: پەیـوەنـدی نـێـوان ڕێـژەی دووبـارەکـردنەوەی ڕووداوەکـان و ڕێـژەی دووبـارەکـردنەوەی گـێـڕانەوەی ڕووداوەکەیە، ڕووداوێک ڕوودەدات و هەقایەتەکەی دەگێڕێتەوە و ئەمە چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە.) (عائشـــة بومعراف، ٢٠١٢، ٣٦)

## چوارەم: هەواڵ بۆ ئاگادارکردنەوە (تحذير)

(لەم جیهانە بیمارەدا هەموو ئەوانەی ڕۆژێک تیایدا ناوی یاسەمینیان هێنابێت، وەک نەهێنیەک هەمیشە واخۆیان دەرخستووە و ئیدی نەیانویستووە هەموو شتێک لەبارەی ئەوەوە بڵێن.. وەک پەیامی بێدەنگ و شاراوە لەنێوانیاندا هەبێت ئەوها خۆیان دەردەخست و ئاوها بێدەنگی و شاراوەیی لەنێوانیاندا دەمایەوە.). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٢٥). دەقنووس بەگشتی وەسفەکانی شکانەوەیەکی ڕاشکاو و ئاشکرایان بەلای (ئازار و بیمار و غەمگینی و ترس و شکان.. ) تێدایە، ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بەسەردەم و کات و دەوروبەری دۆخی نووسینەوەی پڕ (لەناکۆکی و ئازار و شکان و نائومێدی ئێستاوە) هەبێت. لەم دەقەدا ئاگادارمان دەکاتەوە، کە هەموویان نهێنی یاسەمینیان پاراستووە، ئەم کردە هەواڵە پشتی بەئاگەدار نەکردنەوە و شاردنەوە بەستووە، بەڵام ئامانجی گوتاری دەقەکە ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە لەو دۆخەی، کە هەموویان نهێنییەکان دەشارنەوە. لەم دەقەدا دوو کردە هەواڵ لەبارەی ئاگادارکردنەوە هەیە:

یەکەم: ئەو کەسانەی لەگێڕانەوەی نێو ڕووداوەکاندا باسیان دەکرێت (هەموویان) دیار نییە کێن، کردەی پێچەوانەی ئاگادارکردنەوە، پەیامی بێدەنگی و شاردنەوە ئەنجام دەدەن.

دووەم: دەقنووس، نووســــەر لەم کردە هەواڵیەدا بەخوێنەر و وەرگر ڕادەگەیەنێت، کە (هەموویان) نهێنیەکانیان شــاردۆتەوە. واتە لەهەر دەقێکــدا، یــان لەنێو هەر وشـــەیەکـدا بەپێی شــیکردنەوەی پراگماتیکی، لەگەڕان بەدوای هێما و دەربڕین و وشـــە واتادارە ســـیمیۆلۆجییەکاندا دەکرێت واتایەک، یان پتر لەواتایەک بگەیەنێت. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین:

(پەنجەرەکە بکەوە). ڕەنگە مەبەسـتمان بێت (ژوورەکە گەرمە)، یان (تەنگە نەفەس بووین)، (بەئاگاهێنانەوەی کەسی بەرانبەرە)، (ڕەنگە بەپێچەوانەوە پەنجەرەکە کراوەبێت)، (یان بۆ دنەدان و لاقرتی بەکاربێت). ئەمە ئەرکی زمانە لەڕاپەڕاندنی کارێک، یان گەیاندنی هەواڵێک.

دەقنووس لەشـــوێنێکی دەقەکەیدا دەنووســـێت: (بۆ خۆشـــم نەمدەزانی بۆ ئـاوڕێک نـادەمەوە، هیچ نەبێـت دەبوا ئـاوڕێک بدەمەوە تا بزانم ئاخۆ نیگای ئەو ئاپۆرایەی خەڵک تا کوێ پڕ دەکات.). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٢٧).

لەم کردە هەواڵەدا (دەیەوێت خۆی ئاگادار بکاتەوە، واتە قســـە لەگەڵ خودی خۆی دەکات، یان وەسفی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، خوێنەر لەبەسـەرهات و هەسـت و کاردانەوەکانی خودی خۆی ئـاگـادار دەکـاتەوە، چونکە لەدۆخێک دایە نـازانێت بۆچی ئەمە ڕوویـدا. لەشـــیکردنەوەی زمــانـدا دەربڕینی ( بۆخۆشـــم

نەمدەزانی)، ئەوە دەگەنێت، (من خۆم ئەوەم نەدەزانی، خەڵک چۆن دەیزانن)، زانین بەشـــێکە لەکردەی (ئـاگـادار بوون). (نەفیکردنی تێدایە)، پێداگری لەسەر ئاوڕدانەوە دەکات، دۆخێکی دەروونییە (ترســـی هەیە، نیگەرانە، ئیرادە و هیمەت نییە، گێژبوونە... تاد).

## پێنجەم: هەواڵ بۆ سەرنجڕاکیشان (ترساندن) (توبیخ).

(ئەترســـا ڕۆژێک پێی بزانن و ئابڕووی بەرن یان نێربازەکان پێی فێربن و کەسـێتی لەکەدار بکەن، پایتەخت پڕ بوو لەنێرباز و دوودەگی خەڵکی لەپەڕی دونیادا دەهاتن بۆ پایتەخت). (دڵزار حەســەن، ٢٠١٩، ٤١). وەسـفی دەروونی کەسـێک دەکات، کە پڕواپڕە لەترس، ئەو بـارودۆخەی تێیـدا دەژی ترســـناکە، تۆقێنەرە. کردەی هەواڵی (ترس، ســـەرنجڕاکێشـــان و پێدانی زانیاری و ئاگادارکردنەوە و هوشداری و ڕەتکردنەوە و نمایش .. )هەیە. لەم سەرنجڕاکیشانە چەند کردەیەکمان لا بەرجەستە دەبێت:

- هاتنی خەڵکی بێگانە سەرچاوەی پەیدابوونی نێربازییە. (ســـەرنجڕاکێشـــان و وریاکردنەوە و زانیاری پێدانە، دیارکردنی سەرچاوەی گرفتەکەیە).

- سەرنجی کەسەکە ڕادەکێشێت، کە وریای خۆی بێت و کردەی وریاکردنەوەی تێدایە.

- زانیاری بەخوێنەر دەدات و سەرنجیان ڕادەکێشێت، ئەگەر ڕێگەیان کەوتە شار خۆیان بپارێزن.

- سەرنجڕاکیشانی کارەکتەرەکەی تێدایە، خۆی نەداتە دەست ئارەزووە دەروونییە سێکسییەکانی. ئەگەر نا تووشی (ئابڕوو چوونی دەکات).

(پاشاکان ئەو کاتە خۆشتر دەژین، کە هەژار و ڕەنجدەر و خەڵکی خوارەوە ژیانیان وەک دۆزەخ لێبێت، بەهەشتی ئەوان لەدۆزەخی هەژارەکان دایە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٤٩). کردەی سەرنجڕاکیشان ئەوەیە پێمان دەڵێت هەژارەکان وریابن، پاشاکان ئێوەیان بەمجۆرە دەوێت، هەر شتێک بوو، ئێوە خۆتان لێی بەرپرسن، ئێمە ئێوەمان ئاگادار کردەوە.

(لەسەر ئەم کورسیەدا لەنزیک ئەم ژیانە ستەمکاریەدا چەند ناشیرین دیاری، چەند بێ چارە دەردەکەویت. ئێمە تازە لەم دنیا سەرمەدیەدا چەقیوین، ئیدی ناتوانین ئاوڕ بدەینەوە و بگەڕێینەوە، یانی من چیتر ناتوانم بگەڕێمەوە، یانی ئێمە خراوینەتە نێو تەلیسمێکی ترسناکەوە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٦٤). کردە هەواڵی سەرنجڕاکیشان خۆی لەوە دەنوێنێت، کەچی دیکە ناتوانن بگەڕێنە دواوە، چونکە (کورسی و

ستەمکاری) سەرچاوەی ئەو نەگەڕانەوەن، مەسەلەکە پەیوەندی بە(غەداری) دەسەڵات و پاشخان و ئاکامی خراپەکارییەوە هەیە. بەناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات، کە (کورسی و ستەمکاری) هۆکارن بۆ سەرنجڕاکێشان و هۆکار بۆ نەگەڕانەوە و چەقین لەسەردەمێکی سەرمەدی و تەلیسماوی ترسناک).

## شەشەم: هەواڵ بۆ جووڵاندنی ورە (الهیمة)

(وەک ئەوەی لەبێهۆشییەکی زۆر دوورو درێژ بەئاگابێم، وەک ئاگاییم بەگژ گیانم دابێتەوە بەو شێوەیە وریابوومەوە، بەجۆرێک چاوم بڕیە خۆم ئیدی هیچ گومانێکم نەما کە من هێشتا لەسەر دوو قاچی خۆم وەستاوم....گەلەک هەنگاوم دەنا لە خەیاڵدا هەستمدەکرد ئیدی بەشێوەیەک غاردەدەم ئیدی کەس ناتوانێ پێشم کەوێت، ئەوەندە لەخۆم دوورکەوتمەوە بیرم نەما خۆم ئێستا لە کوێم...). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٦٧).

لەم هەواڵەدا دەقنووس زانیاری دەربارەی خۆی پێشکەش دەکات، یان قسەکەر لەبارەی خۆی دەدوێت، کە لەتێکشکان و بێ ورەیی و نائاگاییەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاگایی و خودانی ورە و وزەیەکی بەهێزە، وزەیەک، کە کەس ناتوانێت پێشی بکەوێت.

(وەک ئەوەی لە بۆسەیەک دەربازم بوبێت ئەوها ڕەنگی زەردم لەنێو روخساردا نەرم نەرم ئازاد دەبوون کەسێک لەدوورەوە چاوی لێمبوایە وای هەستدەکرد لەدەست شتێک ڕادەکەم، جارە جارە بەخۆمم دەگووت: لەچی ڕادەکەیت، تازە چارەنووسی تۆ بەم کۆشکەوە بەندە دەبێ لەگەڵ ئەو کەشانە ڕابێیت...). (دلْزار حەسەن، ٢٠١٩، ٥٤).

پێچەوانەی ورە و ئیرادە دەڵێت: (وات هەستدەکرد بەشێک لەم خەڵکە تارماییین، وەک نادیار دێن و دەچن، هیچ شتێک بەو شارەیان نابەستێتەوە، وەک شتانێک لەدەستی خاوەنەکانیان ونبین ئاوها سەرگەردان دەسووڕانەوە زۆرێک لێرە بێ ناونیشان تەنانەت توانای بەدوا گەڕانی خۆشی نییە... ). (دلْزار حەسەن، ٢٠١٩، ٥٩).

(ئاخر هەندێک مەخلوقی سەیرمان دەبینی بە کۆڵێک بێدەنگیەوە بەدوای وشەیەکدا دەگەڕان بە کۆڵێک نەگبەتیەوە بەدوای ناونیشانێک دەگەڕان..). (دلْزار حەسەن، ٢٠١٩، ٦١). لە بێدەنگی و نەگبەتیەوە بۆ پەیداکردنی هیمەت و ورە بەدوای (وشە و ناونیشانێک) دەگەڕێن. لەوی دیکەدا خەڵکی لەبێ ورەیی و هیمەت و هێزدا ون دەبن ولەنێو شاردا دەبنە تارمایی. لە بێ هیمەتیدا لەدەست شتەکان ڕادەکات، واتە توانای بەرگری و مانەوە و ڕووبەروبوونەوەی نەماوە. ئەمەش کردەی هەواڵی تێکشکانی ورە و هیمەتمان پیشان دەدات.

باسـکردنی کردەیەک بە واتا نەرێنیەکەی نیشـاندانی مەبەسـتە سـەرەکیەکەی نێو باسـەکەیە. لەبیری نەکەین (توانەوە و خۆ بزرکردن) هیمەت و توانا و وزەیەکی باشی دەوێت، وەکو چۆن گەران بەدوای ناونیشان وزە و ورە و هیمەتی دەوێت.

ڕاکردن لەخۆی، ڕاکردن لەکۆشـک ..... شـکانە.... پێویسـتی بە وزە و هیمەت هەیە

دۆزینەوەی ناونیشان ............... سەرکەوتنە ........ پێویستی بەوزە و هیمەت هەیە.

**حەوتەم: هەواڵ بۆ پیاهەڵدان**

(ئەم هەڵۆ بەرزەفڕەی میر دوورتر، باڵاتر کەوتە ئاسـمان و بێپسانەوە ڕۆیشت، بەجۆرێک ڕۆیشت ئێستا خەڵکی لەدووری دنیـاوەدێن تـا گوێی لێبگرن. میر کەسـێکی بێدەنگ بوو ئەو قسـەی نەدەکرد ئـاوازی نـایەکە بوو لەدەمی دەردەچوو...). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ١٣٦). لەکردەی پیاهەڵداندا، ئاسـاییە پیاهەڵدان و ناسـاندنی کەس، دیاردە، بابەت و شـتەکە هەندێک جار لە سـنووری ئاسـایی دەرچن، یان واتـای پێچەوانە و هەڵگەڕاوە و فرە واتایی ببەخشـن. (هەڵۆ)، (بەرزەفڕ)، (باڵاتر)، (ئـاسـمان)، (لەدوورەوە)، (دێن)، (گوێی لێبگرن)، ( بێدەنگ)،

(قســـەی نەدەکرد)، ( ئاوازی نای)، (لەدەم دەرچوون). ئەمانە ژمارەیەک پێناســـەن بۆ پیاهەڵدان، یان نەریت و ســـیفەتن بۆ وەسفی (میر موحەمەد) لەم دەقەی سەرەوە باسکراون. (میر) بەکۆمەڵێک شتی مەزن و بەرز و سیفەتی چاک و جوان پیشان دەدرێت، بەڵام شـــتێک لێرەدا دەبێتە جێگەی ســـەرنج. (ئەو کەســـێکی بێدەنگە و قســـە ناکات، بەڵام ئاخاوتنەکانی وەکو ئـاوازی نـای لەدەمی دەردەچن. لەهەمـان کـاتـدا ئەو بێدەنگە، کەچی خەڵـک لەدووری دونیـاوە دێن گوێی لێبگرن). ئەمە چ وسفێکە، چ بایەخێکە و چ گرنگی پێدانێکە.

لە بـارێکی دیکەدا دەنووســـێـت: (ئـاخر چۆن ســـەیر نییە بەهەزارەها کەس لە جەنگەکان دەکوژرێت، ســـەرکەوتن تۆمار دەکەن، بەس نـاوی پـاشـــاکـان بەنەمری دەمێنێتەوە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٤٨). لەم کردەی پیاهەڵدانەدا، هەواڵەکە پشت بەواتـایەکی پێچەوانە دەبەســـتێت، (ئـاخر)، (ســـەری نییە)، (کوژرانی هەزاران) و (ناوی پاشاکان نەمرە). لێرە پیاهەڵدانێکی ســـلبی پیشـــان دراوە، (ڕازی نییە بەنەمری مانەوەی ناوی پاشـاکان)، لەهەمان کاتدا ڕازیش نییە لەوەی (خەڵک بەهەزاران بکوژرێن، کەس نـاویـان نەهێنێـت). ئەم جۆرە هەواڵە، وەکو پەیـامی نێو گوتـارێکی ڕەخنەگرانە دەردەکەوێـت. دەقنووس دەیەوێـت ڕەخنەیەکی لۆژیکی لەڕێگەی وێنەیەکی نـالۆژیکی کەپشت بەنادادپەروەری بەستاوە، نیشان بدات.

(ئەوە تۆ یاسەمینی دڵشیرینی، تۆ مۆسیقاژەنەکەی، تۆ ئەو کەسەی دەنگت لەنێو خاکدا چەقیوە بەدەریاکاندا دەفڕی و لەنێو هەستی یەک بەیەکی خەڵکدا ئاوازەکانت لێیەوە خامۆشکردووە، ئەوە تۆیت دنیات کردۆتە تراژیدیایەکی هێمن، قووم لە دوای قووم مێژوو دەینۆشێت). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٢٨). لەم کردەی پیاهەڵدانی هەواڵەدا چەند جۆرێک پیاهەڵدان دەبینین:

یەکەمیان: پیاهەڵدانێکی باش و شایستەیە، کە دەڵێت (دەنگت لەنێو خاکدا چەقیوە). بەواتای ڕەسەنایەتی و بەهێزی و مانەوە و زیندوویەتی دێت.

دووەمیان: جۆرێک لەپشتگوێخستن و بەلاوەنانی تێدایە، کە دەڵێت (لەنێو هەستی یەک بەیەکی خەڵکدا ئاوازەکانت لێیەوە خامۆشکردووە..). خامۆشکردووە واتایەکی نەرێنی و دامرکانەوە و مردن و لەناوچوون دەبەخشێت، خۆشی کاری خامۆشکردنەکەی ئەنجام داوە.

سێیەم: پیاهەڵدانێکی خراپ لەنێو پاهەڵدانێکی باشدا، کە دەڵێت (ئەوە تۆی دونیات کردۆتە تراژیدیایەکی هێمن). (تراژیدیا، پێچەوانەی هێمنییە، پێچەوانەی ئەرکی مۆسیقایە، کە ئارامی دروست دەکات، کارەساتە، ناخۆشییە) کەچی (هێمنی) واتایەکی دیکەی ئارام بەخشمان پێ دەبەخشێت.

(جگە لەوەش لالە خۆی کەسێکی لەدڵداشیرین بوو هەرکەسێک بینیبوایە دەم و دەست هۆگری دەبوو). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٣٨). لەم دەقە وەسفیەدا، دەقی هەواڵەکە هەواڵ و زانیاری (پیاهەڵدان و وەسفی سیفەتەکانی لالەمان پێ دەبەخشێت). (هۆگری دەبوو) واتە کەسایەتییەکی بەهێز و کاریگەر و کارتێکەری سەرنجڕاکێشی هەبووە، بۆیە کردەی پیاهەڵدان لەئەنجامی (هۆگربوون)ی لێ بەرهەم دێت. ئەمەش لەئەنجامی نەریتە باش و کاریگەرەکانی بووە، کە کەسێکی لە(دڵدا شیرین) بووە.

**هەشتەم: هەواڵی شانازی**

(لەم جەنگەدا ئێمە پاشاو سەرباز و قوربانین، ئێوە ڕۆشنایی ڕۆحی ئێمەن، ڕێگای مەزنیمان ڕووناک دەکەنەوە، چرای دواڕۆژی ئێمەن، داینەمۆی شۆڕش و بەرخودان و شکست و سەرکەوتنەکانمانن...). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٦٥). لەکردەی شانازیدا لەم هەواڵە، کە لەنێو دەقدا ڕۆنراوە، شانازییەکە بەجۆرێکە قسەکەرەکان خۆیان بەبچووکتر، منەتبار، خزمەتگواز و بەئەمەک و وابەستە و ڕازیی بەلایەنی بەرانبەر پیشان دەدەن. واتە (ئێمەی قسەکەر) ، (ئێوەش گوێگرن). (ئێمە خۆمان بەبچووکتر و قەرزاری ئەو بەخشندەیی و گەورەیی و

کاریگەریی و چرا و ڕۆشنایی و داینەمۆی شۆڕش و بەرخودان و هەتا سەرکەوتن و شکستەکانیش دادەنێین)، (ئێوەش مایەی ڕێز و پیاهەڵدان و گەورەیین لای ئێمە، ئێوە خاوەنی داینەمۆ و ڕۆشنایی و سەرکەوتن و گەورەییمانن).

(لێتان نەشێرمەوە بانگبێژ لەرواڵەتدا هەمیشە وەک پیاو دەرکەوتووە و پارێزگاری لەڕجوولەتی خۆیکردووە... ). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٢٩). لەم کردەیەدا لەنێو هەواڵە دەقەکەدا پیاهەڵدانێکی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بەڵام پیاهەڵدانەکە هەردووکیان لەئەنجامدا جۆرێک لە(شکاندن و سوکایەتی و ئاشکراکردنی نهێنییەکی سلبی لەخۆ گرتووە) ئەمە وەکو ئەوە وایە لەڕەوانبێژیدا پێی دەڵێن (ستایشی خراپ). بۆ؟ یەکەم: (لێتان ناشارمەوە) و (لەڕوواڵەتدا) هەردوو دەربڕین پیشاندانی گومان و ئاشکراکردنی شتێکی ناڕاست دەگرێتەوە، پێداگرییە لەسەر ئەوەی کەسەکە درۆزانانە، نمایشێکی درۆزنانەمان بۆ ئەنجام دەدات. (وەکو پیاو)، واتە لەشێوەی پیاو، بەڵام ڕاستیەکی خۆی پیاو نییە. (رجوولەت) و (پارێزگاری) نەک هەر پیاهەڵدان نییە، بەڵکو پیشاندانی دۆخێکی خراپی تێکشکانی دەروونی و لاوازی و ئاشکرابوونی نهێنیەکی گرنگە. ئەمە پیاهەڵدانە بۆ ئەوەی شکست و لاوازی و تێکشکانی کابرامان بۆ باس بکات، پێیدا هەڵدەڵێت، گوایە ئەو کەسێکە کاری کردووە (هەمیشە وەکو پیاو) خۆی پیشان بدات.

بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی (وەکو پیاو) و (ڕجوولەت) یش بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکەیان واتایان دەگۆڕێت، چونکە ئەم دەربڕیانە لەدۆخێک بۆ دۆخێک واتاکانیان دەگۆڕێت. (پیاو دەکرێت کەسێک بێت، ڕەگەز بێت، یان سیفەتێک بێت). (ڕجوولەتیش) دەکرێت (ڕەگەز، یان سیفەتێک لەسیفتەکانی) مرۆڤ بێت.

## نۆیەم: کردە هەواڵی سەرسامی

کچێک دەیەوێت کار لای سەرۆک بکات، وێنەکە بەمجۆرە دەست پێ دەکات (محەمەد پاشا شێوازی چاوپێکەوتن و جۆری خۆناساندنەکەی ئەوی زۆر بەدڵ بوو، ئەو باوەڕ بەخۆبوونەی کە دەڵێت ئامادەم بۆ ئەم ئەرکە تازەیە ئیدی ئەوی سەرسامکرد دواجار بەبەڵێ کۆتایی هات و یەکسەر ڕەزامەندی لەسەردا ....). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٨٠).

لەم هەواڵەدا گێڕانەوەی بابەتەکە و پێکهاتەی هەواڵەکە پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە، خێرە سەرۆک خۆی بۆ پێدانی کار چاوی بەداواکارانی کار دەکەوێت؟. ئەمەیان هەڵەیەکی تەکنیکییە. پاشا سەرسامییەکەی هێندە قووڵە دەڵێت: (زۆری بەدڵ بوو، ئەوی سەرسامکرد، بەڵێ و یەکسەر ڕەزامەندی) پیشان دەدات، کە پاشا لەدیدێکی دیکەی دەرەوەی پێویستی کار بڕیار دەدات،

هێزی بڕیار دانەکە پەیوەســـت نییە بەپێویســـتی کارەوە، بەڵکو هەست و تێڕوانین و فکرەیەکی دیکەی جیاوازی ئەم واقیعەمان پێ دەبەخشێت. من پێم وایە سەرسامییەکی سادەیە، ئاشکرایە، پێش ڕووداوەکانی دیکە کەوتووە.

(لەســـەر لافیتەیەکی گەورە گەورەی کە بە رەنگی جۆراو جۆر و بە خەتێکی گەورە لێینووســـرابوو " تۆ بۆ ئێمە و ئێمەش بۆ تۆین، لەبەرزی بنواڕە ئەی ســـەرکردە، ئێمە هەڵۆی ئاســـمانی تۆین، ئەی گەل بێ خەم بن نیشـــتیمان لە دەســـتێکی ئەمیندایە، بۆ کوێ بڕۆی هەرچی بکەیەت، هەمیشـــە دڵمان لەگەڵ تۆدایە، ســـەربازی ڕێی ڕێبازی تۆین تا مردن پێشـــمەرگەی تۆین". ئەوەندەی هوتافیان بەرز کردبۆوە، ئەوەندە هاواریان دەکرد بژی سەرۆک، بژی سەرۆک... ). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٦٣). لەم گوتارە سیاسیەدا، کردەی سەرسامبوون لەهەواڵی بینینی لافیتەیەکی ســـیاســـی ئایدیۆلۆجی بەدی دەکرێت. گوتارەکە لەتەک ســـەرســـامبوون بەســـەرۆک، جۆرێک ســـەرســـامبوونی خەڵک بەخودی خۆشـــیانی تێدا پیشـــاندراوە. بۆ نموونە کە دەڵێت:

- لەبەرزی بنۆڕە سەرکردە، ئێمە هەلۆی ئاسمانی تۆین.

ئەمە ســـەرســـامی خەڵکە (ئێمە) بەخۆیان. بۆیەشـــە بەکردەی فەرمان داوا لەسەرۆک دەکەن بەرز بنۆڕێت، چونکە (هەلۆ)ن لەئاسمانی ئەودا. واتە ئەوانە لەوەسفدا

سـەرسـامی خۆیانن، کە (هەلۆن) و بوونەتە (هەلۆ)ش لە(ئاسمانی سەرۆک)، هێندە سەرسامی خۆیانن، بەبێ ئاگادارکردنەوەی سـەرۆک و پاسـەوانەکانی چوونەتە سنووری ئاسمانی قەدەغەکراوی سەرۆک و کۆشک، لەهەمان کاتدا دەسـەڵاتی فەرمان پێکردنیشـیان بەخۆیان داوە.

- دڵمان لەگەڵ دڵی تۆ دایە، خۆیان یەکسـان کردووە بەسەرۆک، ئەوان لەخۆشەویستیدا سەرۆک بۆ ئاستی خۆیان دادەبەزێنن، سـەرسـامی خۆیانن و خۆیان بۆ ئاستی سەرۆک بەرزدەکەنەوە.

- سـەربازی ڕێی ڕێبازی تۆین ، تا مردن پێشـمەرگەی تۆین. لێرەدا شانازی کردنەکە بۆ خودی (سەرۆک) و (ڕێبازەکەشی) دەگەڕێتەوە، قسەکەرانی سەر لافیتەکە خۆیان وەکو خزمەتکار، وابەسـتەی فکری و قوتابی پیشـانداوە، شـانازیش بەخۆیان دەکەن، کە تا ئەو ئاسـتە وابەسـتەی دڵسـۆزی و سـەرسـامیین بەسـەرۆکەکەیان. تاکو دەگاتە ئەوەی (پێشـمەرگە)ش وەکو گەورەترین شـانازی و سـەرسـامبوون پیشـان بدەن.

- (وشـــەی پێشـــمەرگە) دەمـانگەڕێنێتەوە بۆ واقیعی هەرێـمـی کـوردسـتـان، ئەم دەسـتەواژەیەش دەمـانگەڕێنێتەوە بۆ بەرجەسـتەکردنی واقیعێکی هەقیقی.

- بژی سـەرۆک .. بژی سـەرۆک، کە دەربڕین و گوتارە پەیامێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سـیاسـییە پێگەی سـەرسـامییەکە دووبارە دەکاتەوە و پێداگری و ئینتما و دڵسـۆزی و خۆشـەویسـتی و وابەسـتەبوونی قسـەکەران بەسـەرۆکەکەیان پیشـان دەدات. لەهەمان کاتدا دەقنووس دوور نییە ئەم سـەرسـامییە وەکو ڕەخنەگرتن پیشـان بدات، واتە سـەرسـامییەکە بۆ کەمکردنەوەی کردەی سـەرسـامی لەنێو دەقـدا بەکاربهێنێت.

(میر کەسـێک بوو، لە ڕێگای دەربڕین و وشـە و ڕسـتەکانیەوە دەیتوانی وات لێبکات وەکو گەڕیدەیەکی نەسـرەوت شـار بەدوای شار دوای بکەوێت). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٥). لەم کردەی سـەرسـامیەدا کردەی کارتێکردن لەڕێگەی سـەرسـامی بوون پیشاندراوە. (وشە و دەربڕین و ڕستە)کان بوونەتە بنەما بۆ بەدیهێنانی کردەی کارتێکردن لەسـەر وەرگرەکان، تا دەگاتە ئەوەی سـەرسـام بن و شـار بەشـار دوای بکەون. کردەی

پەیوەندیکردن لەم پرۆســـەیەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان و ئاخاوتنەوە کردەی سەرسامبوون دروست دەکات.

(هەر کەســێک جا بۆ یەکەم ســاتیشــی بوایە وایدەزانی دەمێکە دەیناسێت ئەم ڕۆحە شیرینەی ئەو تەنها لەبەگزادە و خانەوادە و میرو پاشـــاکان دەوەشـــایەوە هەر واشـــبوو، میر محەمەد پاشـــــایانە ژیا، میرانە هەنگاوی دەنا). (جۆرێک بلیمەت بوو توانای ناســــینەوەی هەموو شـــاکارە مۆســـیقیەکانی دنیای هەبوو).(دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١١٢- ١١٣). جـارێکی دیکە کردەی وەســفکردنە هێندە بەهێز بووە، کە ســەرســامییەکەی خەڵک پەیوەندی بەپێگەی کۆمەڵایەتی و زمان و هێما و نیشانە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، چونکە سەرسامی خەڵک بۆ ئەو تەنیا لەڕۆحی (بەگزادە و خانەوادەی میر و پاشـاکان دەوەشـێتەوە). ئەمە هێمایەکی کۆمەڵایەتییە، جەختکردنەوەیەکی زەقە لەســـەر ڕۆڵی بەکارهێنانی سـیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتی لەنێو دەقدا. تەنیا (بلیمەتیەکەی) بە (شاکارە مۆسیقای دونیا) بەستراوەتەوە. هەتا لەسـەرسـامی بەتوانای مۆسـیقاکەشـی، ئاماژە بەهێمای جیهانی کراوە. سەرسامییەکە پێوانە و پێچواندنە بە(مۆسیقای دونیا).

(ئەوەی بانگبێژ زیاتر هەسـتکردن بوونە شـتێکی تایبەت... بۆیە زۆری لە خۆیدەکرد وا دەرنەکەوێت کە بیەوێت وەک دۆســـت مـامەڵە لەگەڵ لالە موراد بکـات بەس بەدەســـــت خۆی نەبوو، هۆگریەکەی بۆ ئەو زیـاتر پـاڵی پێوەدەنـا خۆی لەبیربکـات و

نەزانێت چ هەڵس و کەوتێک دەکات...). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٣٨). لەم کردە وەسفییەدا سەرسامییەکە (دەروونی و شاراوەیە، نهێنیە، سێکسی و ڕەگەزبازییە)، ئەم سەرسامییە بەئاسانی بەدیار ناکەوێت و بەگشتی وەکو نهێنیەک دەمێنێتەوە. کەچی قسەکەر لەوەسفەکەیدا ئەوە پیشان دەدات لەڕووی دەروونی و خودییەوە بانگبێژ لەژێر کاریگەریی سەرسامبوونە دەروونییەکەیدا، ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات و سەرسامییە شاراوەکەی بشارێتەوە. ئەمەش سەرسامییەکی شێتانەی دەروونییە چونکە:

یەکەم: هۆگرییەکەی وای لێ دەکات خۆی لەبیر بکات. (هێزی کاریگەری و کارتێکردنی سەرسامی بوونەکە کۆنترۆل ناهێلێت).

دووەم: هەست بەهەڵسوکەوتی خۆی نەکات. سەرسامییەکە کاریگەری لەسەر (عەقڵ و هۆش و نەستی) کارتێکراوەکە دروست دەکات.

سێیەم: نەزانین لەم کردەدا، پیشانمان دەدات، کە کارتێکراوەکە تووشی (سڕانەوەی هێزی درککردن و بڕیاردان و مەعریفە) دێت. ئەمەش هێزی سەرسامی بوون، کارتێکردنی بەسەرسامبوونەکە پیشان دەدات.

**دەیەم: هەواڵی تەحەداکردن (ڕووبەڕووبوونەوە)**

(هـاوڕێ جەنگـاوەرەکـانم مەشـــق بکەن تـا بتوانن لەجەنگی باوکایەتیدا ســـەرکەون، ئێوەش ئەی منداڵ خۆتان ڕابهێنن لە گوێڕایەلیدا دلێکی ئاســنینتان هەبێت). (دڵزار حەســەن، ۲۰۱۹، ۱۲۹). لەکردەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا، کە (هێز و توانـا و بڕوابەخۆبوونی) تێدایە، لەدوو وێنەی هەڵگەڕاوەدا وێناکردنێکی زهنی بۆ نیشـانەی جیاوازی واتایی و بەدیهێنانی مەبەسـتەکە کراوە.

یەکەمیان: جەنگاوەرەکان مەشـــق بۆ جەنگی باوکایەتی بکەن، مەرجیشی تێدایە و دەبێت تێیدا سەربکەون.

دووەمیش: منـداڵەکـانیش ڕاهێنـان بکەن و لەگوێرایەڵیـدا دڵی ئاسنینیان هەبێت.

ئەم چەند نیشـانەیە، لەچەند بوار و شـتێکی جیاوازدا (جەنگ و گوێرایەڵی) (مەشـــق و ڕاهێنان) و (ســـەرکەوتن و هەبێت) دەردەخات. لەبواری سیمیۆلۆجی (ئاسنین) و (باوکایەتی) وەکو یەک نیشــــانەی (تونـدی و ڕەق و خراپ و هێز و نەرێنی و سەپاندن و نەگۆڕی و بوونێکی مادی) بەکارهێنراوە.

ئاسـنین: وەکو واتایەکی مادی، شـتێکی بەرجەسـتە دەگرێتەوە، کە ڕەقە و ناشکێت و گرانە و بۆ شتی پۆلاین بەکاردێت. واتای

مەعنەوی و هزری ئاسنین واتە کەسایەتییەکی بەهێز و خۆڕاگر و بەتوانا و تێکنەشکاو.

باوکایەتی: ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و بەرپرسیاریەتی و چاودێری و سۆز و بەرپرسیاریەتی و خێزان و ئامۆژگاری، نەرم و نیانی و کارکردن و پەروەردە و بەخێوەکردن .. تاد دەگرێتەوە. لەکاتێکدا واتای مەعنەوی هێز و نەشکان و خۆڕاگری و نموونەی باڵا و سەرچاوە دەگرێتەوە. سەرکەوتن واتە (بردنەوە، ئازایەتی، خۆڕاگری، پۆڵاینی، شانازی، ئامۆژگاری و گوێڕایەڵی و لەخۆ بایبوون و لەخۆ بای نەبوون، قارەمانیەتی، ئازیەتی، سووربوون، هێز، پێداگریی، نەشکان، توندوتۆڵ، قایم، بەرخوەدان و قایمی و ... تاد) دەگرێتەوە.

ئێمە لەم کردە هەواڵیەدا دەتوانین ژمارەیەک (کار، سیفەت، بکەر، بەرکار، شت، هەست و درککردن و واتا و هێما و نیشانە) بدۆزینەوە. من ناتوانم بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە مەبەست و تێڕوانینی دەقنووس لەم دەقە دیاربکەم، بەڵام دەتوانم لەڕێگەی شیکردنەوەی زمانەوانی بەپێی بەکارهێنانی لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا، پراگماتیک و نیشانەزانی و میتۆدەکانی دیکە گەلێک لایەنی هەمەجۆر لەنێو ئەم دەقە، یان هەر دەقێکی دیکەدا بەرجەستە بکەین. لەبیری نەکەین نیشانەی زمان واتە (بەرجەستکردنی شت، شیکردنەوەی، ئینجا

دیارکردنی واتاکان). ئێمە بەشێوەیەکی تایبەت ناومان لە دۆخە ناوە (ڕووبەڕووبوونەوەی ناخ و هزری، فیزیکی و بەرجەستە).

بۆ نموونە ئەم بەســـەر هاتە دەگێڕمەوە، دەڵێم بەســـەر هات، چونکە ئێوارەیەک لەگەڵ کوڕەکەم یـارییم دەکرد، پێی گوتم: (برۆ .. بینە).

ئەم دەسـتەواژەیە بۆمن ڕوونە، چونکە بەپێی ئەو دەوروبەری، کە ئەم دەســـتەواژەیەی تێدا ئەنجام دراوە، شـــارەزایم هەیە و دەزانم چیمان دەکرد و شـــێوازی دەربڕین و داوا و فەرمانی کوڕەکەم لەچ دۆخێکی دەروونی و بەکـارهێنـانی زمـانـدا بوو. ئینجا من گوێ بیســـتی ئاوازە و شـــێوازی گوتنی دەربڕین و گوتنی کورەکەم بووم. کات و شوێنەکەش بۆمن ڕۆشنبوو.

با بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێم:

بەپێی شــیکردنەوەی پراگماتیکی و بەپێی تیۆری کردە قســەی (جۆن ئۆستن) و (سێرل) لەم دەربڕینەدا چەند کارێک لەڕێگەی تەنیـا قســـەکردنەوە ڕادەپڕێنرێـت، کوڕەکەم تەنیـا لەڕێگـای بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە (بەکارهێنانی وشـــە) کردەیەکی بۆ بەدیهێنانی شـتێک پێگوتم، کە نیشـانەن بۆ هەندێک مەبەسـت و داوا و ئاماژە و واتا، لەوانە:


(برۆ..) کردەی فەرمانە، ڕەنگە داواکردن، یان تکاکردنیش بێت بەپێی شێوازی دەربڕینەکەی. ئینجا بەشێوەیەکی نافەرمی، واتا بێ داواکردنی (بەیارمەتی، یان ئەگەر دەتوانی، تکایە..) فەرمانی کردووە، ئەمە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سیمیۆلۆجیایە بۆ دەرچوون لەسنووری فەرمی قسەکردن و داواکردن و هەتا فەرمانیش.

شوێنی قسەکردنە دیار نییە، کاتەکەش دیار نییە، نازانین ئەوەی (قسە دەکات) و (ئەوەی گوێی گرتووە) لە چ ڕەگەزیکن، لە چ تەمەنێکن، ڕەنگ و کەلتور و نەژاد و ئاینیان چییە، بەڵام گریمانەی دیکە دەکرێت، کە یەکێکیان بەتەمەن بێت و ئەوەی دیکەشیان گەنج، یان منداڵ بێت. پتر ئاوازەی نێریان پێوەدیارە. کەلتورەکەی پێ دەچێت ڕۆژهەڵاتی بێت.

(بینە) بەهەمان شێوە فەرمانە، نەخێک تورەیشی پێوەدیارە، بەڵام دیار نییە داوای چ دەکات، چۆن کارەکە ڕادەپڕێنرێت، ئایا گوێگر ئارەزوو و توانای بەدیهێنانی داواکەی هەیە، یان. لەم فەرمانەدا دەردەکەوێت کردەی فەرمان، بۆ ئەوەیە کارەکە لەدوای ساتی داواکردنەوەکە جێبەجێ بکرێت، واتە لەئایندە، یان هێڵی یەکلاکەرەوەی نێوان داوا و جێبەجێکردنەوە بەلای ئایندەدا دەبەزێنێت. کردەی داواکردن و ڕەتکردنەوە و هاندان و فشار و هوشداری تێدایە.

برۆ دیسان کات و شوێنی دیارنییە، کارێکی نادیارە، بکەر و فەرمان پێکراو دیار نین،.

ئەم نموونە زمانەوانیەمان بۆ ئەوە باسکرد، تاکو بزانین بەکارهێنانی زمان و شیکردنەوەی دەق و لێکدانەوە و تێڕوانینیەکانی خوێنەر بەلای گەلێک (واتا و مەبەست و فکر و نیشانە و هێما و لێکدانەوەدا) دەچێت. ئەمانەش هەموویان، کە خۆیان سەرچاوەن، جارێکی دیکە دەبنەوە سەرچاوەی بیرکردنەوە و واتا و لێکدانەوە و بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکە.



(میر محەمەد نەختێک بەســـۆز و بەزەییەوە گووتی: من ئیدی چووم، تازە ئەم ڕێگایە بۆ من چارەنووسـە هیچ کەسێ توانای هەڵاتنی نییە لەم جەنگە دەروونیەدا). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ١٦٤). کردەی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵگرتنی بـاری ئەو ئەرکەی پێی دەسـپێردرێت، دەبێتە تەوەرەی سـەرەکی ئەو هەواڵە، پەیـامەکەش لەچوارچێوەی تەوەرەکە دەخولێتەوە. (سـۆز و بەزەیی، جۆرێک لەخاوبوونەوەی تێدایە، بەناچاری دەچێتە نێو دونیایەک، کە چارەنووسـسـازە و گەڕانەوەی تێدا نییە. ئەو دونیاشـەش بەجەنگی دەروونی وەسـف دەکات. هەندێک جار مرۆڤ ناچار دەبێت کردەی ڕووبەڕووبونەوە و هەڵگرتنی بەرپرسـیاریەتی و تەواوکردنی کارەکان لەئەسـتۆ بگرێت، ئەم کردە وەسـفیەش لەم دۆخەدا ئەو پێناسـەیە دەگرێتەوە، کە پێی دەگوترێت (بەناچاری ڕووبەرووبوونەوە). ( سـۆز و بەزەیی، ئیدی چووم، چارەنووسـە، هەڵاتن نییە، تواناش نییە، جەنگی دەروونی). واتە لەم نیشـانانەدا واتای تووشبوونی بەناچاری ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بەرجەستەکراوە.

(لالە مورد لەبەر خۆیەوە دەیگووت: بەهەر نرخێک بێت دەبێت ئەو ترس و شـەرمە تێپەڕێنم، جێی خۆم لەم ماڵە بکەمەوە.). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٥٥).

لەم دەربڕینەدا هەسـتدەکرێت، لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوە کار دەکرێت کردەی (ڕاهێنـانی دەروونی خۆی و بڕواپێهێنـانی

ناوەکی لەگەڵ خودی خۆی ئەنجام بدات، ئەو دیالۆگێکی نادیار لەنێوە خۆیدا دەکات و ڕووبەڕووی ناخ و ناوەوەی خۆی دەبێتەوە، کێشەکەی لەگەڵ ناخی خۆیەتی، ئامادەیە باج بدات، بەڵام ناخی خۆی دەبێت بهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی ئیدی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی خودی خۆی هەبێت، کار بۆ گۆڕینی قەناعەت و توانا خودییەکانی بکات، بۆ بڕوپێهێنانی خۆی. ئەم دۆخەشمان ناو ناوە (ڕووبەرووبوونەوەی ناوەکی).

**یانزدەم: هەواڵی نەفیکردن**

(میر نەیدەویست تا ئێسقان زام بخاتە سەر سینەی کوڕەکەی). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٩). ئەم کردە هەواڵییە، ڕەتکردنەوە و نەفیکردنێکی ئارەزوومەندانەی باوکێکە بۆ کوڕەکەی، نایەوێت ئازاری دەروونی کوڕەکەی بدات. هەرچەندە دەقنووس لەشێوەی (زامی سەر سینە) وێنای کردووە، بەڵام مەبەستی ئازاردانی دەروونی و ناوەکییە. بەڵام کاتێک دەڵێت (تا ئێسقان) واتە، لای ئاسایی بووە هەندێک ئازاری کوڕەکەی بدات، بەڵام نەگاتە ئاستێک نەتوانێت چارەسەری بکات و چاکی بکاتەوە. واتە لەنێوان (نەفیکردن و ئەنجامدانی کاری ئازاردان) پێوانەی مامناوەندی هەڵبژاردووە.

(میر محەمەد تا ئەم ساتەش چارەی گەورەبوونی نەدەویست، بەس دەبوا لەم دوو دنیا جیاوازەدا یەکیان هەڵبژێرێت.... میر تازە تەواو کەوتە باوەشی دنیا تازەکەی، ئەو خۆی هەڵیبژاردووە، دەبێ ئارام بێت، درێژە بەم زامە قووڵەبدات..). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٧٦). کردەی نەفیکردن و قبوڵکردن لەم هەواڵەدا هەیە. لەخاڵێکدا وەستاوە، تا ئەم خاڵە کردەی نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی ئەنجام داوە، دوای پەڕینەوە، یان لەسەر خاڵی نێوەڕاستی هێلەکە قبوڵکردنێکی سەپێنراوی پیادەکردووە، ڕاستە ئارەزوومەندانەی نییە، بەڵام چۆتە ژێر کارتیکردنی دەوروبەر.

منداڵی .. نەفیکردنی ئارەزوومەندانە

دونیای جیاواز ..................................

گەورەبوون ..... قوبڵکردنی سەپێنراو

(دەستبەرداری قسە بەباق و بریقەکانی خواپێداو و دەسەڵاتدارن بن). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٣). لەم کردە هەواڵەدا، قسەکەر ئامۆژگاری گوێگرەکەی دەکات واز لەقسەی (بەباق و بریقەکانی) (دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندان) بن. واتە بەشێوەیەکی هوشیارانە و بەعەقڵ و درککردنەوە ئەو قسە فریودەرانە نەفیبکەن و ڕەتبکەنەوە، کە سەرچاوەیەکی

دەسەڵاتدارنن. ئەم جۆرە کردەیە نەفیکردنە پشت بەزانیاری و ئامۆژگاری دەبەستێت.

(دەی با هێندە ڕەشبین نەبم هێشتا خۆ چاوم بە هەموو کۆشک نەکەوتووە...). (دڵزار حەسەن،٢٠١٩، ٤٥). ئەم کردەی نەفیکردنە پشت بەکاردانەوە دەبەستێت، چونکە لەسەرەتاوە دەڵێت (دەی با هێندە ڕەشبین نەبم). ئەم دەربڕینە پشت بەکردەی (کاردانەوە، ڕازی نەبوون، ناکۆکی ناوەخۆیی، ململانێ لەگەڵ خود، ئاگالێ نەبوون و نەبوونی زانیاری و بەئاگاهاتنەوە) دەبەستێت و چونکە ئەو هێشتا هیچ (زانیارییەکی نییە، ئاگای لەشتەکان نییە، دڵەڕاوکێیە، ناسەقامگیری فکری و تێڕوانینە، کارێکی عەقڵی و هۆشەکی نییە). ئەم کردەی نەفیکردنە کارێکە لەسەر بنەمای کاردانەوەی دەروونی و دڵەڕواکێ و نیگەرانییەوە ڕۆنراوە.

(میر زەبیحوڵلا نەیدەویست بەئاشکرا بڵێت بۆنی یاسەمینی دڵشیرین لەو دەکەم، بۆیە دەمەوێت لەنێو کۆشک بێت و لەنزیک بێت، هەمیشە ئەو هەستەی دەشاردەوە، چونکە لەکۆشک یاسەمینی دڵشیرین یاساغ بوو). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٥٧). ئەم کردەیە پشت بە(بەراورد و پێوانە و پیشاندانی نیشانەکان) دەبەستێت. با وردتر شیکاری ئەم دۆخانە بکەین، کە کردەی نەفیکردن لەنێو هەواڵەکەدا دەردەخات. بۆنی یاسەمینی لێدێت بەراوردە ، شاردنەوە و پێوانەیە، کۆشک

نیشـــانەی باڵادەســـتی و شـــکۆ و بڕیار و حوکمە، یاســـاغیش نیشانەیە بۆ واتای نەفیکردن و ڕەتکردنەوە و قەدەغەبوون).

(میر زەبیحوڵلا) نەفیکردووە بەئاشکرا قسـە بکات، ئەم نهێنیەی بەشاراوەیی هێشتۆتەوە، پێچەوانەی نەفیکردن، قبووڵی کردووە ئەو لەکۆشـــک بێت، چونکە بۆنی یاســـەمینی شـــیرێنی لێدێت، نایەوێت دوور بێت، قبوڵی کردووە نزیک بێت، نەفیکردووە ئەم هەســـــتەی ئـاشـــکرا بێت، بۆیە هەمیشـــــە بەشـــــاراوەیی هێشـــتوویەتییەوە، یاســـاغ بەواتای نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی کەسێک لەکۆشک بەکارهێنراوە. زمان دونیایەک نیشانە و هێما و واتامان بۆ دروســت دەکات، کە هیچ مەرج نییە لەبەرنامە و چوارچێوەی مەبەستەکانی دەقنووس و قسەکەر بن. ئەمە بایەخ و گرنگی زمانە.

(ئەگەر بەدەســت ئەو بوایە کاتی ڕادەگرت...). (دلزار حەســەن، ٢٠١٩، ١١٥). لەم کردە هەواڵیەدا، کردەیەک لەدەرەوەی ئیرادە ڕوودەدات، مەبەســـــتمان ئەوەیە بڵێین ڕەتکردنەوە لەتوانا و ئیرادەی بکەرەکەدا نییە، ئەو شـــــتەی ڕوودەدات لەدەرەوەی خواستی کەسـەکان دایە، لەهەمان کاتدا شـتەکان دەبنە هێما و نیشـــــانە بۆ ئەنجامدانی کردەی نەفیکردن. بۆیە ئەو کەســــە نـــاتـــوانـــێـــت و لەدەرەوەی ئـیـــرادەی ئەو دایە، ئەگەر نـــا بەردەوامبوونی کـــاتی ڕەتـــدەکردەوە و نەفی دەکردەوە. ئەمە لەدەرەوەی توانا و دەســەڵات و هێزی ئەو دایە، بۆیە بەکارێکی

نەخوازراو دادەنرێت. زمان بەئاسانی لەڕستەیەکی کورتدا دۆخ و نیشانە و ڕووداو و خواست و بیرۆکە و ناخی دەروونی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کەسانێکمان پێ ئاشنا دەکات، ئەم ئاشناکردنە دەبێتە (شت، درککردن و شیکردنەوە و واتا و پەیوەندیکردن).

## دوازدەم: هەواڵی ناشیرینکردن

(با پێت بڵێم هیچ پاشایەک تا سەر نادرەوشێتەوە... پاشاکان وەکو سۆزانیەکان وان لەتەمەنێکدا خۆری شکۆیان ئاوادەبێت و دەڕۆن..). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٩٨).

کردەی ناشیرینکردن لەزۆر شوێنی ئەم دەقەدا ئاماژەی پێکراوە، هەندێکیان پەیوەندییان بەکەلتور، ئاین، کەسایەتی، بیرکردنەوە، مێژوو، سۆز، خودی ناخی کەسەکان و ڕەگەز و سێکس و کۆمەڵایەتی و ئەشق و .. تاد هەیە. لەم هەواڵەدا لەسەر زاری قسەکەر بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ پاشاکان ناشیرین پیشان دەدات و بەسۆزانییەکانیان دەچووێنێت. ئەم کردەیە بەدڵنیایی و متمانەیەکی بەهێزەوە دەردەخات و دەڵێت (باپێت بڵێم)، لەم دەربڕینەدا (متمانەبەخۆبوون، هێز لەگوتن، دڵنیایی لەزانیارییەکانی، ئاگادارکردنەوە، هۆشداری، بەئاگاهێنان و جۆرێک لەبڕیار و

فەرمانیشـــــی تێدایە). ئینجا دەڵێت (پاشـــاکان یەکســـانن بەســـۆزانییەکان) ئەمە دوو نیشـــانە و هێمای ســـیمیۆلۆجیای کۆمەڵایەتین، پلە و کەســـــایەتی و پێکهاتە و نەریت و پایەی چینایەتی و کەلتوری.. تاد). دەگرێتەوە (خۆری شکۆی پاشا و ســـۆزانییەک دیســـــان هاوتان) و لە (تەمەنێک ئاوا دەبن). هەردووکیان وەکو یەک نامێنن و دەسڕێنەوە و دەبنە بەشێک لەبوونێکی لەبیرکراو. بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی شتەکان هەمیشـــــە لەدیارەوە بۆ نادیار دەچوێنرێن، لەبەرزەوە بەرەو نزمی، لەگەورەوە بەرەو بچووک. واتە لەم وەســـفەدا (پاشـــا) نزمکراوەتەوە بۆ ئاســـتی (ســـۆزانی). ئەمە بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وایە، هەردەم پـاشـــــا لەبەرزییە، ســـۆزانیش لەخوارەوەی خوارەوەی کۆمەڵگەیە و لەهەندێک بواریشـــــدا بچووک و نادیارە. ئەمە بەشـــیکردەنەوەی زمانەوانی بەراورد دەکەم، بۆ نموونە:

وشەی دار هێمایە.... بۆ وێنەی دار وەکو شت کە هێما بۆکراوە.

لێرەدا پاشا (هێمایە) .... بۆ یەکسان بوون بەشتێک (سۆزانی) کە هێمابۆکراوە

سۆزانی (هێمایە) بۆ ...... خۆر ئاوابوون... کە هێما بۆکراوە.

خۆر ئاوابوون (هێمایە ) بۆ دوو شـــت (پاشـــا و ســـۆزانی) هێمابۆکراو.

(ئەی ئەو هەموو زەردەخەنە درۆینانە چن بۆ خەڵکی دەنێرێت، ئەی ئەو هەموو قا قا دووڕووییانە چن بەو ناوەدا پەرتیان دەکات... ). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٥٣). لەم کردەیەدا ناشیرینیکردن لەنێو هەواڵەکەدا بەڕوونی دەردەکەوێت پشت بەبنەمای ئاماژە بە(درۆ) دەبەستێت، لەکاتێکدا وەسفەکە پشتی بەڕاستگۆیی لەوەسفکردنی دۆخی درۆزنانەی بکەرەکە بەستووە.

(درۆکردن) پەیوەندییەکی خزمایەتی لەگەڵ ناشیرینکردن هەیە، (دووڕوویانەش) پەیوەندییەکی خزمایەتی توندی لەگەڵ فریودان و گاڵەتپێکردن و ناشیرینکردن هەیە. لەکاتێکدا (زەردەخەنە و قاقا) وەکو ئاماژە و نیشانە کردەی هێمان بۆ جوولەی دەم و ڕوودانی گۆڕان لەدەموچاو و دەرکەوتنی ڕەمزێک بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستێکی دیارکراو، یان زیاتر لەمەبەست و واتایەک. لەهەمان کاتدا ئەم دوو هێمایە دوو دۆخی جیاواز لەگەیاندنی مەبەست پیشان دەدەن، هەروەها (درۆ و دووڕوویش) دوو دۆخی جیاواز دروست دەکەن.

| | |
|---|---|
| زەردەخەنە | دووڕوویی |
| قاقا | درۆ |

ئەمە کردەیەکەی سروشتییە، بەڵام واتای زهنی و هێما و نیشانەی کۆمەڵایەتی و دەروونیش دروست دەکەن، لەبیری

نەکەین کردە فیزیکیەکە پێچەوانەی ناشـــیرینکردن، ئەرکێکی دیکە نیشـــان دەدات، بەڵام کاتێک ئاوەڵکارەکان، یان دۆخی (زەردەخەنە و قاقا)ەکە بەرجەســـتە دەکرێن، نیشـــانەکان بۆ ناشیرینکردن، واتە بەدیهێنانی واتایەکی پێچەوانە دەگۆڕێن.

بایەخ ئەم جۆرە بەکارهێنانە لەدەقی ئەدەبیدا خوێنەر مژول دەکات بۆ ئەوی بەدوای (هۆکار، ئاکام و شـــێوازەکانی بەکارهێنانی) ئەم جۆرە دەربڕین و وشـــە و مەبەســـتانەدا بگەڕێت. دەق خـوێـنەری بەرەو بـیـرکـردنەوە دەبـات، بیرکردنەوەش کردەیەکە هێز و دەسەڵات بەخوێنەر دەکات، بیر لە بەرهەمهێنانەوەی گوتاری دەقەکە بکاتەوە.

## سێزدەم: هەواڵی گاڵەتجاری و سوکایەتی پێکردن

(خەڵکەکە لەشێوەی سەگێکی ماندوو سێبەرێکی درەوشاوەیان لەدوای خۆیاندا ڕادەکێشـــا). (دلزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٧). لەم هەواڵەدا دەردەکەوێت بە ســـەگ وەســـفکراون، لەکەلتوری کوردیدا ئەم پێچواندنە ســـوکایەتی و گاڵەتپێکردنە، لەوەش خراپتر، کە خەڵکە گـاڵتەپێکراون، کەچی ســـێبەرەکەیان بەســـێبەرێکی درەوشـاوە وەسـفکراوە، ئەمە سـوکایەتیەکی گەورەترە لەخودی ئەو گاڵتەپێکردنەی بەخەڵکەکە کراوە. دوور نییە دەقنووس بیەوێت بڵێت ســـێبەری ئەو خەڵکە، لەخودی

خەڵکەکە باشــتر و چاکترە، ســێبەر لەڕووی واتاییەوە دەکرێت (نەوە، منداڵ، بەرهەم، چاکە، نەریت، باری کۆمەڵایەتی، پلە و پایە و ..تاد) بێت، بەڵام دۆخی گاڵتەپێکردن و سـوکایەتی هێندە زەقە، شیکردنەوە توانای پاساو هێنانەوەی نییە.

(بەچاوە زەق و ڕەنگە مێشـــیەکەیەوە هێندەی دیکە قەڵەباڵغتر دەردەکەوت، پیاو بەدەست خۆی نییە حەز بەچارەی ئەم جۆرە ســـیمـایـانە نـاکـات، گەر نـاچـار نەبێت پێشـــی خۆش نییە پرســـیاریشـــیان لێبکات). (دلزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٨). مرۆڤ ڕەنگە شـێوە و لەڕووی جەسـتەییەوە نوقسـانی هەبێت، ئەمە هیچ مایەی گاڵتەپێکردن نییە، کەچی ئەو وێناکردنی کەســەکەی هێنـدە نەشـــیـاو کردووە، لەپێنـاو پتر گـاڵتەپێکردن و خراپتر کردنی وێنەکە وشــەی (قەرەباڵغتریشـــی) بۆ زیادکردووە، واتە خۆی ناشـیرن و مایەی گاڵتەجاریی بووە، چاو و ڕەنگی مێش ئاسـای پتر وێنەکەی کردۆتە مایەی گاڵتەجاری، قرەبالغیەکەش وەکو واتا و ئاماژە و هێمایەک بۆ کەسێکی (شەپڕێو، لات، شڕ، فکر تێکەڵاو،.. تاد) مەسـەلەکەی بەرەو ئاڵۆزی پتر دەبات. (حەز نەکردن لەســـیمای ئەم کەســـانە) و (ناچاربوون لەپرســـیار لێکردنیـان) دۆخەکەی یەکجـار نەشـــیـاوتر کردووە و کردەی گاڵتەپێکردنەکەی لەنێو هەواڵەکە خەســـتتر کردۆتەوە، تا ئەو ئاســـتەی بەناڕاســـتەوخۆیی نیمچە بەزەیی پێداهاتنەوەیەکیش لەنێو گاڵەتکردنەکەدا بەدی بکرێت.

(لاله موورادی مەسـیحی نوێژ دەکات). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ٢١). ئەم دیمەنە لەنێو هەواڵی ئەم دەقەدا، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئاماژەیەکی گاڵتەئامێزی پێوەدیارە، کە کەسـێکی مەدەنی، کە بەناو سـەر بەئاینێکە، بەڵام پێ ناچێت ئایندار بێت، لەپێناو مانەوەی لەشـوێنێکی ئاینی دیکەدا نوێژ دەکات، یان لەنێو دەقەکەدا نوێژی پێ دەکرێت. دەکرێت ئەم دۆخە ناو لێبنێم (کردەی ناراسـتەوخۆ گاڵتەپێکردن، گاڵەپێکردنی ناچارانە)، چونکە لەلایەک بەناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەکی شاراوە و ناوەکی وەکو گاڵتەپێکردنێک، یان کەسـێکی هەڵپەرسـت، فریودەر، بێ متمانە و لاواز و تێکشـکاو پیشـان دەدرێت، یان نمایشـێکی سـوک، یان کەمکردنەوەی بەهای ئاینی لەبواری کۆمەڵایەتی و ئیلتیزام بەرێسـا ئاینییەکان دەخاتەڕوو. لەدۆخی دووەمدا، یان وێناکردنی دووەمدا کەوتۆتە ژێر هەژمونێکی دەروونی گاڵتەپێکردنی ناچارانە. قسـەکەر، یان هەقایەتخوان بەشێوەی لەلاقرتی و لەژێر فشاری دەستەواژەی (لاله موورادی مەسـیحی نوێژ دەکات) دەیەوێت کەسـایەتی و نەریت و ئیمانی ئەو کەسە وێنابکاتەوە.

## چواردەم: هەواڵی بەزەیی پێداهاتنەوە

(من لەو ئاشـقە دۆڕاوانە دەچووم، کە لە یەکەمین ئەویندارى شـکسـتی هێنابێت). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ٢٣). لەکردە هەواڵەدا، قسـەکەر. هەقایەتخوان، یان دەقنووس ڕایدەگەیەنێت،

که (ئەو/ من) ئـاشـــقێکی دۆڕاوە، قوولّی دلّتەنگی و بەزەیی بەخۆدا هاتنەوەشـی لەوەدایە، خۆی بەئاشـقێک چوواندووە، کە لەیەکەمین ئەویندارییدا شکست دەهێنێت. من یەکسانە بەعاشق. کاردانەوە یەکسـانە بەشـکسـت، بەزەیی یەکسـانە بەیەکەمین ئەویندارى، هەواڵ خۆچوواندنە بەئاشـقى دۆڕاو.. ڕووداوەکان بریتییە لەکردەی بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە، چونکە زانیارییەکان ئەوە دەگەیەنن، (دۆڕاوە)، (ئەزمونێکی فـاشـــلی هەیە)، (ڕەنگە جاری یەکەمی نەبێت، بەڵام هێشـــا کەســـێکی کەم ئەزمونە لەئەزمونی عەشقدا)، (ئەویندارى یەکەم بەزۆرى دۆڕاو) وەسف دەکات.

ئەم کـردەی بەزەییە، بـریـتـییە لە(ڕاگەیـانـدنی زانـیـارییە خودییەکـانە) و (بەراوردی دۆخێـک لەگەڵ دۆخێکی دیکە)، (ســـەرنەکەوتن)، (دلّتەنگی)، (کەم ئەزموونی). (پیشـــاندانی ئەنجامە لەڕێگەی دەستنیشانکردنی هۆکار).

(لە خۆم بێکەسێ وەی لە خۆم بێکەسێ، ئەوەی من بینیم یاخوا کەسێک نەیبینێ). (دلّزار حەسـەن، ٢٠١٩، ٢٨). کردەی بەزەیی لەدۆزی پـاڕانەوەدا، قســـەکەر خۆی لەدۆخێکی نـاخۆشـــی تێکشـــکاوی ئازاربەخش نیشـــانداوە، کارەســـاتێکی بەســـەردا هاتووە و بێکەسـە، یان لەسـاتی قەومانی کارەسـاتەکە، بەزەیی بەخۆیدا دێتەوە و خۆی لەدۆخی بێکەســـیدا، بێ هاوەڵی و بێ هاوخەمی دەبینێت، ئەم دەســـتەواژەیە لەهەولێردا کەســـانێک

بەکاری دەهێنن، بۆ پیشاندانی دڵسوتان و لەدەستدانی کەسێکی نزیکیان و ڕوودانی کارەساتێک بۆ نیشاندانی بەزەیی، یان بێ بەزەیی بوون بەکاری دەهێنێت.

بەپێویستی دەزانم لەبارەی گوتاری دەقەکەوە هەندێک جۆری دیکەش زیاد بکەین، کە پەیوەندییان بەکردە هەواڵ و کردە قسەوە هەیە، هەرچەندە بەلای منەوە ئەوانی پێشتریش دەتوانن هەمان ئەرک و واتا بگەینن، بەکردەوەش بەشێکن لەڕاپەڕاندنی کردەیەک لەنێو هەواڵ، یان کردە قسەیەک لەچوارچێوەی بەدیهێنانی کارێک تەنیا لەڕێگەی قسەکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

## پانزدەم: هەواڵی بڕیاردان

یەکێک لەکردەکانی هەواڵ بڕیاردانە، لەهەواڵی ڕۆژنامەنووسیدا نێرەر و ڕۆژامەنووسەکە بڕیار نادەن، بەڵام هەواڵی بڕیاردان و ڕەتکردنەوەی بڕیار و حوکم و بارودۆخ و هۆکاری بڕیاردانەکەمان پێ دەڵێت و زانیاری تایبەتمان لەبارەی کێشەکانەوە بۆ دەخەنەڕوو. لەدەقی ئەدەبیدا قسەکەر، دەقنووس وێنە و وێناکردنی شێوازی بڕیار و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەبڕیاردانەوە هەیە پێشکەش دەکات. واتە نێرەر لەدەقی ئەدەبیدا دەربارەی بڕیار و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەم گفتوگۆیەی نێوان

دوو کەس لەلاپەڕەی یەکەم و دەســـتپێکی ئەم دەقە نۆڤلێتیەدا (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٤) بەم جۆرە قسە دەکرێت:

(بەتەلەفۆن نـاگوترێـت)، واتە بڕیـاری دا لەڕێگەی تەلەفۆنەوە قسە نەکەن، بیر لەبڕیاردان لەشێواز و جۆر و شوێن و کاتێکی دیکە درێژەدان بە قســـەکردنەکەیـان لەبـارەی ئەو شـــتەی لەتەلەفۆن ناگوترێت بنەمایە بۆ بەدیهێنانی کردە هەواڵی بڕیار، بەمەش بڕیار لەبیرکردنەوە لەهەڵبژاردنی شـــێوازێکی دیکەی گونجاو بۆ قســـەکردنەکانیان دەدەن. ئەمە کردەی بڕیاردانی تێـدایە، هەروەهــا کردەی (بڕیـاردان لەبیرکردنەوە لەبـارەی بڕیارێکی دیکەی نویَ لەبارەی شــێوازێکی دیکەی قســەکردنی تێـدایە. (کەواتە بەیـانی لەقـاوەخـانەی (مۆفیس کـافی) .... چـاوڕوانتم).. دوای مـاوەیەک، ڕەنگە چرکەیەک بێـت، بڕیـار دەدات لەقـاوەخـانە یەکتـر ببیـنـن، ئەم بـڕیـارە یەکـێـک لەقســەکەرەکان وەکو پێشــنیار پێشــکەشــی دەکات، بەڵام، کە دەڵێـت: (کەواتە)، ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێـت واتـای بڕیـاردان لەدوای بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەردەکەوێت. (زۆرباشـە کـاتێکی گونجـاوە...). کـاتێک ڕەزامەندی لەبـارەی بڕیـارەکەی قسەکەری یەکەم لەلایەن گوێرەکەوە دەدرێت، ئەویش بڕیارەکە لەڕێگەی بڕیار و ڕەزامەندی خۆی پشـــت ڕاســـت دەکاتەوە و پتەوی دەکات.

(دووریان دەخەنەوە لە هەســــتەکانیان ناهێڵن ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ئەوە بکەن، ئیدی میر محەمەد بەرگەی فشـــــاری زۆری بــاوکـــی و دەورووبەرەکەی نــاگــرێــت، بەتەواوی دەستبەردای نای و مۆسیقا دەبێت).(دلّزار حەسەن، ٢٠١٩، ٧). کردەی بڕیاردان لەم هەواڵە وەسفیەدا ئەوەمان پیشان دەدات، کە (بڕیارێکی دوور لەڕەزامەندی و قەناعەت)ی داوە، چونکە (بەرگەی فشاری باوکی و دەوروبەرەکی ناگرێت) بۆیە بڕیاری (دەستبەردار بوونی مۆسیقا دەدات). لەم جۆرە بڕیارەدا دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی، لەشـــێوەی فشـــــارێکی دەرەکی بەرجەســـتەی فیزیکی کاریگەری لەســـەر کەســـەکە دروســـت دەکات، بۆ ئەوەی لەناخەوە بێ ئەوەی بڕیارەکەی خۆی بەدڵ بێت دوور لەڕەزامەندی و قەناعەتی ناوەکی خۆی بڕیار دەدات.

ئەمجۆرە بڕیارە جۆرێک لەئازار و خۆخواردنەوە و تێکشـکانی ئیرادەی خودی و سـەپاندنی بڕیاری دەرەکی بەسـەر کەسێکی دیکە دوور لەڕەزامەندی ئەو دەگرێتەوە.  واتە هیچ مەرج نییە هەموو کاتێک بڕیاردان لەســـەر بنەمای (ئیرادە و ڕازیبوونی بڕیاردەرەکە) بەڕێوەبچێت.

بڕیاری پاشـاکان لەسـەر زاری هەقایەتخوانەوە دەگێڕدرێتەوە: (پاشـکان پێمان دەڵێن: ئێمە مێژووی ئێوەین ڕۆژگاری ئێوەین). (دلّزار حەسـەن، ٢٠١٩، ٧).  لەم جۆرە هەواڵەدا لەچوارچێوەی ئەو زانیارییەی لەهەواڵەکەدا لەبارەی تێڕوانین و هەڵویســـت و

بیرکردنەوەی پاشاکان هەیە، لەشێوەی (بڕیار بە تامی فەرمان و هێزی یەکلاکەرەوە) دەردەکەوێت و سێ لایەن لەنێو دەقەکەدا ئەرکی بڕیاردانیان لەئەستۆیە. (یەکێکیان هەقەیاتخوان و نێرەرەکەیە چۆنیەتی گێڕانەوەی بڕیار و بۆچوون و هەڵوێستی پاشاکانمان لەشێوەی گێڕانەوە و وسف پێ دەڵێت، ئەو بڕیاری تۆمارکردن و گێڕانەوەی بۆچوون و قسەی پاشاکانی داوە، بۆ ئەوەی لەنێو ئەم دەقەدا وەکو بابەتێکی گرینگ جێگەی بکەنەوە، ئەوی دیکەشیان خودی پاشاکانن، کە بڕیاری ئەوەیان داوە (ئەوان مێژوو و ڕۆژگاری خەڵکن). بڕیاری سێیەم لەم دەربڕینەدا نادیارە ئەویش هەڵوێست و بڕیاری (وەرگرەکانە، ئەوانەی پاشاکان قسە و بڕیارە یەکلاکەرەوەکی خۆیانیان ئاراستە دەکەن). دیار نین ئەوانە کێن و لەکوێ دەژین و چ چینێکی کۆمەڵایەتین، بڕیار و کاردانەوەیان چییە؟. بەڵام بەپێی دەقەکە ئەوانیش بوونیان هەیە، چونکە گوتارەکەیان ئاراستە کراوە و لەپەیامی گوتارەکەشدا (شتەکان لە مێژوو و ڕۆژگار و ئێوەین) بەرجەستە کراوە، کە هێزی بڕیاردانێکی یەکلاکەرەوەی وەکو فەرمان تێدایە.

(ئەم خانەوادەیە بەوشێوەیە ڕاهێندراون مۆسیقایان بۆ لێبدرێت، خەڵکی ببن بەئەکتەر و مۆسیقا و شانۆکار ئەوان دەبێ تەنها بینەر بن). (دلزا رحەسەن، ٢٠١٩، ٩). لەکردەی

بڕیاری لەم جۆرەدا (بڕیاری ناڕاســـتەوخۆ بەپێی تێگەیشـــتنی قسەکەر) بەرجەستە کراوە، واتە بکەری سەرەکی نێو هەواڵەکە، کە (خانەوادەی پاشاکانن) خۆیان قسەناکەن، بەڵکو قسەکەر و نێرەر و هەقایەتخوانە لەبارەی پێگە و پێکهاتە و شێوازی ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵســـوکەتی ئەم جۆرە خانەوادانە بەناڕاستەوخۆیی باسی بڕیاردان و شێوازی بڕیاردانی ئەوان دەکات، کە پێیان وایە دەبێت خەڵک بەگشت ئەکتەری نێو شانۆ بن و ئەوانیش بینەری شـــانۆگەریەکە بن. واتە بڕیارەکەی ئەوان لەپێگە و دەسەڵاتی بەرز و باڵا، وەکو جۆرێک لەسەپاندن بەســـەر خوارەوە پیادە دەکرێت، هەقایەتخوانیش بڕیار دەدات ناڕاســتەوخۆ بڕیاری بەهێز و شــێوازی بیکردنەوەی ئەوانمان لەبارەی نمایش و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەلایەن خەڵکەوە پیشان بدات.

(ئەو شتانەی لە ئاگایی فەریبا دووشی یاداشتکراوە کە ئێستا بۆ ئەوەی دوای مردنی لەناو نەچن، خەریکە لەڕێگەی ئەستێرەی ژەنیارەوە بیخاتە سەر کاغەز و پەڕ پەڕ تۆماریان بکات..). (دلّزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٠-١١). لەم کردەیەدا بڕیارێکی ئاگایانە و بەهوشـــیارییەکی بەرز و کاریگەر پیشـــان دەدرێت، ئەویش بڕیاری نووســـینەوەی یاداشـــتەکانە، کە تا ئێســـتاش نەخراوەتە ســـەر کاغەز. بڕیارەکە لەئایندەدا جێبەجێ دەکرێت. (بڕیارێکی هوشیارانە) لەپێناو بەدیهێنانی گواستنەوەی

شـــتێـک لەدۆخێکی هزری و لەچوارچێوەی بیرەوەری نابەرجەســتە بۆ دۆخێکی بەرجەســتەی نووســراوی بینراوی هەســتپێکراو. ئەم بڕیارە بڕیارێکی کارەکییە، چونکە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، بڕیارێکی بەرجەستە ڕادەپەڕێنێت.

## شازدەم: هەواڵی نمایش

زمانی نمایش ئەرکێک ڕادەپەڕێنێت و دەیەوێت مەبەســـتەکان لەنـێـوان نـێـرەو و گـوێـگـر بـگـوازێـتەوە. ئەمەش کـردەی پەیوەندیکردن دروست دەکات، کرداری پەیوەندیکردن پێویستە هەســـتی پێ بکەین، ئەوەیش ئەوەیە کاتێ قســـەکەر دەیەوێت قســـــە ئاراســـــتەی گوێگرەکانی بکات بەتەنیا نایەوێت چەند ڕاســتییەکی بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو دەیەوێت هەسـت و سـۆزی خۆی دەربارەی ئەو ڕاســـتییانەش بگوازێتەوە (د. ســـاجدە عەبـدوڵلا فەرهـادی، ٢٠٠٨ ،٢٢) . واتە قســـەکردن ئەرکی گەیاندنی هەســـت و نەســـتیشـــی تێدایە، هەر بەتەنیا باس لەڕاستییەکان ناکات.

(ئەم شـــەڕە نـاخیە بۆ ئەم جۆرە خـانەوادانە ســـەنگینتر دەردەکەوێت سامناکانەتر خۆی نمایشدەکات دیمەنەکانی ژیانی ئێمە مانانیان نییە، ئەوانە منداڵ و نەوە و کوڕەکانیان لەبەردەم شاشەیەکی گەورەی نێو یادەوەرەییەکانمان دایان چەقێنن، هەر

ڕۆژه و بهجۆرێک نمایشـــیان دهکهنهوه تا چاو و دڵ و دهروونمان ڕهنگی ئهوان بگرێت تا جگه لهوێنه و دیمهنی ئهوان هیچ شـتێکی دیکه له هۆشـمان وێنانهبێت...). (دڵزار حهسـهن، ۲۰۱۹، ۷). لهم قسـانهدا، که کردهی نمایش دهگرێتهوه، بایهخ بهڕاستی و ههقیقی بوونی قسه و وهسف و شتهکان نهدراوه. بهڵکو ههست و نهستی قسهکهری تێدا بهدیارخراوه. لهباسکردن و دیارخسـتنی (سـامناکی و سـهنگینی) خانهوادهکه ههسـت و نهسـتی قسـهکهر دیاره، ترسـی لهزالبوونی وێنه و ڕهنگی خانهوادهی پاشـاکان لهنێو مێشـک و چاو و دهروون و بیرهوهریاندا ههیه، ئهم ترسـه پهیوهندی بهههسـتکردن و لێکدانهوه و نهستی قسهکهرهوه ههیه.

نمایشهکه لهنێو ئهم ههواڵهدا بۆ ئهوهی کاریگهری و کارتێکردن لهڕێگهی کردهی پهیوهندیکردن لای وهرگرهکان دروست بکات، ئهنجام دراوه. لهڕاسـتیدا (یادهوهرهییهکانی هیچ کهسـێک شـاشـهیهکی گهورهی تێدا نییه)، واته کردهی پهیوهندیکردن بایهخ بهڕاسـتییهکان نادات، چونکه ئهم وهسـفه، وهسـفێکی دهستکردی دهرهکییه و خراوهته نێو ناخی یادگهکان، بۆ ئهوهی وێنهیهکی نوێی وێناکردن بۆ شتهکان دروست بکرێت، ئهمهش کارێکی ڕهواییه لهنێو دهقی گوتاری ئهدهبیدا.

## له وێنەوە بۆ شت

یەکێک لەکردەی زمان گۆڕینی تێڕوانین و وێناکردنە بۆ شـــت، بێگومان مەبەستمان شت (کەلوپەل و فکر و تێڕوانین و هێما و نیشـــانەکانە). چۆن قســـەکەر/ نێرەر لەگوتارەکەیەدا وێنەیەکی زهنی دەگۆڕێت بۆ شـتێک، بابەتێک و ڕووداوێک، کە وەرگر و گوێرەکـان ســـەرەتـا هەســـتی پێ نـاکەن، بەڵام دوای ئەم گۆڕانکـارییە درکی پێ دەکەن و وەکو کردەی کـارتێکردن جارێکی دیکە لەنێو پرۆســەی گوتارەکەدا بەرهەمی دەهێننەوە. بزاڤی فکر ئێســتا لەنمایشــکردنەوە بۆ شــت دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی تێیدا جێگیر بێت، سیستەمی نمایشکردن جێگەی خۆیان چۆل دەکەن، بۆ ئەوەی شـــتەکان بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ بوونیان بۆ خۆیان بگێڕنەوە. (میشیل فوکو،١٩٩٠، ١١-١٢).

مەبەســـتمان ئەوەیە لەم دەقەی (دلّزار حەســـەن)دا لەڕێگەی نمیاشـــی ڕووداوە مێژووییەکان، کەســـایەتییە خەیاڵییەکان، نوانــدن و هۆنینەوەی ڕووداوەکـان، کـار بۆ ئەوە کراوە (دەســەڵات/ وەکو شــت/ ناکۆکی نێوان پاشــا و کوڕی پاشــا/ ململانێی و کـاریگەریی دەروونی نێوان بۆپـاشـــمـاوەیی و دەربازبوون لەهێز و مەرامی خۆسەپێنەرانە وەکو شت پیشان بدات واتە وێناکردن و هێما و نیشـــانەکانی بۆ شـــتی هەقیقی

گواستۆتەوە. کۆیلەداری و کۆیلەبوونی خەڵک هێما و ڕەمز و وێناکردنێکی فکرییە دەگوازرێتەوە بۆ شتێکی بەرجەستە لەنێو پرۆسەی کۆمەڵایەتی، بەراوردی نێوان دوو دۆخ و سەردەمی جیاواز، کە یەکەمیان دیارە و ئەوەی دووەمیان، کە ئێستایە نادیارە، وەکو شت بەکاردەهێنێت). سەرلەنوێ وەکو کەرەستەیەکی تازە بۆ پێناسە و پیشاندانی (نێوەڕۆک و ئاراستە و مەرامی دەسەڵات و ئەوانەی دەسەڵاتیان گەرەکە)، لەم ڕوانگەیەوە وەکو شتێک پێگەی خۆی بەهێز نمایش دەکات.

(میر موحەمەد) نایەوێت بچێتە ژێر فەرمان و بڕیار و حوکمەکانی باوکی، هەرچەندە باوکی نمایشی دەسەڵات و گرنگی و پایە و بەرپرسیاریەتی خانەوادەکەی خۆیانی بۆ دەکات، ئەو بێدەنگە و لەگەڵ تەنیایی خۆی دەژیت و هەمیشە بەدوای دەنگی مۆسیقایەک دەگەڕێت، بەڵام لەکۆتایدا نمایشەکەی باوکی لەژێر فشاری خانەوادە و دەوروبەری باوکی دەگۆڕێت بۆ (شت) بەکورسی دەسەڵاتەوە دەنووسێت و دەبێتە پاشا و بەناوی (موحەمەدی سێهەم) دەسەڵات وەردەگرێت. واتە لەنمایشی (ڕەتکردنەوەی کورسی، کۆیلەبوونی خەڵک، برسیەتی و ڕەتاندنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەبوونی دادپەروەریی) دەگۆڕێت و دەبێتە (شت) هەقیقی، ئەنجامەکەشی ئەوەیە بەو قبوڵکردنەی

لەدەرەوەی ئیرادەی ناوەکی خۆیەتی دەبێتە دەسەڵاتدار و بەکورسییەوە دەنووسێت. هەرچەندە ئەو بەپێی سیستەمی پاشایەتی پێگە و پلەی باوکی پڕدەکاتەوە، کەچی لەبەشی کۆتایدا لەناکاوێک پلە و پایەکەی بەناوی (سەرۆک) دەگۆڕێت و هەر بەو ناوەش سەردانی فەرەنسا دەکات و ئافرەتێک دەبێتە خاڵی سەرەکی و گرنگی نێو ڕووداوەکان، لەنێو بابەتەکدا بەرپرسیاریەتی ئۆفیسی سەرۆک پێ دەدرێت.

کێشەی گوتاری گێڕانەوەی نێو ئەم دەقە، کە وەرگر بەشێوەیەکی قووڵ بیری لێ دەکاتەوە، ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی (ئامانج ئاشکراکردنی هەقیقەتی ڕووداوەکان بێت، نەک نمایشکردن و وێناکردنی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن). (میشیل فوکو، ١٩٩٠، ١٣)، لەگێڕانەوە و وەسفەکاندا پێداگرییەکی ئاشکرا لەسەر ئەوە کراوە، کە (میر موحەمەد) ئەشقی مۆسیقایە، مۆسیقاش هاوشانی دەسەڵات نابێت، لەکاتێکدا پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر، (میر موحەمەد) قبووڵی دەسەڵات دەکات و ملکەچی ئیرادەی دەرەکی (خانەوادە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی) دەبێت. واتە لەجیاتی ئەوەی دەسەڵات بەئاشکراکردنی ڕووداوەکان بدرێت، نمایشێکی نوێ، وێناکردنێکی نوێ و بڕیار و ملکەچبوونێکی نوێ دەچەسپێنرێت. لەکاتێکدا حزبەکەی ناونراوە (پارتی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز)، لەواقیعیشدا ڕووداوە هەقیقییەکان ئەوەمان پیشان دەدەن، کە

ئەم حزبە لەژێر هەژموون و دەسەڵات و کۆنترۆڵی خانەوادەی پاشـایەتی دایە، ئەم هەژموونە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی دژی (میر موحەمەد) ئەنجام دەدرێت پێچەوانەی چەمک و بنەماکانی (پێشکەوتنخوازی)یە.

ڕووداوە هەقیقییەکـان لەم نمـایش و وێنـاکردنەدا (ڕووداوە مێژووییەکانی بنەمـاڵەی میر زەبیحوڵلایە)، یـان ( وێنـاکردن و نمایشـە سیاسییەکانی ئێستای کوردستانە). من وەکو خوێنەر، هەســـت دەکەم ڕووداوە هەقیقییەکان (ڕووداوە ســـیاســـی و نــاکۆکی نێوان دەســــەڵات و ڕۆشـــنبیرانە)، (نمــایش و وێناکردنەکەش گەڕانەوەیە بۆ گێڕانەوەی بەســـەرهاتی خەیاڵی، خانەوادەیەکی پەناهەندەی پاشـــازادەکان). ئامانج وەســـفی ناڕاســـتەوخۆی دۆخی هەقیقی و بەرجەســـتەی ئێســـتا هەرێمی کوردسـتانە، بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ دۆخی ناهەقیقی و خەیاڵی و نەبینراوی مێژوویمــان بۆ دەگێڕێتەوە. دەقنووس واقیعێکی خەیـاڵی، بەســـــەر واقیعێکی هەقیقدا دەســـــەپێنێت، لەکاتێکدا ئامانجی پیشـاندانی واقیعێکی هەقیقییە لەڕێگەی ڕووداو گەلێکی خەیاڵی.

گوتاری گێڕانەوە، گوتاری نیشـــــانەکانە، ئەو هێما و ڕەمز و ئاماژانەی بەکارهێنراون، نیشــانی دەدەن مەســـەلەیەکی (فکری) لەڕووی زمـانەوە دەگۆڕێت بۆ شـــــت. (دەگۆڕێت بۆ خودی شـــتەکان). ئەو شـــتانەی لەمەســـەلەیەکی هزری و تێڕوانین و

وێناکردنێکی خودی و لەهەندێک بواریشـدا تێکەڵی واقیع دەبێت و دەبنە شتی هەقیقی.

لەبارەی گوتاری تایبەتیدا، کاتێک (فۆکۆ) مردنی مرۆڤەکان ڕادەگەیەنێت، قســـەکەی (نیچە) لەبارەی مردنی خوا دووبارە نـاکـاتەوە، بەڵام چـاودێری مردنی خوا کۆنەکە لەنێو مرۆڤی نوێ، نوێخوازی دروســـتکراوی ســـەردەمی بوژانەوە دەکات. (میشـــیل فۆکو .١٩٩٠، ١٧). نووســـەر لەدەقی (ئەســـتیرەی ژەنیـار)دا دەڵێـت (پـاشـــاکـان وان وەک خوایەکی دڵڕەق هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤەکان دەکەن). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ٤٩). ئەمە هەمان ئەو وەســـفە کۆنەیە، کە بۆ دەســـەڵاتداران دەکرا، دەســـەڵات لەســـەردەمی ئەنتەرنێـت و بواژنەوە و کۆمپیۆتەردا هەمـان ئەو دەســـەڵاتە نییە، تەنیـا مرۆڤەکـانیش هەمان مرۆڤی کۆن نین، بۆیە کاتێک دەزانین خەڵک لەسەردەمی (چایخانە) پەڕیونەتەوە بۆ ســـەردەمی (کافێ)، واتە گۆڕانێکی مەزن ڕوویداوە، ئێمە باسـی ئەوە ناکەین گۆڕانەکە لەشـێوەیە، یان نێوەڕۆک، یان گۆڕانێکی باشە، یان خراپ.

(مردنێک وەک ئۆخەیەکی فریاهێن تەواوی ئازارە ڕۆحیەکانی رابردووی بیر بەرێتەوە). (دلزار حەســـەن، ٢٠١٩، ٧٧). لەم دەقەدا مردن وەکو بەشـێک لەچارەسـەر مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لەکاتێکدا ئەو بێزارییەی قسـەکەری ئەم دەربڕینانە هیچ کاتێک کاری بۆ بەدیهێنانی مردن لەدژی ئازارەکانی نەکردووە، ئێمەی

خوێنەر چـاودێری کۆتـایی هـاتن و مردنی (خۆ بەخواوەنـد چوواندنی پاشـــاکان) دەکەین، لەکاتێکدا ئەم خۆپێچوواندنە بەشــێوازێکی نوێ، بەڵام لەنێوان هەمان چەمک و نیەتی کۆندا دووبـارە دەبێتە. لەکـاتێکدا (فۆکۆ) ئـامـاژە بەوە دەکـات (ئەو کەمتر وابەستە دەبێت بەو جیهانەی کە شتەکانی تێدایە، بەڵکو پتر وابەستەیە بەخودی شتەکانەوە). (دلزار حەسـەن) لەجیهان و ســـەردەمی خانەوادەی پاشـــایەتی دەرچووە، لەوەســـفی سەدەیەک لەوە پێش دەرچووە و ڕاستەوخۆ هاتۆتە نێو باسـی شـــتێکی هەقیقی، ئەویش وەرگرتنی کورســـی ســـەرۆکایەتییە لەلایەن (میر محەمەد)ەوە. واتە لەجیهانی گێڕانەوە و ئاماژەی خەیاڵی بۆ ســـەردەم و کاتێکی کۆن دەرچووە و هـاتۆتە نێو سـەردەم و کاتێکی هەقیقی، کە بریتییە لەشـتەکانی ئێسـتا تەنیا ئاماژەکردن بەهەندێک ناو، مێژوو، بەسـەرهات ئەم ڕاسـتیەمان پتر لا بەهێز دەکەن. ئایا لەم دەقەدا قسەکەر وابەستەیە و لەنێو خودی شـــتەکانەوە، شـــتەکانی دروســـتکردووە، یان لەژێر کاریگەریی جیهانی شتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە؟. دەقنووس لەژێر کاریگەری جیهانی شتەکانەوە، وەسفی شتەکان دەکات و لەچوارچێوەی جیهـانی ڕووداوەکـان دەردەچێـت و خۆی وابەسـتە دەکاتەوە بەمەبەسـتە سـەرەکییەکانی خودی شـتەکان. ئەمەش ئەوەمـان بۆ ســـاخ دەکـاتەوە نووســـەری ئەم دەقە کـاریگەریی و توانـا و هێزی دەربڕینی خۆی لەنێو دەقەدا بەشێوەیەکی قووڵ بەکارهێناوە، ئەو لەخودی شتەکانەوە باسـی

شـــــتەکان دەکات. بۆ نموونە باســــی (جیهانی فکری و ئیمانی ئاینی بانگبێژ ناکات) بەڵکو باســــی خودی (شــــتەکانی بانگبێژ) دەکات. باسـی جیهانی ئافرەت ناکات، بەڵکو باسـی (حەسـرەتی سـێکس و دانەمرکانەوەی چێژی سـێکسـی لای ئافرەت وەکو شــــت) دەکات. باســــی (یاخیبوونێکی منداڵانەی) کوڕی میر دەکات، لەنێو جیهانی مۆسیقادا، بەڵام دیسان مەبەستی جیهانی مۆســــیقا نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەو شــــتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و فکری و تێڕوانین و هەڵوێســــتانەی لەنێو ڕووداوەکاندا لەبارەی چەمکی دەسەڵات و کاری دەسەڵاتداری بەرجەســتە دەبن، کە پەیوەندییان بەدەوروبەری کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی (دەسەڵات و هونەر، دەسەڵات و پاشماوەیی و دەسەڵات و بیرکردنەوە، دەسەڵات و یاخیبوون)ەوە هەیە.

## لێکچواندن لەنێو خودی خۆی نامێنێتەوە

(میشـیل فۆکۆ) لەپێناسـە و وەسـفکردنی سـنووری جیهان پێی وایە (پێکچوون بەهیچ شـــێوەیەک لەنێو خودی خۆیدا جێگیر و چەســــپو نییە، تەنیـا ئەو کـاتەی بۆ پێچوواـندنێکی دیکە بگەڕێتەوە). (میشــــیل فوکو، ١٩٩٠، ٤٨). دەقنووس دەیەوێت لەنێو مێژوویێک (کە خەیاڵییەکی شــــکاوە بەلای نیمچە هەقیقی دایە) بچێتە نێو مێژوویێکی هــاوچەرخی وێنــاکراوی هزری.

ڕووداوێک لەنێو ڕووداوێکی دیکە بچێنێت. کەسایەتییەک لەنێو کەسایەتییەکی دیکە کۆپی بکات. شتێک بێختە نێو خودی شتێکی دیکە، یان بەواتایەکی دیکە دەیەوێت (مێژوو، کەسایەتییە خەیاڵییەکان) بە(مێژووی کەسایەتییە هەقیقییەکانی ئەم سەردەمەی هەرێمی کوردستان بچووێنێت).

وێناکردنی دەسەڵاتێک، دەسەڵاتدارێک، کە خۆیان دەگەیننە ئاستی (خوایەتی بە واتا زهنییەکەی) بەدەسەڵات و دەسەڵاتدارێکی ئەم سەردەمە بچووێنێت. خەڵک، کە کۆیلەدارییان لەڕووی (فکرییەوە) قبووڵە، بەخەڵکانێک بچوونێت، کە لەپێناو ئازادی جەنگان. (مەعریفە زمان بۆ زمان دەگوازێتەوە). (میشیل فوکو، ١٩٩٠، ٥٦). مەبەستمان لەم ئاماژەیە ئەوەیە لەزماندا ئامرازێکی سەرەکی دەرخستنی وێناکردنی وێنەکانی نێو مێشک و هەست و نەستەکان، مەعریفە و زانیارییەکان زمان دەگوازێتەوە بۆ نێو زمانێکی دیکە. شتێک لەشوێنێک دەگوازێتەوە بۆ شتێکی دیکە لەهەمان شوێن. شوێنی دەقنووس هەرێمی کوردستانە، مەعریفەکەی گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، یادەوەری و ڕووداوەکانی سەدەیەک پێش ئێستا، ئەو لەزمانی قسەکەر و کەسایەتییەکانەوە (کە خانەوادەیەکی پەناهەندەی پاشازادەن) بۆ زمانی کەسانێک، کە ئێستا دەژین (کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی و

ئینگلزی) دەزانن، پێکچوواندن دەسازنێت و مەبەستی زمان بۆ زمانێکی دیکە دەگوازێتەوە.

گرینگی زمانی دەق، نیشانە و هێماکانی نێو دەق، گوتاری هەر دەقێک لەوەدایە، کە زمان وەبەر هەموو شتێک دەهێنێت، هەمووشتێک قسە دەکات و دەجوولێت و بەرهەم دەهێنێت. لەناونیشاندا (ئەستێرە) شتێکە و (ژەنیار)یش شتێکی دیکە. (ی)ش شتێکە، وێنەی بەرگ و هێلکارییەکە سەر بەرگەکەش شتێکی دیکە دەگرێتەوە. ئەستێرە زمانی هەیە و پێناسەی زهنی خۆی لەنێو هەست و درککردنی خوێنەر و وەرگر دەکات و بۆ شێوە زمانێکی دیکەی دەگوازێتەوە، وەکو چۆن (ژەنیار)یش بەهەمان شێوە لەکارێک دەبێتە شتێک، لەشتێکیش دەبێتە پەیامێک و گوتارێک دروست دەکات واتە لەزمانی شتێکەوە دەبێتە زمانی شتێکی دیکە. ئەستێرە هەمیشە لەشێوەی (درەوشانەوە، گەش، گەورە و بچووک، کاکێشان و گەلاوێژ و چی چی) دەردەکەوێت، بەلام (مۆسیقا بژەنێت) ئەمەیان شتێکی بڕواپێهێنەر نییە. (ئەستێرە دەکرێت ناوێک بێت و دەکرێت سیفەتیش بێت، کە دەڵێن ئەستێرەی هۆلیۆد، یان ئەستێرەی دەگەشێتەوە، ئەستێرەی بەخت و خوێندەوەی بورج، یان ناوی ئافرەتە) بەواتا زهینی و ڕەوشتی و پیشەییەکە بەکاردەهێنرێت و واتای دەرکەوتنی کەسایەتی و بوژانەوەی بەخت دێت. (ی)ش شتێکە، بۆ ئەوەی شتێکی دیکە دروست

بکات، ئەرکێکی ڕێزمانی لەســتۆ دەگرێت . (ناتوانرێت لەهەموو گوتارێک لەو گوتارانە داوابکرێت مافە هەقیقەکانی لەڕاگەیاندنی شی بکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت داوای قسەکردن لەبارەی خودی شتەکەی لێبکرێت. . زمان لەناوەخۆیدا سەرەتایەکی زیادبوونی هەیە، لێرەدا کــارێکی گەورەتری تێڕوانین بۆ تێڕوانینەکــان لەبارەی تێڕوانینی شـــتەکان لەئارایە. ئەمەش وەکو ئەوە وایە (چەنـد کتێبێـک لەبـارەی کتێبەکـان هەبێـت و کتێبەکـان پتر لەبارەی بابەتێکی دیکەوە بێت). (میشێل فۆکۆ، ٢٠٠٩، ٥٦).

دەقنووس لەگوتارێک، کە کردەی ئامۆژگاری و ورياکردنەوە و ڕێنوینی و هەتا پاساو هێنانەوەش لەخۆ دەگرێت، دەڵێت (تەواو چیتر وا بیرنەکەنەوە هەســــت و نەســــتە خراپەکـان بۆتـان شــــتگەلێکی موژدەهێن، کە ڕۆژگـارێکە خـاوەندارییەتی نـاخە خراپەکەتان دەکات... بۆ ئەوەی تێبگەن ئەوانە ئەو شــتانەن کە بۆتان ئامادەکراوە، ئەوە ئێوە نین ڕۆحە راســتەقینەکەتان نییە، بەڵکو هەستی نەفرەتی و بێئاگاکەی خۆتانە کە هێشتا لەخەوی قووڵی بێدەنگیدا بیدار نەبۆتەوە..). (دلزر حەســەن، ٢٠١٩، ٧٢). ئەم گوتارە گوتارێکە لەبارەی گوتارێکی دیکە دەدوێت.

کردەی بەرهەمهێنانی گوتـار لەبـارەی شـــتەکانەوە بەمجۆرە دەســتی پێکردووە (بیرنەکەنەوە.. هەســت و نەســتی خراپ.... هەستی بێ ئاگایی .. ناخی نەفرەتی

خاوەنداریەتی.. موژدەهێنن) پەیامەکەش ئەوەیە شـتێک بەرهەم دەهێنێت، کە هاندان و ئامۆژگارییە بۆ ئەوەی تێبگەن، چی دیکە لەسەر هەڵە باوەکەکان بەردەوام نەبن. گوتاری (تێبگەن) پاساو و گەڕانە بەدوای دەستنیشانکردنی هۆکار لەڕێگەی بەکارهێنانی وشـەی (بۆ ئەوەی)، چونکە شـتەکان زۆرن، کە پەیوەندی بەبێ ئـاگـایی مرۆڤەوە هەیە، ئەوە بەکردەوە هەقیقەتی خۆیـان نییە، بەڵکو (هەســـتە نەفرەتیی و بێ ئاگاکانی خۆیانە) شـــتەکان دەقەومێنێت، یان ئەرکیان پێ دەســـپێرێت. واتە مرۆڤ دەبێت لەنێوان (رۆحی ڕاســتەقینە) و (هەســتی نەفرەتی و بێ ئاگایی) خـۆی، خـۆی یەکـلابـکـاتەوە . پەیـامەکە (ڕوونـکـردنەوەیە، دیارخســتنی هۆکارەکانە، پیشــاندانی شــتەکانە لەنێو شــتێکی گشـــتگیردا) مرۆڤ (شـــتە گشـــتییەکە)یە، خـاوەنی گوتـارە ســـــەرەکییەکەیە، کە گوتـــاری (شـــتێکی دیکە کە رۆحی ڕاستەقینەی) تێدایە، لەگەڵ گوتارێکی دیکە (هەستی نەفرەتی و بێ ئـاگـایی). واتە گوتـارێکی بۆ گوتـارەکـان لەبـارەی گوتـارێکی دیکە دروستکردووە. گوتارێک (سەرچاوەیە/ مرۆڤە، کەسایەتی و کـارەکتەرەکـانە)، گوتـارێکی دیکەش (هۆکـار و نمـایش و ڕەتکردنەوە و ســـــاخکردنەوە و پـاڵپشـــتییە)، گوتـارەکەی ســـێیەمیش (هۆکـارە، هەواڵە، یـان زانیـارییە، ڕوونکردنەوەیە، پەیامە).

نووســـەر دەڵێت: (باوەشـــکردن بەو باوەشـــکردنە بەخۆتان، گوێگرتن لەو گوێگرتنە لە خۆتـان). شـــتەکان لێرەدا (خۆتـان تەوەری ســەرەکییە/ ئەو تەوەری لاوەکییە)، گوتارێکە دەیەوێت هێز بخاتە ســـەر (خۆتان)، (ئەو/ لەو) ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیــامی شـــتێکی نێو گوتــارەکەی. دەقنووس شـــتێکی دروســتکردووە، کە (باوەش و گوێ)یە. لەهەمان کاتدا شــتێکی دیکەی پیشـــانداوە، کە (باوەشـــپێکردن و گوێگرتنە). لەنێو ئەم گوتارەدا فرمانی هەبوون، خۆیەتی (لەخۆتانە) دروســتکردووە. واتە مەبەســـتی ئەوەیە لەنێو ئەم گوتـارە لەڕووی دەروونی گوتارێکی (هاوبەش و یەکســـان و وەکو یەکی و متمانەدار و نەهێشــتنی جیاوازی لەنێوان کەســەکان) دروســت بکات. ئەو شـــتێکی بۆ دیارخســـتنی شـــتێکی دیکە لەپێناوی بەدیهێنانی شـــتێکی بالاتر بەکارهێناوە، کە ئەویش نیشـــانە و هێما و سیمیۆلۆجیایە بۆ شتێکی بالاتر، کە بریتیە لەبەدیهێنانی (متمانە و خۆیەتی و هاوبەشـــی). بەمە بۆمان دەردەکەوێت کارکراوە لە گوازتنەوەی زمـان بۆ نـاو زمـان، یـان بەکـارهێنـانی زمـانی شـــتەکان بۆ گوازتنەوەی زمان بۆ نێو شـــتەکانی دیکە، واتا و وەسـفکردنێکی قووڵتر و جیاوازتر لەواتا سـروشـتییەکان بەدی بهێنێت.

دەقنووس دەڵێـت: (ئەو چـاوانەی کە دەبێ هونەر وەکو خۆی ببینێت، لێرە نین لە کۆشـــک و باڵەخانەی خوداپێداوەکان نیین..

ئەوان بۆیە ئێرەیان وەک مۆزەخانە لێکردووە.... بۆ ئەوەیانە بە هونەرمەندان بڵێن ئێوە لە تەماشـەکانی ئێمە مردوون...). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٤٧).

گوتاری ئەم وێنە وەسـفییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پیشـانی بدات، هونەر و هونەرمەندان لای دەوڵەمەندەکان شـتێکی بێ بایەخن، تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی شوێنن، بۆشاییەکانی نێو شوێنیان پێ پڕ دەکرێتەوە. (چاو) دووجۆرە یەکەمیان: ئامراز و کەرەسـتە و هەسـتی بینینە، چاوێکی پڕ لەبینین و متمانە و بەها و شـیکاری وێنەکـانە، بەڵام ئـامـادەی پرۆسـەی بینین نییە. دووەمیـان: چاوێکە بۆ سـوکایەتی و بێ نرخکردن و تێکشـکاندن و بێ متمانەکردنی شـتەکان بەکارهێنراوە دەکرێت بڵێین (نیشـانە و هێما و واتایە)، بەڵام ئامادەی پرۆسـەی بینینەکەیە. گوتاری ئەم دەقە، هێما و نیشـانەیە، کە هونەر لای دەوڵەمەندەکان بایەخە مرۆییەکانیان نامێنێت، چاوەکان بۆ سـوکایەتی شـتەکان شـتێک لەپێناوی شـکاندنی شـتێک ئەنجام دەدات. ئەو چاوانەی شـکۆیەک بۆ شـتەکان لەنێو شـتێکدا بۆ ڕێزگرتنی ئەو شـتانەی قەدەغەن و نابێت لەم شـوێنە شـتێک دەگێڕنەوە. (بینین) لێرەدا واتە (چاو) سـیمیۆلۆجیای (فکر و شـیکردنەوە و هەڵوێسـت و سـوکایەتی و شـکۆ و کاریگەریی و کارتێکردنە) لەکردەی تێڕوانین و بەکارهێنانی هونەر وەکو شـتێک لەنێو شـتێکی دیکە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات.

دەقنووس گوتارێکی وەســـــفی نێو کۆشـــــکی خوداپێداوەکانی لەپێناو بەدیهێنانی گوتارێک، کە بریتییە لەپیشـــاندانی نرخ و بێ نرخکردنی هونەر، بۆ دەرخســـتنی پەیامی گوتارێک، کە بریتییە لەنـاکۆکی و ململانێی لەمێژینەی نێوان هونەر و دەســــــەڵات، هونەرمەنـد و دەســــــەڵاتـدار، لەپێنـاو بەدیهێنـانی کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان (نێرەر و وەگر) بەمەبەســـــتی گەیاندنی پەیـامێـک و مەبەســـــتێکی دیـاریکراو لەدۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەرهەمهێناوە.

چاو/ متمانە  و پلە وپایە و شـــــکۆ / نائامادە...... چاو/ متمانە کوژ، تێکشکانی شکۆ و سوکایەتییە/ ئامادەیە.

ئەو شتانەی لەڕووی دەروونی و فکرییەوە لەنیشانەیەک پتر و لەکێشـەیەک زۆرتر و هەمیشـەش  لەشـتێکدا شـتێک و چەندین شـت دروسـت دەکەن، وەکو زمانی دەق مامەڵەی لەگەڵ کراوە. دەبێت ئەو شـــتانە چی بن، دەقنووس هان بدەن چەند شـــتێک لەپێناوی وەســـــفی شـــتێکی دیکە بەکار بهێنێت، واتە هۆکاری گەڕانەکانی دەقنووس لەبەکارهێنانی گوتارێکدا، دەبێت چی بێت گوتـارێـک، یـان چەنـد گوتـارێـک بۆ گێڕانەوە و وەســـــف و دەرخستنی پەیامی گوتارێک بەکاربهێنێت.

لەبەشێکی دەقی (ئەستێرەی ژەنیار) دەنووسێت: (ئەو ئێستاش بەو دەنگەوە دەژیت بەو ئاوازەوە سـەردەخاتە سـەرسـەرین و

دەخەوێت. میرمحەمەد کە گوێی لەو قســـانەی باوکی دەبوو لە دوو جیهاندا دەخولایەوە، جیهانی ناخ ئەوەی پێی دەگوترێت واقیع و سنوورەکانی غەریزە، خێزان، کۆمەڵگە، نەریت، باوک). (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٠٤-١٠٤). لای منی خوێنەر ئەم دەقە چەند شیکردنەوەی لەم جۆرە لەخۆ دەگرێت:

گوێگرتن لەمۆسیقا/ دونیایەکی خەیاڵییە.

گوێگرتن لەناخ/ دونیایەکی واقیعییە. نووســـەر دەڵێت لە(دوو جیهاندا دەخولایەوە). وەســـفی دوو جیهانەکە وەکو ئەوە وایە هیچ جیاوازیی و ناکۆکی و ڕکابەرییەکیان لەدژی یەکتر نەبێت، تەنیا دوو جیهانن. دونیای مۆســیقا لەلایەک و دونیای باوک و خێزان و غەریزە و کۆمەڵگە و نەریت و واقیع لەلایەکی دیکەوە. شتی یەکەم، پەیوەستە بەگوتاری بنەڕەتی و ناوەندی ڕۆمانەکە، کە ناونیشـــانەکەیە (ئەســـتێرەی ژەنیار)، دووەمیش پەیوەســـتە بەڕووداوەکان و کاردانەوەی دەروونی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی جیاوازی کەســـەکان. لەیەکەمیاندا گوتاری (ئاســـودەیی، خەوتن و ئارامی بەخش) هەســـت پێدەکرێت، لەگوتاری دووەمدا (واقیع، خێزان و نەریت و باوک.. ململانێی دەســـەڵات و گەڕان بەدوای هەقیقەت و کێشـــەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کاریگەری مۆســیقا.. تاد) وەســف دەکات. لەگوتاری یەکەمدا لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوە، کردەی ئیرادەی خودی، ویســتی تاکەکەســـی و ڕازیبوون و

گونجان و دڵنیایی و ئارامی دەروونی بەدیهێنراوە. لەگوتاری دووەمـدا، کردەی گێڕانەوە و ئـامۆژگـاری و ڕەتکردنەوە و شـانازی و پیاهەڵدان و ناشـیرینکردن و وەسـفکردن و فەرمان لەدەربڕینی زمانەکەدا هەیە بەشێوەیەکەیە وەسفی جیهانی ناخ دەکات، کە بریتییە لەدۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکە بە(واقیع) واتە دۆخێکی ســـەپێنراوی بێ ئیرادە و ڕازیبوونی کەســـەکە پیشـــان دەدات، باوکســـالارییە، نەریتی کۆمەڵایەتیە و حوکم و فەرمـان و یـاســـا و نەریتی خێزان بـاڵادەســـتە، لەبـارەی کۆمەڵگەشەوە ڕێسا و خووڕەوشتی گشتی سەپێنراوە.

ئەمە بـایەخ و گرنگی زمـانە لەڕاپەڕاندنی گوتـار و بەدیهێنـانی کردەیەک، یان چەند کردەیەکە لەیەک وشـــە و گوتن و هێما و نیشـــانە و دەربڕین و تەنای یەک دۆخیشـــدا. با لەڕوانگەیەکی دیکەوە شـــیکاری ئەرکی زمان لەبەدیهێنانی پەیامی گوتارەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی شتەکانەوە بکەین.


مۆســـیقا لەگوتاری یەکەمدا یەکســـانە بە(واقیع، ســـنوورەکانی غەریزە، خێزان، کۆمەڵگە، نەریت، بـاوک) لەگوتـاری دووەمـدا، یەک شـــتە، ئەویش (مۆســـیقا)یە هێز و پێویســـتی بەدیهێنانی کردەی ڕاپەڕاندنی مەبەستەکە دەگەیەنێت و یەکسانە بەچەندین شت لەگوتاری دووەمدا.

مرۆڤ (میر موحەمەد) ناوەندی گوتار/ شـــتەکانە تەوەرەی (ســـەرەکییە) ...... گوتاری یەکەم (مۆســـیقا/ لاوەکی، بەهێز و کـاریگەر، لەنـاو ئیرادەی میر موحەمەدە)...... گوتـاری دووەم (جیهانی ناخ) / لاوەکییە دابەشـبووە، بەڵام لەدەرەوەی ئیرادەی (میر موحەمەدە).

لەم شیکردنەوەیەدا دەردەکەوێت دەق چەندە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنـانی کردەی بیرکردنەوە و بەرجەســـتکردن و کارتێکردن و سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەمان دەق هەیە.

## کردەی درککردن

هۆکاری یەکەمی پەیوەندیکردن (قسەکەر)ە، کە پشت بەبنەمای (بڕواپێهێنـان .... کردەی قەنـاعەتبوون.... کردەی دەرخســـتنی هەقیقەت) دەبەستێت.




درککردن کردەیەکە پەیوەندی بەتوانا و کارایی هەست و مێشکەوە هەیە، کاتێک شتێک شوێن و کاتی نەبێت، چۆن وەکو بەدیهێنراوێکی بەرجەستە شی دەکرێتەوە، هەر فکرەیەک نمایشی تێدا نەبێت، نابێتە سەرچاوەی هەست و درککردن. بۆیە هەر کاتێک لەنێو دەقێکی ڕۆماندا، زمانی گێڕانەوە پشت بەنمایش و وەسفکردن و هەست و تێڕوانین نەبەستێت، وێنە بەرهەمهێنراوەکە لەدەرەوەی درککردن دەبێت.

دەقنووس دەڵێت (ئەم چەند کاتەی بەیەکەوەبوون ئیدی وەکو دڵدار و ئەویندار مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد...). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١١). من وەکو خوێنەر درککردنێکم بە شتەکان لەڕێگەی تێگەیشتن لەئەرک و پەیامی نێو زمانەوە لاپەیدا بوو، ( ئەم چەند کاتەی) لای من درککردنە بەشتێک واتای (کاتێکی کورت، کاتێکی خۆشی پڕ لەبەختەوەری هێن، بەیەکەوە بوون، واتە جۆرێک لەتێکەڵبوون و بەریەک کەتوون درک پێ دەکرێت.. (دڵدار و ئەویندار) بەدووبارەکردنەوەی وشەکە لەڕووی واتاییەوە، جەختکردنەوەیە لەسەر سیفەت و کردەیەک، کە مەبەستی تێدایە).

لەتەک ئەوەشدا نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە هیچ شتێک بێ واتا، هیچ نیشانە و کەرەستە و دەربڕینێک بێ ئەرک نین، وەکو

(فۆکۆ) ئاماژەی پێکردووە (واتا لەدەرەوەی نیشانە و ئاماژەکان نین، هیچ ئامادەبوونێکی دانپیانراوی گوتارێکی لەخۆوەیی نییە، بەڵکو پێویستە گوتارەکە بەرهەم بهێنرێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی واتای سەرەکی شتەکان). (میشیل فوکو، ٢٠٠٩، ٧٥-٧٦). ئەم بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ڕۆمانەکە لەڕێگەی خوێنەرەکانییەوە دەبێت، گریمانەی ئەوە دەکرێت گوتارە بەرهەمهێنراوەکە گوتارێکی گونجاو، یان نەگونجاو بێت، پاڵپشتی، یان ڕەتکردنەوە، تێگەیشتن، یان ڕەتکردنەوە بێت. دەقنووس نووسیویەتی (هەستمدەکرد بەشێوەیەک بەو شوێنەوە نووساوم چیتر توانای دوورکەوتنەوەم نییە لە خۆم... ) (دلزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٩٩).

هەستکردن هەنگاوە بەرەو درککردن، درککردنیش دروستکردنی وێنەیەکە، بۆ بەرهەمهێنانی وێناکردنێکی نوێ شتەکانی دیکە لەنێو ئەو شتانەی دەبنە مەبەست و خواست لەپێناو ڕاپەڕاندنی گوتارێک، کە بریتییە لە(پێوەلکان بەشوێن و دوورنەکەوتنەوە لەخۆی). واتای (شوێن) یەکسانە بە(خۆم)، (پێوەلکان) و (دوورنەکەوتنەوە) سەرچاوەیە بۆ پەیام و مەبەستی نێو گوتارەکە، (هەستکرن)یش هاوسەنگ و هاوتایە بۆ بەدیهێنانی (توانا). هیچ واتایەک لەدەرەوەی نیشانە و ئاماژەی شتەکان نین.




لەشـــــیکردنەوەی گوتاری ســــیمیۆلۆجیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو کەســـێکە (زۆر لەخۆی دوورکەوتۆتەوە، چی دیکە توانای دوورکەوتنەوە لەخۆی نەماوە، بەڵام هێزی هەیە بۆ مـانەوە، (چیتر) (دۆخێکی بەراوردکـارییە بۆ ڕەتکردنەوە بەکارهێنراوە، واتای کات و شــوێنی تێدایە، پیشـــاندانی دۆخی دەروونی و تێڕوانینی لەخۆگرتووە.). ئەمانە نیشانەن بۆ دۆخی دەروونی و دەوروبەری کەســـێک، کە پێ دەچێت لەدەســـت (شتەکانی دابڕان و تەنیایی و دوورکەوتنەوە) تووشی نیگەرانی بووبێت. (چیتر کات و وێناکردنی واتای شـــتێکی کات لەنێو

کاتدا، لەهەمان گاڤیشدا وێناکردنی واتایی شتێکی شوێنە لەنێو شوێندا).

لەهەموو دۆخەکاندا قسەکەر نەیتوانیوە هێزێکی یەکلاکەرەوە بۆ ڕاپەڕاندنی گوتاری بەدیهێنانی مەبەستە واتاییەکان و هێزی کردەی کارتێکردن دروست بکات، توانای گۆڕینی شتەکان بۆ شتی دیکە بەدی بهێنێت، یان لەبڕواپێهێنان بەهەقیقەتی کەسایەتییەکان هەندێک لاوازی پێوە دیارە، بۆ نموونە بانگبێژ لەبەشێک نۆڤلێتەکە بەدیاردەکەوێت و لەبەشەکانی دیکە نامێنێت، واتە کەسێکە لەنێو کەسایەتی و ناونیشانی نۆڤلێتەکەدا نامێنێت، خزمەتکارە جووەکە لەبەشێکی زۆر کەمی نێو نۆڤلێتەکە (کات و شوێن و ئەرک و شتەکانی) پێدراوە، ئەو کەسایەتییەکە شتی پێسپێراوە، هیچ شتێک بەخوێنەر نابەخشێت. هەرچەندە بانگبێژی مزگەوت لەپانتاییەکی کەمی (کات و شوێن)ی نێو نۆڤلێتەکە واتا و نیشانەیەکی گرنگی تێڕوانینەکانمان پیشان دەدات، ئەویش کێشەی (نێرەموک بوون و گرێی دەروونی ئەو کەسەیە).

هەستکردنێکی چالاک دەبێتە هۆکار بۆ دروستکردنی کردەی درککردن و قەناعەت، بەمەش هەقیقەت ئەگەر لاوازیش دەردەکەوێت، کەچی گومان بەردەوام و بەشێوەیەکی بالا هەست پێ دەکرێت، گومان لەهەموو شتێکدا دەبینرێت، تاکو دەگاتە ئەوەی ئەو کەسەی لەیەکەم پەرەگرافی دەقەکە

چـــاوەڕوان دەکرێـــت بەدیـــار بکەوێـــت، کەچی بەپێچەوانە لەکۆتایشـدا هەر بەنادیار ناکەوێت و نابینرێت، لەکۆتایدا دەڵێت: (هەسـتم دەکرد بەو حاڵەی ئێسـتای سـەرۆک چەندی بەناو ئەو شـــارەدا بچینە خوار، تا زیاتر ئەو حاڵە پەشـــۆکاوەی خۆمان ببینم دیمەنەکـان لەبەر چـاو ئـاڵۆزتر دەبن گشـــــت وێنەکـان لەشـــێوەی تەلیســـمێک دەردەکەون). (دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٩٨). واتە کردەی درککردن لای نێرەر و قســـــەکەری دەقەکە بریتیە لە(پەشـۆکاوی، حاڵ، هەسـتکردن، ئاڵۆزتر، تەلیسـم). ئەم دۆخە لەڕووی زمـان و دەربڕینەوە لەجیاتی متمـانە، دڵەڕاوکێ و گومـان و بزربوون و ئـاڵۆزی دروســــــت دەکات، هەروەهـا هەقیقەت هێشتا بزرە، چونکە ناکۆکی و مەبەست و خواستەکان بەدی نەهاتوون، لەبەر ئەوەی کاکلی هەقیقەتە وایە (ســــەرۆک چوونە خوار بەشـاردا) لەبەرانبەر سـەرۆک و شـاریشـدا (حاڵی پەشـۆکای ئەوان واتە گشـت و دیمەنەکان ئاڵۆزتر دەبن، دواتر لەنێو هەقیقەتدا دەبنە تەلیسم).

هۆکـــاری دووەم گوێگر/ وەرگرە .... (کردەی تێڕوانین و لێکدانەوە.... قەنـاعەتە). (عبـدالمجید نوســـــی، ٢٠٠٢، ل ٧٢ ). قســـــەکەر لەپێناو گەیاندنی پەیام و دروســـــتکردنی پەیوەندی لەگەڵ گوێگر و وەرگرەکانی ئەم کارە دەکات، گوتارەکەشـــــی بریتییە لەڕاپەڕاندنی کردەی پەیوەندیکردن، شـــیکاری هۆکاری یەکەممان کرد، نێرەر لەجیاتی هەقیقەت کۆتا وێنەی بە(تەلیسم)

واتە خەیاڵ و نادیار و پەرتبوون و ئاڵۆزی و بەردەوامی لەگێژاوی بیرکردنەوە و وێناکردن دایە، ئەمەش وادەکات کردەی درککردن بە(تێڕوانین و لێکدانەوە و بڕواپێهێنان) لای وەرگرەکان لاواز و لەرزۆک و پڕواپڕ بن لەگریمانە، بۆیە وەرگر گوتاری گریمانە و گەڕان بەدوای هەقیقەت دروست دەکات. قەناعەتی لا دروست دەبێت، کە کێشە و بابەتی گەڕان و پەیامی گەیشتن بە(فەریبای دووشی) دەکرێت لەسەردەم و شێواز و هەتا دەقی دیکەشدا درێژەی هەبێت. لەبنەڕەتدا ئەوەی ئێمە وەکو خوێنەر درکی پێ دەکەین، ڕووداو و بەسەرهات و کێشە و ململانێ دەروونییەکان و هەتا پێناسە و وەسفی کەسەکانیش وێناکردنی خودی نووسەرن، پێوانەکردنە لەدونیایەکی خەیاڵی، بۆ دونیایەکی هەقیقی. واتە نووسەر بەپێچەوانە نەهاتووە دونیای هەقیقی بکاتە بنەما و پێوانە بۆ دونیای خەیاڵی، بەڵکو بەپێچەوانە کارەکی کردووە.

## زمان و شیکردنەوەی فکر

بۆ شیکردنەوەی ئەرک و بەکارهێنانی زمان لەم دەقەدا هەندێک لایەنی زمانەوانی شی دەکەینەوە، ئێمە باسی ڕێزمان و ڕێنووس و چۆنیەتی داڕشتنی ڕستە و گرێ و دەنگەکان ناکەین، هەرچەندە هەندێک دەنگ بۆ نموونە (قەد بۆتە قەت)،

بەڵکو بەکـارهێنـانی زمـانی گێڕانەوە، شـــیکـاری ئـامـانجی بەکارهێنانی شێوازی ئەم جۆرە زمانە دەکەین، کە مانا بەرهەم دەهێنێت. (چونکە گوتار ڕێگەی خۆی بەرەو واتا و دەربڕینەکان دەبڕێت). (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٥٢). ئێمە جەخت لەســـەر (واتا و دەربڕین) دەکەینەوە، واتا چەمکێکە ناوەوەی بابەت و وشە و دەستەواژەکان دەگرێتەوە، دەربڕینیش شێوازە، وێنە و شـــێوەی گوتن و گفتوگۆ و لایەنە دەرەکییەکەی گوتار و پەیام و مەبەســـتەکان دەگرێتەوە. ئەمەش بەگشـــتی پەیوەندییان بەزانستی شیکردنەوەی نیشانەکانەوە دەبێت، لەوانە:

ئـامراز و کەرەســـتەی بەدوای یەکتردا هـاتن و بەیەکەوە بەســـترانەوەی وەســـف و گێڕانەوە و هەوڵ و ڕووداوەکان، وەکو: (لەبەر ئەوەی، چونکە، بەهۆی، هەرچەنـدە، بۆیە، وەک ئەوەی، هەر، ئای، بەجۆرێک، .. ) بەیەکەوە بەســـتنی لۆژیکی وەکو (بەمجۆرە، وەک، دوای ئەوە، ئەو لەم، لەو، دەی، بەو، .. تاد) .

ئەو نیشـــانانەی دەبنە هاوکار بۆ دیاریکردنی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لەنێو هاوچەشنەکانی خۆیدا وەکو:

- ترین: زیرەکترین... ئاوەڵناو + ترین

- لەهەموو .... + ئـاوەڵنـاوی پلەی بەراورد: لەهەموو زیرەکتر

- هەرە .... هەرە (ئامرازی جەخت) + ئاوەلناو : هەرە زیرەک. (د. رەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ، ل٣٩)

ئامرازی بەراورد .. (ش، یا، تر ترین، دی.. دیکە، هی خۆتان، ئەمانەش، )..

(ئامرازی ئاماژە، ئەو، لەمانە، هی، لەوانە، ..) ئەم نیشـــانە ڕێزمانیانە دەوریان لەفراوانکردنی واتا و پەرەپێدانی ئەرک و بەدیهێنانی مەبەستەکانی نێو دەق هەیە.

چۆن زمان بیرۆکە و فکرەیەک شی دەکاتەوە، ئەوهاش شتەکان دەبنە ســـەرچاوە بۆ شـــیکردنەوەی واتاکان. دەپرســـین ئایا شـــتەکانی ناو زمان چین، تاکو نیشـــانە و هێما و واتاکانی نێو فکرەیەک شـــی بکەنەوە؟. بۆیە دەکرێـت لەبوارێکی دیکەوە ســـەیری زمان بکەین، بەو واتایەی (زمان شـیکردنەوەی فکرە، وشـــەش ئاماژەیە بۆ ئەو فکرانەی دەگوترێن).(میشـــیل فوکو، ٢٠٠٩، ٨٩). لەنێو هەر دەقێکدا زمـان، یـان لەنێو زمـانـدا ژمارەیەک کەرەســـتە و شـــت هەن، هاوکاری بەکارهێنەران و بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی مەبەستەکان دەکەن، شیکردنەوە بۆ کەرەســـتە و مەبەســـت و ویســـت و شـــتە هزری و بەرجەســـتییەکـانی نێو فکر دەکەن. دەقنووس دەگێڕێتەوە (پێویستە ئەقڵمان پێش سـۆزمان کەوێت بەچاوی لۆژیک بڕیار

بـدەین نەک بە دڵ و بەزەییـانە، میر لەوە زیـاتر لەبـاوکی دڵسـاردبوو کە هیچ دەرفەتێکی بۆ لایەنی هەسـت و سـۆز نەدەهێشتەوە...). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٠٦).


گوتمان زمان شیکەرەوەی فکرە. زمان لەشت پێکدێت و فکریش پڕە لەشـت. زمان لەدەنگ و وشـە و ڕسـتە و واتا و پراگماتیک (کار) پێکدێت، لەنێو ئەوانەشدا هێز و ئاوازەی دەربڕین و بینین و مەبەست هەیە، لەنێو ئامراز و هێما و دەنگ و وشە و واتا و کار و تەنای خاڵبەندیشـدا واتا و شـتی هەمەجۆر هەیە. بۆ نموونە ئاماژەکردن و بەکارهێنانی وشـەی (پێویسـتە) شـتێک و کـردەیەکەی فەرمـان و پـێـداگـری و جەخـتـکـردنەوە و یەکلاکردنەوەیەکی سـەرەتایی تێدایە. لەهەمان کاتدا (نووسـینی (پێویستە؟، یان پێویستە!، یان "پێویستە" هەر یەکەیان دەربڕی واتـا و مەبەسـت و خواسـتێکی جیـاوازە. (ئەقڵ) واتـای بیرکردنەوە و ژیری و توانای شـیکردنەوە و بڕیار و حوکم و بەڕێوەبردن و کەسـێکی تەواو پێگەیشـتوو، خـاوەن ئیرادە دەگەیەنێت لەکاتێکدا کە دەنووسـین (ئەقڵ!، یان ئەقڵ ؟) واتا و مەبەسـتی دەربڕینەکە دەگۆڕێت. (پێش) واتای (شـوێن، یان کات) دەگەیەنێت و ئاماژە و نیشـانەیەکیشـە بۆ دەرخسـتنی پێگەی شـتێک لەپێش شـتێکی دیکەدا، یان بەپێچەوانەوە شـتێک لەدوای ئەو شـتەی لەپێش شـتە باسـکراوەکەدا هاتووە، دەبێت. گریمانەی ئەوە دەکرێت وشـەی (پێش) پلەی یەکەم و پێگەی


یەکەمی کۆمەڵایەتی و خۆدەرخستن و دانیشتن لەڕیزی پێشەوە و ڕێژەش بگرێتەوە، پێش کردەی دڵنیاکردنەوە و ساخکردنەوە و دیارکردن و سنوور بۆ کێشان و پلەڕێزی و لەهەمووشیان گرنگتر واتایەکی هزری لەنێودا هەیە، کە بریتییە لەشتێک پابەستبوون و گەڕانەوە بۆ هزر پیشان دەدات، کە دەبێت بایەخ و پێگە و بەهای ئەو شتەی یەکەم و پێش شتەکەی دوای خۆی دێت، گرینگتر و لەپێشتر و بایەخترەوە، یان لەڕووی فکرییەوە پاڵپشتی شتی پێش شتەکەی دووەم، یان شتەکەی پێش وشەی پێشە خۆی بکات، لێرەدا کردە قسەی بڕیاردەر و پاڵپشتی و ڕاگەیاندن و دەرخستنی ڕەوایی و بایەخ و پلە و پایەی بەرزی ئەو شتە دەبینرێت، کە لەپێش، وشەی پێش دێت. (سۆز) لەدوای (پێش) و (عەقڵ) دێت، قسەکەر عەقڵی لەسۆز پێ گونجاوترە.

دوای ئەوە دەڵێت بە(چاوی لۆژیک بڕیار بدەین)، وشەکان نیشانەن بۆ بیرکردنەوە، چاو نیشانەیە بۆ دیتن، دیتنیش شتێکە کردەیەکی هەستپێکردن ئەنجام دەدات، (لۆژیک) پەیوەستە بەکردەی بیرکردنەوەیەکی گونجاوی واقیعی بەپێی دەوروبەر بەڕەچاوکردنی یەکسانی و هاوسەنگی و گەڕانەوە بۆ زانیاری پشتڕاستکراوە، پێچەوانەی توندڕەوی و تاکڕەوی و زانیاری هەڵە و بیرکردنەوەی پینەکراوە، (بڕیار بدەین)، خۆیەکلاکردنەوەیە، شتێک دەکرێت، کە ئیدی یەکلاکراوەتەوە،

(بدەین) لەتەک بڕیارەکە فەرمان و فەرزکردنی شـتێک پیشـان دەدات.

باشـــه دەکرێت لۆژیک لەڕێگەی (چاو و بینینەوە) بەدی بێت؟ یان لەڕێگەی عەقڵەوە؟. زمان شـیکردنەوەی فکرە، شـتێک، کە فکری تێـدایە و (بڕیـاردانە)، ئـایـا تەنیـا لەڕێگەی بینین بێ گەڕانەوە بۆ عەقڵ دەتوانرێت لۆژیکانە شیکردنەوە بۆ شتەکانی نێو فکر بکەین. لەکـاتێکدا وشـــەکـان ئـامـاژەن بۆ دەربڕینی شـتەکانی نێو گوتن. بۆ نموونە نووسـیویەتی: (گوێم لە دەنگی "نا"یەکەی یاسیەمینی دڵشیرینە، بانگمدەکات،..). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩،٢٣). بەکارهێنانی هێمای " " دوو کەوانەیەیی لەگەڵ نا، پێدانی مەبەســـت و واتایەکی نوێیە. ســـەرباری بەکارهێنانی فاریزە لەنێوان سـەتەواژەکان، ئەمە نیشـانەیە بۆ (هەناسـەدان و وەستان و بیرکردنەوە و پشودانی قسەکەر لەکاتی قسەکردندا).






ئەو شـــتانەی لەنێو چاو هەن، دەتوانن شـــتەکانی نێو لۆژیک بڕاســـتێنن، یەکلابکەنەوە، ئایا شـــتەکانی نێو بڕیار، کە دەبنە پاڵپشـــت و ســـەرچاوە بۆ خودی بڕیار، دەبنە بەدیهێنەری ئەو شـــتانەی لەنێو کردەی گوتنی (بدەین)دا هەیە. لەم دەربڕینەدا گریمانەیەکی تازە دێتە ئاراوە، ئایا دەقنووس بەعەقڵی کوردی بیری کردۆتەوە، ئەو شـــتەی بەچـاوی خۆی نەیبینێـت، شـیکردنەوەی بۆ ناکات، یان دەیەوێت شـتەکان تەنیا لەبینیندا وێنابکات، نەک لەعەقڵدا. چاو هاوکاریمان دەکات لە پرۆســـەی (هەســتکردن و تێگەیشـتن)، بەڵام عەقڵ هاوکاریمان دەکات لە (لێکدانەوە و شیکردنەوە و بەراورد و بڕیار).

دەقنووس لەوەسفێکی گێڕانەوە لەسەر زاری یەکێک لەکارەکتەرەکانی نێو دەقەکە دەڵێت: (هەست بەنامۆیەکی گەلەک سەیر دەکەم وا هەستدەکەم لەجەستەی خۆم چەقیوم..... ڕۆحم لێبۆتە زیندانێکی تەسک...... وەکو مانشێتی ڕۆژنامەکان ئەمجارە زۆرترین کەس دەمخوێننەوە....). (دلّزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٤٦). کە دەڵێت (مانشێتی ڕۆژنامەکان) ئەمە شتێکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەکردەی بینینەوە هەیە. ئەمە هیچ کەموکورتییەکی تێدا نییە، تەنیا ئەوەیە، کە وێنەی وێناکردنێکی کەشی کوردانەی بیرکردنەوەی تێدایە، دەبێت ئەو دۆخەی هەیەتی وەکو (مانشێتی ڕۆژنامەکان) بینرێت، نەک عەقڵ، چونکە ئەو یەکەم جار لەڕێگەی هەستی بینینەوە درکی پێ دەکات.

لەبەکارهێنانی زماندا کردە قسەی هەواڵ، زانیاری هەیە، لەڕووی فکرەوە باسی دۆخێکی دەروونی خۆی لە(نامۆبوون، چەقین لەنێو خۆیدا) دەکات و (ڕۆحی دەبێتە زیندان). ئەمە کۆمەڵێک شتن لەڕێگەی گوتن و گێڕانەوەدا باسکراون، بەکردەی بینین دەبینرێن و هەست پێ دەکرێن، کەچی ڕووداو و شت و کەرەستەکان بەرهەمی گیرۆدەبوونی دەروونیی و لێکدانەوەن.

نامۆبوون نیشانە و سیمیۆلۆجیایە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-ئابووری، کەسانێک لەڕووی دەروونییەوە تووشی دێن،

نامۆبوون (دوور کەوتنەوەیە لەشـــتێک، یان دوورییە لەوڵات، نەناســـینی شـــتێکە)، هەروەها ڕەنگە وەکو بەشـــێک لەکردەی یاخیبوون بۆ نیشـــاندانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و نەریت و ســیســتەمەکانیشــەوە بەکاربێت، چەقین پێچەوانەی بەئاســایی بەڕێوەچوون و هەنگــاونــانە، چەقین کردەیەکە لەدەرەوەی خواســت و ویســت و ئیرادەکەی کەســەکە ڕوودەدات، (شــتێکە لەنێو شـــتێکدا) ڕوودەدات، بەڵام چەقین لەنێو خۆیدا، واتایەکی دەروونی و هزری دەگەیەنێــت. (چەقین لەنێو خۆشـــــدا) لەنامۆبوون پڕ ئازارترە، نیشـــانەیەکی کوشـــندەیە، مرۆڤ دووچـاری (خۆخواردنەوە، بێ دەســـەڵاتی لەبڕیـاردان و بێ ئیرادەیی لەخۆ یەکلاکردنەوە و بیرکردنەوە دێـت). (جەنگێکی دەروونی ناوەخۆییە، ئاگرێکە لەنێو خۆیدا، ململانێی دەروونی و فکرییە لەنێو نـاخی کەســـێکـدا..) ئەمـانە دەبنە هۆکـار بۆ هاتنەئارای (زیندانێک)، کە هێمایە بۆ ئازار و گۆشـــەگیری و داتەپین و گرفتی دەروونی و نـاکۆکی و دەســـتەمۆبوون لەنێوەخۆی و لەناخی خۆیدا. واتە (زیندان) هێما و نیشـانەیە بۆ (بێ دەســـەڵاتی و خۆخواردنەوە و گۆشـــەگیری و دابڕان و نـاکۆکی دژواری پڕ ئـازاری نێوەخۆیی). (زینـدان شـــوێنێکی بەرجەســتەی نێو پۆلیســخانە نییە، بەڵکو شــوێنێکی وێناکراوی هزری و شـــیکردنەوەیەکی زمـانەوانییە بۆ فکرەیەک، کە پێی دەڵێن (گیرۆدە و گیربوون بەدەســـت خودی خۆتەوە) ئەمە ئەرک و کـاری زمـانێکی پراگمـاتیکیە لەتەک وێنـاکردن و

بەدیهێنانی ژمارەیەک نیشانە (سیمیۆلۆجیا) لەڕێگەی بەکارهێنانی شتە بەرجەستەکان و گۆڕینی واتا و مەبەست و خودی شتەکەش بۆ دۆخێکی دیکە و شتێکی دیکەی نابەرجەستەی هزری، یان بەپێچەوانەوە.

گوتاری چەقین (وێناکردنی وێنەیەکی هزرییە) بۆ چوواندن و نمایشێکی بەرجەستەیی، کە چەقینە لەقوڕدا، لەگوتاری دووەمدا زیندان شتێکی بەرجەستەیە و دەگۆڕێت بۆ (وێناکردنی وێنەیەکی هزری).

لەڕووی زمانەوە ڕاپەڕاندنی واتایەکە (نامۆبوون) دوورکەوتنەوە، هەڵگەڕانەوە، نەناسین وەکو سیفەتێک و ناوێک دەگەیەنێت، (چەقین) چاوگی کارێکە، سەرچاوەیەکە بۆ پیشاندانی نیشانەیەک، کە شتێک لەنێو کات و شوێنێکدا شتێک دەکات، جووڵەیەک، کاردانەوەیەک، کارێک، شتێک دەکات. لەنێوخۆشدا (واتە لەنێو لەنێوبوون)، واتاکەی پێچەوانەی نامۆ بوونە. وەسفێکی دۆخە دەروونییەکە دەکات، ئەویش (هەستێکی سەیرە). کەسێک لەدۆخی (هەستکردن) دایە، وایە ئامراز و کەرەستەکانی هەستی چالاک و کاران، بۆیە (کردە قسەی سەرسامی و سەرسوڕامان و پرسیار و گومان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی) لەبارەی وێنە گوتاری گێڕانەوەکەی نێو خۆی هەست پێکردووە.

گێڕانەوەکەی لەڕێگەی (هەســــتپێکردنەوە) ئەنجــام داوە، هەســتێکی وریا و قووڵ و کارایە، بۆیە زمانی گێڕانەوەکەشــی زمانێکی چالاک و کارتێکەرە.

کردەی هەستکردن (سەیر)

نامۆبوون ........... چەقین ...... نێو خود ... ڕۆح زیندان

شتی/ وێنایەکی هزر ...... بەرجەستە

شتی/ وێنایەکی بەرجەستە ....... هزر

لە بارەی ڕێزمان و شــێوازی دەقنووســی ڕێزمانییەوە هەندێک وردبینی و پێداچوونەوەی پێویستە، لە خاڵبەندی و بەکارهێنانی (ڕاناوەکان و وشەی لێکدراو و پێشگر و پاشگرەکان) لەهەندێک شــوێن بەشــێوازی جیاوازن نووســراوە، ئێمە باســی فکر و بەکارهێنانی ڕێزمان و خاڵبەندی و هێماکان دەکەین، چونکە ئەوانەش دەبنە مایەی دروســتکردنی واتا و فکر بۆ دەربڕین و گەیاندنی مەبەســت. بۆ نموونە، کە دەنووســێت (بانگبێژ گوتی:) (دلْزار حەســەن، ٢٠١٩، ٣٠)، ئینجا بەکارهێنانی (:) یان وشــەی گوتی یەکێکیان زیادە، یان بەکارهێنانی دوو کەوانەی گەورە،

واتا و مەبەســـــتێکی جیاواز دەگەیەنێت، ئەم شـــێوازە پتر بۆ لێکۆڵینەوەی زانســـتی بەکاردێت، یان نووســـیویەتی (کەســـێ نەبوو پێم بڵێت: برادەر بۆ کوێ ئۆغر دەکەیت؟). بەکارهێنانی (دوو خاڵی نیشانەی گوتن و هەروەها نیشانەی پرسیار) لەنێو دەقێکی وەهادا، ڕاســـتە دەبنە نیشـــانە بۆ گەیاندنی واتا، بەڵام هەندێک جار هیچ شـــتێکی نوێ ناخاتە ســـەر مەبەســـت و بەدیهێنانی واتایەکی جیاواز و چالاکردنی هەســـت و مێشـــکی وەرگر و خوێنەر.

## نیشانەی کار لەهەموو گوتنێکدا

کار لەڕووی زمانەوە بریتییە لەجووڵە و ئەنجامدانی شـــتێک، مەرجیشـــە شـــتەکە جووڵەیەک و ئەنجامدانی کارێکی فیزیکی بێت، چونکە ئێمە لەڕێگەی قســـەکردنەوە کار ئەنجام دەدەین، کارێک ڕادەپەڕێنین، لەبیری نەکەین تەنیا هەر خودی گوتنەکە کارێکە، لەنێو هەر ئاماژە و نیشانە و هێمایەکیشدا کارێک هەیە، دەیەوێت مەبەســـتێک و پەیامێک لەڕێگەی گوتارێکەوە بگەیەنێت.

کاتێک دەڵێین (ترسناک) ئەمە سیفەتێکە، بەڵام کاری تۆقاندن و زراوبردن و کـارتێکردنی دەروونیش لەخۆ دەگرێت. (ترس) خۆی کارێکە ڕەگی چاوگی کاری (ترســـان)ە لەنێو خودی ئەو

کارەدا (کارێک، پەیامێک، ئەنجامێک و گوتارێک) بەدی دەکرێت. کاتێک باسی (ترسان) دەکەین، (دەمانەوێت شیکردنەوەیەکی فکری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هێمایی ئەو دۆخە بکەین، کە کاری ترساندنی لەڕێگەی زمانەوە) تێدا ڕوودەدات.

کارێکی دەروونی، کارێکی هزری، کارێکی جەستەیی و کارێکی هەنووکەیی، یان ڕابردوو و داهاتوو، کارێک لێرە و کارێک لەوێ دەگرێتەوە، تەنیا کار لەنێو کاریش ئەنجام دەدات. کاتێک دەیەوێت بیر بکاتەوە، لەنێو بیرکردنەوەکانیدا بیر لەشتێکی دیکە دەکاتەوە. نووسەر دەڵێت: (درێژییەکی بێکۆتا درێژ دەبۆوە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٤٥). (باسی ئەو گەشتەی خۆمتان بۆ بکەم، جێی دەهێڵم بۆ کاتێکی گونجاوتر کە رەنگە لە درێژەی ئەم حیکایەتە بیرمان بکەوێتەوە). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٤٩).

دەقنووس کارێک دەکات، کە واتای ئەنجامدانی کارێکە لەنێو کارێکدا، ڕاستە پێش گوتنی کارەکە و پاش گوتنی کارەکەش کاریگەرییان لەسەر شێواز و جۆر و مەبەست و ئاکامی کارەکە دەبێت، بەڵام دەیەوێت کارێک لەنێو کارێک ئەنجام بدات، بۆ نموونە باسی مەلەوانی دەکات، مەلەوانی کارێکە لەنێو ئاو (دەریا) ئەنجام دەدرێت، کەچی ئەو کاری مەلەوانی هزری لەنێو ڕۆحی مۆسیقا ئەنجام دەدات. واتە دوو شتی

نـابەرجەســـــتەی وێنـاکردووە، کە ڕۆح و مەڵەوانی خەیـاڵی وێناکراوی هزرییە.

زمان دەبێتە نیشــــانە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک، دەبێتە بەدیهێنانی فکرێک و پیشاندانی خواستێک، دەکرێت وشەیەک و دەربڕین و گوتنێک و گوتـارێـک بن. (مرۆڤ تـا بەخۆی نەکەوێـت خۆی ناناســێت). ( دڵزار حەســـەن، ٢٠١٩، ١٥٠). (ئەو هەموو منە چ دەکەن لێرە). (دڵزار حەسـەن، ٢٠١٩، ١٧١). (وەکو دوو دیارەی بێ وێنە تێیاندەڕوانین). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ١٢٩(. سەرکردە بن)، (فەرمانرەوابن). (دڵزار حەسەن، ٢٠١٩، ٨٩).

لەوشــــەی بەخۆکەوتن و خۆنـاســـین دوو کـار دەبینرێـت، بەخۆکەوتن چەند مەبەســتێک پێشــان دەدات، لەوانە (دەســت لەخۆدان، سـێکسـکردن لەگەڵ خۆ، ئامادەبوون، خۆئامادەکردن، پێڕاگەیشــتن و پێگەینی تەمەن و مێشــک و فکر)، گوتارەکەی ئەوەیە (کەسێک دەبێت خۆی خۆی بێت و لەڕووی دەروونی و مەعریفی و جەســـتەیی و فکری و هەســـتەوە پێگەیوو بێت). (خۆناســـین)یش چەند کارێک دەکات و چەند مەبەســـت و گوتـارێک ڕادەپەڕێنێت. (خۆت خۆت بنـاســـی، پێداچوونەوە بەخۆت بکەت، لەڕرووی تەمەنەوە لەو ئاســـتە بیت، لەڕووی فکرییەوە متمانەت بەخۆت بێت، ڕەنگە مەســـەلەی گەنجێتی و بـالق بوون بێـت) گوتـارەکەش ئەوەیە، کە واتـایەکی هزری، نـاوەکی و دەروونی دروســـت دەکات، مرۆڤ دەبێت هێندە

ئامادەبێت خۆی خۆی بناسـێت و یەکلاکەرەوە بێت. کەسـێک بتوانێت (سـنوور و بڕیار و توانا و دەسـەڵات و متمانە و هەسـتەکـانی خۆی) درک بکـات. لەوەی (سـەرکردە بن، فەرمانڕەوا بن)، کردەی (فەرمان و ڕێنوێنی و ئاگادارکردنەوە و بەرپرسـیاریەتی و بەهێزبوون و پشـتبەخۆبەسـتن و متمانەبەخۆبوون و بەڕێوەبردن و .. تاد پیشان دەدات.

## وێنە مێژووییەکە

بە بۆچوونێکی نووسـەری ئەمەریکی (سـتیفانیە بێرت) دەست پێدەکەم، لەبارەی بەکارهێنانی مێژوو وەکو سـەرچاوە لەنێو شـیعردا، چۆن شـتێکی کۆنی مێژووی وەکو کەلوپەل وشـتێک بەکاردەهێنن، ئەو دەڵێت ( سـەبارەت بەهەندێک شـاعیر ئەو هەموو مێژووەی لاگرنگ نییە، بەلکو کەلوپەل و شتە کۆنینەکان بەشـێوازێکی نوێ کۆدەکاتەوە بۆ بەدیهێنانی رۆح و شـیعر). ( Stephanie Burt,٢٠١٩, ٧٧).


لەشـیکردنەوەی زمـانەوانی بەکـارهێنـانی مێژوو وەکو وێناکردنێکی هەقیقی، یان خوازە و خەیاڵی، پشت بەنمایشکردن و گێڕانەوە و سـەرچاوە و بیرەوەری و وەسـف و شـێواز و دەرخسـتنی پەیام و بەراورد دەبەسـتێت، ئەو نمایشـکردنەش

(پشـــــت بەکات و بیرەوەری و بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن دەبەستێت). (میشیل فوکو، ٢٠٠٩، ١٤٥).

کاتێک دەقنووس دەیەوێت مێژووی خانەوادەیەکی پاشـــازادەی دەســـەڵاتداری تێکشـکاو لەپەناهەندەیی بگێڕێتەوە، نمایشــەکانی نێو گێڕانەوەی بەســـەرهات و بیرەوەرییەکان لەڕووی زمانەوە کردەی (وەســـــف، ئـامۆژگـاری، بەراورد و پێکچوواندن و لەیەکچوون و لەشوێن بەکارهێنان و زانیاری و وشیارکردنەوە و لەهەندێک بواریشـدا بڕیار و فەرمانیش) پیشـان دەدات. هیچ گێڕانەوەیەکی مێژووی لەنێو شـــــتەکـانـدا بێ لەیەکچوون و بەیەکچوواندن نییە، ڕەنگە ئەم بەیەکچوواندنە (دەروونی، کەسـی، کۆمەڵایەتی، ڕووداوەکان، کەرەسـتە و شـتەکان و فکر و پێشـــــهاتەکان)بن، یان (بیرەوەری و بیرکردنەوە و کردەی پەیوەنـدیکردن) بێـت، یـان گوتـارێکی بەرهەمهێنراوی نێو بیرەوەری، یان شـــتی خەیاڵی و تێفکرینی ئایندەخوازانە و پێشـــبینی و لێکدانەوە و تەوەقع بێت. ئامانج لەنمایشـــکردن و تەمســــیلییەکە (کـات و بـیـرەوەری و بـیـرکـردنەوە و پەیوەندیکردن)ە.

کردەی پەیوەندیکردن لەگوتـاردا یەکێکە لەبنەمـا گرنگەکـانی ڕاپەڕاندنی گوتـار، نێرەر ئـامـانجی لەپەیوەندیکردن گەیـاندنی پەیام و مەبەسـتێکە بۆ ئەوەی کاریگەری و کردەی کارتێکردن لای وەرگرەکـانی دروســــت بکـات. لەبیر نەکەین کردەی

(خەیاڵاندن، دەرخستنێکی نارۆشنی تێدایە). (میشیل فۆکۆ، ٢٠٠٩، ١٤٥).




لەشیکردنەوەی پراگماتیکی کردە قسەدا هەمیشە بەدوای پێویستی و ئینجا هێزی بەدیهێنانی کردە نمایش و پەیوەندیکردن و کارتێکردن و وێنە و هێماو نیشانەکان و واتا دەگەڕێین، ئەمە دەبێتە بنەمایەکی بەهێزیش بۆ ڕاپەڕاندنی گوتار، بێگومان ئەمە پشت بەشیکردنەوەی شتەکان، شتەکانی نێو شتەکان لەزماندا دەبەستێت. کاتێک بەسەرهاتێکی مێژووی بەکاردەهێنین، لەڕووی (پێویستی) چ هێزێکی تێدایە، بۆ ئەوەی

کردەی پەیوەندیکردن لەگێڕانەوە و تەمسیلی نێو ڕووداوە مێژووییەکان بەدی بهێنێت. لەلایەکی دیکەدا هێزی بەدیهێنان لەم بەکارهێنانە لەچ ئاستێک دایە؟. ئایا بەکارهێنانێکی زمانی گونجاوە، یان نەگونجاو، مەبەستەکانی وەکو پێویست گەیاندووە، زانیاریی و هێڵە گشتییەکانی ڕووداوەکانی وەکو (بیرەوەری و بیرکردنەوە) چەندە لەگەڵ بنەمای (پێویستی لەگێڕانەوەی شتەکان و گەیاندنی زانیاری و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و کارتێکردن) و (هێزی بەدیهێنانی مەبەستەکان) و (ڕاپەڕاندنی کردەی پەیوەندیکردنی) تێدایە.

دەقنووس ئەم بابەتە مێژووییەی لەگێڕانەوەدا وەکو نیشانەیەکی سیمیۆلۆجی بۆ (پێکچوواندن) و (لەیەکچوون) و (بەراوردکردن) و (وەسفکردنی دۆخێک لەنێو دۆخێکی هاوشێوەی) بەکارهێناوە. ئامانجی ئەم گوتارە لەبەرکاهێنانی (کێشەیەکی مێژووی لەنێو (بیرەوەری) وەکو هەستکردن لەپێناو (بیرکردنەوە) بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کردەی (پەیوەندیکردن) لەنێوان دوێنیێ/ مێژوو، ئەمڕۆ بیرکردنەوە و هەستکردن و شیکردنەوە و بەدیهێنانی گوتارێکی نوێی هاوچەرخ بەسەرکەوتووی بەرێوەببات.

گرنگی بەکارهێنانی زمان لەنێو دەقدا لەمە بەدیاردەکەوێت، کە چۆن دەقنووس دەتوانێت (مەبەستەکانی) لەنێو (بیرەوەرییەکان)دا بگەیەنێتە پلەی (بیرکردنەوە، یان بڵێین

بەکارهێنان، چونکە زمان شــتێکە لەبیرکردنەوە، بیرکردنەوەش کارێکە وزەیەکی لەپێناوی بەدیهێنانی پێویستی (پەیوەندیکردن) تێدا بەکاردەهێنرێت. واتە مێژوو تەنیا لەنێو (بیرەوەرەییەکان و کــاتەکــانی نێو بیرەوەری، کە بریتییە لەبەرهەمێکی هزری و لەنێو کۆگای ڕابردوودا)، زیندووکردۆتەوە بۆ ئەوەی واقیعێکی نوێی زمــان و بیرکردنەوە و هەســــت و درککردن بەرهەم بهێنێت. لەتەک ئەوەشـــدا مێژووی (لەخەیاڵ دروســـتکراوی ڕووداوەکــان و کــارەکتەرەکــانی) کردۆتە کەرەســـتەیەکی گونجــاوی گێڕانەوە و پێکچوواندن و پێوانەکردن و بەراورد. من لەڕوانگەی زمــانەوە دەتوانم بەپێچەوانەی ئەوەش بڵێم، دەقنووس واقیعی ئەمڕۆی کردۆتە بەشـــێک لەڕووداو و کەســــــایەتییە خەیــاڵییە مێژووییەکــانی دوێنێ، چونکە ئەو مەبەستی (وەسفی) گێڕانەوەی ئەمڕۆیە لەسەر شێوەی دوێنێ، (هەست و درککردن و پێناسەی ڕووداوەکان و کێشـەکانی ئەم ڕۆژگارەی، بە پێچواندن و پێوانەکردن لەسەر سەد ساڵ لەمەو پێش کردووە)، بەڵام لەڕێگەی دروســـتکردنی هەندێک وێنەی خەیاڵی و خەیاڵاندنی ژمارەیەک شـت و کەرەسـتە و مەبەسـت و بەســـەرهاتەکان، دەردەکەوێت بەناڕاســـتەوخۆیی دەیەوێت ئێســتامان لەڕێگەی پێکچوواندن و بەیەکچوون بۆ وێنا بکات و لەســەر شـێوەی ڕابردوو جارێکی دیکە لەم ســەردەمەدا بۆمان بگێڕێتەوە.

هەر کاتێک (مەعریفە و بیرکردنەوە خرایە دەرەوەی کەشوهەوای نمایشکردن، ئەو کاتە ئەم کەشوهەوایە سەبارەت بەبنەچە و دروستبوون و مەبەستەکان دەکەوێتە بەردەم ڕەخنەوە). (میشل فۆکۆ، ٢٠٠٩، ٢٠٨). بۆیە لەدەقدا دەبێت وریای بەکارهێنانی مەعریفە و بیرکردنەوە بین، بۆ ئەوەی لەسنووری دەسەڵات و توانستی کەشی دەقەکە دەرنەچێت.

من نامەوێت لەم شیکردنەوەیەدا هەڵسەنگاندن، یان ڕەخنە لەتوانا و بنەماکانی هونەری نووسینی دەقێکی ئەدەبی بگرم، بەڵکو لەڕوانگەی شیکردنەوەی زمانی گوتاری دەق، دەبێت ئاماژە بەکەشوهەوای بەرهەمهێنانی دەق بکەم، کەشوهەوای ئەم جۆرە دەقە لەڕووی زمانەوە پشت بەدەرخستنی (ناکۆکی مێژوویی، ناکۆکی ناخی کەسێک، ململانێی دەروونی نێو خێزان و خەونەکانی دەستگرتن و مانەوە لەنێو کایەی دەسەڵات و یاخیبوونی فکریی ئەندامێکی ناخ تەژی لەناکۆکی و دونیابینیەکی جیاوازی بنەماڵەکە دەکات)، جەختێکی جدی لەسەر (هەست و درککردن و ڕەتکردنەوە و ڕاکردن بەدوای خواستە دەروونییە کەسییەکان و یاخیبوون لەناخی (خانەوادە و نەریت و کۆمەڵگا) و گرێی دەروونی و بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیا) دەکات.

گوتارێکی ڕەخنەگرانەی عەقڵی دوور لەسۆزی لەخۆگرتووە، واتە پێوەری (بیرکردنەوە) لەنێو (کات و بیرەوەرییەکاندا)،

هەستکردنە بە(لۆژیک و عەقڵ)، دیاریکردنی (خۆ بەکۆیلەکردنی خەڵک) و (پێداگری خۆ بەگەورە زانی خانەوادەی پاشـــایە، ئەگەر لەپەنـاهەنـدەیش بن). ڕیتمی زمـان (ڕیتمێکی ئـارام و هێمن و دوور لەتونـدوتیژی و شـــەڕە)، بەپێچەوانە (جەنگی دەروونی)، کە پەیوەســتە بەجەنگی بیرکردنەوە بەکارایی (کات و پـانتـاییەکی) فراوانی لەبەکـارهێنـانی زمـان بۆ (دەربڕین و وەســف و جەختکردنەوە و گێڕانەوە و دڵنیایی و پاڵپشــتی و ڕەتکردنەوە و نمایش و ئامۆژگاری و پاســـاوهێنانەوە و هەتا زانیاری و بانگەشەش) لەخۆگرتووە.

دەقنووس پشـــتی بەوێنەی نـاوەکی، وێنە لەنێو نـاخ و هزر و بیرەوەری بەســتووە، ئەمەش بەشـێکی پەیوەســتە بەتێفکرینی هاوچەرخ لەگوتاری ئەدەبی، سـیاســی و مرۆیی باو، بێگومان (بیرکردنەوە ئەگەر لەســـەردەمێکدا بەرپرســـیاریەتی بووایە)، لەســـەردەمی هـاوچەرخی گلۆبـالیزمـدا لەوە دەچێـت تەنیـا (بیرکردنەوە نمایش و پێشــاندانی شــتەکان و گێڕانەوەیە) بێت، واتە بەرپرســـیاریەتی ڕاســـتەوخۆی تێدا نییە، بۆیە دەقنووس لە(ئەســـتیرەی ژەنیار)دا هێندەی بەلای (هەســـت و ناکۆکی توانەوە و پەرتبوونی خود و لەیەک دابڕانی بەشـــەکان و هەتا کەســـایەتییەکانیش) چووە، هێندە بایەخی بە بەرپرســـیاریەتی وەکو ئەرکێکی یەکلاکەرەوەی فکری نەداوە.

## وێناکردن لەنێو وێنەدا

یەکێک لەو دیاردانەی لەم دەقەدا بەپێویســـتم زانی هەندێک سـەرنجی لەبارەوە باس بکەم و شـیکاری چەند نموونەیەکیش بکەم، وێناکردن لەناو وێنەدا مەبەستم ئەو شـتە هزریە نادیار و فکریانەیە کە لەنێو دەقێکی بەرجەســـتە، یان وەکو شـــتێکی هەستپێکراوی فیزیکی هەستی پێدەکرێت. بۆ نموونە (سـەفین) وێناکراوێکی هێماییە، ناوێکە دەکرێت هێمابۆکراوێک بێت بۆ (ناوی کەسـێک، شـاخێک، گۆڤارێک، دوکانێک و ڕەمزیش بێت بۆ خۆڕاگری، هێمایەکیش بێت بۆ عەشـیرەتێک و شـوێنێکیش بێت). لەنێو هەر وێنەیەکی فیزیکی، دەکرێت وێناکردنێکی هزری و تێڕوانین و واتا و هێمایەکیش بێت.

(دلزار حەسـەن) لەدەقی (ئەستێرەی ژەنیار)دا لە زۆر شـوێندا کاری کردووە شتێک لەنێو هەمان شتدا وێنابکاتەوە، بۆ ئەوەی واتایەکی نوێ، لەسـەر خودی هەمان شـت دروست بکات. بۆ شیکاری ئەو نموونانەی خوارەوە ئاماژە پێ دەکەین:

(خود لەنێو خود): ســـەیری خۆی دەکرد، وەک ئـاوێنەیەک لەخۆی ڕادەما. (لاپەرە ٧٧). خۆی هێمایە بۆ کەسـێک و ئاوێنە هێمـــــابۆکراوێکی واتاییە، (ئاوێنە) شـتێکی بەرجەسـتەیە و واتایەکی تایبەتی هەیە و بۆ خود بینین بەکاردەهێنرێت. لێرەدا واتای ئاوێنە هەمان واتای کەرەســـتەیەکی فیزیکی نییە، بەڵکو

دەبێتە شتێکی واتاداری فکری. لەشتێکی بینراو دەگۆڕێت بۆ شتێکی نەبینراو، شتێکی هەستی و دەروونی. دەکرێت ناوی بنێین (بەرجەستە بوونێکی هۆشەکی خود پیشاندراوە).

(خود لەبەردەم خود): کەسێک لەدۆخێکی تەنگانەدایە و لەبەردەم خۆیدا ون دەبێت. واتا ئەو خودەی دەکەوێتە بەردەمی خۆی، نامێنێت و ون دەبێت. لێرەدا (کوژانەوە و بزربوونی خود) پیشاندراوە. (لاپەڕە ٨٢).
(خود لەدووبارەبوونەوەی خود): لەم وێناکردنەدا دەیەوێت ترسی شتێک لەدووبارەبوونەوەی شتێکی دیکە پیشان بدات. لێرەدا وێنە و هێمای جەنگ هەیە، ترسی دووبارەبوونەوەی خودی جەنگەکە ئاماژەیە بۆ (هێمابۆکراوە دەروونی و ئازاربەخش و کارەساتبارەکان). (لاپەرە ٨٢).

(خود پەرت دەبێت بەسەر خۆی): ئەمە لەدەستدانی بەها خودییەکانە، مرۆڤ، یان شتەکان دووچاری ڕەشبوونەوە و لاوازی و تەنکبوون و ونبوون دەبن. (لاپەرە ٨٣).

(درۆ لەنێو ناڕاستگۆیدا): وێناکردنی ناڕاستگۆیی دەبێتە هێما بۆ وێنەی درۆ، کەسێک لەئەنجامی ناڕاستگۆیدا درۆ دەکات، یان وەکو دەڵێت (فەرامۆشی ڕاستگۆیی) سەرچاوەی (دۆخی درۆیە). ئێمە لە کردەی ناڕاستگۆیی، یان کردەی فەرامۆشیدا، ئەدگار و سیفەت و نەریت و وێناکردنی (درۆ)مان بۆ دروست

دەبێت. ئەمە وێناکردنی ناڕاســتییە دەبێتە بەرهەمهێنانی وێنەی هەقیقی درۆ. نەک (فەرامۆشی درۆ)، کە دەشبێتە سەرچاوە بۆ دروســـــتکردنی دۆخی (ڕاســـــتگۆیی). ئەم جۆرە وێناکردنانە، پێویستی بەکات و شوێن بۆ بیرلێکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردە و دەربڕین و وێناکردنەوەی وێنەکان و ڕاپەڕاندنی ئەو کار و کردەیە هەیە، کە دەقنووس وەکو گوتارێک بەرهەمی دەهێنێت.

(باوەشکردن کارە بۆ باوەشکردن): لەم وێناکردنەدا کارێک بۆ پڕکردنەوە و بەیەک گەیشـــتن و بەریەکەوتنی هەمان کار وێنە کراوە. کاری باوەشکردن بۆ باوەشکردن بەخودی باوەشکردندا ئەنجام دەدرێت. گریمانەی ئەوە دەکرێت باوەشەکە، باوەشێکی جیاواز بێت، یان هەمان باوەشـــە. ئەمە هیچ لەمەســـەلەکە ناگۆڕێت، باوەشـــکردن بەباوەشـــکردن وێناکردنەوەی هەمان وێنەیە. (لاپەڕە ٧٣).

(ئەشـــق لەناو ئەشـــق): وێناکردنەوەی نەریتێکە لەنێو هەمان نەریتدا. (لاپەرە ٧٩).

(بێدەنگی لەنێو قســـــەدا): ئەم وێناکردنێکی پێچەوانەی وێنەکە، بەڵام هەمان مەبەســتی هێمایەکە دەگرێتەوە. کەسـێکی بێدەنگە هەتا لەنێو قسـەکردنیشـدا. واتا لەم وێنەیەدا قسـەکردنەکەشـی هەر بەبێ دەنگی وێناکراوە. لەم شـــیکردنەوەیەدا بۆ مـان

دەردەکەوێت وێنەی (قســــەکردن) چۆن وێناکردنێکی زهنی و دەروونی (بێدەنگی) بەرهەم دێت. (لاپەڕە ١٠٠).

(هێز بەخشینەوە بۆ بێ هێزیی): ئەم وێنایە واتایەکی پێچەوانەی وێنابۆکراوەکەمان پیشـــان دەدات، هێز دەدرێتە بێ هێزەکان، هەســت ناکەیت بێ هێزیی، یان ئەوانەی خودانی هیچ توانایەک نین، لەپاڕانەوەیەکی پڕ لەنوزانەوە دەژین، قســـەیەک لەگەڵ خۆیان لەناخی خۆیاندا دەکەن. (لاپەڕە ١٠٣).

( خۆی لەنێو جەســـتەی خۆیدا چەقیوە): ئەمەش پیشـــاندانێکی وێنەیەکی دیکە زهنیی و فکرییە، هیچ کەســـێک لەواقیعدا لەنیو خۆیدا ناچەقێت، بەڵام ئەم دەربڕینە وەکو واتایەکی فکری و هێما و نیشانە بەکارهێنراوە. (لاپەڕە١٤٦).

(کوڕ لەدەرەوەی باوک ناژیت): ئەمە وێنەیەکی پێچەوانە و ڕەتکردنەوە پیشـــان دەدات، چونکە باوک نایەوێت چی دیکە کوڕەکەی لەدەرەوەی بۆچوون و بەرنامە و خواســـتەکانی ئەودا بژیت و لەقســـەکانی دەرچێت. (گفوگۆیەکی نەبینراوی لەشێوازی قسەکردن و کۆدی نهێنیی لەنێوان (باوک و کوڕد)دا هەست پێ دەکرێت. (لاپەرە ١٠٧).

(خود دوورکەوتنە لەخود): لەوەسفێکی دیکەدا پێچەوانەی لەنێو بووندا، ئەمجارە خود لەهەمان خودا دوور دەکەوێتە، تووشـــی نامۆبوون لەخودی خۆی دێت. لەنێو دەربڕینی (لەخود) جۆرێک

لەهەســـتکردن بەگفتوگۆیەکی پرســـیار ئامێز، یان گومانهەڵگر لەنێو خۆیدا دەکرێت. (لاپەڕە١٦٧).

(نادیارەوە لەنێو نادیار): ئەمە کردەیەکە وێناکردنی شـــتێکی هەســـتەکی، یان ســـیفەتێکی لەنێو هەســـت و ســـیفەتێکی دیکە وێناکردووە. لەنەزانین و لەدەســـتدانی مەعریفەوە بۆ نەزانین و تاریکی دەچێت. (لاپەرە١٨٤).

لەم نمونانەی باســـمان کرد، جۆرێک لەگفتوگۆی لەخۆگرتووە، کە لەناوەوەی وێنە و وێناکراوەکان بەرجەســـتکراون، واتا بەهـایەکی دەرەکیـان نییە، بۆیە کردەی گفتوگۆ، کە یەکێکە لەبنەماکـانی ڕۆمـانیش، پتر لەشـــتە وێناکراوەکان بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکەی بەدیار دەکەوێت. لەم نموونەی ســـەرەوەدا لە بەکارهێنانەکە دیارە لە (نادیارەوە) بەڕێککەوت بەرەو (نادیار) دەچێت، کردەی گفتوگۆ لەنێو بەرکاهێنانی (نادیارەوە) کە وێناکردنی نادیارە، هەســـت پێ دەکرێت، بەڵام لەناوەوەی پێکهاتەی وشـــەکە دایە، نەک دەرەوەی. دەکرێت لەنێو ســەرجەم دەقەکاندا دەیان نموونەی دیکەی لەم شـێوەیە، کە بریتییە لەوێنەی نێو شـــتە وێناکراوەکان، یان بەپێچەوانەوە وێناکرانی نێو وێنەکانە، ئاماژە پێ بکەین، نووسەر بایەخی بەم جۆرە داڕشتن و دەربڕین و گوزارشتە و بەراورد و تێکەڵکردن و دەرخســـتنی جیاوازییەکان لەڕێگەی تێکەڵکردنەوە ئەنجام داوە.

گفتوگۆی نـاوەکی، کۆمەڵایەتی، گوتـاری ڕۆمـان پێویســـتی بەئـاشـــکراکردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەیە، کە هـاوتـایە لەگەڵ کۆمەڵێـک بونیـاتی شـــێوازگەرایی و شـــێوەکەی و نێوەڕۆکەکەی، لەکـاتێکـدا ئەمـانە هـاوتـانە لەنـاوەوە نەک لەدەرەوەدا. بۆیە لەســـەر ئەو بنەمـایە دەبێت ئـامـاژە بەوە بکرێت، کە گوتاری ڕۆمان بەشـێوەیەکی زۆر هەسـتیار تێکەڵی سادەترین لادان لەکەشوهەوای کۆمەڵایەتی و هەڵەگڕانەوەکانی دەبێت. (میخائیل باختین، ١٩٨٧، ٦٨). ئەمەش پەیوەسـتە بەوەی بەشـێک لەو بۆچوونانە لەنێو یەکە بەرهەمهێنەرەکاندا واتایەکی جیاواز لەخودی شـــتە مادییە بەرجەســـتە کراوەکە دروســـت دەکـات، واتە دەبێتە مـایەی بەرهەمهێنـانی واتـایەکی فکری و دەروونی و کۆمەڵایەتی جیـاواز، بەشـــێکیشـــان لەنـاوەوەدا گفتوگۆیەکی شـــاراوەی بێـدەنگی نیمچە هەســـتپێکراوی هەستەکیان تێدایە.

وەسفکردن لەنێو وەسفدا .....

بابەت لەنێو بابەتدا .....

گوتاری نووسەر لەنیو قسەی خەڵکدا... یان بەپێچەوانەوە

فرمان لەڕووی واتاوە، واتە بەپێی ئەو واتایەی کە دەیبەخشێت ئەم جۆرانەی هەیە، وەکو فرمانی گواســتنەوە فرمانی ڕووداو، فرمـانی ڕاپەڕانـدن و کـار و کردەوە فرمـانی زەینی، بەنموونە فرمـانی گواســـتەوە جولەو بزوتنەوەی تێدایە، هـاتم دەڕۆم، گەیشـــتم. فرمـانێکن فرمـانی ڕووداو ڕادەگەینین و بەزۆری فرمانێکن تێنەپەڕی بکەر نادیارن، وەکو (خنکا، وسـســتا، برژا، کەوت..). فرمـانی گواســـتنەوە ئەم جۆرە فرمـانە بزوتنەوە و چالاکی جووڵە و ئاراســـتە دەگەیننێت وتێنەپەڕی بکە دیارن، بێجگە لەوەش هەواڵیش دەگەیەنێت (هـات، دەچێت، گەیشـــت، دەروات). فرمانەکان بکەر دیارن. فرمانی کارو ڕاپەڕاندن ( ئەم فرامنە واتــای ڕاپەرانــدن و جێبەچیجێکردنی ئیش و کــار دەبەخشــن، تێگەی هەوالایشــیان تێدایە، نموونە (دەنووســێت، خواردم، هاری، دەکوتێت، کێلا) هەردوو فرمانی (دەنووســێت، خواردم) ڕاپەرانــدن و جێبەجێکردنی، فرمــانەکــانی (هــاری، دەکوتێت، کێڵای .. تاد) کار و ئێشــکردن دەگەینن و جیاوازن لەوانەی جێبەجێ کردنن چونکە جێبەجی کردن ئیش نییە (بەشکو، هاری، دەکوتێت، کێلای) ئەمانە ئیش وکار دەبەخشن و بەکردەوە وان و پێچەوانەی جۆری یەکەمی (خواردن و نووســین). ئەمانە ئیش نین جێبەجێکردنی خویەکی پێویســتی ڕۆژانە، یــان ئەرکێکی فەرمــانەکــانی ئەم جۆرە بە زۆربەی تێپەڕن. ( د، ڕەفیق شوانی، وشە سازی لە زمانی کوردی، ٤٩-٥٠).

ڕەتکردنەوە و پاڵپشتی

پاساوهێنانەوە

جەختکردنەوە

یەکێک لەو شـــێوازنەی بۆ جەختکردنەوە بەکارهێنراوە ڕاناوی کەســـی خۆیی)ە. لە (جێناوی خۆ+ ڕاناو+ خۆم، خۆت، خۆتیت. ئەم ڕانـاوە لەبەکـارهێنـانـدا لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی ڕانـاوە لکـاوەکـان دێـت و یەکێـک لە تـایبەتییەکـانی ئەوەیە بۆ جەختکردنەوە بەکاردەهێنرێت). ( د. رەفیق شوانی، وشـەسازی زمانی کوردی، ٤٣).

## پوختەی شیکردنەوە و سەرنجە گشتییەکان

- گوتاری دەقی (ئەستێرەی ژەنیار) کردەی پەیوەندیکردنی لەنێوان (نێرەر و وەرگر) ڕادەپەڕێنێت و ئامانجی گەیاندنی پەیامێکە لەپێناو کارتێکردن و درککردن.

- دەقێکە کاری کردووە لەڕووی زمان و بابەت و شێوازی نووسینەوە لەسەر یەک ڕیتم و جووڵانەوە و گێڕانەوە و پابەستبوون بەکات و شوێن ئەرکەکانی بەدی بهێنێت، لەتەک ئەوەشدا ئازادی بەدەق دراوە، لەجووڵە و دەربڕین و گێڕانەوە و وەسفدا لەسنوورێکی بەرتەسکدا خۆی ئابلوقە نەدات.

- لەتەک دروستکردنی وێنەی پڕ لەبزاڤ و وەسفی شاعیرانە و گێڕانەوەی کورت و پوخت و دەربڕینی بەپێی دەوروبەری بەکراهێنانی دەستەواژەکان، لەهەندێک شوێندا خوێنەر هەست بەتەنگە نەفەسی دەکات، یان کورتهێنانی نووسەر لەپێکانی نیشانەکان خوێنەر پێویستی بەلادانی ئەو نیمچە تەمە دەبێت، کەهەندێک وەسف و دەربڕین دروستیان کردووە. بەواتایەکی دیکە بەکارهێنانی زمان (دەنگ و وشە و

ڕستە و بڕگەکان) پوختر و بەزمانێکی ڕوونتر، دوور لەئاڵۆزکردنی دەربڕین و واتا و هەتا خودی ڕستەکانیش ئامانجەکان بپێکرابوونایە.

- بابەتەکی ئێمە شیکردنەوەی زمانە لەڕوانگەی سیمیۆلۆجیا (زانستی نیشانەکان)، بۆیە دەبێت پەنجە بخەینە سەر ئەو کەلێن و قوژبن و لەهەندێک بواریشدا کزی چرای بەکارهێنانی هەندێک وشە، کە جۆرێک لە(تەواونەکردنی وەسف و وێنەکردن و ئەرکی) پێوەدیارە، یان بەپێچەوانە دەکرا لەهەندێک شوێندا پوختر و ئابورانەتر وشە و دەستەواژە و وەسفکردن و گێڕانەوەکان بەکاربهێنربوونایە.

- زمانی چینەکان لەم دەقەدا فەرمان و بڕیاری زمانی (نەوەکان، دەسەڵات، کۆیلە، چینەکان، ڕۆشنبیر، مەلا، مەسیحی، جوو، ئاشق، هونەرمەند ...تاد) هەیە، بەڵام ئەوانە لەبەر هەژمونی زمانی نووسەر تایبەتمەندی خۆیان لەدەست داوە. ئەم لەدەستدانەش لەبەر ئەوەیە، نووسەر دەیەوێت بڵێت نابێت چی دیکە بەزمانی پاشاو دەسەڵاتداران قسە بکەین، لەبەر ئەوە هێزی داوەتە دەسەڵاتی زمان، نەک زمانی دەسەڵات.

- دەق بەرهەمهێنی گوتـــارە، گوتـــاریش بەرهەمهێن و دیـارخەری (نـاســـــنـامە و ئەرک و پەیـام و کردەی پەیوەنــدیکردنە لەنێوان نێرەر و وەرگر)، لەم دەقەدا نووسـەر ناسـنامەیەکی (فکری، سـیاسـی، کۆمەڵایەتی) بەدەق نەداوە، ئەمەش ڕێـــکـــو ڕەوان پەیـــوەنـــدی بەنیشـــاندانی (ژیانی بێ فکر و ناســـنامەی فکری ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردستانە).

- هەر لەتێڕوانینی زمـانەوە، دەبێت ئـامـاژە بەوە بکەم (ڕێنووســـەکەی یەکگرتوو نییە)، (داڕشـــتنی وشـــە و وشــەی لێکدراو و دەســتەواژەکان) بەشـێوازی جوودا نووسـراون، خاڵبەندی پێویسـتی بەوردبوونەوەی پتر هەیە، چونکە خاڵبەندی لەنێو دەقی ئەدەبیدا کاریگەری گەورەی لەســـەر شـــێوازی دەربڕین و وەســـتان و ئـاخـاوتن و دیارکردنی دۆخی وێنەکردن و دیاردە و دەربڕین و شـــێوازی ئاخاوتن و تەنیا ئاوازە و هێز خستنە سـەر بەشـەکانی ڕستەش دەبێت، کە لەکۆتایدا ئەمانە دەبنە مایەی باشـتر و ڕوونتر دەرخسـتنی واتا و بەرهەمهێنانی ئەو واتایانەی پتر و پتر لەمەبەســـتی دەربڕین و گوتن نزیکمان دەخەنەوە.

- هەندێک زاراوەی وەکو (دیســـــک، دۆســــیە، پاکێج، پەناهەندە، کەیســـەکەی، مانیفۆســـیۆ، تەفســـیرات،

ستراتکتۆر، نەریتییە، میلیۆدیەک، ئەوجی، شۆک بوو، فەزا، غەریزە، ئیرادە، مەساری، رەفتاری ناشارستانی، حزب، هوتاف، کۆرو کۆبوونەوە، خولی فێربوونی مۆسیقا، مەنزومە هەل و موخەزرەم، موعتاد، سەرۆکی فەخری ....) تێدا بەکارهێنراوە، کە ئەمانە پتر بۆ دەقێکی ڕۆژنامەنووسی، سیاسی گونجاوترن، من دەزانم ڕۆمان بریتییە لەوێنەکردنی ژیان و کارەکتەرەکان بەزمان و ئاوازەی خۆیان بیردەکەنەوە، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەبەرکاهێنانی زمان و وشە و دەستەواژەی ڕەسەن و دەربڕینی بەرز و واتادار و پڕ مانای کوردی. من دژی بەکارهێنانی هیچ جۆر وشەیەک نیم، بەڵام بەکارهێنانی وشەی کوردی لەشوێنی ئەم وشانە ڕەنگە واتا و مەبەستەکان فرە ڕەهەندتر دەربخات.

- گوتاری دەق ژمارەیەک کردەی وەکو (ئاگاداری، فەرمان، هوشیارکردنەوە، ڕەتکردنەوە، ئامۆژگاری، زانیاری پێدان، وەسف، جەختکردنەوە، پاساوهێنانەوە، درککردن، هەستپێکردن.. تاد) بەکارهێناوە، ئەمانە دەبنە هێز و سەرچاوە بۆ کارابوونی دەسەڵاتی وشە و خودی دەقیش.

- بەلای منەوە دەکرا نـاوی ئەم دەقە (ڕۆمـان) بووایە، هەرچەندە من لەڕوانگەی دەق نەک جۆرە ئەدەبییەکەی شـــیکردنەوەم بۆ ئەم بابەتە کردووە، بەڵام ڕۆمانیش هەمان پێکهاتەکانی نۆڤلێتی تێدایە. بۆیە من لەڕوانگەی دەق مامەڵەم لەگەڵ بابەتەکە کردووە.

- لەم دەقەدا نووســــەر گوتارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لەڕێگەی دەقەکەوە (مەبەست و ئامانجی لەهەڵبژاردنی ناونیشـــان و نێوەڕۆک و ڕووداوەکان) دەگەیەنێت، ئـیـنـجـا گـوتـارێـکی دیکەی هەیە لەســـەر زاری کەســـــایەتییەکـان، یـان لەڕێگەی ڕووداوەکـان و شـــتەکـانەوە دەیگەیەنێـت. (گوتـارێـک خۆیەتی) و (گوتارێکیش ئەوانی دیکەیە).

- بەپێی شـــیکردنەوەی دەقە زمانییەکان دەردەکەوێت بایەخی زۆر بەدۆخی (هەست و دەروونی و درککردن) دراوە، لەهەر ڕووداوێکـدا گرفـت و نـاکۆکی و هەڵچوون و خۆخواردنەوە و پەرتبوونی دەروونی و نـاخەکی دەبینرێـت، بۆیە دەقەکە زۆر بەلای دۆخی دەروونی و کێشـــەی خودا چووە، کەپێم وایە ئەمە تەوەرەی ســـەرەکی و بنەڕەتی زمـان و شـــێوازی نووسینی دەقەکە نەبووە.

- لەڕێگەی بەکارهێنانی شتە بەرجەستەکراوە فیزیکییەکان (هێما، نیشانەکان، زمان، ڕووداوەکان) کاری بۆ بەرهەمهێنانی شتی خەیاڵی و تێڕوانین و وێناکردنی فکری کردووە. بەو واتایەی شتی بەرجەستەی گۆڕیوە بۆ شتی دەروونی و فکری. ئامانجی گوتار بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردنە، ئەم کردەیەش پەیوەندی بە باری فسیۆلۆجی و فیزیایی و بیستن و دەمارەکان و هۆکارەکانی کارتێکردن هەیە، ئینجا ئەمانە هۆکاری ناوەکی یان دەرەکی بن. (د. عبدالعزیز بن ابراهیم العصیلی،٢٠٠٦، ٤٦).

- وێنە مێژووییەکەی نێو دەقەکە لەبنەڕەتدا هۆکار و پاساوێکە بۆ باسکردنی دۆخی لەیەکچوێندراوی هەرێمی کوردستان بەو ڕووداوە مێژووییە خەیاڵییەی نووسەر بەکاری هێناوە.

- گوتار ئەرکی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان نێرەر و وەرگر، لەم دەقەدا بەپێی کردەی گێڕانەوە، کە بنەمایەکی ڕۆمانە، فرە نێرەر، وەکو نووسەر و قسەکەر و ئەوانەی دیالۆگیان هەیە و ئەرکی گێڕانەوە ئەنجام دەدەن، وەرگریش فرەن، ئەوانەی لەنێو دەقەکەن و ئەوانەی لەدەرەوەی دەقەکەن.

- دەق گوتار دروســـــت دەکات و گوتاریش پەیام و پێکهێنەرەکانی دروســـــت دەکات، گوتار لەم دەقەدا (گوتارێکی مێژوویی، دەروونی، سیاسی، دەسەڵات و مەعریفییە).

- لەســەردەمی هاوچەرخ، بەپێی تیۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، بەتایبەتیش کە ئێمە باســـــی پێکچوواندنی ڕووداوە مێژووییەکان لەنێو دەقدا دەکەین، پێویســـــتە بایەخ بەزمانی کۆمەڵایەتی بدەین. (یەکێک لەدۆزینەوە گرنگەکانی کۆزامانەوانی کاتی ئەوەیە، کە لەکۆمەڵگای فرەزماندا ئەندامـانی کۆمەڵگاکە هەموو کاتێک تاکە زمــانێــک بەکــارنــاهێنن بۆ جێبەجێ کردنی کــاری ڕۆژانەیان. (د. موحەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ١٤١). واتە لێرەدا لەتەک بەکارهێنانی زمانەکانی دیکە، زمانی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، کە زمـانی چینەکـانن، بۆیە دەبێت لەدەقی ڕۆمـانـدا، کە وێناکردنی ژیانە، زمان بەفراوانی بەکاربهێنرێت و زمانی هەمووان بێت.

- ئەگەر لەڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە، یان ئەو بوارەی لەنێو ڕەوانبێژی پەیوەندی بەواتا و نووســـــین و جوانبێژی لەئــاخــاوتن و گوتــارەوە هەیە، دەڵێم (ڕەوانبێژی سیفەتی ئاخاوتنە، نەک سیفەتی قسەکەر). (د. ئیدریس عەبدوڵڵا مســتەفا، ٢٠١١ ، ١٩). جوانبێژی بەشــێکە

لەشێوازی نووسینی ئەم دەقە، نەک ڕەوانبێژی، دەربڕینەکان بۆ ئەوەیە واتای شاراوە و مەبەستی ناڕاستەوخۆمان پێ ببەخشێت، لەهەندێک شوێندا جوانبێژییەکان سیفەتی نووسەر و قسەکەرەکانن، نەک سیفەت ئاخاوتنەکانیان. لەشیکردنەوەی زمانەوانی هاوچەرخدا دەوروبەری (قسەکردن و ئاخاوتن و دەربڕین و وشە و واتاکان) جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە، نەک خودی قسەکەرەکان.

- گوتار و دەقەکە پشتیان بەنیشانە و هێما و ڕەمز بەستووە، نیشانەکان بەرهەمی بەکارهێنانی شتەکانن، شتەکان (دیاریکردن و شیکردنەوە و کارتێکردن)یان بەرهەمهێناوە.

- گوتاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەکارهێنراوە (بەکارهێنانی ڕووداوێکی مێژوویی خەیاڵی) کەرەستەیەکی ناڕاستەوخۆی گوتارەکەیە و (دەسەڵات و هونەرمەندان و سەرۆک ...) نموونەی کەرەستەی ڕاستەوخۆی گوتارەکەن. لەتەک ئەوەشدا (واتای شاراوە و ئاشکراشی) تێدایە.

- واتاناسی زانستە، زانستیش بنەما و ئەنجامی چەسپاوی هەیە، هەموو ئەوەش وا دەکات (ڕێگە بۆ

ئەمە نەمێنێتەوە لەکاتی دەربڕین لەبارەی ئەوەی لەمێشکدا هەیە، هەڵە بکرێت). (د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، ٢٠١١ ، ٢٢). بڕوانە ( ابن عبدالله احمد شعێب، ٢٠٠٨، ٢٢٠). لەم دەقەدا دەکرا، وردتر، یان پێداچوونەوەیەکی وەستاکارانەتر بەلایەنە واتاییەکانی هەر دەربڕین و وشەیەکدا بکرێت، بەتایبەتی لەدەقێکی داشکاو بەلای فکر و ڕەخنەی فکری و مەعریفیدا بچێت، پێویستە لەبواری واتاییدا پێش دەربڕین و نووسینی قسەکان، واتاکان بەگونجاوتر و شتەکان لەبوارێکی لەبارتر بەکاربهێنرابایە. بۆیە دەکرێت لەئەزمونی داهاتووی نووسینی ئەم جۆرە دەقانە، نووسەر/ دەقنووس ڕەچاوی بەکارهێنانی نیشانە سیمیۆلۆجییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوانبێژی و واتا و شێوازی وەسف بکرێت.

- بەپێی گێڕانەوە و ئەرکی زمانە کۆمەڵایەتییەکە زمانی باوک، هێزی باوک و پاشایەتی سەردەکەوێت، (میر موحەمەد)ی کوڕی پاشا، دەبێتە سەرۆکی حزب و سەرۆک و پاسا، ئەمە واتای سەرکەوتنی گوتاری دەسەڵاتدار و بۆماوەیی و پاساکانە، بەرانبەر گوتاری یاخیبوون و خەڵک بەگشتی.

- ڕووداوەکان لەدەرەوەی دەق وەکو نیشـــانە و هێما هێنراون، بۆ نموونە کاتی فەرمی دەقەکە نێو دەقەکە و بــابەتەکە هەر هەمـووی (٢٤ کــاتـژمـێرە)، کەچـی لەدەرەوەی دەق، وەکو هێمـا و نیشـــانە ڕووداوی سەدەیەک دەگێڕدرێتەوە. کەسایەتی و ڕووداوەکانیش هەنـدێکیــان لەدەرەوەی دەقەکەدا بۆ خزمەتکردنی ڕووداوەکـانی دیکە بەکـارهێنراون، (هەنـدێـک) تەنیـا لەیەک بەشی ڕۆمانەکە دەردەکەون و بزر دەبن.

- خوێنەر دەبێتە خـاوەنی بەرهەمهێنانەوەی دەق، وەکو چۆن لەگوتــاری نــاڕاســـتەوخۆدا دەبێـت بەوردی پێداچوونەوە بەو دەقانە بکات، واتای نالۆژیکی، یان ئاڵۆز و لێلیان هەیە، بەپێی دەوروبەریان ســـەرلەنوێ واتایان بۆ دروســـت دەکاتەوە، ســـەبارەت بەدەقیش وایە. لەم دەقەدا وەکو ســـەرجەم دەقە کوردیەکـانی دیکە (خوێنەر/ وەرگر) زۆر جێگەی بایەخ و تەوەرەی سەرەکی بەرهەمهێنانەوەی خودی دەقەکە نییە.

- مەسـەلە و کێشـەکان هەر تەنیا پەیوەندییان بەشـێوەی زمان نییە، بەڵکو پەیوەندییان بەبەکارهێنانی زمانەکە و نێوەڕۆکی زمــانەکەوە هەیە. لەزۆربەی دەقەکەدا بەکارهێنانی زمانەکە (کێشـــەی دەروونی، پێکهاتەی فکری و شێوازی بیرکردنەوەی پاشازادەکان و ئازاری

ناوەوەی بیرکردنەوەی تاقانەیەک بەتاقی تەنیا و ململانێی کۆمەڵایەتی و کاریگەری نەریتە باوەکان لەسەر ناخ و هەست و نەستی تاک، ئاراستەی ڕووداوەکان، عەقڵ و سۆز.. تاد) چۆنە.

- لەڕۆژهەڵاتدا لەئەنجامی نەبوونی ئازادی ڕەها بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی، یان خۆسانسۆرکردنی لەبەر کاریگەری سزادانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەقێکی ئاشکرای سروشتی بەرهەم نایەت، بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو دەقانەی دەنووسرێن و دەگوترێن نزیکترن لەدەقی دەستکرد، یان دروستکراون. ناوەکان، ناونیشان، ڕووداوەکان و کات و شوێنەکانیش دەستکردن، بریتین لەهێما و نیشانە و ڕەمز، ئەمەش بۆ ئەوەیە گوتارێکی ناڕاستەوخۆی پڕاوپڕ لەواتا و مەبەستی شاراوە، یان ناڕاستەوخۆ ڕاپەڕێنرێت. بۆیە ئاساییە بڵێم دەقی (ئەستێرەی ژەنیار) دەقێکی خەیاڵی دروستکراوە، بۆ ئەوەی هەقیقەتی ڕووداوێک، یان شتێکی سروشتیمان پێ بڵێت.

- لەگێڕانەوە و وەسفدا لەجیاتی ئاشکراکردنی نێوەڕۆکی شتەکان، جەخت لەسەر شێوە و شکلی شتەکان کراوە، پێداگرییەکی ئاشکرا لەسەر ئەوە کراوە، کە (میر موحەمەد) ئەشقی مۆسیقایە، مۆسیقاش هاوشانی

دەسەڵات نابێت، لەکاتێکدا پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر، (میر موحەمەد) قبووڵی دەسەڵات دەکات و ملکەچی ئیرادەی دەرەکی (خانەوادە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی) دەبێت.

- بەکارهێنانی زمان بۆ گواستنەوەی زمانی بەکارهێناوە، یان لەگوتاردا زمانی شت بۆ نێو شتە جیاوازەکانی دیکە دەگوازێتەوە، بەمەش زمان لەئەرکێک پتر و لەوەسفێک قوڵتر وەسفی شتەکان نیشان دەدات.

- هەر کاتێک لەنێو دەقێکی ڕۆماندا، زمانی گێڕانەوە پشت بەنمایش و وەسفکردن و هەست و تێڕوانین نەبەستێت، وێنە بەرهەمهێنراوەکە لەدەرەوەی درککردن دەبێت، یان وێنەی وێنە وێناکراوەکە بەرهەمێکی بەرجەستەی درکپێکراو نابێت.

- کردە قسە لەبەکارهێنانی زمان و کردەی بەدیهێنانی کاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەرمی و ژمارەیەک زۆر لەکردە قسەدا لەنێو هەواڵەکانی نێو دەقەکە بەرهەمهێناوە، ئەمەش ئەرکی زمانی وەکو زمانێکی ئەرکی چالاک کردووە و ئەرکەکانی لە(بیرکردنەوە و هەستێکردن و کارتێکردن و گوتار)دا گەشاندۆتەوە. کردەی هەواڵ پانتاییەکی زۆر لەپێناو کاراکردنی

(گێڕانەوە و وەسف و گەیاندن و پەیوەندیکردن) بۆ تەرخان کراوە، ئەمەش تین و تاوێکی شیاوی بەدەقەکە بەخشیوە.

- گرنگترین شت لەم دەقە و هەموو دەقێکی کارا و زیندوو ئەوەیە، چەند دەسەڵات و هێز و دەرفەت بۆ وەرگر و خوێنەر دروست دەکرێت، بەشداری بە بەرهەمهێنانەوەی گوتاری دەقەکە بکەن، زیندوویی نووسەر پەیوەستە بەڕۆڵی سەرەکی خوێنەر، بۆیە لەم دەقانەدا دەکرێت خوێنەر یەکسان بێت بەنووسەر و خوێندەوەش هاوسەنگ و هاوتای نووسین بێت. من لەم ڕوانگەیەوە شیکاری ئەم دەقەم کردووە، نووسەر دەکرێت بڵێ منیش پەیوەندیم بەژیانەوە ماوە و دەتوانم وشە و ڕستە و واتا و بیرکردنەوە لەپێناو نووسیندا بەکاربهێنم.

## سەرچاوەکان:

ابراهيم سعدى، دراسات ومقالات فى الرواية، منشورات السهل، الجزائير، ٢٠٠٩.

ابراهيم محمود خليل، النقد الادبى الحديث من المحاكاة الى تفكيك، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، ط ١ ، ٢٠٠٣.

ادريس الناقورى، لعبة النسيان، دراسة نقدية، الدار العالمية للكتاب، الدار البيضاء، ط١، ١٩٩٥.

ادوار تى هول، اللغة الصامتة، ترجمة لميس فواد اليحيى، دار الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.

ادوار تى هول، اللغة الصامتة، ترجمة لميس فواد اليحيى، دار الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.

امرتو ايكو، ٦ نزهات فى غابة السرد، ترجمة سعيد بنگراد، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، المغرب، ط١ ، ٢٠٠٥.

الزواوى بغورة، منهج فى تحليل الخطاب، مجلة الابداع، القاهيرة، ابريل، مايو ٢٠٠٠.

السعيد شلوقة، مدخل الى المداراس اللسانية، مصر، ط ١، ٢٠٠٦.

بیـان ملا حمـدامین، ڕێبـازی ئەرکی وشـــیکردنەوەی دەق بۆچوونەکانی "دیل هایمز" بەنموونە، نامەی ماســـتەر زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٣،

تزفيطان تودوروف، مفاهيم سـردية، ترجمة عبدالرحمان مزيان، منشورات الاختلاف، ط١، ٢٠٠٥.

جميل حمداوى، السـيميوطيقا والعنونة، عالم الفكر، الكويت، يناير مارس ١٩٩٧

جويدة حماش، بناء الشــــخصـــية فى حكاية، عبدو والجماجم والجبل، لمصـــطفى فاســـى، مقاربة فى الســرديات، منشــورات الاوراسم الجزائر،، ٢٠٠٧.

حميد لحمدانى، بنيـة النص الســـرى، من منظور النقد الادبى، المركز الثقافى العربى عحطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء، ط ٣، ٢٠٠٠.

د. حبيـب بوهرور، العتــاب و خطــاب المتخيـل فى الروايــة المعــاصــــرة، كليــة الــداب والعلوم جــامعــة قطر، ١٤٩، file:///C:/Users/M-. Store/Desktop/گوتاری%٢٠رۆمان/العتاب%٢٠وخطاب%٢٠المتخيل%٢٠فى%٢٠رواية%٢٠العربية.pdf .

د. عبدالعزيز بن ابراهيم العصـــيلى، علم اللغة النفســـى، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، السعودية، ٢٠٠٦.

د. ســاجده عەبدوڵلا فەرهادی، ڕســتە و پاش ڕاســتە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،.

د. سەباح موسا عەلی، نیشانە واتایی و پراگماتییەکان لەزمانی کوردیــدا، گۆڤــاری زانکۆی کەرکوک بۆ تـوێـژینەوە مرۆڤـایەتییەکـان، کەرکووک ، عێراق، بەرگی ١٢، ژمـارە ٢ی ساڵی ٢٠١٧.

د. شـێرزاد ســعید، ڕســتە بەپێی ڕێزمانی لیکســیکی- ئەرکی- لەزمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠١٣.

د. لـوقمــان رەئوف، دەقی شـــــیعری کوردی لەڕوانگەی ســـــیـمـیـۆلـۆژیـیەوە، ١٩٥٠- ١٩٧٥ کـرمـانـجـی خواروو،لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٦.

د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٠.

د. وردة معلم، محاضرات فى مقياس تحليل الخطاب و السرديات (ســـرديات الخطاب)، مقدمة لطلبة ماســـتر، جامعة ٨ ماى ٤٥، ٢٠١٦.

د. وريا عومەر ئەمین، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، بنەما و تەوەەکانی واتاسازیی نویٛ، ئەکادیمای کوردی، هەولێر، ٢٠١٥.

د. محسن بوعزیزی، السیمیولوجیا الاجتماعیة، مرکز الدراسات الوحدة العربیة، بیروت، الطبعة الاولی، کانون الثانی ٢٠١٠.

د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، بکەر نادیار لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

دانیال تشاندلر، اسس السیمیائیة، ترجمة طلال وهبة، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ط ١، ٢٠٠٨.

دڵێر صادق کانەبی، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپخانەی موکریانی ، ٢٠١٥ .

دیڤید وورد، الوجود والزمان والسرد (فلسفة بول ریکور) ، ترجمة و تقدیم سعید الغانمی، المرکز الثقافی العربی، الدار البیضاء، ط١، ١٩٩٩.

ربیعه رویقی، سـیمائیة العلامة فی المسـرح الجزائیری، رسـالة ماجستر، جامعة الحاج الخضر (بانته) الجزائر، ۲۰۱۱.

زهیرة بـارش، الـدرس الســـری فی الخطـاب النقـدی العربی المعاصر مقاربة تحلیلیة فی نموذچ سعید یقطین، جامعة فرحات عباسم الجزائر

سـعید هادف، مصـطلحا السـرد والخطاب، مقاربة بین النظریة الغربیة والنظرة اللغویة اعربیة القدیمة، مجلة المبرز، ۲۰۰۲.

سـعید یقطین، تحلیل الخطاب الروائی (الزمن، السـرد، التبئیر)، المرکز الثقافی العربی للطباعة والنشـر والتوازیع، الدار البیضـاء، المغرب، ط ۳، ۱۹۹۷.

سید حامد النساج، بانوراما الروایة الحدیثة، دار غریب عحطباعة والنشر والتوزیع، القاهیرة، ط۲، بدون سنة.

د. شـــکریة رســـول، تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا، لەچاپکراەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەران، جاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۵.

عائشة بومعراف، مقولات الخطاب الروائی فی الروایة "المراسیم والجنائز" لبشـــیر مفتی، رســـالة ماجســـتر، جامعة العربی بن مهـدی، الجزائر، کلیـة الاداب واللغـات والعلوم الاجتمـاعیـة والانسانیة، قسم اللغة و الاداب العربی،۲۰۱۲.

عبدالرحيم الكردى، الراوى والنص القصصى، دار النشر لجامعات، القاهيرة، مصر، ط٢، ١٩٩٦.

عبدالله توام، دلالات الفضاء الروائى فى ظل معالم السيميائية، رواية "الان... هنا او شرق المتوسط مرة اخرى "لعبدالرحمن منيف نموذجا، رسالة دكتوراه، جامعه احمد بن بلة، وهران، كلية الداب والفنون- قسم اللغة والاداب العربى، ٢٠١٦.

عبدالمجيد نوسى، التحليل السيميائى للخطاب الروائى البنيات الخطابية- التركيب- الدلالة، شركة النشر والتوزيع المدارس، الدار البيضاء،ط ١، ٢٠٠٢.

عبدالمجيد نوسى، التحليل السيميائى للخطاب الروائى البنيات الخطابية- التركيب- الدلالة، شركة النشر والتوزيع المدارس، الدار البيضاء،ط ١، ٢٠٠٢.

عبدالمجيد نوسى، التحليل السيميائى للخطاب الروائى البنيات الخطابية- التركيب- الدلالة، شركة النشر والتوزيع المدارس، الدار البيضاء،ط ١، ٢٠٠٢.

عبدالمجيد نوسى، التحليل السيميائى للخطاب الروائى البنيات الخطابية- التركيب- الدلالة، شركة النشر والتوزيع المدارس، الدار البيضاء،ط ١، ٢٠٠٢.

عبدالواحد المرابط، السـيمياء العامة وسـيمياء الادب، من اجل تطور شامل، الجزائر، الدار العربية العربية للعوم ناشرون، ط١، ٢٠١٠.

على بن حامد الجرجانى، التعريفات، تحقيق ابراهيم الانبارى، دار الكتب العربية ، بيروت، ط ٤، ١٩٩٨.

فرشته اذرنيا، الزامن الروائى فى رواية "رماد الشرق" لواسينى الاعرج، مجلة اضائات نقدية (فصلية محكمة، السنة السابعة- العدد ٢٥ اذار ٢٠١٧.

لطيف زيتونى، معجم مصطلحات نقد الرواية، دار النهار للنشر، بيروت، لبنا، ط١، ٢٠٠٢.

مجموعة من الموءلفين، نصـوص الشـكلانيين الروسـم نظرية المنهج الشـكلى.. الشـركة لناشـرين المتحدين، الرباط، المغرب، موءسسة الابحاث العربية، بيروت، لبنان، ط١، ١٩٨٢.

مجموعة، سيميائية الشخصية فى رواية "تصريح بضياع" رسالة ماجستر، جامعة الشهيد لخضير بالوداى، جزائر،٢٠١٨.

محمد تحريشـى، فى الرواية والقصـة والمسـرح، قراءة فى المكونات الفنية والجمالية السـردية، دار النشـر حلب عاصـمة الثقافية العربية، الجزائر، ٢٠٠٧،

محمـد على الخولى، معجم علم اللغـة النظرى، مكتبـة لبنـان، بيروت، ١٩٨٢.

مدحت الجبار، النص الادبى من منظور الاجتماعى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر والتوزيع، الاسكندرية، بدون سنة.

مها حسـن القصـراوى، الزامن فى الرواية العربية، الموءسـسـة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٤.

مهدى عبيدى، جماليات المكان فى ثلاثية حنا منا، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق،سوريا، ٢٠١١.

ميخائيل باختين، الخطاب الروائى، ترجمة محمد برادة، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، ط ١، القاهيرة، ١٩٨٧.

ميخائيل باختين، الخطاب الروائى، ترجمة محمد برادة، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، ط ١، القاهيرة، ١٩٨٧.

ميخائيل باختين، الخطاب الروائى، ترجمة محمد برادة، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، ط ١، القاهيرة، ١٩٨٧.

ميشـيل فوكو، الكلمات والاشـياء،ترجمة مجموعة، مركز الانماء القومى، بيروت، ١٩٩٠.

نضال محمد فتحى الشمالى، قراءة النص الادبى، دار وائل للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٩.

هادى نهر، علم اللغة الاجتماعى، جامعــة المستنصرية، بغداد، ط ١، ١٩٨٨.

هشام بن سعدة، بنية الخطاب السردى فى رواية شعلة المايدة" لمحمد مفلاح، مذكرة لنيل الماجستر، جامعة تلمسان، الجزائر.

ورده معلم، محاضـــرات فى مقياس تحليل الخطاب (مقدمه لطلبة الاولى ماجســتر (تخصـيص تحليل الخطاب) قســم اللغة والاداب العربى، كلية الاداب واللغات، جامعة ٨ ماى ١٩٤٥، قالمة، موسـم الجامعى ٢٠١٦.

ئەدیب نادر، هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی بونیادی دەلالە لە دەقی (باخەکانی باوکم)ی (ئازاد ســـوبحی)، ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ٣١٧٩ ڕۆژی ١٣-١٠-٢٠١٩.

Paddy Whannel in: ellen Seiter, “Semiotics< Structuralism and Television in: Robert Clyde allen Ed, Channela of Discourse, Reassembled: Television and Contemporary Criticism )London: Routledge, ١٩٩٢

Susanne Katherina Knauth Langer, Philasaphy in a new key: staudy in the symbolism of Reason, Rite and ari)New York: Menetor, ١٩٥١.

Stephanie Burt, Don't Read Poetry abook about how to read poems,USA, Newyork, ISBN: ٩٧٨-٠-٤٦٥-٠٩٤٥٠, ٢٠١٩.